ماکسیم گورگی

ڕۆژانی زانستگەم

و: حەمە کەریم عارف

پێڕست

لە جیاتی پێشەکی

ڕۆژانی زانستگەم

خەمی داهێنان

# لە جیاتی پێشەکی

## ماکسیم گۆرکی

### (( ١ ))

گۆرکی لە ڕۆژی ١٨٦٨/٣/٢٨ دا لە شاری نیژنی نوڤگورود کە یەکێکە لە شارە کۆن و مێژووییەکانی ڕووسیا و کەوتووەتە ڕەخی ڕوباری ڤولگاوە، لە بنەماڵەیەکی کرێکاری هەژار هاتووەتە دنیاوە. ئەم شارە ئێستا بەیادی گۆرکییەوە، نێونراوە "گۆرکی گراد ".

گۆرکی، ناوی " ئەلکسی ماکسیموفیچ پشکوف "ە. ماکسیم گۆرکی ناوی خوازراو و ئەدەبی ئەوە.

ماکسیم گۆرکی، هێشتا لەتەمەنی چوار سالیدا بوو کە بابی مرد و سەرپەرشتی و بەخودان کردنی کەوتە ئەستۆی نەنکی، واتە دایکی دایکی. بەڵام دوای پێنج ساڵ نەنکیشی مرد. بابای لەبەر هەژاری و نەداری نەیتوانی خۆی لێ بە خاوەن بکات. ئیدی گۆرکی لەم دنیا بەرینەدا، لەم ژیانە جەنجاڵەدا، بێ یار ویاوەر مایەوەو بەناچاری لەسایەی هەژاری و برسێتیدا، ملی بەژیانەوە نا.

کەناسی، شاگردی ماڵان، شاگردی چێشتخانان، کۆڵبەری، نانەوایی، پینەدوزی و.... لە جوملەی ئەو کارانە بوون، کە برسیەتی ناچاری کردووە، بیانکات..

گۆرکی، لە کتێبی " دەورانی منداڵیم " دا بەدوور ودرێژی ئەو ڕۆژە سەخت و دژوارانەی گێڕاوەتەوە. لە شوێنێکی کتێبی ناڤبریدا دەڵێت: " لە ڕادەبەدەر کارم دەکرد، وام لێدەهات لە پەل وپۆ دەکەوتم و ڕۆژانی یەک شەممە و جەژنم زۆر بە زەحمەت لێ دەڕۆیی، ئەم ڕۆژانە تاقەتبەر و پڕکارێن یەک نەوا و یەکهاوی و بێزارکەر بوو."

لە سالانی پیریدا دەیگوت: "هەرگاڤێ منداڵیەتی خۆم وەبیر دێنمەوە، بیرەوەرییێن باوەڕ نەکردەنی بە بەرچاوما تێدەپەڕن".

دیارە ئەم هەژاری و نەدارییە، کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر دڵ و دەروونی هەستیاری گۆرکی دا هەبووە. نەفس بەرزی و ئازادیخوازی وی، کردیانەکارێک کە دژی گەندەڵیەکانی دەور وبەری خۆی بوەستێتەوە. لە منداڵییەوە، زۆر ئاشقی خوێندنەوەو موتالای کتێبان بوو. تاقە ئارەزووی ئەو کتێب بوو، هەموو خۆشی و لەزەتێکی ئەو،

لەدوای کارێن تاقەت پڕوکێنی ڕۆژانە، خوێندنەوەی کتێبان بوو. هەر لە دەمی منداڵییەوە شیعری شاعیرانی ناودارێن ڕووسی وەکو پوشکین و گریبایدوف و.. هتد دەخوێندەوەو ئەزبەری دەکردن. یەکەم کەس کە گۆرکی بۆ خوێندنەوە هاندا، میخائیل روماسی، خاوەن نانەواخانەکەی کراسنوڤایدوڤا بوو، کە بازێرۆکێکی سەربەشاری قازانی بەناوبانگ بوو. ماکسیم لەم نانەواخانەیەدا کاری دەکرد. خاوەنی نانەواخانەکە، ئەندامی حیزبی گەلی ڕووس بوو، کە ماوەیەکی زۆری لە تاراوگەی سیبریا بەسەر بردبوو. ئەم پیاوە کتێبخانەکەی خۆی بەڕووی ماکسیمدا کردبووەوەو زۆر گرینگی پێدەدا. گۆرکی لەم نانەواخانەیەدا یەکەمین ئەنجوومەنی کرێکارانی شۆڕشگێڕی، دژ بە زوڵم و ستەمی تزار و دەرەبەگ و موڵکداران دامەزراند. ماکسیم گۆرکی وەسفێکی جوانی ئەم نانەواخانەیە وچۆنیەتی کاری کرێکاران و مەینەتیەکانیانی لە کورتە چیرۆکێکی بەناوبانگی خۆیدا بە ناونیشانی (٢٦ پیاو و یەک کچ) دا کردووە... گۆرکی زۆری حەز لە قوتابخانە وخوێندن بوو، بەڵام دەست کورتی و نەداری نەیان هێشت بەم ئاواتەی بگات وبچێتە قوتابخانە. بەڵام باشترین دەرس لە قوتابخانەی ژیانەوە فێر بوو... ئەنجام گۆرکی لە کاری نانەوایی وەڕەز بوو و نانەواخانەی ناڤبری بەجێهێشت.

لەساڵی ١٨٨٤ دا، لە تەمەنی شازدە سالیدا، ڕووی کردە باشووری ڕووسیا و دوای گەڕانێکی زۆر بەو دیار ودەڤەرانەدا و ئەم شار وئەوشار کردنێکی فرە، گەییە کەنارەکانی دەریای قەزوین و لەوێندەر، لە لای کۆمەڵێک ماسیگر گیرسایەوەو دەستبەکار بوو. لێ دوای ماوەیەک ئەوانی بەجێهێشت وبۆ قازان زڤڕییەوەو کاری پاسەوانی سکەی قیتاری گرتە ئەستۆ. دوای ئەوە بۆ زێد و زاگەی خۆی، نیژنی نوڤگورود گەڕایەوە. لەم شارەدا سەروکاری دەگەڵ سیاسەتوانانی دوورخراوەدا پەیدا کرد و ئەمە بووە بایسی ئەوەی بۆ یەکەمجار ناوی لە تۆماری دەزگای ئەمن و ئاسایش وەکو گومان لێکراو تۆمار بکرێت. هەر لەو سەروبەندەدا ناسیاوی دەگەڵ نووسەری گەورەی ڕووس کارلینکودا پەیدا کرد وهەندێک لە شیعر و نووسینەکانی خۆی بە ناونیشانی " ئاهەنگی درەختی کۆنەکاژ " دایە تا بۆچوونی وی لەمەڕ ئەم نووسینانە بزانێ. کارلینکو، پاش ئەوەی عەیب وکێماسیەکانی ئەم یەکەمین بەرهەمەی بە گۆرکی گوت، ڕێگەی ئەدەبی و شۆڕشگێڕی دروستی پێ نیشاندا. ئەمە یەکەمین ناکامی دنیای نووسین بوو کە گۆرکی تووشی بوو وماوەی دووساڵی تەواو دەستبەرداری نووسین وشیعر گوتن بوو. لەم ماوەیەدا لەلای پارێزەرێک بە نێوی لورین و بەکرێیەکی زۆر کەم

دەستبەکار بوو، بەڵام پاشان وازی هێنا و سەرلەنوێ کەوتە گەڕان و سوڕانەوە. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٩١، لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا، لەڕێگای دونتس و ئوکراین و بسارابییەوە، خۆی بەبەندەری ئودیسادا کرد و لەوێندەر کەوتە کاری کۆڵبەری. پاش مودەتێکی کەم بەرەو قرم و کویان ڕۆیی و لە پاییزی هەمان ساڵدا لە گورجستان گیرسایەوەو ئاکنجی بوو.

لەم سەروبەندەدا ماکسیم گۆرکی دەستی بە نووسینی چیرۆکێن کورت کرد و لە تەفلیس دا، پەیوەندی وناسیاوی دەگەڵ ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەراندا پەیدا کرد. ئەم نووسەرانە کە بەرهەمەکانی گۆرکیان بینی هەموویان بە یەکدەنگی هانیاندا کە چیرۆکەکانی چاپ بکات. لە ١٨٩٢/٩/٢٥، یەکەمین چالاکی ئەدەبی ماکسیم گۆرکی دەستی پێکرد و یەکەمین چیرۆکی خۆی لەژێر سەرناڤی ماکارجیوردا، لە گۆڤاری قەفقازی چاپی تەفلیسدا بڵاوکردەوە. ئەم چیرۆکە تابلۆیەک بوو لە ژیانی خەڵکی ڕووسیا کە دەشێت بەیەکێک لە بەرهەمە قەڵەمییەکانی گۆرکی دابنرێت. دوای مانگێک بۆ زێد وزاگەی خۆی، بۆ شاری نیژنی نوڤگورود زڤرییەوەو ماوەی دوو ساڵان لەوێندەر سەرقاڵی کار بوو. لە هەیڤی ١٨٩٣/٨ دا دووەمین چیرۆکی خۆی بە ناونیشانی ئەمیلابیلای لە گۆڤاری موسکودا بڵاو کردەوە. دوای ئەوە لە گۆڤاری روسکوی باکاتسوف دا، ڕۆمانی بە نێوبانگی گریشکا چلکاش وکونوڤالوف ولە بیاباندا – ی بڵاوکردەوە. ڕۆمانی لە بیاباندا لە چیرۆکە زۆر باشەکانی گۆرکییە کەخەڵکی ڕووسیا پێشوازییەکی شایستەیان لێکرد کە بووە بایسی دڵگەرمی گۆرکی تا درێژە بەو ڕێگایە بدات کەبۆخۆی هەڵبیژاردبوو. لە ١٨٩٥/٣/٢٣ سەفەری سامارای کرد کە ئێستا ناوی کوی بیشیفە، لەوێندەر لە ڕۆژنامەی سامارسکایا گەزەتا بەفەرمی وەکو نووسەر دەستبەکار بوو وهەندێ چیرۆکی تازەی لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوە وەک: سروودی هەڵۆ، مردن، دەریای جەنگەڵ و جارێک لە پاییزدا. دوای ماوەیەک، واتە لە هەیڤی ١٨٩٦/٥ دا لە گۆڤاری نیژنی نوڤگرودسکی لیستوکدا وەکو نووسەر دەستبەکار بوو و چەند چیرۆکێکی لەم گۆڤارەشدا بڵاوکردەوە و لە ساڵی ١٨٩٨ دا دوو کۆ چیرۆکی خۆی چاپ وبڵاڤ کردنەوە. لەم سەروبەندەدا، شۆرەت ونێوبانگی ماکسیم گۆرکی لە هەموو شوێنێک بڵاوبووەوە. پاشان پەیوەندی وناسیاوی دەگەڵ ئازادیخوازان و شۆڕشگێڕان و ئەو گروانەی کە کەتبوونە خەپتین دژی زوڵم و زۆر، پەیدا کرد.

دوای ماوەیەک گۆرکی، بە یەکێک لە فاکتەر وکۆڵەکە هەرە گرینگەکانی ئەم گروپ و حیزبانە  دەهاتە ژماردن ونووسینەکانی وی بوون بە کاریگەرترین چەک دژی چینی دەسەڵاتدار و باشترین فاکتەری بێداری جەماوەری خەڵک و زەمینەسازی بۆ شۆڕش.

لەم ماوەیەدا، دەگەڵ لینین، پێشەواو ڕێبەری شۆڕشی ئوکتوبەردا ناسیاوی پەیدا کردو دۆستایەتیەکی مێژوویيان لە نێواندا پەیدا بوو.

گۆرکی، چ پێش و چ پاش شۆڕش، یەکێک بوو لە نزیکانی لینین و، لینین زۆر دڵبەندی بەهرەو تواناکانی ئەو بوو وستایشی دەکرد ودەرکردنی ژمارەیەک ڕۆژنامەی حیزبی بولشەویکی بەو سپارد.

لە ساڵی ١٩٠٠دا نووسەر وسەرپەرشتیاری ڕۆژنامەی ئیسکرای ئورگانی حزب بوو، لەساڵی ١٩٠٢ دا بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی " بۆ پێشەوە " بوو. لەساڵی ١٩١١ دا ڕۆژنامەی پراڤدای بەڕێوە دەبرد.

هەروەها نووسینی لە هەموو ڕۆژنامە گرینگە شۆڕشگێڕییەکاندا بڵاو دەکردەوە، ماکسیم، ئامانج و ئایدۆلۆژیای سوسیالیزمی لە لینین ویارانی ئەوەوە وەردەگرت ولە نێو چینی کرێکارو جووتیاران و ڕۆشنبیراندا بڵاوی دەکردەوە. لە وتارە پڕجۆش وخرۆشەکانیا ئەو چینانەی، دژی دام و دەزگای زۆردار وملهۆڕ و سەرمایەداران و دەرەبەگان، هاندەدا کە ئازادی دەیان ملیۆن جەماوەری خەڵکی ڕووسیایان پایەماڵ کردبوو و، داوای لە جەماوەری خەڵک دەکرد کە ڕاپەڕین بەرپا بکەن.. فەرماندەی سەربازخانەی نیژنی گورود کە جەنەڕاڵێک بوو بەنێوی پوزنانسکی، ئاگاداری ئەو مەترسییە بوو کەلەلایەن گۆرکییەوە ئاراستەی دەزگا و سازی زاڵمی تزاری دەکرا، بۆیە ڕاپۆرێکی بۆ گەورە کاربەدەستانی دەوڵەت بەرزکردبووەوە و ئەمەی تیا نووسی بوو: " ئەم پیاوە زەمینە بۆ شۆڕش و وێرانکردنی ڕووسیا خۆشدەکات. " لەسەر ئەم ڕاپۆرە، گۆرکی دەستگیرکراو، چەندین هەیڤ لە زندانی قەلای میتیخدا حەپس کرا. گۆرکی لە پاییزی ساڵی ١٨٩٩ دا، ڕۆمانی " فوماکوردایيف "ی لە گۆڤاری ژیاندا بڵاوکردەوەو لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٠دا تەواوی کرد، دوای ئەوە ڕۆمانێکی گرینگی دیکەی بەناوی مەلی توفان لە هەمان گۆڤاردا بڵاوکردەوە. ئەم کتیبە لە ناوەند وئەنجوومەنە ئازادیخوازەکان ولە نێو گەنجاندا، جۆش وخرۆشێکی زیاد لە پێویستی دروستکرد و پێشوازییەکی یەجگار گەرم لە گۆرکی کرا و ئەم پێشوازییە گەرم وگوڕە

باندۆر وکاریگەرییەکی زۆری کردەسەر نەشە وگەشەی هزری شۆڕشگێڕی و پێشڤەچوونی ئامانجی ئازادیخوازانەی گۆرکی.

لینین لەمبارەیەوە، لە وتارێکیا کەلە ڕۆژنامەی ئیسکرا بڵاوی کردەوە دەڵێت: " لە ژمارەی نیسانی ١٩٠١ی گۆڤاری ژیاندا "مەلی توفان"ی گۆرکی بڵاوبووەتەوە، ئەم ڕۆمانە جۆش و خرۆشێکی گەورەی لەسەرانسەری وڵاتا دروستکردووە وخۆپیشاندانێکی یەجگار مەزنی لێکەوتووەتەوە کەنیشانەی ڕیشاژۆیی گیانی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری خەڵکە."

ماوەیەک لەوە دوا، واتە لەمانگی ١٩٠٢/٣ لە شانۆی "شانۆی هونەر" لە مۆسکۆ، شانۆنامەیەکی زندوو و مەزنی گۆرکی بەناونیشانی " وردە بورژوایان " نمایش کراو پێشوازییەکی گەرم و بێ وێنەی لێکرا. لەمانگی نیسانی ١٩٠٢ دا ماکسیم دوو چەلان بۆ تاراوگەی ئارزاماس دوورخرایەوە. هەر لەوێدا، باشترین شانۆنامەی خۆی بەناونیشانی لە "قولایی کۆمەڵگە"دا نووسی، کە تەکانێکی توندی بە هەموو سەنتەرەشۆڕشگێڕی و ئەدەبییەکانی دنیا بەخشی. ئەم بەرهەمە لە هەموو شانۆ گەورە و بەناوبانگەکانی دنیا نمایش کرا.

لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٠٥ دا، بەبۆنەی شکستی ڕووسیای تزاری لە جەنگی ژاپۆندا کە دەرفەت و دەلیڤەیەکی زۆر لەبار بوو بۆ دەربڕینی بیری شۆڕشگێڕی و زەحمەتکێشان لەسەرپێ بوون بۆ داوای مافی ڕەوای خۆیان، گۆرکی وەکو پەیڤدارێکی مەزن، جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی بۆ داوای مافی ڕەوای خۆیان هاندەدا.

لە ڕۆژی یەک شەممەی ١٩٠٥/١/٢٢ دا کەبە یەکشەممەی خوێناوی یان یەکشەممەی سوور ناوبانگی دەرکرد، ماکسیم گۆرکی دەگەڵ ژمارەیەک کرێکار بە خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە بەدەم هاواری " بژی دەستوور " وبە عەرزوحاڵێکەوە کە داوای ئازادی میللەتیان تێدا دەکرد، بەرەو کۆشکی تزاری چوون تا پێشکەش بە کاربەدەستانی دەرباری بکەن، بەڵام بە هاندان و فیتی دەزگای ئەمن وئاسایش، قەشەیەک وژمارەیەک جاسووسی چەکدار نێردرانە ناو خۆپیشاندەرەکانەوە. دەوڵەت ئەمەی کرد بەبیانوو و هەنجەت، شەست تیر وتفەنگ خرانەکارو بەوپەڕی دڕندەیی کەوتنە تەقەکردن لە خەڵکە ئاشتی خوازەکەو، ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرەکان کوژران و بریندار بوون.

گۆرکی، بە پەڕجوو توانی هەڵێت، بەڵام یەکسەر دەستگیرکراو لە دادگایەکی عورفی (عەسکەریدا ) دادگایی کراو حوکمی یەک ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوەو لە قەڵای " پتروپاڤل " دا حەپسکرا، پاش ماوەیەک ناردیان بۆ شاری ڕیکاو خرایە ژێر چاودێرییەوە. پاش تەواوکردنی مودەتی مەحکوومیەتەکەی، چوو بۆ پترسبۆرگ ولەوێندەر ڕۆژنامەیەکی بەناونیشانی "ژیانی نوێ " دامەزراند، ئەم ڕۆژنامەیە یەکەمین ڕۆژنامەی چەپ بوو کە قانوون بە فەرمی دانی پێدا نەنا.

ماکسیم، لەساڵی ١٩٠٦دا بە نوێنەرایەتی ئەنجوومەن و حیزبە شۆڕشگێڕەکان سەفەری ئەمریکای کرد تا سەرنجی دنیای نوێ بۆ ڕەوشی میللەتی گەورەی ڕووسی کەلە هەموو ئازادییەک مەحروومو بێبەش کرابوو ڕابکێشێت و لەهەندەران پشتیوانی وکۆمەک بۆ میللەتی ڕووس پەیدا بکات، بەڵام بەم ئاواتەی خۆی نەگەیی.

پاشان چوو بۆ لەندەن و لەوێندەر لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی کرێکارانی سوسیال دیموکراتی ڕووسیا (بولشەفیک) کەلە ساڵی ١٩٠٧دا بەسترا، بەشداری کرد. ئەم کۆنگرەیە پاشان گۆڤاری پەروەردەی سوسیالیستی بڵاوکردەوە، کە گۆرکی بەشی ئەدەبی گۆڤارەکەی بەڕیوە دەبرد.

لەم سەروبەندەدا، بەهۆی نەخۆشی ولاوازی بەدەنی ودەردە باریکەوە نەیتوانی بۆ وڵات بگەڕێتەوە، بۆیە سەفەری ئیتاڵیای کرد و لەساڵی ١٩٠٩ دا لە شاری کاپری گیرسایەوەو جێگیر بوو، لەو سەردەمەدا لینین لە نەمسا، لەشاری برونین دەژیا، بەردەوام نامە لەنێوان گۆرکی و لینین دا هەبوو. ئەم نامانە پاشان لە کتێبێکی تایبەتی دا بەناونیشانی " لەنێوان لینین و گۆرکی " دا بە سپۆنسەری مانگنامەی "کار" لە لەندەن هاتە چاپکرن، ماکسیم لە شاری کاپری دا، سێ شاکاری بە ناونیشانێن " دایک، هاوینو، ئیعتراف" نووسی و هەروەها بەردەوام بوو لەسەر بڵاوکردنەوەی چیرۆکەکانی لە گۆڤاری ژیان دا، یەکێک لەوانە ڕۆمانی ژیانە کە چ لە ڕووسیا و چ لە هەندەران شۆرەت و ناوبانگی زۆری پەیدا کرد.

گۆرکی، لەوماوەیەدا کەلە ئیتاڵیا ئاکنجی بوو، توانی هزر وبیری خۆی لەنێو ئیتاڵیاییەکاندا بڵاو بکاتەوەو لە شاری کاپری دا ئەنجوومەنێکی شۆڕشگێڕی دامەزراند کەبوو بە ماک و ئامیانی بزاڤی ئازادیخوازانی ئیتاڵیا.

لەم سەروبەندەدا حكومەتی تزاری بوردنی گشتی بۆ دوورخراوانی سیاسی دەركرد و ماكسیم گۆركی، بۆ ڕووسیا گەڕایەوە و لەساڵی ١٩١٣ دا، گۆڤارێكی بەناوی " دەفتەر " دەركرد و كەمێك پێش جەنگی ئیمپریالیستی ١٩١٤ – ١٩١٨ گۆركی سەفەری فەڕەنسا و ئەڵمانیای كرد تا دژی ئەو قەرزە بوەستێتەوە كە دەوڵەتی تزاری لە هەنبەر بەشداری كردن لەو شەڕەدا داوای دەكرد. بەڵام مقاوەمەتی توندی ئیمپریالستانی گەورەو سەرمایەداران وخودانێن كارخانانی چەكسازی كەلە پێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا با وێرانبوونی كۆمەڵگەی بەشەریشی لێبكەوێتەوەو ملیۆنان كەس بكوژرێن، كۆیان لە هیچ كارێك نەدەكردەوە، ئەمە بووە مایەی هەڵوەشاندنەوەی نەخشەكەی گۆركی و حكومەتی تزاری توانی قەرزەكە وەربگرێت كە ڕێورەسمەكەی لە پاریسدا بەرپاكرا.

ئیدی گۆركی لەهەنبەر ئەم هەڵوێست وكارەی دەوڵەتدا، ڕایگەیاند كە میللەتی ڕووس ئەم قەرزە ناداتەوە و لە نامەیەكدا بۆ دەوڵەتی فەرەنسا، ئەم ڕستەیەی تێهەڵكێش كردووە:

" ئەم دەستە بەرتیل دەرە، بۆ ماوەیەكی كورت و كاتی كاروانی ئازادی و شارستانی میللەتێكی گەورە ڕادەگرێت، بەڵام من دڵنیام كە میللەتی ڕووس هەرگیز ئەو قەرزەی كە بەخوێنی ئەو وەرگیراوە بە فەرەنسا ناداتەوە. "

ئەم پێشبینییەی گۆركی دروست دەرچوو، چونكە حكومەتی شۆڕشگێڕ ئەو قەرزەی نەدایەوە.

ماكسیم گۆركی، لە گۆڤاری " دەفتەر " دا دەستیبە خەباتێكی توند لە عەلەیی حكومەتی تزاری وسیاسەتی جەنگاوەرانی حكومەتی ناڤبری كرد وبەمەبەستی لەناوبردنی ئەو حكومەتە، پەیوەندی بە ڕیزەكانی شۆڕشەوە كرد. بەڵام شەڕەكە دەستی پێكرد و ڕووسیا چووە شەڕەكەوە. سەرانی سیاسی شۆڕش، هەریەكەیان پەنایان بردە گۆشەیەک و چالاكی خۆیان دژی حكومەت توندتر كرد.

گۆركی لە ڕووسیا مایەوە و درێژەی بە خەباتی خۆی دژی دام ودەزگای گەندەڵ و كۆنەپەرست دا.

لەماوەی جەنگدا، دووبارە بۆ ئیتاڵیا ڕۆیی و لە شاری كاپری دا كە پێشتریش لەوێندەر بوو ئاكنجی بوو و تا ڕۆژی شۆڕشە مەزنەكەی ڕووسیا، لەهەمان شوێن مایەوە.

لە ئوکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ دا، شۆڕش لەژێر ئاڵای شەکاوەی حیزبی بولشەفیک وبە ڕابەرایەتی لینین وستالین دەستی پێکرد. ئەم شۆڕشە سەرانسەری دنیای هەژاند وبناغە و بنەمای ئیمپریالیزم و چەوسانەوەی لە ڕووسیادا هەڵتەکاند ودەوڵەتێکی نوێ، چ لەرووی سیاسی و چ لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، حوکمی وڵاتی گرتەدەست.

ماکیسم کەناوی لە ڕیزی پێشەوایانی شۆڕشدا تۆمارکراوە، زۆر بەجدی وبەدڵ وگیان، بەکردەوە پشتیوانی لە لینینی پێشەوای شۆڕشی سۆسیالیستی دەکرد. ماکسیم، لینینی زۆر خۆشدەویست و ڕێزی دەگرت. لەوە بەدواوە قەڵەمی گۆرکی وەکو شمشێری بڕندە بەسەر دژمنانی لینین و شۆڕشدا دادەهاتەوەو هەڵیدەپاچین. گۆرکی لەدوای شۆڕش دەستبەرداری چالاکی ئەدەبی خۆی نەبوو، وەکو نووسەر لە گۆڤاری بەناوبانگی کۆمۆنیستی نێو نەتەوەییدا وەکو نووسەر کاری دەکرد. لە ساڵی ١٩٢١ دا نەخۆشی زۆری بۆ هێنا و ناچار بوو بۆ چارەسەر سەفەری ئیتاڵیای کرد و لەوێش دەستبەرداری چالاکی ئەدەبی نەبوو، کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمانی نووسی، لەوانە: یاداشتەکانی ڕۆژنامەنووسێک، ڕۆژانی زانستگەی من، بیرەوەرییەکان و، پاسەوانی و... هتد.

پاشان کەبۆ ڕووسیا گەڕایەوە، کۆمەڵێک کتێبی گەورەی نووسی لەوانە: ڕۆمانی بەنێوبانگی (ماڵباتی ئارتانوف ) کەلەساڵی ١٩٢٥ دا بڵاو بووەوە. لەساڵی ١٩٢٧ دا بەرگی یەکەمی ڕۆمانی (ژیانی کلیم سامگین) و لە ساڵی ١٩٢٨ دا بەرگی دووەم و سێهەمی ڕۆمانی ناڤبری بەچاپ گەیاند. دوای ئەوە کەوتە چاپ وبڵاوکردنەوەی شانۆنامەکانی لەوانە: ئیگوربوگاتیشڤ و، ستیکابیو، هەروەها جگە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە باسمان کردن، چەند ڕۆژنامە وگۆڤارێکی دیکەشی بڵاو کردەوە، لەوانە: " سەرکەوتنەکانی مە، لەودیو سنوورەوە، ئامانجی ئەدەبیات و یەکێتیی سۆڤیەت" ....

(( ٢ ))

لە ئاخر وئۆخری ژیانیا مگێز و خوڵق وخووی تەواو سست و خراپ بوو، بەمەبەستی چارەسەر چەند سەفەرێکی ئەوروپای کرد، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان نەبوو، ئەنجام لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩٣٦/٦/١٠ بەهۆی لاوازی و نەخۆشی دەردە باریکەوە کەئەنجامی ژیانی پڕ مەینەتی ئەو بوو لە مۆسکۆدا کۆچی دوایی کرد.

(( ٣ ))

ماکسیم گۆرکی لە نووسەرە هەرە بەنێوبانگەکانی سۆڤیاتە. مێژووی ئەدەبیاتی سۆڤیاتی لە گۆرکی یەوە دەست پێدەکات و بەو ئەدیبانە دوایی دێت کە خۆیان بە شاگردی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکەی ئەو دەزانن، بەهەوڵ و کۆششی ئەو کۆمەڵێک کتێب و بەرهەمی ئەدەبی گرینگ بڵاو بوونەوە لەوانە: خانەی شاعیر، بیوگرافیای گەورە پیاوان، مێژووی لاوان لە سەدەی نۆزدەدا، مێژووی جبەخانان و، مێژووی جەنگی ماڵەوە. جڵەوی پێشەوایی بزوتنەوەی ئەدەبی تا لەژیانا بوو بەدەستی گۆرکییەوە بوو و بەباشترین شێوە بەڕێوەی دەبرد و گەیاندیە لووتکە و کۆمەڵێک ئەدیب وشاعیر ونووسەری پێگەیاند کەلە هیچ ولاتێکا نموونەیان نەبوو، کە تا ئێستاش لە ئاسمانی ئەدەبیاتی ڕووسیادا دەدرەوشێنەوە. لەوانە: مایکوفسکی، میخائیل شولوخوف، ڤاسیلی گروسمان، نیکولاتیخونف، بوریس لاڤریتیڤ، ئەلکسی تولستوی، یوجین پتروف، ئیلیا ئەهرینبورگ، کونستانتین سیمونوف و ژمارەیەکی زۆری دیکەش.

گۆرکی خودانی بەرهەمێکی زۆرەو دوو سەد و پەنجا بەرهەمی لەپاش خۆی بەجێهێشتووە، کە زۆربەی هەرە زۆریان لە گوتارو لە کتێبەکانیا چاپ وبڵاو بوونەتەوە. چاپکردنەوەی بەرهەمە نەناسراوەکانی وی ماوەیەک بوو لە سۆڤیاتی کۆندا دەستی پێکردبوو وتا ئێستا گەلێک لەو بەرهەمانەی لەژێر سەناڤی " چیرۆکە لە بیرکراوەکان " دا چاپ وبڵاوکراونەتەوە. هەست وسۆزی ڕەندانە ومەندانە و پڕ شانازی نەتەوەیی ئەم بلیمەتە لە تێکڕای بەرهەمە درەخشان و زندووەکانی ئەودا بەدی دەکرێت.

جیاوازی دنیای نووسینی گۆرکی لەوانی دی لەمەدایە کە بەرهەمەکانی ئەو پاچڤەی دۆزە واقیعی یەکانی ژیانی بەشەر وڕەنگدانەوەی ڕەوشی جەماوەری خەڵکە. گۆرکی لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی خۆیدا، بێ هیچ خەیاڵبازییەک، وردەکاری و ڕاز وڕەمزەکانی ژیانی بەشەر ورد دەکاتەوەو بە دەستەواژەێن ئەفسووناوی بۆ خوێنەری دەردەبڕێت. گۆرکی، بە توانایەکی هونەری و بەوپەڕی حەقیقەتگۆییەوە، ڕەوشی نالەباری سەردەمی تزاری و واقیعی مەینەتباری چینی زەحمەتکێش و زوڵم و زۆری دەسەڵاتداران و چەوسێنەرانی، بەباشترین شێوە لە نووسینەکانی خۆیدا بەجەستە کردووە.

یەکێک لە نووسەرانی ئینگلیز دەڵێت: "هیچ شتێک بە ئەندازەی نمایشی فیلمی دایک، لە ئینگلستاندا –کەلە نووسینی ماکسیم گۆرکییە – سەرنجی خەڵکی بەلای فاکتەر و هۆکارەکانی شۆڕشی گەورەی ڕووسیادا ڕانەکێشا. "

ئەو ڕوحە گەورەو ورەبەرزی وهزرە ڕۆشنەی ماکسیم لەم بەرهەمەدا هەی بوو، زادەی ئەزموونی خۆیەتی، لە منداڵیەوە پەی بەوە بردبوو کە هەژاری ومەینەتباری ئەو وئەو بەدبەختیەی کە یەخانگیری خەڵکانی دی بوو، هەرهەمووی زادەی گەندەڵی جڤاکییە. ڕەوشی ژیانی پڕمەینەت و لەوەسف نەهاتووی ئەو، ئەوی خستە ڕیزی هەوادارانی ڕووسیای ڕەنجبەر و سەنگەری دژمنانی ڕووسیای غەدار و زاڵمەوە. گۆرکی بەهرەی ئەدەبی و توانای قەڵەمڕانی خۆی بۆ بێدارکردنەوەی جەماوەری ڕەش وڕووتی خەڵک بەکار دەبرد وهەر ئەمەش کردیە کارێک کەلە تێکڕای بەرهەمەکانی خۆیا، دژی دام ودەزگاکانی زوڵم و بێدادی بوەستێ.

ماکسیم گۆرکی، جەماوەری زەحمەتکێشانی ئاگادارکردەوە کە چۆن لە کۆمەڵگەی گەندەڵدا، سەروەت واتە خوێنی ڕەنجبەران، دەبێتە بایسی چاوچنۆکی و لەهەمان کاتدا خۆڕانانی خەڵکانێکی کەم و بەدبەختی و مەینەتباری خەڵکانێکی یەجگار زۆر.لایەنی هەرە دیاری بەرهەمەکانی گۆرکی لەمەدایە کە بایەخی تەواوی بە ژیانی چینی چەوساوە و بێنەوای کۆمەڵگەی وەک جووتیار و وەرزێر و ئەو کرێکارانە داوە کە شەو و ڕۆژ کار دەکەن و خاوەنی هیچ نین.

لینین، پێشەوای شۆڕشی ڕووسیا، لەساڵی ١٩٠٩ دا سەبارەت بە ماکسیم گۆرکی گوتوویەتی: " هاوڕێ گۆرکی لە ڕێگەی نووسراوە هونەریە گەورەکانییەوە، دەگەڵ بزاڤی کرێکاران و ڕاپەڕینی ڕەنجبەرانی ڕووسیا و هەموو دنیادا جۆشی خواردووە."

دیرۆکنووسی مەزنی ڕووسی، شازادە میرسکی، مامۆستای زانستگەی لەندەن وپسمامی میرسکی وەزیری دەرەوەی تزار، لە کتێبە گەورەکەی خۆیدا (مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسی)دا دەڵێت:

"گۆرکی پێش شۆڕش بەدوا ئەدیبی کلاسیک دادەنرا و لەهەمان کاتدا دامەزرێنەری ئەدەبیاتی ریالیزمی سوسیالیستیە. گۆرکی وەکو خەلەکێکە " ئەڵقە " کە هونەری ڕابردوو بەزەمانی ئایندەوە دەبەستێتەوە، گۆرکی ئەوەمان نیشاندەدات کە تەنیا

ئەهلی هونەر " نووسەر و شاعیر" ی سەربە چینی کرێکار، دەتوانێ میراتگری ڕاستەقینە و یاسایی ڕێوڕەسم و ئادابی نووسەرانی گەورە بێ. "

رومن رولان، نووسەری مەزنی فەرەنسا و براوەی خەلاتی نۆبلی ئەدەبیات، بەمجۆرە، قەزاوەت دەربارەی ماکسیم دەکات: " گۆرکی پێشەنگی ئەهلی هونەر و یەکێکە لە گەورە نووسەران و شاعیرانی دنیا، ئەو نووسەر و شاعیرانەی کە گۆرکی ڕێگەی شۆڕشی کرێکاری بۆ کردنەوە و هەموار کرد، ئەم پیاوە مەزنە، هەر لە گەنجییەوە هەستی بەوە دەکرد کە چینی کرێکار چەند دڕندانە دەچەوسێنرێتەوەو دووچاری مەینەتی و کوێرەوەری دەکرێت.ئەم نووسەرە مەزنە وەکو دانتی لە دۆزەخ، ڕزگار بوو، بەلام هەر بەتەنیا خۆی نا، بەڵکو هەموو چەوساوەکانیشی لەگەڵ خۆیدا ڕزگار کرد. گۆرکی گەورەترین پشتیوان و داکۆکیکاری ئەدەبیات و زانست و هونەر بوو و لەهەمان کاتدا بە ڕابەر و مامۆستایەکی بەتوانا وبلیمەتیش دەژمێردرێ. "

نووسەری گەورەی ڕووس (فلادیمیر مینوف) کتێبێکی بە ناونیشانی (مرۆڤدۆستی گۆرکی) یەوە نووسیوە کە لە بەشێکیدا دەڵێت: "لە هەموو ئەدەبیاتی دنیادا ئەستەمە بتوانرێ، قسەی وەکو قسە پڕماناکانی گۆرکی بدۆزرێتەوەو هەمان هەست وسۆزی شاعیرانەی قسەکانی ئەوی تێدابێ. گۆرکی حەقیقەتی ڕەشی کارخانەکانی ڕووسیا و ژینگەی کرێکاران و ژیانی ئەوانی بۆ شرۆڤە کردووین، مەبەست ئەو ڕەوش و ژینگەیەیە کە ئەمڕۆ لە کاری بەرهەمهێنانی بەسوودا تواوەتەوە، ئەم کار وچالاکییەی کە هەموو ولاتانی گرتووەتەوە، کارێ کەلە هەموو جۆرە دەغەڵی و ساختەچیاتی و دژواری و فەلاکەتێک بە دوورەو کارێکە کەهیچ کاتێک بە فیڕۆ نادرێ، بەڵکو بە قازانجی هەموو ئەم زەحمەتکێشانە و بۆ بەختەوەری هەموو تیرەی بەشەر ئەنجام دەدرێت.

نووسەری گەورە دەبویست هێزی کار لەهەرجۆرە چەوسانەوەیەک وکۆت وبەندێک، لە ژیانی موڵکداری فەردی کە بایسی ئەم هەموو نەگبەتی و بەدبەختیەیە، ڕزگار بکات و مرۆڤ بەجۆرێ بژی کە شایستەی مرۆڤ بێت. "

مولوتوف، لە وتارێکا کەلە ١٩٣٦/٦/٢٠ دا، لەکۆڕی یادکردنەوەی ماکسیم گۆرکیدا خوێندیەوە، دەڵێت: " کاریگەری و باندۆری گۆرکی بەسەر ئەدەبیاتی ڕووسیەوە زۆر بەهێز ودیارە. گۆرکی توانی ئەدەبیاتی نووسەرانی گەورەی ڕووسی وەک پوشکین

وگوگول وتولستوی بەباشترین شێوە بۆ ئەم سەردەمەی کەئێمە تیایدا دەژین، بگوازێتەوە و پاچڤەی بکات."

(( ٤ ))

لەساڵی ١٩٢٨ هەموو خەڵکی ئەوسای سۆڤیەت کەبە دڵ وبەگیان ماکسیم گۆرکییان خۆشدەویست و هەروەها دەوڵەتی سۆڤیاتی شەستەمین جەژنی لەدایکبوونی گۆرکییان بەرپاکرد وبەم بۆنەیەوە پولی نامەی تایبەتیان بەوێنەی گۆرکییەوە بڵاوکردەوە. لەهەر چوارنکاڵی وڵاتەوە بروسکە و نامەی پیرۆزبایی بۆ گۆرکی نێردرا.مردنی گۆرکی لەساڵی ١٩٣٦ دا، لەسەرانسەری وڵاتی سۆڤیاتدا، بەگەورەترین کارەسات دانرا. پێش ئەوەی بە خاک بسپێردرێت، جەنازەکەی لەمەیدانی سووری مۆسکۆ دانرا و ماتەمباران کە سەدان هەزار کرێکار و جووتیار و خەڵک و ژن و پیاو و منداڵ دەبوون، لەهەموو ئالیەکی وڵاتەوە، بەدەم گریان و ماتەمباریەوە، ڕژانە مەیدانی ناڤبری تا دوا ماڵاوایی لە داکۆکیکارە بێ هاوتا و نووسەرە خۆشەویستەکەی خۆیان بکەن و فرمێسکی قەدرزانی وخەمباریی خۆیان بەسەر جەنازەکەیدا بڕێژن. دوای ئەوە لەکاتێکا جەنازەکەی خرایەسەر شانی پێشەوایانی میللەتی سۆڤیاتی وەکو ستالین و کالنین ومولوتوف و ڤرشیلف و سەدان هەزار کەس بەڕێیان کرد بۆ ئارامگای تایبەتی خۆیان برد و لەلای گۆڕەکەی لینینی دۆستیەوە بە خاکیان سپارد..

یەکێک لەو بێگانانەی کەلەکاتی بەڕێکردنی جەنازەکەی نووسەری گەورە، لە مۆسکۆ دەبێت دەڵێت: " لەو ڕۆژەدا هیچ شتێک بە ئەندازەی ئەو خەمبارییەی کەبە ڕوخساری ستالینی پێشەوای یەکێتی سۆڤیاتەوە، بەدیم کرد، کاری تێنەکردم."

کرێکارانی فڕۆکەسازی سۆڤیەت بەبۆنەی مردنی گۆرکییەوە، گەورەترین فڕۆکەی دنیایان دروستکرد وناویان نا ماکسیم گۆرکی. ئەم فڕۆکەیە، بە ئاسمانی فڕۆکەخانەی مۆسکۆوە، لە گەڵ فڕۆکەیەکی مەشقیدا تامپۆنی کردو کەوتە خوارەوە. ئیدی کرێکاران، یەکسەر لەبری ئەو هەموو خزمەتەدا کە نووسەری پایەبەرزی وان پێشکەش بە ڕەنجبەرانی سۆڤیاتی کردبوو، شازدە فڕۆکەی لەو جۆرەیان دروستکرد..

لە ١٩٤٣/٣/٢٦ دا، یانی حەوت ساڵ دوای مردنی گۆرکی، بەبۆنەی هەفتا وپێنجەمین ساڵیادی لەدایکبوونیەوە، لەهۆڵی چایکوفسکی دا کە گەورەترەین هۆڵی مۆسکۆیە، ئاهەنگێکی گەورە بەرپاکرا. لەم ئاهەنگەدا، بەناوبانگترین نووسەرانی سۆڤیاتی،

لەوانە ئەلکساندر فادەیف، کونستانتین فدن، سولود ئیڤانوف، بیرەوەرییەکانی ئەو نووسەرەیان گێڕایەوە، کورتی چوکوڤسکی کە ناسیاوی دەگەڵ گۆرکیدا هەبوو، باسی شارەزایی و زانیاری قووڵ و دەوڵەمەندی ئەوی لە هەموو بوارە زانستی وئەدەبییەکاندا، باسی هەواداری ئەوی لە ئەدەبیاتی میللەتانی ئینگلیز، ئەمریکا، و فەرەنسا، ئێران و هندستان و هەموو وڵاتەکانی دیکە کرد. هەروەها لە سەرانسەری سۆڤیاتدا، چالاکی هونەری و شانۆیی جۆراوجۆر بەیادی گۆرکی یەوە، پێشکەش کران. ئەمە خۆی لەخۆیدا نیشانەی گەورەیی ئەو بوو لە هەردوو ئاستی میللی و نێونەتەوەییەوە.

ئەمە پوختەیەک بوو لە ژیانی ماکسیم گۆرکی، کە یەکێک بوو لە گەورە نووسەرانی ڕووسی و زمانحاڵی جەماوەری زەحمەتکێش.

چونکە لەکاتی نووسینی ئەم چەند دێڕەدا، سەرچاوەی پێویست لەبەردەستدا نەبوو، نەمتوانی وەکو پێویست، لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەم و ژیان و هزر وبیرەکانی ئەم بلیمەتە بدوێم، بەڵام چونکە هاوڕێی بەڕێزم جەنابی عەلی ئەسغەر هیلالیان، داوایان لەمن کرد، بۆ دەستپێک وسەرەتای کتێبی " ڕۆژانی زانستگەم " کە یەکێکە لەبەرهەمە زندووەکانی گۆرکی و جەنابی هیلالیان پاچڤەی کردووە، کە ژینامەی گۆرکی کۆبکەمەوە وبنووسم، ئەو داوایەم قەبووڵ کرد و ئەو چەند دێڕەی سەرەوەم لەم سەرچاوانەی خوارەوە کۆکردەوە..

١ – روزنامەهای رهبر شمارەهای ٢، ٤٤، ٤٦. سال اول.

٢ - روزنامە مردم یومیە شمارەهای ٧٢، ٨٣، ٧٤، ٨٥، ٨٦، ٨٧ و ٨٨ کە بیشتر مطالب از انجا اقتباس شد..

٣ – حیات و سرگذشت ماکسیم گورکی، کە ایلیا گیروردوف از روی حکایات گۆرکی جمع آوری نمودە است.

٤ – دانشکدەهای من: تالیف گورکی، ترجمە: علی اصغر هلالیان.

٥ – مادر: از گورکی، ترجمە علی اصغر سروش.

ناصر عاملی.

سەرچاوە:

ماکسیم گورکی، دانشکده‌های من/ علی اصغر هلالیان / مؤسسه انتشارات نگاه، تهران ۱۳۸۹، ص ۷ – ۲۱ .

## ڕۆژانی زانستگەم

ئیدی تەنیا بەنیازی چوونە زانستگە و زانکۆ ڕێگای قازانم گرتەبەر. بیرۆکەی خوێندن وچوونە زانستگە، دۆستێکم بەنێوی ن. یەفرینوف، کەبەخۆی خوێندکاری ئامادەیی بوو، خستیە مێشکمەوە.

یەفرینوف، گەنجێکی ڕووخۆش و خۆشخوو و میهرەبان و قۆز بوو، دووچاوی مەند و ژنانەی جوانی پێوەبوو. لە قاتی دووەمی ئەوماڵەدا دەژیا کە منی تیابووم. کەزۆربەی کات دەی بینی مژوول و خجڵی کتێب و کتێب خوێندنەوە بووم، ئەمە سەرنجی ڕاکێشابوو و حەزیدەکرد ناسیاویم لەگەڵ پەیدا بکات. دوای ماوەیەکی کەم هەندێ شتی بە گوێدا دام کە بۆمن تازە بوو تا ئەو کاتە بەرگوێم نەکەوتبوون. دەیگوت تۆ بەهرەیەکی تایبەتی فێربوونی زانستت تیایە و تەبیعەت بۆ ئەوەی دروست کردوویت کە دەربەست لە خزمەتی زانستدا بیت وخۆت وەقفی زانست بکەیت. من لەو سەروبەندەدا، نەمدەزانی چۆن دەشێت لەو ڕۆژگاری خەفەقان و سانسۆرەدا خزمەتی زانست دەکرێت. بەڵام یفرینوفی دۆستم زۆر بەجوانی بۆی ڕوونکردمەوە و تێیگەیاندم کە زانستگەکان زۆر پێویستیان بەگەنجانی وەکو من هەیە. هەڵبەتە ئەو قسانە "لومونوسف "ی بیر خستمەوە. ( م. لومونوسف ۱۷۱۱ – ۱۷٦٥ زانا و شاعرێکی گەورەی ڕووسە، کوڕە جووتیارێکی خەڵکی ئارخانگلسک بوو " لومونوسف " ش لە تەمەنی بیستساڵیدابۆ خوێندن چوو بۆ مۆسکۆ. ئیدی گورگی لێرەدا خۆی بە سێبەری ئەو دەزانی."

یفرینوف دەیگوت کەمن چوومە قازان لەلای ئەو ئاکنجی دەبم، لە هەردوو وەرزی پاییز وزستاندا خۆم ئامادە دەکەم بۆ تاقیکردنەوەی دەرەکی قۆناغی ئامادەییو چەند تاقیکردنەوەیەک دەکەم وپاشان دەچمە زانستگە و هەنگێ زانستگە مەسرەفم دەکێشێت و دوای پێنج ساڵان زانستگە تەواو دەکەم و دەبم بە مامۆستا و پیاوێکی ڕۆشنبیر. هەرهەموو ئەو شتانەم بەلاوە ئاسان وخۆش ودڵگیر بوو. چونکە یەفرینوف ئەو دەمە گەنجێکی نۆزدە ساڵانی میهرەبان ودڵاوا بوو.

ئەو تاقیکردنەوەکانی خۆی تەواو کرد و ڕۆیی. یەک دوو هەفتە دوای ڕۆیشتنی ئەو، منیش دوای کەوتم. کە هاتمە سەر ڕۆیشتن نەنکم گوتی:

- کوڕی خۆم لەگەڵ خەڵکیدا بەشەڕ مەیە، تۆ کوڕێکی جنگزی، ئەمە خراپە. ئەم سەختگیری وتووندە تەبیعەتەت لە باپیرتەوە بۆ ماوەتەوە. ئاخر ئەو چ خێرێکی لە تەبیعەتی ئاگرین وتووندی خۆی بینیوە؟ ئەو هەموو ساڵەی بەڕێکرد، جگەلە گەوجێتی هیچی دی نەدووریەوە، داماوە، تۆ هەمیشە ئەوەت لەبیر بێ کە خوا خەڵکی گومڕا ناکات، ئەم کارە بە شەیتان سپێردراوە. دەی باشە، بە دوعا..

ئەوجا ڕوندکەکانی سەر گۆنا داهێزراوەکانی سڕی و گوتی:

- ئیدی یەکدی نابینینەوە. تۆ بەهەشتاو لێم دوور دەکەویتەوە ئەی ڕوح و گیانە نەسرەوتەکە. ئەوەندە دوو دەکەویتەوە کە دیدار بە قیامەت دەبین..

لەو دواییانەدا زۆر لە نەنکە ئازیزەکەم دوور کەوتبوومەوە، زۆر بەکەمی دەمبینی. ئێستا، بەداخ و کەسەر وبەدڵێکی پڕ لە خوێنەوە، هەستم دەکرد، کەجارێکی دی، ئەو بوونەوەرە دڵسۆز و میهرەبانە، کە بووبوو بە بەشێک لەمن، نابینمەوە.

لە بەشی پاشینی کەشتیەکەدا وەستابووم و تەمەشای شۆستەی قەراخ بەندەرەکەم دەکرد، نەنکم لە ناو ئاپۆڕای ڕێبوارەکان وبەڕێکەرەکانیاندا ڕاوەستابوو، پەیتا پەیتا نیشانەی خاچی دەکێشا و بە لکەی شاڵە کۆنەکەی ڕوخسار و چاوە ڕەشەکانی، کە تەژی نووری میهر و خۆشەویستی ئەزەلی و مرۆڤدۆستی بوو، لە ڕوندکان دەسڕی.

گەییمە قازان. لەم شارە نیوە تاتاریەدا، لە ماڵێکی یەک نهۆمیدا، لە ژوورێکی پەڕپووتا گیرسامەوە. ئەم خانووە لەسەر گردۆڵکەیەک بوو. دەیڕوانیە سەر ئەرزێکی چۆڵ کە جۆرەها گژوگیای لێ ڕوابوو، لەلایەکی خانووەکەوە، دار و پەردووی

کەلاوەیەکی وێرانە کەبە هۆی شەواتەوە بەتەواوی لەنێو چووبوو بەدی دەکرا، لەهەموو لایەکی ئەم خەرابەیەوە، گژوگیا ڕوابوو. ژێرزەوینی ئەم کەلاوە خرابەیە، تا ڕادەیەک لە ئاسیوی شەواتەکە و سروشت خەلەسی بوو، ئیدی سەگێن بەڕەڵلا لەم ژێرزەمینەدا دەخەوتن و جاری واش هەبوو هەرلەوێدا دەتۆپین. من ئەم ژێر زەمینانەم زۆرچاک لەبیرە. ئەم ژێرزەمینانە یەکێک لە زانستگەکانی من بوو.

مالْباتی یەفرینوف بریتی بوو لە دایکێک و هەردوو کوڕەکەی. سەرچاوەی ژیان و بژێویان مووچەیەکی کەمی خانەنشینی بوو. لەیەکەم ڕۆژەوە، هەستم بەو خەمینیە کارەستاتبارە کرد کەبە سەروسیمای ماندووی ئەو بێوەژنە وردیلەیەوە دیاربوو. کەبەخۆی و زەمیلە بچووکەکەیەوە لە بازاڕ دەگەڕایەوە، هەرچیەکی کڕی بوو، لەسەر مێزی مووبەقەکەی هەڵدەڕشت، ئەوجا بیری لەوە دەکردەوە چۆن لە پارچە گۆشتێکی بچووکی ی چەقالْتە، خواردنێکی بەتام و لەزەتی ئەوتۆ دروست بکات کە بەشی سێ گەنجی تەندروست بکات- بەڵام خۆی حیساب نەدەکرد.

ئەم پیرەژنە، واتا دایکی یەفرینوف، زۆر کەم دوو بوو، بە تەحەموول و سەرسەخت و نائومێد بوو، لە ئەسپێک دەچوو هەموو هێزوتوانای خۆی بەکار بردبێ، عەرەبانەیەک لە دووی خۆی ڕابکێشێت وبە هەورازێکدا سەر بکەوێت، سوور بزانێت ناگاتە ترۆپکی هەورازەکە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر عەرەبانەکە ڕابکێشێت و کۆڵ نەدات!

بەیانییەک، کە سێ چوار ڕۆژ بوو گەیی بوومە قازان، لە مووبەقەکەدا، لەلایەوە دانیشتم، گوێ بە گوێی ئەو کەوتمە پەتاتە پاککردن وسەوزەوات بژارکردن. هەردوو کوڕەکەی نووستبوون، پیرەژن بە ئەسپایی و بەپارێزەوە لێی پرسیم: -تۆ بۆچی و بە چ کارێک بۆ ئێرە هاتوویت؟

-بۆ خوێندن لە زانستگە.

برۆکانی وێکهێنانەوە، هەنیە زەردەکەی گرژ بوو. چەقۆکە بەردەستی کەوت، ئەنگوستی بریندار بوو. لەسەر کورسیەک ڕۆنیشت، کەوتە مژینی قامکی، زۆری نەبرد دووبارە هەستایە سەر پێیان و گوتی:- شەیتان بە نەعلەت بێ..

دوای ئەوەی قامکی بە کۆنە پەڕۆیەک پێچا، کەوتە ستایشی پەتاتە پاککردنەکەی من! گوتی:

- زۆرچاک پەتاتە پاک دەکەیت!

- پەتاتە پاککردن کارێکی قورس نییە.

ئەوجا بۆم گێڕایەوە کە چۆن لە کەشتیەکەدا کاری شاگرد ئاشپەزم کردووە.. پرسی:

- تۆ پێت وایە ئەمە بەس بێ بۆئەوەی بچیتە زانستگە؟

ئەو زەمانە، بەباشی سەرم لە قسەێن شۆخیئامێز دەرنەدەکرد. بۆیە پرسیارەکەیم بە هەند وەرگرت. بۆیە دەستم کرد بەباسی ئەو مەرجانەی کەبە مەزەندەی خۆم دەرگاکانی پەرستگەی زانستیان لەبەردەمم دەکردەوە. پیرەژن ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی: - ئاە! نیکولای، نیکولای!..

لەوکاتەدا نیکولای کە تێر خەو بووبوو، هەستا، وەکو هەمیشە، خەواڵوو، بەقژە بژەکەیەوە، بەڵام سەرحاڵ و کەیف قنج، بەمەبەستی دەست وچاو شتن خۆی بە مووبەقەکەدا کرد وگوتی:- دایکە، خۆزگە بۆ نیوەڕۆ پیلمەنیمان هەبوایە. ( پیلمەنی: جۆرە خوراکێکی ڕووسییە).

دایکەکە گوتی: - زۆرچاکە، پیلمەنی سازدەکەم.

ئیدی من بۆ ئەوەی هونەری خۆم لە واری ئاشپەزیدا بنوێنم گوتم:- ئەم گۆشتە بۆ پیلمەنی نابێت، ئەمە جگەلەوەی کەمە و بەش ناکات.

ڤارڤارا ئیڤانوفنا، لە قسەکەی من توورە بوو، ڕیزێک جنێوی مزر و ئاوداری پێدام. لە شەرمانا سوور بوومەوە، هەستم کرد گوێچکەکانم درێژبوون. ئیدی پیرەژن لە مووبەقەکە وەدەرکەوت. نیکۆلای چاوێکی لێداگرتم و بۆی ڕوون کردمەوە کە تۆراوە..

پاشان لەسەر تەختێک دانیشت وبەکاوەخۆ بۆی باسکردم کە ژنان بەشێوەیەکی گشتی لەپیاوان تووڕەتر و تووندە تەبیعەت ترن، ئیدی ئەمە تەبیعەتی ژنانە، ئەمە بۆچوونی زانایەکی سویسرابییە دەربارەی ژنان. زانایەکی ئینگلیزیش بەنێوی جون ستیوارت میل، لەوبارەیەوە قسەی کردووە.

نیکۆلای، زۆری حەزدەکرد، شتم فێربکات، بۆیە هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبا، هەوڵی دەدا، زانیاریەکی تازەم بخاتە مێشکەوە وبۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ژیان ئامادە و تەیارم بکات، ئەو شتانەم پێ بڵێ کەبۆ ژیان زەروری و پێویستن. بەتاسەوە گوێم لە قسەکانی

دەگرت و قسەکانیم هەڵدەگرت. ئیدی وردەوردە فوکولت و لارشفوکولد ولاروشجاکلین لە زەینما تێکەڵ بوون و بوون بەیەک کەس، ئیدی وام لێهات نەمدەزانی کێ لەم زانایانە سەری کێی بڕیوە، لافوازییە سەری دیمورییەی بڕیوە یان بە پێچەوانەوە.

هاوڕێ گەنجەکەم، لەناخی دڵەوەو دڵسۆزانە دەیویست "من بکات بەپیاو " زۆر بەجدی سۆزی دامێ کە ئەم کارە دەکات. بەڵام نە دەرفەت ونە هەلومەرجی ئەم کارەی نەبوو تا بەتەواوەتی و وەکو پێویست بەمن ڕا بگات. لە سۆنگەی خۆ پەرستی وکورتبینی گەنجایەتیەوە، پەی بەوە نەدەبرد کە دایکی بەچ گیانەسەری و کوێرەوەری و هەوڵ وتەقەلایەکی زۆر، ژیانی ئەوان و کاروباری ماڵەکە بەڕێوە دەبات. براکەی تری کە قوتابیەکی گەمژەی کەم دوو و بێدەنگ بوو، ئەقڵی بەو شتانەدا نەدەشکا وهەر مێشیش میوانی نەبوو. بەڵام کە ئەزموونی فەند وفێڵی ئاشپەزیم هەبوو، دەمزانی ئەم پیرەژنە چ معاناتێکی هەیە، چۆن گەدەی کوڕەکانی هەڵدەخەڵەتێنێ، ماڵ لەخۆی نەبوو، وەرە میوانێکی غەریبی ناحەزی وەکو منیش ڕووی تێبکات. هەڵبەتە هەر پارووە نانێکی ئەم ماڵەم دەخوارد لەسەر دڵم دەبوو بە گرێیەکی قورس و ویژدانی عەزاب دەدام. ئیدی لێبڕام، بکەومەخۆ تا بگەڕێم و کارێک وەدۆزم، ئیدی بۆ ئەوەی نەبم بە شەریکی تێشت و نانی بەیانیان، سپێدە زوو لە ماڵ دەردەکەوتم.خۆ ئەگەر ڕۆژێک هەور وهەلا وباران بوایە پەنام دەبردە بەر ئەو کەلاوەو خرابەیەی کە باسم کرد. لەوێ لەناو سەگەکان و پشیلەی تۆپیودا دادەنیشتم و بۆنی بۆگەنیم هەڵدەمژی و گوێم لە خرمەخرمی باران و لوورەی با دەگرت، ئیدی زووبەزوو ئەو حەقیقەتەم بۆ خۆیابوو، کە زانستگە بۆ کەسێکی وەکو من خەیاڵی خاوەو خۆ ئەگەر بۆ وڵاتی فارس چووبام زۆر باشتر و ئاقڵانەتر بوو. ئیدی بەو حاڵەوە دادەنیشتم و لەفکران ڕادەچووم و بەخەیاڵ دەبووم بە سیحربازێک، کەبەهۆی خەڵوەتکێشییەوە ڕدێنی پاک سپی بووەو فێری کشت وکاڵ بووە، پەتاتە وگەنمم دادەچاند، پەتاتەکە دەڕواو دەهاتەبەر، هەریەکەی پازدە کیلو دەبوو، گەنم کە پێدەگەیی هەر دەنکەی بە ئەندازەی سێوێک. ئیدی بەوجۆرە فێری چۆنیەتی بیرکردنەوە، لە کار وبابەتێن نائاسایی و بەسەرهاتی قارەمانانە بووم، ئەم بیرۆکانە یارمەتیەکی زۆریان دام کە تەحەمولی ڕۆژانی تەنگانە وسەختی و دژواری ژیان بکەم. جا چونکە ڕۆژانی ڕەش یەجگار زۆر بوون، زۆرجار ئەو جۆرە خەون و خەیاڵانە دەیبردمەوە و ئیدی چاوم لە هیچ کۆمەکێکی دەرەکی نەبوو، خۆشبەختانە باوەڕم بە شانس وڕێکەوتیش نەبوو. ئیدی بەرەبەرە

ویست وئیرادەی کۆڵنەدان وڕادەست نەبوونم لەلا دروست بوو، چەند کێشە و ئاریشەی ژیانم زیاتر بوایە، ورەم بەرزتر دەبوو، ئاقڵتر دەبووم.

ئیدی زۆر زوو بۆم بەدیارکەوت، کە ڕووبەڕووبوونەوەی ژینگە و ژیان، مرۆڤ دروستدەکات.

بۆ ئەوەی برسی نەبم، دەچووم بۆ کەناراوەکانی ڤۆلگا، لەوێندەر لە لەنگەرگای کەشتیەکاندا، پیاو دەیتوانی ئیش بکات وبە ئاسانی ڕۆژێ پازدە بیست کوپیکان پەیدا بکات. لەوێندەر، لەناو کۆڵبەر و حەماڵاندا، لەنێو ئاوارە و دز و دەسبڕاندا، خۆم وەکو پارچە ئاسنێک دەهاتە بەرچاو کە خرابێتە نێو کۆمایەک کەڵە پشکۆوە، ئیدی هەموو ڕۆژێک لەم ئاگرەدا دەسووتام. لێرەدا، لەنێو خەڵکانی چاوچنۆک، بێ شەرم، زبر و توونده تەبیعەتدا دەژیام. ئەوەی مایەی سەرنج و باڵکێش بوو، ئەوە بوو کە زۆر لەژیان تووڕە بوون، دنیایان دابووە بەر کلکان، دابوویانە تانی بێعاری، گاڵتەیان بە هەموو بوونەوەرێکی سەرزەوی دەهات، گوێیان بە هیچ شتێک، تەنانەت بەخۆشیان نەدەدا. زۆر لە ژین و ژیان بێ منەت بوون. ئەو بویەر و واریقاتانەی بەسەرخۆم هاتبوون، بەتووندی بەرەو ئەو خەڵکانەی بکێش دەکردم وحەزم دەکرد تێکەڵ بە ژینگەی ئاگرینی ئەوان ببم. ئەو ڕۆمانە بازاڕیانەی خوێندبوومنەوە، بەتایبەتی ڕۆمانەکانی برت هارت، هێندەی دی بەرەو ئەم دنیایەیان ڕادەکێشام.

لەوێ تووشی کوڕێک بووم بەنێوی باشکین، جاران خوێندکاری خانەی مامۆستایان بوو. تازە دەستی دابووە دزی، زۆر لە ژیانی خۆی بەگلەیی بوو، کابرایەک بوو تووشی نەخۆشی دەردە باریکە بووبوو، ناوبەناو بێرازێکی باشیان دەکرد، کوڕێکی یەجگار بەدەم و دەماوەر بوو، زۆرجار بە ڕاشکاوی بەمنی دەگوت: - تۆ بۆچی دەڵێی کیژی شەرمنی، ئەم ناز ونووزەت لە چییە، بۆخۆت لەمە دوور دەگریت؟ لەوە دەترسیت حەیا و ناموست بچێت؟ خۆتۆ کچ نیت، هەموو ئابڕووی کچ، پەردەی کچێنیەتی، بەڵام بۆتۆ ئابڕوو هەمان ئەو نیرەیە کەلە ملی گایە. گا ئابڕوومەندە، بەلام خواردنی گا تەنیا کا وجۆیە!

باشکین چکۆلەیەکی سەرسوو بوو. ڕدێنی خۆی وەکو ئەکتەران دەتاشی، هەڵسوکەوت و جم وجوڵی نەرم ونیان، لە پشیلەیەکی نازدار دەچوو. وەکو ئامۆژگار و پشتیوان مامەڵەی لەگەڵ مندا دەکرد. هەستم دەکرد لە کانگای دڵەوە، شادی و سەرکەوتنی من

بەئاوات دەخوازێت. زۆر زیرەک و هۆشیار بوو، زۆر کتێبی چاکی خوێندبوونەوە، لەناو ئەم هەموو کتێبەدا زیاتر دڵبەندی ڕۆمانی "کونت دی مونت کریستو " بوو. دەیگوت: - لەو کتێبەدا هەم دڵ هەیە و هەم ئامانج.

شیفتەی ژن بوو. کەباسی ژنی دەکرد، شوێنەواری شادی بە ڕوخساریەوە دەردەکەوت، ئازای بەدەنی شێواوی ڕادەجفری. هەرچەندە لەم حاڵەی بێزاربووم و دڵم لێی تێک هەڵدەهات، بەڵام هەر گوێم لێدەگرت، دەماوەری و جوانی ئاخاوتنەکەی ئەفسوونی کردبووم. کە قسەی دەکرد دەتگوت شیعر دەخوێنێتەوە، گۆنا قوپاوەکانی سوور هەڵدەگەڕان، چاوە ڕەشەکانی پرشنگیان دەدا:

- ژن! ژن! من ئامادەم لەپێناوی ژندا هەر کارێک بکەم. هەر گوناح وخەتایەک لە ڕای ژندا ڕەوایە. لەژیانا هیچ شتێک لەوە خۆشتر نییە، بە خۆشەویستی وبۆ خۆشەویستی بژیت. ئەوپەڕی داهێنانە!

حیکایەتخوان ونەقالێکی بەهرەداری کەم وێنە بوو. زۆر بەئاسانی غەزەلیاتی کاریگەری بۆ ئافرەتێن هەرزەو سۆزانی دەهۆنیەوە کەهەر هەموویان تەژی خەم و پەژارەی دەردی ئەشق و ڤیان بوون. شیعرەکانی کەوتبوونە سەر زاران و لەهەموو شار وبازێڕۆکەکانی کەناراوەکانی ڤۆلگادا بەدەنگ و ئاوازەوە دەگوترانەوە، کە یەکێک لە شیعرە کورت و باوەکانی ئەمە بوو:

من هەژارێکی جوانم

لێ چ کەسێک حەزم

لێناکات، چونکە

شڕپۆش و هەژارم!

پیاوێکی دیکە بەنێوی تروسوف ناسیاوی لەگەڵ پەیدا کردم. کەسێکی مەند وگۆنگ، بە سەروسیما، ڕێک پۆش بوو، زۆر بەخۆیڕا دەگەیی. لەگەڵ منا زۆر بە نەزاکەت بوو. ئەم پیاوە ڕابردوویەکی تاریکی هەبوو. قامکەکانی زۆر باریک و نەرم بوون، دەتگوت بۆ موزیقا خۆڵقاون. لە گەڕەکی ئادمیرال تسیکایادا موغازەیەکی هەبوو، لەسەر تابلۆی دووکانەکە نووسرابوو " سەعاتچی " بەڵام کاری ڕاستەقینەی وی بریتی بوو لە فرۆشتنی ماڵی دزیاری.

که قسەی دەگەڵ مندا دەکرد، بەویقارەوە دەستی بە ڕدێنە چەرمووەکەیدا دێنا و، چاوە فێڵاوی وبێباکەکانی بچووک دەکردەوە ودەیگوت:

- ماکسیموفیچ، نەکەی ڕێگەی دزان بگریتەبەر. بە بۆچوونی من ئەمە ڕێگەی تۆ نییە، تۆ مرۆڤێکی زۆر هەستیار وپڕ سۆزیت.

لێم پرسی: - مەبەستت لە هەستیار وپڕسۆز چییە؟

بەرسڤی دامەوە:- هەستیار و پڕسۆز کەسێکە حەسوودی بەهیچ نەبات، بەڵام هەستی فزولیەت و کونجکاوی هەبێت..

ئەم هەڵسەنگاندنەی وی سەبارەت بەمن دروست نەبوو. حەسوودیم بە زۆرشت و بەزۆرکەس دەبرد. هەستی بەغیلی و حەسوودیم زۆر بەرز بوو. بۆ نموونە زۆر حەسوودیم بە دەماوەری باشکین دەبرد کە قسەی دەکرد لەتۆوایە شیعری دەخوێندەوە. کە قسەی دەکرد پەند و وشەێن کاریگەری بەگەڵ ئەخافتنەکەی دەخست. من ئێستاش سەرەتاکانی ئەو سەربووره ئاشقێنیەم لەبیرە کەبۆی گێڕامەوە:

" شەوێکی تاریک و نوتەک، کە باران ورد ورد دەباری، من وەکو بایەقوشێک خۆی لە کلۆری داڕیک نابێت، لە ژوورێکی بچووکی ئوتێلێکی بازێرۆکی سفیاگیسکی هەژارنشین هەڵکوڕمابووم، دنیا پاییز بوو، هەیڤی ئوکتۆبەر بوو، گڤ و هۆڕی با وەکو تاتارێک کە ستران بێژێت، بەو ئاوایە دەهاتەگوێ و نەدەبڕایەوە: وو... وو... ڕێک لەو کاتەدا ژنێک بەهەشتاو، سەرحاڵ و ڕوخسار گەش، وەکو هەورێک لەکاتی هەڵاتنی خۆرا، بە ئاسمانا بێ و بچێت، بەوئاوایە هات، پاکی ڕوح لە چاوەکانیا پرشنگی دەدا، بە ڕاوێژێکی ڕاستگۆیانە، گوتی : "ئازیزی دڵەکەم، من هیچ خەتایەکم دەرهەق بەتۆ نەکردووە. " دەمزانی درۆ دەکات، بەڵام وێڕای ئەوەش باوەڕم پێکرد.. ئەقڵم ئەوەی چاک دەزانی، بەڵام دڵم باوەڕی نەدەکرد، کە ژنێکی فریبۆک بێت."

هەمیشە بەدەم قسەکردنەوە، خۆی ڕادەژەند، چاوەکانی بە ئاستەم دەنووقاندن، دەستی بەنەرمی بەرز دەکردەوە، لەسەر سینگی دایدەنا.ڕێک لە سەرووی دڵییەوە دایدەنا. دەنگی گڕبوو. بەڵام وشەکانی ئەوەندە ڕەوان و ڕەسا بوون، ژیانیان لێدەچۆڕا، لە تۆوایە بولبولە و دەخوێنێت..

من حەسوودی وبەغیلیم بە "تروسوف" ش دەبرد. چیرۆک و واریقاتی باڵکێشی دەربارەی سیبریا، خیوا و، بوخارا دەگێڕایەوە. بە شێوازێکی کۆمیدی و گاڵتەجاڕیانە دەیگێڕایەوە کە دەبووە مایەی پێکەنین و شادی گوێگران، ئیدی ژیانی خەڵکی ئەو دەڤەر و ئاقارانەی بە گاڵتەجاڕییەکی سەیرەوە شەن وکەو دەکرد. ڕۆژێک بە ڕاوێژێکی گۆنگ و چپەئاسا باسی تزار ئەلکساندری سێیەمی بۆ کردم وگوتی: - ئەم تزارە.. لەکاری خۆیا زۆر زۆڵ و مەعلانە!

تروسوف، بەبۆچوونی من، لەو کاراکتەرە زۆڵ و ناڕەسەن وبێ بارانەی ناو ئەو ڕۆمانانە دەچوو. کەلە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشانی خوێنەران، دەبن بە کاراکتەرێن مەرد وڕەند وئابڕوومەند.

***

ئەو خەڵکە، هەندێجار، کە شەوان هەوا گەرم دەبوو، لە ڕوبارە چکۆلەکەی کازانکا دەپەڕینەوە. لەوێندەر، لەنێو مێرگ و بێشە ودەوەنەجارەکانا دادەنیشتن و بەدەم مەی نۆشیەوە باسی خۆیان و کارەکانی خۆیان دەکرد، یان زۆرجاران باسی کێشە وئاریشە و دژوارییەکانی ژیان و پەیوەندییە بەشەرییە ئاڵۆزەکانیان دەکرد. هەڵبەتە زیاتر باسی ژنانیان دەکرد، ئەم قسانە هەندێجار زۆر بێ پەردە ودزێو بوون، هەندێجار ئاوێتە بەسۆز و گوداز بوون. کەباسی ژنیان دەکرد زۆرجار وا دەهاتنە بەرچاو کە دەڕواننە شەوە زەنگێکی تاریکی پڕ لەترس و تالووکەی نادیار. من دوو سێ شەوی ژیانی خۆم لە ژێر ئاسمانی بەر ستێرانی کزا، دەگەڵ ئەم جەماعەتەدا بەسەر دەبرد. ئیدی لەو گەرمایەدا لە قۆرتێکی پڕ لە گەڵا چنارا، ڕادەکشاین، لە تاریکی نمداری دەوروبەری ڤولگاوە، گلۆپ ولایتی بورجی کەشتیەکان وەکو ستێرانی زێڕین، بەهەموو لایەکا دەجووڵان، دەهاتن و دەچوون.

بە درێژایی کەنارە تاریکەکەدا، تۆپەڵە ڕوناکی پەراگەندە بەدی دەکرا، ئەمانە پەنجەرە و دەلاقەی ماڵ و بارەکانی گوندی ئوسلونی دەوڵەمەند بوون. شڵپ وهۆڕی چەرخی کەشتیە هەڵمیەکە، کە دەیکێشا بە ئاوەکەدا، دەنگێکی تایبەتی لە ئاوەکە هەڵدەستان. دەریاوانەکان، بە سەر کاروانێک کەشتی بارییەوە هاواریان دەکرد، لە دوورەوە لەدەنگ و لوورەلووری گورگان دەچوو. لە دووری دوورەوە دەنگی چەکوشێک کەبە پارچە ئاسنێکدا دەکێشرا دەهاتەگوێ. دەنگی سترانێکی خەمین لەسەر ئاوەکەوە

دەهات، ئەم دەنگە لە دڵی کەسێکەوە دەهات، کە خەم و سوێی دەبردە دڵی گوێگرەوە. لەهەموو ئەوانەش خەمینتر ئەو قسانەبوو کەلە زاری هاوڕێکانمەوە دەم بیست. هەر هەموویان بیریان لە ژیانی خۆیان دەکردەوە، هەرکەسە وخەمی دڵی خۆی هەڵدەڕشت و ئامادە نەبوو گوێ لە کەسی دی بگرێت. لەکاتێکا هەموو لەژێر دەوەنەکانا دانیشتبوون یان پاڵکەوتبوون و بەردەوام سیغاریان دەکێشا. هەندێجاریش بە نەبەدڵی و بەبێ مەیلی ڤودکا یان بیرەیان دەخواردەوەو بیرەوریانی ڕابردووی خۆیان کاوێژ دەکردەوە.

یەکێکیان، کە تاریکی شەوەکە هەر چوار نکاڵی تەنی بوو، لەناو جەرگەی تاریکیەکەوە هەڵیدایە:- باشە، من بە سەرهاتێکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە..

کەلە گێڕانەوەی سەربهوردەکەی خۆی دەبووەوە، هەموو ئەوانی دی، بۆیان دەسەلماند و دەیانگوت: - بەڵێ، دەشێت، ئەم شتانەش ڕوودەدەن.

لە دنیادا هەموو شتێک لەگینە.

ئیدی ئەم وشانە لەلایەن خەڵکەکەوە دووبارە دەکرانەوەو لەگوێما دەزرینگانەوە... " ڕووی داوە، ڕووی دەدا " وام دەهاتە خەیاڵ کە ئەمشەو قیامەت ڕابووەو هەموو شتێک ڕووی داوەو بڕاوەتەوە، ئیدی هیچ شتێکی دیکەی تازە ڕوونادات!

ئەم هەستە منی لە باشکین و تروسوف دوور دەخستەوە. وێڕای ئەوەش هەر خۆشم دەویستن و ئەزموونی ژیانی تایبەتی خۆم وای لێدەکردم چاو لەوان بکەم. ئارەزوو و تاسەی ژیانی ئازادانە و، خوێندن، هانیان دەدام، کەچاو لەوان بکەم، هەمان ڕێگەی وان بگرمەبەر. لەکاتی برسیەتی و تووڕەیی و نائومێدیدا، هەستم دەکرد ئامادەگی و توانای هەر خیانەت و تاوانێکم هەیە، نەک هەر دەربارەی " موڵکداری تایبەتی و پیرۆز " بەڵکو دەربارەی هەموو شتێک.

بەڵام ڕۆمانسیەتی گیانی گەنجیەتی، کردیەکارێک کە نەتوانم لەو ڕێگایە بگەڕێمەوە کە گرتبوومەبەر.

جگە لە ڕۆمانەکانی برت هارت کە مرۆڤدۆستیان لێدەچۆڕا، جگەلە زۆر ڕۆمانی بازاڕی، ژمارەیەک کتێبی زۆر چاکی دیکەم خوێندبوونەوە. ئەم کتێبانە، کۆمەڵێک خولیا وکەڵکەڵەیان لە دڵ و دەروونما بێدار کردەوە، ڕاستە خولیا و کەڵکەڵەی ئاڵۆز

وگۆنگ بوون، بەڵام زۆر مەزنتر و گرنگتر بوون لە هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا لە دەوروبەری خۆما دیتبوومن.

ئیدی بەرە بەرە هاوڕێی تازەم دەگرت وهەست و نوڕینی نوێم لەلا پەیدا دەبوو. خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی، لە مەیدانە چۆڵەکەی نزیکی ماڵی یەفرینوف کۆ دەبوونەوەو یاری "گورودکی "یان دەکرد، یەکێک لەو منداڵانە کە گوری بلیتینوفی ناو بوو، زۆر سەرنجی ڕاکێشام. ئەم کوڕە گەنمڕەنگە، کت ومت لە ژاپۆنیان دەچوو. دەم وچاوی یەکپارچە پەڵەپەڵەی ڕەش بوو، دەتگوت بارووتی پێدا هەڵپژێنراوە. کوڕێکی خەنۆڵی هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو. شادی وسەفای لێدەباری. لەیاریدا لەهەمووان چەلەنگتر بوو، لە قسەکردنا زۆر زیرەک وحازر وەڵام بوو. جۆرەها بەهرەو زیرەکی پێوەدیاربوو، وەکو هەموو خەڵکانی بەهرەمەندی ڕووس، بە بەهرە خۆڕسک و خودادادیەکانیەوە دەژیا، هیچ هەوڵێکی نەدەدا کە پەرە بەم بەهرانەی خۆی بدات و زیاتریان بکات. زۆری حەز لە موزیقا بوو، بەدڵ و بەگیان گوێی لێدەگرت، بگرە ئاشقێنی دەگەڵدا دەکرد. سەنتوور و بالالایکا و ئوکوردیونی زۆرچاک دەژەند. بەڵام وێڕای ئەمەش ڕۆژێ لەڕۆژان هەوڵی ئەوەی نەدا، کە ئامێرێکی هەندێ باڵاتر لەو ئامێرانە بژەنێ.

هەژار وشڕۆڵە بوو، کراسە چرچ ولۆچ ودڕاوەکەی، پانتۆڵە پینە کراوەکەی و پێڵاوە شڕەکانیزۆر لێدەهات، ڕێک دەگەڵ ڕوح سووکی و بێ باکیەکەیدا تێکی دەکردەوە.

لە کەسێک دەچوو کە دوای نەخۆشیەکی دوور ودرێژ لە جێگا هەستابێتەوە، یان زندانیەک کە دوێنێ لە زندان ئازاد بووبێ. هەموو شتێکی ژیانی بەلاوە تازەبوو، دڵی بە هەموو شتێک خۆش بوو. خەمی لەهیچ نەدەخوارد.

کە زانی ژیانی من زۆر دژوارە، پێشنیازی کرد کە بڕۆم لەگەڵ ئەودا بژیم و بخوێنم تا دەبم بە مامۆستای گوندی. پاش ماوەیەکی کەم خۆم لە خەوگەی ماروسوفکادا بینییەوە، ئەم خەوگەیە پێدەچوو چەند نەسڵێکی لە قوتابیانی قازانی بەڕێکردبێت: ئەمە بینایەکی گەورە بوو، نیوەی داڕوخابوو، کەوتبووە کوچەی ڕیبنوریودسکایاوە. ئیدی خاوەنەکەی پڕی کردبوو لە قوتابیانی برسی و سۆزانیان و جۆرەها خەڵکی سەرگەردان و لێقەوماو و بێ دەرەتانی دیکە. بلیتنیوف، لە ڕاڕەوێکی ژێر ئەو پلیکانەیە ئاکنجی بوو کە دەچوو بۆ هەورەبانەکە. هەموو ماڵەکەی بریتی بوو لە

قەرەوێڵەیەک و کورسیەک و مێزێک کەلە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا لە بەر پەنجەرەکە دانرابوون. هیچی دیکەی نەبوو. دەرگای سێ ژوور بەسەر ئەو ڕاڕەوەدا دەکرانەوە. دووان لەو ژوورانە، سەرو سۆزانیەکیان تیا ئاکنجی بوو، ژووری سێیەم مامۆستایەکی بیرکاری سیلاوی تیابوو، کەکاتی خۆی قوتابیەکی درێژ داهۆڵی، لەڕ ولاواز بوو، پیاو نەدەوێرا تەمەشای بکات. قژێکی زبری سووری هەبوو، جل وبەرگەکەی ئەوەندە شڕۆڵە بوو، بە ئەستەم گیانی دادەپۆشی، لە کونی ئەم جلە شڕانەوە بەدەنی شینەوەبوو و پەراسووە زەقەکانی دەبینرا. پیاو لە دیمەنی دەترسا.

ئەوەندە نینۆکی دەگەست زۆربەی کات سەری نینۆکەکانی بریندراربوون، لەتۆ وایە بە خواردنی نینۆکەکانی برسێتی خۆی دەڕەوێنێتەوە. شەو وڕۆژ خجڵی خەت کێشان وحیسابات بوو، بەردەوام بە دەنگێکی خەفە دەکۆکی. سۆزانیەکان لێی دەترسان و بە شێتیان دەزانی و خۆیان لێی دەبوارد. لێ وێڕای ئەوەش دڵیان پێی دەسووتا ونان وچا وشەکریان لەبەر دەرگاکەی دادەنا. دەهاتەدەرێ، بە هانکەهانک وەکو ئەسپی ماندوو، ئەو شتانەی هەڵدەگرت و دەچووە ژوورەوە. ئەگەر ڕۆژێک، ئەو شتانەیان لەبیر بچوایە، یان کۆسپێک هاتبا پێشێ، ئیدی کابرا دەرگای ژوورەکەی دەکردەوە، لە ڕاڕەوەکەدا دەوەستا، بەدەم کۆکەکۆکەوە، بە دەنگێکی گڕوخەفە، پڕ بە ڕاڕەوەکە هاواریدەکرد:- نان!

چاوە بە قوڵا چووەکانی، پرشنگی غرووری کەسێکی شێتیان لێدەبووەوە، کە دڵی بە مەزناتی خۆی خۆشبێت. ناوبەناو کابرایەکی ناحەز و قەموور سەری دەدا، لاقی خوار بوون ودەلەنگی. سەری سپی بوو، عەینەکێکی شووشە ئەستوور، بەسەر کەپووە زلەکەیەوە، خۆنوێنی دەکرد. بزەیەکی فێڵبازانە نیشتبووە سەر ڕوخسارە ئەسکوپتسیاییەکی ( ئەسکوپتسیا: مەزەبێک بوو لە ڕووسیا کە پەیڕەوکارانی خۆیان دەخەساند ). بە دوو قۆڵی دەرگایان لەسەر خۆ دادەخست و بە سەعاتان، بەخامۆشی لەژوورەوە ڕۆدەنیشتن، جارجار ورتەورتێکی غەریب لە ژوورەکەوە دەهات. جارێک، درەنگانێکی شەو، لە هاواری خەفە و ترسناکی یارۆی بیرکار، لەخەو ڕاپەڕیم، بە تووڕەیی دەیگوت: - من دەڵێم، ئەندازە زندانە، قەفەزە! ڕێک وایە! بگرە تەڵەی مشکانە! زندانە!

کابرای ناحەزی قەموور هاوارێکی کرد و وشەیەکی غەریبی گوت کە لە ماناکەی حاڵی نەبووم، ماوەیەکی زۆر هەر وتی و وتییەوە. یارۆی بیرکار، لەناکاوا هاواریکرد:- هەیدێ گومبە لەبەرچاوم، برۆ ئاوەو ئاو بچیت!

یارۆی قەموور پاشەوپاش خۆی بە ڕاڕەوەکەدا کرد، لەبەر خۆیەوە دەی پرتاند. خۆی لە جبە دەڵبەکەیەوە دەپێچا. یارۆی بیرکار، بەباڵا بەرز وترسناکەکەیەوە لە ئاستانەی دەرگای ژوورەکەی خۆیا وەستابوو، قامکەکانی کردبوو بە قژە لوولەکەیدا و هاواری دەکرد:

- ئەقلیدس (زانایەکی زۆر گەورەی بیرکاری بوو) کەرە! من گرەو دەکەم کە خودا لەو یونانیە ئاقڵترە!

ئەوجا خۆی بە ژووردا کرد، ئەوەندە بە تووڕەیی و بە توونددی دەرگاکەی داخست کە شتێک لە ژوورەکەدا کەوت و من گوێم لە دەنگی شکانەکەی بوو.

دوای ماوەیەکی کەم بۆم بەدیارکەوت کە ئەم کابرایە هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ماتماتیکی باڵاوە بوونی خودا بسەلمێنێت. بەڵام بەرلەوەی بەو ئاواتەی بگات، مرد. ئاواتەکەی بردە ژێر گڵەوە.

پلتینوف شەوان لە چاپخانەیەکدا کاری هەڵەچنی ڕۆژنامەیەکی دەکرد، شەوی یازدە کوپیکی وەردەگرت. چونکە من نەمدەتوانی کاربکەم، ئیدی ناچاربووین بەو یازدە کوپیکە ڕۆژ بەڕێ بکەین، ئیدی چواردە نانمان دەکڕی، بایی دوو کوپیک چا وبایی سێ کوپیک قەندمان دەکڕی و ڕۆژەکەمان بەڕێدەکرد. من دەرفەت و دەرەتانی کارکردنم نەبوو، چونکە مژوولی خوێندن بووم و خوێندنەکەشم زۆر قورس بوو، بەتایبەتی ڕێزمان و دەستووری زمان زۆریان ئەزیەت دەدام و بە ئاسانی نەدەچووە مێشکمەوە. زمانی ڕووسیم لێ بووبوو بە کۆڵی شێر، ئەوەندەم بەلاوە ڕەق بوو، دەتگوت بەردە. باش بوو هەر زوو خۆم و بەختم ئەوەمان بۆ ئاشکرا بوو، کە زۆر زوو دەستم بە خوێندن کردووە، تەمەنم بچووکە، ئەگەر هەموو ئەزموونەکانیش بە سەرکەوتوویی ببڕم لەبەر بچووکی تەمەنم بە مامۆستای گوند نایەمە دامەزراندن. هەڵبەتە ئەمەم زۆر پێخۆش بوو.

من و پلتینموف، لەسەر یەک کەت دەخەوتین، ئەو بە ڕۆژەوە دەنووست و من بە شەو. کە بەیانیانی زوو دەهاتەوە، شەکەت و ماندووی شەوکار بوو، هێزی لەبەر بڕابوو، دەم

وچاوی ڕەش داگەڕابوو، من یەکسەر بۆ کافەکە دەچووم تا ئاوی گەرم بێنم، هەڵبەتە خۆمان سەماوەرمان نەبوو. ئەوجا لە دەوری مێزەکەی بەر پەنجەرەکە دادەنیشتین و نانی بەیانیمان ( تێشت، قاوەڵتی ) دەخوارد کە بریتی بوو لە نانی وشک و چای. گوری، هەواڵی تازەی بەیانی بۆ دەگێڕامەوە وئەوجا دوا شیعری گاڵتەجاڕی ئەو نووسەرە مەیگوسارەی بۆ دەخوێندمەوە کە ناوی لە خۆی نابوو (دومینوی سوور). ئەوەی لە گوری دا مایەی دڵبەندی من بوو، بێ موبالاتیەکەی بوو سەبارەت بەژیان، دنیای دابووە بەر کلکان، بە مەزەندە و خەیاڵی من ڕەفتار و هەڵوێستی وی لەمەڕ ژیان ڕێک وەکو ئەو ڕەفتارە وابوو کە دەگەڵ گالکینادا دەیکرد، ئەم ژنە ڕوخسار گۆشتنە، هەم قەوێدە (دەلاڵ ) بوو وهەم کوشکێکی هەبوو جلی کۆنی تیا دەفرۆشت!..

گوری، ئەو گۆشەیەی ژێر قاڵدرمەکەی لەم ژنە بەکرێ گرتبوو. کە پارەی نەبوایە کرێی ئەم ماوایە بدات، لەجیاتی کرێ بە نوکتەی خۆش و ژەنینی ئوکوردیون وگوتنی گۆرانی ڕۆمانتیکی تۆڵەی بۆ دەکردەوە، بەدەنگێکی بەرز وزوڵاڵ گۆرانی دەچڕی. بزەیەکی تەوسامێز دەنیشتەسەر چاوەکانی. گالکینگا لە گەنجیا لە کۆرسی ئۆپرادا کاری کردبوو. قەدری دەنگ وگۆرانی دەزانی. هەندێجار، دەگریا، ڕوندک بە چاوە باشقاڵەکانیا و بەسەر گۆنا خرپنەکانیا دەهاتە خوارێ. ئەمە نیشانەی مەستی وسەرخۆشی بوو. ئەوجا بە ئەنگوستە قەڵەوەکانی فرمێسکی سەر گۆناکانی دەسڕی وپاشان بە دەستەسڕێکی چڵکن، سەری قامکەکانی دەسڕی. ئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

- ئاخ گوری گیان، تۆ هونەرمەندی ڕاستەقینەیت، ئەگەر تۆزێ جوانتر بوایەی زۆرشتم بۆ دەکردیت. ژیانێکی باشم بۆ دابین دەکردیت، زۆر گەنجم بە ژنانی تەنیا و دڵتەنگ ناساندووەو بۆخۆیان حەساونەتەوە..

یەکێک لەو گەنجانە لێرە لە نهۆمی سەرەوە دەژیا. خویندکار بوو، کوڕی کابرایەکی چەرم ساز بوو. گەنجێکی دەستەباڵا، سینگ پان بوو، سمتەکانی زۆر باریک بوون، ئیدی بەو حاڵەوە لە سیگۆشەیەکی سەر بەرەوخوار دەچوو. پێیەکانی بچووک لە پێی ژنان دەچوو، ملی کورت، سەرە چکۆلەکەی لەنێوان هەردوو شانی ڕۆچوو بوو. قژە زێڕینەکەی شانە دەکرد، چاوە سەوزە ئاوساوەکانی، خەمگینانە بە ڕوخسارە زەرد و چکۆلەکەیەوە دەدرەوشانەوە.

ئەم کوڕە، بەهۆی هەوڵ وکۆششی خۆیەوە، هەرچەندە وەکو سەگی بەڕەڵڵا هەمیشە برسی بوو، وبابی حەزی نەدەکرد لەسەر خوێندن بەردەوام بێ، خوێندنی قۆناغی ئامادەیی تەواو کرد وچووە زانکۆ(زانستگە). لە زانستگە بۆی دەرکەوت کە دەنگێکی مەخمەلی خۆشی هەیە، ئیدی خولیا و ئارەزووی خوێندنی گۆرانی و ئاوازی کەوتەسەر.

کالکینا، ئەم دەنگ و ئاوازەی بەهەل زانی، کوڕەی بە ژنێکی دەوڵەمەند ناساند، کەلە تەمەنی چل ساڵیدا بوو. ئەم ژنە کوڕێکی هەبوو، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی زانستگە بوو، کچەکەی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواو کردبوو. ژنەکە درێژداهۆڵێکی لەڕ و لاواز بوو، سینگ و بەرۆک تەخت وساف، قیت ودرێژ لە سەربازان دەچوو. دەم وچاوی وشک، لە دەم وچاوی ڕەبەنیتەیەکی تەرکە دنیا دەچوو. چاوەکانی درشت و قاوەیی بوون.

هەمیشە ڕەشپۆش بوو، سەرپۆشێکی ئاوریشمی مۆری کۆنی بەسەریا دەدا، جووتێ گوارەی نگین کەسکی لە گوێدا بوون. ئەم ژنە ناوبەناو درەنگانی شەو یان بەرەبەیانێکی زوو دەهات بۆلای ئەم خوێندکارە. من دەمبینی کە زۆر بەپەلە لە دەروازەکەوە وەژوور دەکەوت و بەهەنگاوی هەڕاو حەوشەکەی دەبڕی. ڕوو و ڕوخساری هەندێک ترسناک دیاربوو: لێوەکانی بەجۆرێ لێک دەنان کە بە ئاستەم دەبینران، چاوەکانی زەق دەکردنەوە و وەکو ئەوەی لە شتێک بگەڕێ، ڕێک دەیڕوانیە بەردەم خۆی. لەتۆوایە نابینایە. نیگای خەمین بوو. بۆخۆی ناشیرین نەبوو بەڵام، شپرزەییەکەی، ڕێکردنەکەی، نێوچاوان تێکنانەکەی کردبوویانە کارێک ناحەز و دزێو بێتەبەرچاو.

پلتینوف، هەمیشە دەیگوت:- تەمەشاکە، لە ژنێک دەچێت ئەقڵی لەدەست دابێت!

یارۆی خوێندکار، ئەم ژنە ئاشق پیشەیەی خۆشنەدەویست، زۆرجار خۆی لێدەدزییەوە، بەڵام ژنەی تاین، وەکو شوڤار یان خاوەن قەرزێکی دڵڕەق و ڕژد تاقیبی دەکرد و لەبنی ئەرزیشا بوایە دەیدۆزییەوە. یارۆی خوێندکار کە تۆزێکی دەخواردەوە و خەیاڵ دەبوو، پەشیمانی و بێزاری خۆی دەردەبڕی و دەیگوت:

- من بابایەکی شەرمنم. چیم داوە لە گۆرانی؟ ئاخر بەم سەروسیمایەوە لەکوێ ڕێم دەدەن بچمەسەر شانۆ، نا هەرگیز ڕێم نادەن!

پلتینوف، ئامۆژگاری دەکرد، دەیگوت:- کاکە واز لەم ئیشە قۆڕانە بێنە.

ئەو بەرسڤی دەدایەوە:

- تۆ ڕاست دەکەی، دەشێت ناوی ئیشی قۆڕی لێبنرێ، بەڵام من دڵم بەحاڵی ئەو دەسووتێ. دڵم نایەت وازی لێبێنم، دەستم لێی نابێتەوە، ئەگەر دەتزانی ئەو چۆنە..

ئێمە دەمانزانی چۆنە، لە چ حاڵێکایە. چونکە شەوانە کە دەهات و لەسەر پلیکانی نهۆمی سەرەوە ڕادەوەستا، گوێمان لێبوو چۆن بە دەنگی نەوی و لەرزۆکەوە دەپاڕایەوەو لە قوڵایی دڵەوە دەیگوت: - لەڕای خوا، گیانەکەم، ئازیزی دڵەکەم، بیکە بە خاتری مەسیح..

ئەم ژنە خودانی کارخانەیەکی گەورە بوو، موڵک وماڵ و چەندین خانووی هەبوو، ئەسپی بەخێو دەکرد. بە هەزاران ڕۆبڵ کۆمەکی بە کۆلیژی مامانی بەخشی بوو، کەچی لێرەدا دەپاڕایەوە وەکو گەدایەک داوای سۆز وخۆشەویستی دەکرد.

پلتینوف، دوای قاوەڵتی دەچوو دەنووست، من بە ئومێدی ئەوەی کارێکم دەست بکەوێ لەماڵ وەدەر دەکەوتم. شەوێکی درەنگ، کاتێ کە پلتینوف، دەیویست بۆ چاپخانە بڕوات، دەگەڕامەوە. خۆ ئەگەر خواردنێ شتێکم لەگەڵ خۆدا هێناباوە، ئەوا برابەشمان دەکرد و ئەو بەشەکەی خۆی لەگەڵ خۆیدا بۆ سەر ئیشەکەی دەبرد، لەوێندەر، لە چاپخانەکە دەیخوارد. کە ئەو دەڕۆیی و هەر خۆم بە تەنیا دەمامەوە، بەناو پێچ و پەناکانی ماروسوفکانا دەکەوتم، چاوم دەگێڕا تا بزانم ئەو خەڵکانەی کە بۆمن تازە ونائاشنا بوون چۆن دەژیان. ئەم خانووە پڕبوو لە خەڵکی، ئاپۆڕای خەڵکەکە و هاتوچۆیان لە مێروستان دەچوو. لەهەر چوارنکاڵی خانووەکەوە بۆنی ناخۆش دەهات، کەس نەیدەزانی ئەم بۆنە ناخۆشانە لەکوێوە دێن، پیاو دڵی تێک هەڵدەهات. لە هەر گۆشەیەکەوە تاپۆیەکی ترسناک ملەقووتێی دەکرد.

لەبەیانی زووەوە تا درەنگانی شەو هەراوزەنا و ژاوەژاو وگۆرانی وئاواز وچەقەچەق لەم شوێنەدا نەدەبڕایەوە. تەقەتەقی مەکینەی دروومانی ژنان نەدەبڕایەوە، کچانی ئاوازخوێنی ئۆپرایان پرۆڤەیان دەکرد ودەنگی خۆیان تاقی دەکردەوە. دەنگی بەرزی ئەو خوێندکارەی نهۆمی سەرەوە کە پرۆڤەی گۆرانی دەکرد، وڕینەی ئەکتەرێکی ئالوودە و نیوەشێت، هاواری هیستریانەی سۆزانیە بەدمەستەکان.. لە بڕانەوە نەدەهات. پرسیارێکی ئاسایی، بەڵام بێ وەڵام ختووکەی مێشکی دەدام:

- ئەم هەموو هەرا و هەنگامەیە فایدەی چییە؟..

کابرایەکی موو زەردی، سەرسافی گۆنا زەق وڕەق، ورگن، لاق باریک، بێهودە بەم لاوبەولادا بەهەشتاو دەهات ودەچوو. دەمی زل، پڕ لە ددانی زەرد کەلە دەم وددانی ئەسپ دەچوو، بۆیە ناویان لێنابوو ئەسپە زەرد. سێ دانە ساڵ بوو، کێشەی لەگەڵ کۆمەڵێک خزمی خۆیدا کەلە بازرگانانی سیمبرسک بوون، هەبوو و هاتوچۆی دادگای دەکرد. هەرکەسێکی تووشبایە، گرێی دڵی بۆی دەکردەوە ودەیگوت:

- خۆ من ژیانم لێ حەرام بووە، دەوەڵاهی نایەڵم ئەوانیش بە ئیسراحەت بژین، دوا کوپیکیان لەچاو دەردێنم.. دەیانخەمە سەرساجی عەلی.. من سێ دانەساڵە سواڵ دەکەم.. دوای ئەم سێ ساڵە دادگا هەرچیەکم بداتێ هەر هەموویان بۆ دەگێڕمەوە. پێیان دەڵێم:- ها، ئێستا چ دەڵێن، فەرموون هەمووی بۆ ئێوە با تێر بن؟ ئەوەیان دەگەڵ دەکەم!

خەڵکی لێیان دەپرسی:- ئەسپە زەرد، ئاواتی تۆ لە ژیانا هەر ئەمەیە؟

بەرسڤی دەدایەوە: - هەموو ژیانی خۆم بۆ ئەمە تەرخان کردووە، جگەلەمە ناتوانم بیر لە هیچ شتێکی دیکە بکەمەوە!

هەموو ڕۆژەکەی لە دادگای ناوچەکەدا ولە نووسینگەی پارێزەکەی دەبردەسەر. ئێواران بە عارەبانەیەکی پڕ لە کارتۆن وبەستە وبوتڵانەوە بۆماڵ دەگەڕایەوە، ماڵی چی! بریتی بوو لە ژوورێکی چکۆلەی نزم کە تەختەپۆش و پارکێتەکەی هەموو هەڵوەشابووەوە. دەعوەتێکی گەورەی چێدەکرد. هەموو قوتابی وخەیاتە ژنەکان وهەرکەسێک بیویستبایە دەمێ تەڕ بکات وسکێ تێربکات، لەو دەعوەت و زیافەتەدا دەعوەت بوو. ئەسپە زەرد بەخۆی تەنیا عەرەقی دەخواردەوە، عەرەق چی عەرەق! یەک قەترەی لێ بڕژایە سەرمێزەکە یان جلەکانی یان سەر ئەرزەکە دەبوو بە پەڵە و نەدەچووەوە. دوای یەک دوو پێکان دەکەوتە هەڵەوەڕی و دەیگوت:

- باڵندە ئازیزەکانم من خۆشم دەوێن! دڵی ئێوە وەکو ئەڵماس پاکە! بەڵام من کابرایەکی ناجسن و شوومم! دەمەوێ خزمەکانی خۆم نابووت بکەم، ئەمەش هەردەکەم، بەزاتی خوا دەیکەم و ئەولاتریش. من مردوو و ئێوە زندوو، هەر دەیکەم، خۆ من هەر مردووم مردوو، بەڵام..

ڕوندک بەچاوە خەمناکەکانیا دەهاتەخوارێ وبەسەر ڕوخسارە ناحەزەکەیدا دادەچۆڕا. بەناو لەپ فرمێسکی سەر گۆناکانی دەسڕی وهەردوو دەستی بەسەری ئەژنۆکانی وشک دەکردەوە. پانتۆڵەکەی هەمیشە پەڵەی چەوری پێوەبوو، هاواریدەکرد:

- ئەمە چ ژیانێکە ئێوە دەیبەنەسەر؟ برسێتی وسەرما، جلی کۆن و تەنک. کەی ئەمە ڕەوایە؟ مرۆڤ چ شتێک لەم ژیانەوە فێر دەبێ؟ چ خێرێک لەم ژیانە دەبینێ؟ ئاخ، ئەگەر تزار بەم ژیانەی ئێوەی دەزانی..

ئەوسا سەفتەیەک ئەسکەناسی ڕەنگاوڕەنگی لە بەرکی دەردێنا و دەیگوت:

- کێ پێویستی بە پارەیە، فەرموو هەڵگرێ لە خزمەتیدایە..

کچانی ئاوازخوانی ئۆپرایەکە و خەیاتە ژنەکان، بە تامەزرۆییەوە پەلاماری دەستە تووکنەکانیان دەدا ودەیانویست پارەکانی لەدەست ڕاڕفێنن. بەڵام ئەو بەدەم قاقای پێکەنینەوە، دەستی بەڕوویانەوە دەنا و دەیگوت:- ئەمە بۆ ئێوە نییە، بۆ خوێندکارانە!

بەڵام خوێندکارەکان، پارەیان وەرنەدەگرت، کوڕەکەی کابرای کرێکاری چەرمسازی بەتووڕەیی هاواریدەکرد: - پارە چییە، عەمری پارە نەمێنێ..

ڕۆژێک ئەویش، بەسەرخۆشی دێتەلای پلتینوف وسەفتەیەک ئەسکەناسی دە ڕوبڵی گرمۆڵەکراو هەڵدەداتە سەر مێزەکە وبە دەنگی بەرز دەڵێت:- هانێ، ئەگەر پێویستتە بۆخۆتی هەڵگرە، من پێویستم پێی نییە..

ئەوجا خۆی بەسەر تەختەخەوەکەی مەدا داو دەستی بە گریەوزاری کرد، بەجۆرێ دەگریا ناچاربووین، هەندێک ئاو بە سەروچاویا بپرژێنین و ناچاری بکەین تۆزێک ئاو بخواتەوە تا وەخۆ بێتەوە. دوای ئەوەی خەوی لێکەوت، پلتینوف ویستی پارەکان سەفتە بکاتەوە، بەڵام بە جۆرێ گرمۆڵە بووبوون و بەیەکەوە نووسابوون، لێک نەدەبوونەوە، دەبوایە تەڕ بکرابان ئەوجا لێک بکرێنەوە و ساف بکرێنەوە.

***

ژوورەکە بچووک، پڕ لە دووکەڵ، پەنجەرەکەی بەسەر دیواری ماڵەکەی ئەوبەرا، کەلە خشت دروستکرابوو، دەکرایەوە. قەرەباڵغ، تەنگ، پڕ هەراوزەنا و ترسناک، ئەسپە

زەرد بە دەنگێکی بەرزتر لە هەمووان قسەی دەکرد. لێم پرسی:- باشە تۆبۆ لێرە دەژیت و بۆخۆت ناچیتە ئوتێلێک؟

- گیانەکەم ئەوە پەیوەندی بە دڵەوەیە، دڵم لێرە، لەنزیکی ئێوەگەل ئاسوودە و ئیسراحەتە.

کوڕەکەی کابرای چەرمساز، قسەکانی بۆ سەلماند وگوتی:

- ئەسپە زەرد تۆ ڕاست دەکەی، منیش وەکو تۆم، ئەگەر لێرە نەبم، لە هەر شوێنێکی دیکە بم، دڵم شەق دەبات، لەوەیە بمرم..

ئیدی ئەسپە زەرد، تکای لە پلیتنوف کرد وگوتی: - شتێکمان بۆ لێدە، گۆرانیەکمان بۆ بڵێ.

گۆری سەنتوورەکەی نایەسەر ئەژنۆکانی و دەستی بە سەنتوور لێدان وسترین کرد:

هەڵبێ، ئەی خۆری پرشنگدار هەڵبێ

با ئاسمان سوور و ئاڵ بێ..

دەنگی زۆر زوڵاڵ وبەسۆز بوو، یەکسەر دەچووە دڵەوە. بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا دەکێشا، ئامادەبووان کڕوکپ گوێیان لە دەنگ و ئاوازی پلیتنوف و ناڵەی نزمی سەنتوورەکەی دەگرت.

لەناکاوا ئەو کوڕە گەنجەی کە ژنە دەوڵەمەندە داماوەکە حەزی لێکردبوو، هەڵیدایە:- هەر بژی، دەنگت نەڕزێ!

گۆری پلیتنوف، لەناو هەموو خەڵکە سەیر و غەریبەکانی ئەو خانووەدا، تاقە کەسی بە زەوق و ئەهلی شادی بوو، دەوری قارەمانانی چاکەکاری ئەفسانانی دەبینی. بە مەشخەڵی شۆخی و سوعبەتی گەنجانە، بە شیعرێن جوان، ڕەخنە و تەنز لەمەڕ تەبع و تەبیعەتی بەشەران، بە قسەی بوێرانە سەبارەت بە گەندەڵی و نادروستی ژینگە، ژیانی ڕوناک دەکردەوەو دەبردەسەر.

تازە پێی نابووە ناو تەمەنی بیستساڵییەوە، بەڵام بە ڕواڵەت منداڵتر دەهاتە بەرچاو. بەڵام لەم خانووەدا هەموو بەو چاوە سەیریان دەکرد کە کوڕی تەنگانەیە و

پیاوی مەسڵەحەتە ودەشێت بۆ چارەسەری هەر کێشە و ئاریشەیەک پەنای بۆ ببرێت و ئامادەیە یارمەتی هەموو کەسێک بدات و دەست بەڕووی کەسەوە نانێت. خەڵکانی باش خۆشیان دەویست و خەڵکانی خراپ و بەدکار لێی دەڕەوینەوەو سڵیان لێدەکردەوە. تەنانەت نیکفوریچی پیرە پاسەوانیش هەرکاتێ تووشی گوری دەبوو، بزەیەکی ڕێویانەی ساختەی بەڕوویا دەدا.

ئەم خانووە (ماروسوفکا) لەسەر ڕێگای هاتوچۆی گشتی بوو، لایەکی کەوتبووە سەر گردێک و دەچووەوە سەر هەر دوو شەقامی ریبنوریادسکایا و ستاروگورپچنایا.

کابینەی پاسەوانیەکەی نیکفوریچی پاسەوان کەوتبووە سەرجادەی ستاروگوپچنایا، نزیکی دەروازەی خانووەکەی ئێمەبوو. ئەم پاسگایە بەجۆرێکی جوان و باڵکێش دروستکرابوو. ئەم پیاوە عەریفی پاسەوانانی گەڕەکی مە بوو. پیرەمێرێکی درێژداهۆڵ بوو، چەند میداڵ و نیشانەیەکی بریقەداری بەسینگ و بەرۆکیەوە هەڵواسی بوو. ڕوخسارێکی زندوو وزیرەک، بزەیەکی دۆستانەی هەبوو، بەڵام نیشانەی گومان و فریو بەچاوانیەوە دیاربوو.

نیکیفوریچ، بایەخێکی زۆری بەم کەمپە جەنجاڵەی مە دەدا کە پڕبوو لە بەشەرانی بەتەمەن و خەڵکانی گەنج کە ئایندە چاوەڕوانی دەکردن، ڕۆژێ چەند جارێک دەهاتەبەر دەروازەی کەمپەکە (کۆمەڵگە) بەکاوەخۆ بە مەیدانەکەدا هاتوچۆ و ڕاوێچکەی دەکرد، لەهەموو پەنجەرەکانی دەڕوانی، ڕێک وەکو چۆن چاودێر وسەرپەرشتی باخی گیانلەبەران، هەموو قەفەزەکان بەسەر دەکاتەوە، بەو ئاوایە لە یەک بەیەکی پەنجەرەکانی دەڕوانی. لە زستانی هەمان ساڵدا لە یەکێک لە ژوورەکانی کۆمەڵگەکەی مەدا ئەفسەرێک و سەربازێک دەستگیرکران، ئەفسەرەکە نێوی سەیدنوف بوو، یەک دەستی هەبوو، سەربازەکە نێوی موراتوف بوو، هەردووکیان میداڵ ونیشانی " قەشە گیورکی " یان بەسینگ و بەرۆکەوە بوو. هەردووکیان لە هێرشی سکوبیلیف دا بۆسەر ئاخال تیکە بەشدارییان کردبوو.

جگە لەو دووانە چەند کەسێکی دیکەش دەستگیر کران، لەوانە: (زوبنین، ئوفسیانکین، گریگورییف و کریلوف و هەندێکی دی.) تۆمەتەکەیان ئەوە بوو کە دەیانویست چاپخانەیەکی نهێنی دابنەن، ئیدی موراتوف وسەمیرنوف، ڕۆژێکی یەک شەممە چووبوون بۆ چاپخانەی کلوچینکوف تا هەندێ پیتان بدزن، چاپخانەی ناڤبری

کەوتبووە جادەیەکی گەورەو قەرەباڵغی شارەوە، ئەم جووتە چووبوون بۆ ئەوێندەر کە پیتی چاپ بدزن، ئیدی لەسەر ئەو کارە گیران. شەوێ پیاوانی دەرەک (جەندرمە) لە کۆمەڵگەی " ماروسوفکا " پیاوێکی درێژداهۆڵی خەمباریان، کەمن ناوم نابوو "بورجی سەرگەردان" گرت و بردیان. کە گوری بۆ بەیانی بەوەی زانی، لەکاتێکا قژەکەی بژ بووبووەوە، بە هەڵچوونەوە گوتی:- وەرە ماکسیموفیچ، وابزانە سی و حەوت شەیتانت لەدوون، دوو لاقت هەیە دووی تری بۆ قەرز بکە و تاهێز لە لاقتا هەیە هەڵێ، بلەز خۆت دەرباز بکە..

دوای ئەوەی بۆی ڕوونکردمەوە کەبۆ کوێ هەڵێم، لەسەری ڕۆیی وگوتی:- بەڵام زۆر وریابە، نەبا شۆفار و هەواڵدزان لەوناوە بن.

ئەم ئاگادار کردنەوە ترسناکەی ئەو زۆر دڵخۆشی کردم، ئیدی بە هەڵەداوان وەکو تیر بۆی دەرچووم، خۆم گەیاندە گەڕەکی ئادمیراڵ تسکایا، لەوێ لە کارگەیەکی تاریکی مسگەریا، کوڕێکی گەنجی قژ لوولم بینی چاوەکانی لە ڕادەبەدەر شین بوون، خەریک بوو مەنجەڵێکی سپی دەکردەوە، بەڵام سەروسیمای لە کرێکاران نەدەچوو. لە سووچێکا، لە دیار چاڵێکا پیرەمێرێکی مسگەری کورتەباڵا، کە قژە سپیەکەی بە نەوارێک بەستبوو، ڕاوەستابوو وخجڵی کڕاندن و پاککردنەوەی شێرەی سەماوەرێک بوو. لێم پرسی:- ئەرێ کارێکتان لەلا دەست دەکەوێ؟

پیرەمێردەکە بەدەم خێسەیەکەوە گوتی: -کارمان هەیە، بەڵام بەتۆی نادەین!

کوڕە قژ لوولەکە، سەری هەڵبڕی، نیگایەکی منی کرد و دووبارە سەری بەسەر مەنجەڵەکەدا داگرتەوە. بە ئەسپایی نووکە پێیەکم لە پێی دا. قەڵس و تووڕە چاوە شینەکانی تێ بڕیم، بەجۆرێ قوڵفی مەنجەڵەکەی گرت، لە تۆ وایە هەر ئێستا تێمی دەسرەوێنێت. بەڵام کەبینی من چاوی لێدادەگرم بە ئەسپایی گوتی: -بڕۆ دەرەوە.. بڕۆ دەرەوە..

من چاوێکی دیکەم لێداگرت و لە دەرگاکەوە وەدەرکەوتم. لە دەرێ ڕا چاوەنۆڕم کرد. کوڕە قژلووکەکەش باوێشکێکی دا و هاتە دەرێ و بە بێدەنگی ڕوانیە ڕوخساری من و جگەرەیەکی پێکرد. من پێمگوت: -تۆ تیخۆنی؟!

-بەڵێ، خۆمم.

- پیوتریان گرتووه.

بەتووڕەیی نێوچاوانی تێکنا و چاوانی لە دوڕ چاوانم بڕی وگوتی:- کام پیوتر؟

- ئەو کوڕە باڵابەرزە لاوازەکەی کە لە شاگرد قەشە دەچێت.

- ئێ؟

- ئێ و ئێ، هەر ئەوەندەو تەواو.

کوڕەی مسگەر پرسی: - ئێ من هەقم بەسەر پیوتر وشاگرد قەشە وئەم قسە هەلەق و مەلەقانەوە چییە؟

شێوازی قسەکانی بۆی ساغکردمەوە کە ئەم کوڕە بابایەکی کرێکاری ئاسایی نییە. ئیدی بارسووک وسەر سەلامەت، خۆشحاڵ بەوەی کە ڕاسپاردەکەی " گوری " م سەرکەوتووانە ئەنجام دابوو، بۆماڵ زڤڕیمەوە، ئیدی ئەمە یەکەمین بەشداری من بوو لە کارێن " نهێنی " دا. گوری پلیتنوف لەم مەسەلانەوە نزیک بوو، بەڵام کە داوام لێکرد بمخاتە ڕیزی خۆیانەوە، بەرسڤی دامەوە کە: - برام، تۆجارێ بچووکی، تۆ خەریکی خوێندن و خوێندنەوەی خۆت بە!

***

یەفرینوف، بە کەسێکی توێداری ناساندم. بەڵام بەرلەوەی بەوم بناسێنێ، ئاگاداری کردمەوە، کە ئاگام لەخۆ بێ و تێی گەیاندم کە ئەمە کارێکی نهێنی وهەستیارە و نابێ کەس پێی بزانێت.

یەفرینوف، بۆ دەرێی شار، بۆ مەیدانی ئەرسکویەی بردم، بەدەم ڕێگاوە پێی گوتم کە ئەم ئاشنایەتیە زۆر هەستیار و نهێنییە، دەبێ ئاگام لەخۆبێ و لەلای کەس باسی نەکەم. ئەنجام لەدوورەوە کابرایەکی وردیلەی نیشاندام کەبە تاقی تەنیا لە مەیدانە چۆڵ و هۆڵەکەدا ڕاوێچکەی دەکرد. بە پارێزەوە تەمەشایەکی ئەم لاو ئەولای کرد و لەبن لێوانەوە گوتی:

- هۆەتانێ، دوای بکەوە، هەرکە وەستا لێی نزیک ببەوە و پێی بڵێ : من خەڵکی ئەم دەڤەرە نیم..

هەمیشە بابەتی نهێنی وخەڵکانی نەناس، لە لای ئینسان هەندێک گرینگ وئەفسووناوی دێنەبەرچاو. بەڵام نازانم بۆچی ئەم کابرایەم هەندێک کۆمیدی هاتەبەرچاو: بەم ڕۆژە گەرم و ڕوناکە، لەم دەشتە چۆڵ و هۆڵەدا، وەکو گیایەکی چرمسی و ژاکاو بەدەم بایەکەوە دەهات ودەچوو. لەبەر دەروازەی گۆڕستانەکەدا گرتمەوە. گەنجێکی دەم وچاو باریکی ڕەقەڵەی چاو زەق بوو، چاوەکانی خڕ لە چاوی تەیران دەچوو، چاکەتێکی کەوەیی وەکو چاکەتی باوی خوێندکارانی ئامادەیی لەبەر بوو، بەڵام دوگمە کانزاییە درەخشانەکانی، گۆڕی بوون و کردبوونی بە دوگمەی ڕەشی لە ئێسکان دروستکری. شوێنەواری نیشانی خوێندکاری بە کڵاوە کۆنەکەیەوە دیار بوو. هەرچەند لێی ورد دەبوومەوە، هەستم دەکرد زۆر پەلەیەتی گەورەبێ و خۆی وەکو کەسێکی گەورە، کارامە و بە ئەزموون و دنیادیدە بنوێنێت.

لەناو گۆڕستانەکەدا، لەبەینی کێلی گۆڕەکان و گژوگیا بەرزەکاندا دانیشتین. شێوازی قسەکردنی زۆر وشک وسارد وسڕ بوو، نەدەچووە دڵمەوە. ئەوجا بە جدی لێی پرسیم کە چ کتێبانێکم خوێندوونەوە. ئەوجا پێشنیازی کرد کە بەشداری شانەکەی من بکە، قاییل بووم. هەنگێ لێکدی جیابووینەوە، بە پارێزەوە تەمەشایەکی مەیدانە چۆڵ وهۆڵەکەی کرد ولەپێش منا بەڕێکەوت. جگەلە من سێ چوار کەسی دیکەش لەو شانەیەدا ئەندام بوون. من بەتەمەن لەهەموویان بچووکتر بووم. لە هەمووشیان کەمتر حەزم لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەی جون ستیوارت مل بوو کە چرنیشفسکی خوێندنەوەی بۆ کردبوو و پەراوێزی بۆ نووسیبوو. ئێمە لە ژوورەکەی میلوفسکی کۆدەبووینەوە.میلوفسکی خوێندکاری پەیمانگەی مامۆستایان بوو، پاشان، ڕوویکردە چیرۆکنووسین وبەناوی خوازراوی ئیلیونسکی بڵاوی دەکردنەوە، پاش ئەوەی نزیکەی پێنج کۆچیرۆکی بڵاوکردەوە، ئیدی خۆی کوشت. من لە ژیانی خۆما گەلێک لەو کەسانەم ناسی کەبە دەستی خۆیان، ژیانی خۆیان سڕییەوە.

میلوفسکی کەسێکی هێمن بوو، لە بیرکردنەوەدا هەندێک شەرمن و بڕێک ترسنۆک بوو، زۆر بە پارێزەوە دەئاخفی، لەژێرخانی خانوویەکی پیسدا دەژیا. بۆ هاوسەنگی نێوان گیان و جەستە کاری دارتاشی دەکرد. پیاو لە هاونشینی ئەو بێتاقەت دەبوو. هاونشینێکی خۆش نەبوو. سەبارەت بە کتێبەکەی جون ستیوارت میل ( ١٨٠٦ – ١٨٧٣، فەیلەسووف و ئابووری زانێکی بەنێوبانگی ئینگلیزە ). هیچ بە دڵم نەبوو. دوای ماوەیەکی کەم خۆبەخۆ پرەنسیپە بنەڕەتیەکانی ئابووری فێربووم، لە ئەزموونی

واقیعی ژیانەوە فێری بووم، لە هزر وبیرما نەخش بوو. ئەو پرەنسیپانە بەشێک بوون لە ژیان وبوونی من. بە نۆرینی من پێویست نەبوو کە کتێبێکی وا گەورە، بەو هەموو زاراوە قورسانەوە لەسەر ئەم بابەتە بێتە نووسین. ئەم بابەتە بۆ کەسانێک کە ڕەنجیان دەدا و ئاسوودەیی و ئیسراحەتی خەڵکانیان دابین دەکرد، تەواو ڕوون وخۆیا بوو. بۆیە بۆ کەسێکی وەکو من زۆر زەحمەت بوو، دوو سێ سەعاتی بەردەوام لەو ژێرزەمینە تەنگەدا دانیشم و بۆنی غەرە و هێلم هەڵمژم و تەمەشای ئەو مۆرانانە بکەم کەبە دیوارە پیسەکەدا دادەگەڕان.

ڕۆژێک مامۆستاکەمان لەکاتی ئاساییدا ئامادە نەبوو، ئێمە کە وامان دەزانی تەواو و ئیدی ئەو ڕۆژە نایەت قاپێک ڤودکا و هەندێک نان و خەیارمان کڕی و خۆمان بۆ بەزمێکی چکۆلە ئامادە کرد. بەڵام لە ناکاوا، لە پەنجەرەکەوە، بەخۆ و جلە کەوەییەکانیەوە بەدیارکەوت، پێش ئەوەی بێتە ژوورەوە، بلەزوبەز قاپە ڤودکاکەمان خستە ژێر مێزەکەوە و کەگوایە شاردمانەوە. لەوکاتەدا هاتە ژوورەوە، هەموو وەک بت بەبێدەنگی دانیشتین، کەس لەجێی خۆی نەدەبزووت. ئەو کەوتە شەرح و شرۆڤەی ئەنجامگیریە قورسەکانی چرنیشفسکی. ئێمەش وەکو بت بێ جووڵە لەجێی خۆ دانیشتبووین، لەوە دەترساین نەبا یەکێکمان بە ئاستەم بجوڵێت و پێی بە قاپە ڤودکاکە بکەوێت وکەشف ببین. پێی مامۆستاکەمان بەر قاپە ڤودکاکە کەوت و پیرەقاپ خل بووەوە. مامۆستا نیگایەکی ژێر مێزەکەی کرد و هیچی نەگوت. خۆزگە تووڕە بوایە و هەزار ویەک جنێوی سەر بە کوڵکەی پێ بدایەنایە، زۆرمان پێ خۆشتر بوو. بێدەنگیەکەی و نیگاپڕ لە گلەیی و گازنەکانی، زۆری نیگەران کردین، ژێراوژێر تەمەشایەکی سەروسیمای هاوڕێکانم کرد، کەلە تەریقی و شەرمەزاریدا سوور بووبوونەوە. هەستم بە تەریقی وخەجاڵەتێکی زۆر کرد، خۆم لەهەنبەر مامۆستاکەماندا بە تاوانبار دەزانی، هەرچەندە کڕینی ڤودکاکە بیرۆکەی من نەبوو.

ئەم محازەرانە بێزاریان کردم، بۆیە حەزم کرد هەڵێم و بڕۆم بۆ گەڕەکی تاتاران و بایەکی باڵی خۆم بدەم، چونکە لەوێندەر، خەڵکانێکی باش و دڵپاک هەبوو بە ئازادیەکی تایبەتی دەژیان.

بە ڕووسییەکی لار و خوار و تێکشکاو قسەیان دەکرد. هەرکە ئێوارە دادەهات و خۆر ئاوادەبوو، لە منارەی بەرزی مزگەوتەکانیانەوە دەنگی بانگی نوێژ بەرز دەبووەوە. وام

هەست کرد کە ژیانی تاتارەکان زۆر جیاوازە لەژیانی مە، زۆر دوورە لەو ژیانەی من پێی ئاشنا بووم، ئەو ژیانەی هیچ لەزەت و خۆشییەکی پێنەدەبەخشیم.

کەڵکەڵەی خۆشەویستی ڤولگا دای لەسەرم، حەزم دەکرد لەوێندەر کاربکەم، ڕیتم و ئاواز و موسیقای کارکردن بۆ ئەوێندەری پەلکێش دەکردم، ئەو موسیقایەی تا ئێستاش کە بیرم دەکەوێتەوە گەشکە وزەردەخەنە بەدڵ وڕوحم دەبەخشێت. ئێستاش لەبیرمە کە چۆن بۆ یەکەمجار هەستم بە ئاواز و مۆسیقای پاڵەوانانەی کارکردن کرد.

کەشتیەکی باری گەورە لە نزیکی قازان، پڕ لە کەل وپەل وکاڵای ئێرانی بازرگانی خۆی لە تاوێرێک دابوو و ژێرەکەی کون بووبوو. ئیدی منیش لەگەڵ ئەو کۆڵبەرانەدا چووم کە بەکرێ گیرابوون تا کاڵاکان لە کەشتیەکە دابگرن. هەیڤی ئەیلوول بوو، بایەکی توندی دەهات، سەرانسەری ڕوبارەکە کەوتبووە شەپۆلدان، هەر شەپۆلێک بەبەرزی منارەیەک، شەپۆلەکان، جۆشان و خرۆشان دەتگوت یەکدی ڕاو دەنەن. بارانێکی ساردی تووش دەباری. کۆڵبەرەکان کە نزیکەی پەنجا کەسێک دەبوون، لەسەر کەشتیەکی باری بەتاڵ ڕاوەستابوون، کە بەلەمێکی بوخاری ڕایدەکێشا و دەچوون بە هانای کەشتیە تێکشکاوەکەوە. هەموو خەمبار خۆیان لە بارانی مشەماوە پێچابوو. ئەم بەلەمە بچووکە بەدەم ڕاکێشانی کەشتیەکەوە، دووکەڵ وگڕ لە دووکەڵکێشەکەیەوە بەرز دەبووەوە و تێکەڵ بە بارانەکە دەبوو. وەکو ئەوەی ماندوو بووبێ بە هانکەهانک کەشتیەکەی ڕادەکێشا.

شەو داهات، تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشا، تاریکی وڕوبارەکە ئاوێتەی یەکدی بوون. کۆڵبەرەکان خوایان نەمابوو، جنێویان بە با وبارانەکە دەدا، نەفرەتیان لە ژیان دەکرد، بێزارو بێتاقەت بەسەر کەشتیەکەدا دەهاتن و دەچوون، تا پەنایەک وەدۆزن و خۆ لەباران و سەرماکە، بپارێزن. هەرچەندە تەمەشای ئەم خەڵکە خەواڵوو و بێتاقەتەم دەکرد، نەدەچووە ئەقڵمەوە کە ئەمانە بتوانن کەشتیە شکاوەکە ڕزگاربکەن. دەوروبەری نیوەشەو گەیینە تەنکاوەکەی لای کەشتیە شکاوەکە، کەشتیە بەتاڵەکەی خۆمان نا بە کەشتیە شکاوەکەوە. سەرکاری کۆڵبەران کە پیرەمێرێکی بەدخوو، فێڵباز، دەم وچاو کونج و دەم پیس و جنێوفرۆش بوو، چاو وکەپووی لەهی داڵاش دەچوون، کڵاوە تەڕەکەی لە سەرە کەچەڵەکەی داکەند و بەدەنگێکی زیقاوڵەی ژنانە هاواری کرد:- کوڕینە، نوێژ ونزایان بکەن.

هەموو کۆڵبەرەکان لەسەر کەشتیەکە خڕبوونەوە، لە تاریکیەکەدا وەکویەک جەستە ڕەش دەچوونەوە، وەکو ورچ کەوتنە مرەمڕ. سەرکارەکەیان کە لە هەموویان زووتر لە نوێژ ونزا بووەوە، هاواریکرد:

- کوا فانووسەکان بێنن. زۆرچاکە دەی کوڕینە بتان بینم، ناوی خوای لێبێنن و دەستبەکاربن، دەی بتانرەژم! پاڵەوانیەتی خۆتان بسەلمێنن..

ئەوسا کۆڵبەرە خەمسارد و تەڕ و خەواڵوەکان کەوتنە " سەلماندنی پاڵەوانیەتی خۆیان " هەنگێ وەکو ئەوەی لە شەڕا بن بە هاوار وسوعبەت ونوکتەوە خۆیان گەیاندە عەمارەکانی کەشتیە شکاوەکە و ئیدی فەردە برنج و کیسە مێوژ و، چەرمی خۆشکراو و کەوڵی بەرخان وەکو ئەوەی پەڕوپووش بن، بەبەرچاوی منەوە دەگوازرانەوە. کۆڵبەرەکان، وەکو تارمایی دەهاتن و دەچوون، بە هاوار ونەعرەتە و فیکەکێشان و جنێوی پیس، غیرەتیان دەنایە بەریەک. زۆر زەحمەت بوو پیاو باوەڕ بکات کە ئەم خەڵکە بەکەیف و گورج وگۆڵە هەمان ئەو خەڵکە تەمەڵ وگرژ ومۆن و خەواڵووەی تۆزێ لەمەو بەر بن کە جنێویان بەژیان و باران و سەرما دەدا. بارانەکە توندتر بوو، سەرما تا دەهات زیاتر دەبوو، بایەکە توندتر دەبوو، کراسی کۆڵبەرەکانی هەڵدەدایەوە، سکیان دەکەوتەدەر. لەو تاریکیە باراناویەدا، لەبەر ڕۆشنایی کزی شەش فانۆسدا، کۆڵبەرەکان، بەتەپە تەپ بەسەر کەشتیە باریەکەدا دەهاتن و دەچوون. بەجۆرێ کاریان دەکرد وەک ئەوەی تینوو و تامەزرۆی کاربن. یان لە مێژبێ چاوەڕوانی ئەو شادیە بن کەبەگژ هەڵگرتنی ئەو فەردە و کیسە قورسانە بچن کە لەم دەستەوە دەدرانە ئەو دەست، یان بە شانیاندا دەدا وبەڕاکردن دەیانگواستەوە، بەجۆرێ کاریان دەکرد وەکو ئەوەی گەمان بکەن، ڕێک لەو منداڵانە دەچوون کەبە شادییەوە گەمە بە لەیزتۆکەکانیان (ئامێری گەمان) دەکەن. هێندە بە لەزەت و خۆشیەوە کاریان دەکرد مەگەر تەنیا لەزەتی باوەشی ژنان هاوتای بکاتەوە.

زەلامێکی کەتەی ڕیشن، کە بارانەکە شپرزە و تەڕی کردبوو، پاڵتۆیەکی درێژی لەبەربوو، لەوە دەچوو خاوەنی کاڵاکان یان وەکیلی خاوەن کاڵاکان بێ، لە نکاوا یەک بەخۆی هاواریکرد:

- ئادەی کوڕینە! هیمەت بکەن، جگەلە هەقدەست یەک سەتڵ ڤودکاشتان بۆ دەکڕم. دوو سەتڵیش بۆ دزەکان، دەی هیمەت بکەن!.

چەند دەنگێک بە کەڕەتێک لەناو جەرگەی تاریکیەکەوە بەرز بووەوە:- نەخێر، بیکە بە سێ سەتڵ!

کابرا بەرسڤی دانەوە: - ئەوا کردم بە سیان، ئێوە ئازابن ئەم کارە تەواو بکەن!

ئیدی، کارکردن هێندەی دی گوڕ وتینی تێکەوت.

منیش، گوێ بە گوێی وان، دەستم دایە کارکردن، توورەکە و کیسەم هەڵدەگرت، ڕام دەکێشا، هەڵمدەدا، دەمگەیاندە سەر کەشتیە بەتاڵەکە وبە هەشتاو دەزڤڕیمەوەو کیسەیەکی دیکەم هەڵدەگرت. وام دەهاتە بەرچاو چ من و چ هەموو کۆڵبەرەکانی دەوروبەرم، لە شایی و هەڵپەڕکێیەکی بەجۆش وخرۆشداین، هەستم دەکرد ئەم خەڵکانە دەتوانن بەبێ ماندوو بوون، بەهەمان شادی کێویانەوە، نەک بە مانگان، بەڵکو بە ساڵان کاربکەن، بەڵکو ئەگەر بیانەوێ، دەتوانن لە منارەی مزگەوتەکان و بورجی کلێساکانیش بنەون و بۆ کوێیان بوێ بیانگوێزنەوە.

ئەو شەوە ئەوەندەم شادی بەخۆوە بینی کە بە عەمراتم شادی وام بەخۆوە نەبینی بوو. حەزم دەکرد هەموو ژیانم لەو شادی ولەزەتی کارکردنەدا بەسەر بەرم. نەشەیەکی نیوە شێتانە گرتبوومی. شەپۆلەکان لە ژێرمانەوە سەمایان دەکرد، باران بە خوڕزم لە قەدی کەشتیەکەی دەدا، با بەسەر ڕوبارەکەیا دەیلوراند. شەو بەرەو کۆتایی دەچوو. دنیا خەریک بوو ڕوناک دەبووەوە. هەوا گورگ ومێش بوو. لەو تاریک و ڕوونەدا کۆمەڵێک پیاوی نیوەڕووت وتەڕ، بە هەشتاو دەهاتن ودەچوون، هاواریان دەکرد، بەهێز وتوانای کارکردنی خۆیانەوە دەنازین، پێدەکەنین، دەسترین. ئەوسا بایەکە هەورە ڕەشەکانی دادڕی و هەتاو لە ئاسمانی شینەوە گزنگی دا و دنیای زێڕوەشان کرد. ئەو گیانەوەرە شاد و خوڕەمانە، بە هاواری دەستەجەمی، پێشوازیان لە هەتاو کرد. ئەم گیانەوەرە دوو پێیانە ئەوەندە چالاک و چەلەنگ و بەدڵ و گیان کاردەکەن، پیاو حەز دەکات، لە ئامیزیان بگرێ وتێر ماچیان بکات. پیاو وای وێنا دەکرد، هێز نییە بتوانێ ڕێگە لەم شادمانی کارکردنە بگرێت، ڕێگە لەم هێز وتوانایە بگرێ کە دەتوانێ پەرجوویەکی گەورە لەسەر ڕووی زەوی چێبکات. ئەم توانایەی کە بخرێتەکار دەکارێت لە شەوێکا هەموو گۆی زەوی بە کۆشکێن بە شکۆ ئاوەدان بکاتەوە، سەدان شاری گەورەی وەکو شارە خەیاڵیەکانی ناو ئەفسانەکان بەرپا بکات.

هەتاوەکە، یەک دوو خولەکێک ڕوانیە مەینەتی ڕۆڵەکانی بەشەر و پاشان خۆی لەبەر هێرشی پەڵە هەورە قیرئاسا و ئەستوورەکان نەگرت و وەکو چۆن منداڵێک لە دەریادا نقووم دەبێت، بەوئاوایە کەوتەژێر هەورەکانەوە و دیار نەما و، باران بە خوڕزم دایکرد. یەکێکیان هاواری کرد:

- با جارێ پشوویەک بدەین.

چەند دەنگێکی تووڕە و هۆڤیانە، لەهەموو لایەکەوە بەرسڤیان دایەوە: - دەمت تێک نە، پشووی چی؟

کۆڵبەرەکان تا سەعات دووی دوانیوەڕۆ، کە هەموو کەل وپەل وکاڵاکانیان لە کەشتیە شکاوەکەوە بۆ کەشتیە ساغەکە گواستەوە، ئەوجا دەستیان لەکار هەڵگرت. ئەم کۆڵبەرە نیوەڕووت و شڕۆڵانە، بەو با وباران و تۆفە، تا کارەکەیان تەواو نەکرد، وازیان نەهێنا. کە ئەوانم بەو کۆڵنەدەرییە بینی، هەنگێ تێگەیشتم کە چ هێز وتوانایەکی لەبن نەهاتوو لە بەشەرێن ئەم سەرزەمینەدا هەیە.

کەکارەکە تەواو بوو، هەمووومان چووینە سەر ئەو بەلەمەی کە ڕایدەکێشاین و هەموو وەکو مەستان لاڵ وپاڵ لێیکەوتین و خپ خەوتین. کە گەیشتینە قازان، هەموو بەتاو لە کەشتیەکە دابەزین وخۆیان گەیاندە لمەڵانی کەنارەکە وچووین بۆ باڕەکە تا سێ سەتڵە ڤودکاکەمان بخۆینەوە. لەوێ، لە باڕەکەدا تووشی باشکینی دز بووم، هاتە لامەوە و چاوی لە دوڕ چاوم بڕی وگوتی:- ها، چییان پێکردی، چۆنت لێگوزەرا؟

زۆر بەکەیف وسەفاوە باسی کارکردنەکەم بۆ گێڕایەوە. پاش ئەوەی گوێی لێگرتم و لە قسەکانم بوومەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا و بە ڕاوێژێکی نەفرەت ئامێزەوە گوتی:

- کەر خۆت، لە کەرش کەرتری! تۆ شێتی!

دوای ئەو قسانە، بە فیکەکێشان و خۆ بادانەوە، بەدەوری ئەو مێزانەدا کە لێکدرابوون و کۆڵبەرەکان بە دەوریا دانیشتبوون و ئاهەنگیان دەگێڕا، سووڕایەوە و لە مەیکەدەکە وەدەرکەوت. دوای ڕۆیشتنی ئەو، کۆڵبەرەکان کۆڕیان گەرم کرد، لە سووچێکی باڕەکەوە، یەکێک بە دەنگێکی زوڵاڵ، هەڵیکردە ئەم گۆرانیە بێ پەردەیە:

لە نیوەشەوێکی تاریکا

خانمێکلە باخی شارا

پیاسەی دەکرد

لە پڕا، دەکەس لە کۆڵبەرەکان، هاوئاواز، بەدەنگی گڕ بەگەڵی کەوتن، لە کاتێکا بەدەست بە مێزەکانیاندا دەکێشا، بەم ئاوایە لەسەری ڕۆیشتن:

دارۆغەی شار بەلایا ڕۆیی

بینی، حازە و ئامادە پاڵکەوتووە.

لەهەموو لایەکەوە قاقای پێکەنین و فیک وهۆڕ و سترین بەدەنگی بڵند بەرز بووەوە، ئیدی گوێت لە وشە و پەیڤێنبێپەردەی ئەوتۆ دەبوو، کە پێدەچوو لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهان وێنەیان نەبێ.

***

نازانم چ کەسێک بە ئاندرێ دیرنیکوفی ناساندم، ئەم پیاوە دووکانێکی بەقاڵی بچووکی هەبوو، دووکانەکەی کەوتبووە کۆتایی کۆڵانێکی تەنگەبەری هەژارنشینەوە. دەیڕوانیە سەر کەندێکی پڕ لە خاشاک و زڕ وزبڵەوە.

دیرنیکوف، دەستێکی وشک بوو، ڕوخساری جوان و ڕدێنێکی ناسک و جووتێ چاوی گەش و زیتەڵی هەبوو، کتێبخانەیەکی زۆرباشی هەبوو، باشترین کتێبخانەی قازان بوو، پڕ بوو لە کتێبێن دەگمەن وقاچاغ، زۆربەیان لەلایەن حکومەتەوە سانسۆر کرابوون و بەدزییەوە چاپکرابوون. خوێندکار وقوتابیانی سازیە (دەزگا) ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان و خەڵکانی شۆڕشگێڕ سوودیان لەم کتێبانە دەبینی.

دووکانەکەی دیرنیکوف، لە بینایەکی نزمدا بوو، کە پاشکۆی ماڵی سەڕافێکی ئیسکاپس (خەسیو) بوو. دەرگایەک لەنێوان دووکانەکە و ژوورێکی گەورەدا هەبووچونکە ئەم ژوورە تەنیا یەک پەنجەرەی هەبوو و بەسەر حەوشەکەیدا دەڕوانی، تاریک بوو. ژوورەکە دەچووەوە سەر moobەقێکی تەنگ. لە پشت ئەم moobەقەوە ڕاڕەوێکی تاریک هەبوو کە ساختمانە نزمەکە و ماڵەکەی بەیەک دەگەیاند، لەو ڕاڕەوەدا عەمارێکی بچووک هەبوو، کتێبخانە نهێنییەکەی دیرنیکوف لەو شوێنە چەپەکەدا بوو. هەندێک لەو دەفتەرانە بەدەست لە دەفتەرێن ئەستوورا نووسرابوونەوە، لەوانە: ( نامە مێژووییەکان – نووسینی لاڤروف ١٨٢٣ – ١٩٠٠ هزرڤانی بەناوبانگی حیزبی ئازادی خەڵک. دەبێ چ بکرێ؟ نووسینی چرنیشفسکی. هەندێک لە وتارەکانی پیساروف ١٨٤٠

– ١٨٦٨ ڕەخنەگر ونووسەری ناوداری ڕووس، وەکو " شا- برسیەتی " و " میکانیکی حیلەباز ". ئەم دەستنووسانە ئەوەندە خوێنرابوونەوە و ئەم دەست و ئەودەستیان کردبوو، تەواو پووابوون.

که یەکەمجار چوومە ئەو دووکانە، دیرنیکوف کە خەریکی ڕایی کردنی هەندێ مشتەری بوو، بە ئامازەی سەر دەرگایەکی نیشاندام. خۆم بە ژوورێکی گەورەی نیمچە تاریکدا کرد، لەوێ پیرەمێرێکی ئەندام وردیلەم لەنێو تاریکیەکەوە بەدی کرد، کە زۆر لە سیرافیم ساروفسکی دەچوو. بە چۆکا هاتبوو، بە کوڵ وبەدڵ نوێژی دەکرد. کە ئەوم بەو حاڵەوە بینی، هەستم بە جۆرە دڕودۆنگی ونارەحەتیەک کرد. بەمنیان گوتبوو دیرینکوف پیاوێکی توودەییە (مەبەست لە توودەیی، ئەوەیە کە ئەندامی حیزبی ئازادی خەڵکە.) بەگوێرەی تێگەیشتنی من توودەییەکان هەموویان شۆڕشگێڕ بوون و شۆڕشگێڕی و خواناسی تێکناکەنەوە، بۆیە بوونی ئەم پیرەمێرەم لێرەدا، لەم ژوورەدا پێ سەیر و زیاد هاتە بەرچاو.

نوێژ ونزاکەی تەواو کرد، دەستی بەسەر و ڕدێنە سپیەکەیدا هێنا و نیگایەکی پرسیارئامێزی منی کرد و گوتی:

- من بابی ئاندرێم. ئەدی تۆ کێیت؟... وام زانی قوتابیت و خۆت گۆڕیوە!

لێم پرسی:- چما قوتابی دەبێ خۆی بگۆڕێت؟

پیرەمێردەکە بە هێمنی بەرسڤی دایەوە:

- چوزانم، ڕاستیش دەکەیت، خۆ لەهەر جل و بەرگێکا بیت خوا هەر دەتناسێتەوە!

پاشان خۆی بە مووبەقەکەدا کرد ودیارنەما، من لای پەنجەرەکەوە ڕۆنیشتم و لەفکران ڕاچووم. لە نکاوا گوێم لە دەنگی کەسێک بوو دەیگوت:- کەواتە ئەمە خۆیەتی!

کیژێکی سپیپۆش لە ئاستانەی دەرگای مووبەقەکەدا ڕاوەستابوو. قژە زەردەکەی کورت بڕی بوو، دەم وچاوی گەش وگۆشتن، چاوەشینە مەنگەکانی بسکەبسک پرشنگیان دەدا، لەو پەری و فریشتانە دەچوو، کەلە کتێبە بازاڕی و هەرزان بەهاکاندا دەکێشران.

بەدەنگێکی نەرم و لەرزۆک پرسی:- بۆچی ڕاچڵەکیت؟ چما من ئەوەندە ترسناکم؟

ئەوجا، دەستی بە دیوارەکەوە گرت، بە پەلەکوتێ بەرەولای من هات، هێندە بە پارێزەوە ڕێی دەکرد، دەتگوت بەسەر عاردیدا ڕێناکات، بەڵکو وەکو پەتبازان بەسەر تەنافدا ڕێدەکات. ئەم ڕێکردن و جووڵەیەی، وای کرد بە خەڵکی ئەو دنیای بزانم. بەدەنی بەجۆرێ ڕادەچڵەکی دەتگوت دەرزی یان دڕوو بەبن پێیدا دەچەقێ یان دیوارەکە دەستە نەرمۆڵە و منداڵانەکانی دەسووتێنێت. قامکەکانی بە شێوەیەکی سەیر بێ جووڵە بوون. نیگەران و پەشێو لەبەردەمیا وەستام، هەستم بە بەزەییەکی سەیر دەکرد، بێدەنگیەکی سەیر لە سەراپام نیشت، هەموو شتەکانی ناو ئەم ژوورە تاریکە سەیر و نائاسایی دەهاتە بەرچاو!

کچەی فریشتە ئاسا، ئەوەندە بە پارێزەوە لە سەر کورسییەک دانیشت. وام هەستکرد، دەترسێت نەبا کورسییەکە لەژێریا بفڕێت. زۆر بە سادەیی بۆی باسکردم کە تازە، هەموو پێنج ڕۆژە کەوتووەتە سەرپێ وڕێدەکات، پێشتر سێ مانگ بوو لە جێدا کەوتبوو، دەست ولاقی فەلەج بووبوون و لە جووڵە کەوتبوون. ئەنجام گوتی: - ئەم نەخۆشیەی من، نەخۆشی ئەعسابە!

لەبیرمە، لەوکاتانەدا پڕ بەدڵ حەزم دەکرد نەساغی ئەم کیژە بەلەنگازە نەخۆشیەکی دیکە بوایە، چونکە نەخۆشی ئەعساب بۆ ئەم کیژەو لەم ژوورە سەیرەدا زۆر ئاسایی بوو، ئەم ژوورەی کە هەموو شتەکانی ناوی دەتگوت لە ترسا بە دیوارەکانیەوە نووساوە. چرایەک بەدیار ئیکۆنەکانەوە دەسووتا، سێبەری زنجیرە مسینەکانی، لەسەر سفرە سپیەکەی سەر مێزی نانخواردنەکە بەبێ هیچ سەدەمێکی خۆیا، سەمای دەکرد وترسی دەخستە دڵەوە.

کیژەکە لەم دەمەدا، بەدەنگێکی نەرمی منداڵانە گوتی:

- زۆریان باسی تۆ بۆ کردووم، بۆیە حەزمکرد بتبینم تا بزانم چتۆ مرۆڤێکی؟

کچەی تاین بە جۆرێ لێی دەڕوانیم، تەحەمولی نیگایەکەیم نەدەکرد، هێندە بە وردی تەمەشای دەکردم، لەتۆ وایە دەیەوێ هەموو نهێنییەکان کەشف بکات. ئەفسوونێک لە پشت چاوە شینە قووڵەکانیەوە هەبوو، کەبۆ قووڵایی ناخم دادەچۆڕا. نەمدەتوانی چ قسەیەک دەگەڵ ئەم کیژەدا بکەم، زمانم بەسترابوو. وەکو لاڵ دانیشتم و چاوم بڕییە وێنەکانی قەد دیوارەکە: گرتسن ( ١٨١٢ – ١٨٧٠ نووسەرێکی بەناوبانگ و یەکێک بوو لە هەوەڵین سوسیالیستەکانی ڕووس.) داروین (چارلز داروین ١٨٠٩ – ١٨٨٢ ،زانای بە

ناوبانگی ئینگلیز) و گاریبالدی، پێشەوای تەڤگەری ئازادی خوازی دیموکراسی میللی لە ئیتالیا.) لە ناکاوا گەنجێکی هاوتەمەنی من لە دووکانەکەوە خۆی بە ژوورەکەدا کرد، کوڕێکی قژزەردی، نیگا زیتەڵ بوو. بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ خۆی بە مووبەقەکەدا کرد، ئیدی لەوێندەرەوە هاواریکرد:- ماریا چما چوویتەتە دەرەوە؟

کچەکە گوتی:

- ئەمە ئەلکسی برا بچووکمە. من خوێندکاری بەشی مامانی بووم، بەڵام نەخۆش کەوتم. باشە بۆ هیچ قسەیەک ناکەیت؟ شەرم دەکەیت؟

ئیدی ئاندرێ دیرینکوف خۆی کرد بە ژوورا، دەستە وشکەکەی لەژێر پاڵتۆکەیەوە بوو، دەستێکی بە قژە ئاوریشمینەکەی خوشکەکەیدا هێنا وبە میهر و لوتفەوە شێواندی، ئەوجا لەمنی پرسی:- حەزت لە چ کارێکە، لە چ کارێک دەگەڕێی؟

ئەوجا کیژێکی خۆش قەد وقەڵافەتی قژلووکی زێڕین، چاو کەسکی چاوگەش بەدیارکەوت، نیگایەکی توندی منی کرد. ژێرباڵی کچە سپیکەلە فەلەجەکەی گرت و لەگەڵ خۆیدا بردی و گوتی: - ماریا، ئەوەندە بەسە!

ئەم ناوە لەو نەدەهات، منیش لەلام خۆش نەبوو. بەپەلە لەلای درینکوف ڕۆنیشتم. شەوی دواتر بۆهەمان ژووری تاریک گەڕامەوە، بەدەم دانیشتنەوە لەفکران ڕاچووم، بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەم خەڵکەی لێرەن چۆن دەژین، بەچی دەژین. بەڕاستی ژیانێکی سەیریانەبوو.

ستیپان ئیڤانوفیچ، کە پیرەمێرێکی ئارام و ڕەزا سووک بوو ئەوەندە سپی بوو دەتگوت بلوورە و دەدرەوشێتەوە. لەتۆوایە دیواودەر دیارە. لە گۆشەیەکی ماڵەکە دانیشتبوو، بزەیەکی ناسک نیشتبووە سەر لێوی. لێوەکانی بە ئاستەم دەجوڵاندن، لەتۆ وایە دەپاڕێتەوەو دەڵێت:- تکایە دەستم لێمەدەن، وازم لێبێنن!

دەتگوت کەروێشکی سرک و ترساوە. وەکو ئەوەبوو بەبەردەوامی چاوەڕوانی کارەساتێک بکات، چاوەڕوانی فەلاکەتێکی دەکرد کەمن بە ئاشکرا شوێنەواری ئەو فەلاکەتم لە سەروسیمایدا دەخوێندەوە.

بەڵام ئەندرێ دەست گۆج، بە پاڵتۆیەکی کەوەییەوە بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، بەر سینگ وبەرۆکی هەر ئارد وڕۆن بوو، ئارد و ڕۆنەکە بەبەرۆکیەوە وەکو توێکڵی دار

ڕەق بووبوو. لەماڵەوە زۆر بە شەرم وحەیا بوو، هەمیشە وەکو منداڵێک کە لاسارییەکی کردبێت و پاشان مەعاف کرابێ، بەو ئاوایە بە شەرمەوە دەگرژییەوە. ئەلکسی کە کوڕێکی تەمەڵ و فشەکەر بوو، لە کاروباری دووکانەکەدا یارمەتی دەدا. برای سێیەمیان کە ناوی ئیڤان بوو خوێندکاری خانەی مامۆستایان بوو، شەوان لەبەشی ناوخۆ دەخەوت، تەنیا ڕۆژانی جەژن بۆماڵ دەهاتەوە. کوڕێکی شیکپۆش بوو، قژی جوان شانە دەکرد، جلکی فەرمی لەبەر نەدەکرد، ئەوەندە پۆشتە و پەرداخ بوو، زیاتر لە پیرەپیاوێکی خانەنشتن دەچوو تالە خوێندکار. بەڵام ماریا لە هەورەبانەکەدا دەژیا وزۆر بەکەمی دەهاتە خوارەوە. هەرکە دەهاتە خوارەوە من بە جۆرێ شپرزە دەبووم، لەتۆوایە کۆت و زنجیرێکی نادیاریان لەدەست و پێ بەستووم.

کاروباری ماڵەوەی دیرنیکوفەکان، ژنێکی دڕیژداهۆڵ بەڕێوەی دەبرد، دەم وچاوی لە لەیزتۆکێکی دارین دەچوو، چاوەکانی وەکو چاوانی ڕەبەنیتەیەکی تەرکە دنیا تووڕە بوون. ئەم ژنە کارەکەری خاوەن ماڵەکە بوو. کچەکەشی یارمەتی دەدا، کە کچێکی قژ سووری کەپوو فش بوو. ناوی ناستیا بوو. ناستیا هەرکاتێ چاوە سەوزەکانی ببڕایەتە هەرکەسێک، پەڕەی لووتی دەکەوتە لەرزین. بەڵام ماڵەکەی دیرنیکوف پاتۆق و مەکۆی ڕاستەقینەی خوێندکاران بوو – خوێندکارێن زانستگە، خوێندکارێن ئەکادیمیای بەیتاڵی، خوێندکارێن ئەکادیمیای لاهوتی: ئەمانە نیگەرانی چارەنووسی گەلی ڕووسیا بوون، لە خەمی ئایندەی ڕووسیادا بوون. ئەمانە دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی وتارێن ڕۆژنامان دەبوونەوە، دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی کتێبانی تازە دەبوونەوە، هەواڵەکانی شار وزانکۆکانیان دەزانی، ئێوارە لە هەر چوارنکاڵی قازانەوە، بە هەڵەداوان بۆ دووکانەکەی دیرینکوف دەچوون و لەوێ دەکەوتنە گەنگەشەی تووند یان لەم سووچ و لەو سووچی ژوورەکان دادەنیشتن و دەکەوتنە فسکەفسکان. ئەمانە کتێبی ئەستوور ئەستووریان پێبوو، قامکانیان دەخستەسەر ئەو دێڕ و پاراگرافانەی کە مەبەستیان بوو و دەیاندا بەڕووی یەکدا و هاواریان بەسەر یەکدا دەکرد و دەیانویست دروستی بۆچوونەکانی خۆیان لەو ڕێگایەوە بسەلمێنن.

هەڵبەتە، من شتێکی زۆر کەم لەو گفتوگۆ و گەنگەشانە حاڵی دەبووم. ئەو بابەت و حەقیقەتانەی باسیان دەکرد، لەنێو قسە زۆرەکانیاندا ون دەبوون، ڕێک وەکو ئەو دڵۆپە ڕۆنانەی کەلەنێو ئاوی شۆربای هەژاراندا ون دەبوون، لێم ون دەبوون. هەندێک لەو خوێندکارانەم وەکو پێشەوایانی مەزەبی کەناراوەکانی ڕوباری ڤۆلگا دەهاتنە

بەرچاو. بەڵام لەوە دڵنیابووم کە سەروکارم لەگەڵ خەڵکانێکا پەیدا کردووە کە دەیانەوێ ژیانی مە بەرەو باشتر بگۆڕن. هەرچەندە دڵسۆزیان، لە لێشاوی وشەدا پەنهان دەبوو، بەڵام بە تەواوەتیش لەبەین نەدەچوو. ئەو پرس و دۆزانەی کە ئەوان دەیانویست تاوتوێ و چارەسەری بکەن لەلای من ڕوون بوون، بەڵام من نەمدەتوانی وەکو ئەوان گوزارشتی لێبکەم. زۆرجار وام هەست دەکرد، ئەوان گوزارشت لە هزر و بیرە بێدەنگ ولاڵەکانی من دەکەن. بەڕێز و حورمەتێکی زۆرەوە سەیری ئەو خوێندکارانەم دەکرد، وەکو چۆن دیلێک دەڕوانێتە ئەوانەی بەڵێنی ئازادکردنی پێدەدەن، بەو ئاوایە تەمەشای ئەو خوێندکارانەم دەکرد. بەڵام ئەوان چۆن دارتاشێک دەڕوانێتە پارچە دارێک و لەدڵی خۆدا بیر لەوە دەکاتەوە کە دەکارێت کارێکی ناوازەی لێدروست بکات، بەوئاوایە سەیری منیان دەکرد،کە لەناو خۆیاندا باسی منیان دەکرد، یەکێکیان دەیگوت:

- بەهرەیەکی خۆڕسکە، کەرەستەیەکی خاوە.

ئەوجا بە شانازییەوە بە خوێندکارێکی دیکەی دەناساندم. شانازیەکەیان، لەشانازی منداڵێک دەچوو، کەلە کۆڵاندا سکەیەکی پێنج کوپیکی دۆزیبێتەوەوبە شانازییەوە پیشانی هاوڕێکانی بدات.

هەڵبەتە من ئەوەم پێخۆش نەبوو کە پێیان دەگوتم " بەهرەیەکی خۆڕسکە " یان " کوڕی گەلە " و... هتد.. هەڵبەتە من هەستم دەکرد کە ڕۆڵە و پەروەردەی ژیانم.. بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆم بۆ خۆ ڕۆشنبیراندن دەدا. ڕۆژێک لە جامخانەی کتێبفرۆشیەکەوە چاوم بە کتێبێک کەوت بەناونیشانی " ئەفەریزم وماکسیم " واتە پەندی پێشینیان و قسەی نەستەق " . هەرچەندە واتای ئەو وشانەم نەدەزانی، بەڵام خولیای خوێندنەوەی کتێبەکەم کەوتەسەر ولێم بوو بە مەراق، داوام لە خوێندکارێکی ئەکادیمیای لاهوت کرد کە نوسخەکەی خۆیم بە ئەمانەت بداتێ تا وەیخوێنم. بەڵام ئەم مەترانە گەورەیەی ئایندە، لە وەڵامی مندا گوتی:- سەڵا لە ئەقڵت!

ئەم خوێندکارە کوڕێکی قژلوولی، لێو ئەستووری ددان سپی بوو، هەر لە قوولە ڕەشان دەچوو. بە تەوسەوە گوتی:

- قسەی قۆڕ، ئاخر برا تۆ شتێک بخوێنەوە کە دەتدەنێ، دەست بۆ شتێ مەبە، کە پەیوەندی بە تۆوە نەبێت.

ئەم قسە ڕەقانەیم، کە دەتگوت مامۆستایەکە و دەرس بە قوتابیەکی خۆی دەڵێت و ئامۆژگاری دەکات، زۆر لەبەر گران بوو. هەرچۆنێ بوو کتێبەکەم کڕی، بەشێک لە پارەی کتێبەکەم بە کۆڵبەری لە لەنگەرگایەکی کەشتیاندا پەیدا کرد وبەشێکی دیکەم لە ئاندرێ دیرنیکوف قەرزکرد. ئەمە یەکەم کتێبی گرینگ وجدی بوو کە کڕیم و هێشتاش ئەو کتێبەم ماوە.

بەشێوەیەکی گشتی بە ڕەقی ڕەفتاریان لە گەڵمدا دەکرد. وەختایەک " پرەنسیپەکانی زانستی کۆمەڵناسی "م خوێندنەوە، هەستم کرد، نووسەرەکەی زیاد لە پێویست بایەخی بە دەور ورۆڵی خێڵە شوانکارەکان لە دروستکردنی شارستانیەتدا داوەو دەوری خێڵە گەرۆک و ڕاوچیەکانی تەواو فەرامۆش کردووە. ئیدی من گومان و دوودڵی خۆم بۆ زمانناسێک گێڕایەوە کە خوێندکاری بەشی زمان بوو، ئەویش بۆ ئەوەی ڕوخسارە ژنانیەکەی بشارێتەوەو خۆی گەورە بنوێنێ، ماوەیەک خۆی خافڵاند، ئەوجا یەک دانە سەعاتی خشت سەبارەت بە مافی ڕەخنەگرتن قسەی کرد وگوتی:

- کەسێ بیەوێ مافی ڕەخنەگرتنی هەبێ، دەبێ باوەڕی بە حەقیقەتێک هەبێت، تۆ باوەڕت بەچی هەیە؟

ئەم خوێندکارە بەردەوام خەریکی خوێندنەوە بوو، تەنانەت کەبە کوچە وکۆڵانەکانیشدا دەڕۆیی، هەر کتێبی دەخوێندەوە، زۆرجار دەمبینی بەدەم ڕێکردنەوە، سەری دەژەنیە کتێبێک و خۆی بەڕێوی و ڕێبوارانداا دەکێشا. ئەم کابرایە لە هەورەبانەکە دەژیا، تووشی گرانەتا بووبوو، بەدەم لەرز وتاوە وڕینەی دەکرد وهاواری دەکرد:

- ئاکار و ئەخلاق دەبێ بە ئازادی بارگاوی بێ، لەگەڵ یەکدا بگونجێن و پڕ بە یەکدی بن..

کوڕێکی زۆر باریک و بنێس، مردەلۆخ، هەمیشە برسی بوو، لە برسێتی وکەم خوراکیدا، زۆربەی کات نەخۆش دیاربوو، پەیجۆرێکی ڕژدی حەقیقەت بوو، هەموو هیوا و لەزەتێکی ژیانی بریتی بوو لە کتێب خوێندنەوە. کە هەستی دەکرد، ناکۆکی نێوان دوو هزرو بیری بەهێزی ئاشت کردووەتەوە، چاوە ڕەشە میهرەبانەکانی لەخۆشیا وەکو چاوی منداڵ دەگەشانەوە. دە ساڵ دوای ئەم یەکدی ناسینە جارەکی دی لە شاری خارکوفدا بینیمەوە، دوای ئەوەی پێنج ساڵی بە دوور خراوەیی لە شاری کیم بەسەر

بردبوو، دیسان گەڕابووەوە تا دووبارە لە زانستگە بخوێنێت، هەستم دەکرد، بیر وبیرکردنەوەیەکی هەڤدژ وجەنجاڵی ئەوتۆ مێشکی داگیر کردووە دەڵێی مێروستانی خرۆشاوی لەمێشکایە.

هەرچەندە نەخۆشی سیل زۆری بۆ هێنابوو، دەکۆکی و خوێنی هەڵدەهێنا کەچی هەر لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە جۆرە سازانێک لە نێوان فەلسەفەی نیتشە و مارکسدا چێبکات. خیزەخیزی سینگی لەوەدا نەبوو، دەستی خستمە ناو دەستە سارد و لینجەکانی خۆی وگوتی:

- ژیان، بەبێ سازش و گونجانی ڕەگەزە هەڤدژەکان مەحاڵە، دەوەستێ!

ئاقیبەت کاتێ بە تراموای بۆ زانستگە دەڕوات، لەڕێگادا لەناو ترامویەکەدا دەمرێت.

زۆرم لەم جۆرە خەڵکانە دیتوون کە گیانی خۆیان لەڕێگای زانستدا داناوە، بەڕاستی یادی ئەوانەم لەلا پیرۆزە.

***

نزیکەی بیست کەسێک لەو جۆرە خەڵکانە لە ماڵی دیرنیکوف دا خڕدەبوونەوە. کەسێکی ژاپۆنیان تیابوو، ناوی پانتالیمون ساتو بوو، خوێندکاری ئەکادیمیای لاهوت بوو. ناوبە ناو لەم کۆڕو کۆبوونەوانەدا پیاوێکی زەلامی سینگ پان، ڕدێن درێژ کە سەری وەکو تاتارەکان تاشی بوو، ئامادە دەبوو، پاڵتۆیەکی قاوەیی بەدەن چەسپی لەبەردا بوو، کە هەموو دوگمەکانی تا ژێر چەناگەی تووند داخرابوون، ئەوەندە بەدەن چەسپ بوو دەتگوت بە بەرییەوە دووراوە. ئەم کابرایە دەهات لە سووچێکەوە ڕۆدەنیشت، بەدەم پایپ کێشانەوە، بە چاوە کەوەیی وهێمنەکانی، بە دیقەت و بێدەنگی دەیڕوانیە ئامادەبووان، زۆرجار ڕاستەوخۆ دەیڕوانیە من، هەستم دەکرد ئەم پیاوە، لە زەینی خۆیا، من و بیرکردنەوەی من هەڵدەسەنگێنێ، خۆیشم نازانم بۆچی سڵم لێدەکردەوە. سەرم لە بێدەنگی و کەمدوویییەکەی دەرنەدەکرد.

هەموو ئەوانەی دەوروبەری من بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد، قسەیان زۆر دەکرد، هەڵبەتە من پێم وابوو تا زیاتر وبەدەنگی بەرزتر قسە بکەن باشترە، ماوەیەکی زۆری پێچوو ئەوجا بۆم بەدیارکەوت کە زۆر وێژی پڕە لە قسە و وشەێن تووڕەهات و ڕیائامێز و بۆش و بەتاڵ. سەرم لە بێدەنگیەکەی ئەم پیاوە ڕیشنە دەرنەدەکرد.

به "خوخول" ناویان دەبرد. ( خوخول: بەمانای ساویلکە و گێلۆکە دێت. لە زەمانی تزاریزمدا، بۆ سووکایەتی بە ئوکرانیانیان دەگوت خوخول). پێدەچوو تەنیا ئاندرێ ناوە ڕاستەقینەکەی بزانێت. دوای ماوەیەکی کەم زانیم کە ئەم پیاوە تازە لە سیبریا هاتووەتەوە، دوور خراوەتەوە بۆ یاکوتسک و دە دانە ساڵی لەوێندەر بەسەر بردبوو. کە ئەمەم زانی، زیاتر سۆزم بەلایا جوڵا، بەڵام زاتم نەکرد خۆمی پێ بناسێنم. هەرچەند کەسێکی سڵۆک و شەرمن نەبووم. بەڵکو بە پێچەوانەوە، کەسێکی کونجکاو وسەرکێش بووم، حەزم دەکرد بە زووترین کات هەموو شتێک بزانم. هەر ئەم خوو و ڕەوشتەم وایکرد، ماوەیەکی زۆر نەتوانم لە سەر یەک کار بگیرسێمەوەو تیایدا قاڵ ببمەوە و بیبەمەسەر.

کە ئەوان باسی گەلیان دەکرد، من حایر وحەپەساو، بەدڵ و بەگیان، بەبێ ئەوەی متمانەم بەخۆم بێت گوێم لێدەگرتن. هەستم دەکرد من ناتوانم وەکو ئەوان بیر لە میللەت وگەل بکەمەوە. بەلای ئەوانەوە گەل و میللەت مەکۆ وسەرچاوەی حیکمەت و ژیری وجوانی روحی بوو: بوونەوەرێکی خوایی و سەرچاوەی هەموو جوانی و دادپەروەری و مەزنایەتیەک بوو. من لەبوونی گەلی واهی بێئاگا بووم. من لە دەوروبەری خۆما جگەلە دارتاشان، کۆڵبەران، و وەستا و بەنا زیاترم نەدەبینی. من یاکوف، ئوسیپ و، گریگۆریم دەناسی. بەڵام لێرەدا، ئەوان باسی گەلیان وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو دەکرد و خۆیان لە قەبەڵی ئەم گەلە دەکرد وخۆیان بە خزمەتکار و بچووکی ئەم گەل و میللەتە دەزانی. ئیدی وام خەیاڵ دەکرد، کە جوانی و قوەتی ئەو هزر و بیرە لەناخی ئەو کەسانەوە کە قسانیان دەکرد هەڵدەقوڵێت و بە تاسەی ژیانێکی ئابڕوومەندانەوە دەژین و کار بۆ بنیاتنانی ژیانێکی تازەی ئازاد و مرۆڤدۆستانە دەکەن.

ئەم مرۆڤ دۆستیە بۆمن تازە بوو، تا ئێستا ئەم مرۆڤدۆستیەم لەو خەڵکانەدا کە تیایاندا و لەگەڵیاندا ژیابووم نەبینی بوو. بەڵام ئەم وشە و زاراوەیە، لێرە و لەنێو ئەم خوێنەوارانەدا، لەهەر ڕستە و گوزارشت و بۆچوون و هزرێکدا دووبارە دەبووەوە و لەگوێدا دەزرینگایەوە.

قسەی ئەو گەل پەروەرانە وەکو بارانی ڕەحمەت و ئازادیبەخش بەسەر دڵ و دەروونی مندا دادەباری و ئۆخژنی بەدڵ و دەروونم دەبەخشی. ئەو ئەدەبیات و نووسینانەی باسی ژیانی تاریکی دێهات و جووتیارانی کلۆڵیان دەکرد، زۆریان یارمەتی دەدام،

چاویان دەکردمەوە، هەستم دەکرد تا بەدڵ و بەگیان خەڵکیت خۆشنەوێ، ناتوانی لەمانای ژیانی ڕاستەقینە تێبگەیت، بۆیە لێبڕام واز لەخۆم بێنم و بیر لە خەڵکی بکەمەوە و لەپێناو واندا بژیم.

دیرنیکوف، بە متمانەیەکی تەواوەوە بۆی دەگێڕامەوە کە ئەو سووکە قازانجەی لە دووکانەکەیدا بەدەستی دێنێ، خەرجی ئەو گەل پەروەرانە دەکات کە باوەڕیان وایە: " کە بەختەوەری گەل، لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. " دیرنیکوف، وەکو چۆن قەشەیەکی دیندار وبە ئیمان بە دەروی مینبەری پەرستگەکەیا بەدڵ وبەگیان دەسووڕێتەوە، بەو ئاوایە بەدەوری خوێنەران و هامشۆکەرانی کتێبخانەکەیدا دەسووڕایەوە. بەدەم زەردەخەنەی شادییەوە دەستە وشک و سەقەتەکەی لەبن پاڵتۆکەی دەنا و دەستەکەی دیکەی بە ڕدێنە نەرمەکەیدا دێنا و لەمنی دەپرسی:

- ئەمە شتی چاکە، وانییە؟

وەختایەک لاقرۆقی بەیتاڵ بە دەنگە ناسازەکەی کە لە دەنگی قاز ومراویان دەچوو، دەکەوتە گەنگەشەیەکی بێ ماناوە دەگەڵ گەل پەروەرەکاندا، دیرنیکوف، بە پەستیەوە چاوانی دەنووقاندن و لەبن لێوانەوە دەیگوت:- کە ئاژاوەچیەکی سەیرە!

هەڵوێستی دیرنیکوف سەبارەت بە گەل پەروەرەکان، ڕێک وەکو هەڵوێستی من بوو، خوێندکارەکان، زۆر بە توندی مامەڵە وبەرخوردیان دەگەڵ دەکرد، ڕێک لە مامەڵەی ئەرستوکراتان دەگەڵ نۆکەر وپێشخزمەتاندا، دەچوو. بەوەی باش بوو دیرنیکوف بەخۆی هەستی بەمە نەدەکرد. زۆرجار دوای ئەوەی میوانەکانی بەڕێدەکرد، منی لەلای خۆی دەهێڵایەوە تا شەو دەگەڵ ویدا بەرمەسەر. ژوورەکەمان خاوێن دەکردەوە. ئەوجا لبادەکەمان لەسەر ئەرزەکە ڕادەخست و پاڵدەکەوتین، تا درەنگانێکی شەو بە دەنگی نەوی قسانمان دەکرد. ژوورەکە تاریک بوو، تەنیا چرای کزی دیار ئیکۆنەکان، بە ئاستەم دەوروبەری ڕوناک دەکردینەوە. هەندێجار بە ورەیەکی بەرز وجۆش وخرۆشێکی پڕ باوەڕەوە دەیگوت:

- ڕۆژێ دێ سەدان و بگرە هەزاران کەسی وەکو ئەم خەڵکە باشە پەیدا دەبن و پلە وپۆستە گەورەکانی ڕووسیا دەگرنەدەست و ڕەوشی ژیان، لە سەرانسەری وڵاتدا دەگۆڕن!

ده ساڵێک لەمن گەورەتر بوو، من بە ئاشکرا دەمبینی کە زۆر دڵبەندی ناستیای قژ سوورە. دیرنیکوف، هەوڵیدەدا ڕاستەوخۆ نەڕوانێتە چاوەگەش و باڵکێشەکانی. لەبەرچاوی خەڵکیدا زۆر بە ڕەقی قسەی دەگەڵ دەکرد، وەکو ئەوەی ئەرباب بێ و قسە دەگەڵ کارەکەر یان نۆکەری خۆیدا بکات. بەڵام بە نیگایەکی تامەزرۆ و ئاشقانەوە بەڕێی دەکرد. کە بە تەنیا دەبوون، لێکدا لێکدا دەستی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا و بە بزەیەکی شەرمامێزەوە دەیدواند.

خوشکە چکۆلەکەی دیرنیکوف، لە سووچێکی ژوورەکەدا خۆی مەڵاس دەدا و گوێی لە مشت ومڕ وجوابە جەنگیەکانیان دەگرت، هێندە بە وردی گوێی دەگرت، کە ڕوخسارە مندالانەکەی بەشێوەیەکی زۆر کومیدی سوور دەبووەوە، کە وشەی توند و نابەجێیان لەزار دەردەچوو، ئەم چاوانی ئەبڵەق دەبوون و وەکو یەکێک لەناکاوا سەتڵێ بەفراوی پێدا بکرێت، ڕادەچڵەکی و هەناسەی سوار دەبوو. خوێندکارێکی قژ زەردی بەشی کۆلیژی پزیشکی، وەکو کەڵەشێر بەدەوریا دەخولایەوە، هەمیشە بە کینایە و بە چپە ئەم کیژەی دەدواند، کە قسەی دەگەڵیا دەکرد، برۆکانی وێک دێنایەوە، بەڕاستی دیمەنێکی خۆش وسەیر بوو.

***

پاییز خۆی لە دەرکێ نـاین، هەستم کرد ژیان بەبێ کارێکی جێگیر وبەردەوام مەحاڵە و ناچێتەسەر، من زیاتر سەرقاڵی بویەر و ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆم بووم، کەمتر دەمپەرژایە سەر ئیشکردن، ئیدی داهات و سەرچاوەی بژێویم ڕۆژبەڕۆژ لە کەمی دەدا، بژێویم کەوتبووە سەر خەڵکی، بووبووم بە تەرخان خۆر وحازر خۆری بەر سێبەر، هەڵبەتە ئەم جۆرە نانە بە ئاسانی قووت ناچن. دەبوایە بۆ زستان شوێن وکارێک بۆخۆ پەیدا بکەم. ئیدی ئەو کار وشوێنەم لە نانەواخانەکەی ڤاسیلی سیمیونوف دا دۆزییەوە.

ئەم قۆناغەی ژیانی خۆم لە چیرۆکێن: ( ئەرباب، کونوفالوف و بیست و شەش پیاو و کچێکدا ) بەرجەستە کردووە. ئەم قۆناغەی ژیان بۆمن هەم سەخت و دژوار بوو، هەم پەند وعیبرەت ئامێز بوو. لەڕووی جەستەییەوە دژوار بوو، لەڕووی مەعنەوی و ئەخلاقیەوە دژوارتر بوو.

وەختایەک چوومە نانەواخانەکە ولەوێندەر دەستبەکار بووم ئیدی " دیواری فەرامۆشی " لەنێوان من و ئەو خەڵکانەی کە هۆگریان بووبووم و هاوڕێتیان بۆمن زەروری بوو، دروست بوو. هیچ یەکێک لەوانە، نەدەهاتن بۆ نانەواخانە تا سەردانم بکەن. منیش شەو و ڕۆژێ چوارده سەعات کارم دەکرد، بۆیە هەندێجار بەتایبەتی لەو ڕۆژانەدا کەلەسەر کار بووم، فریا نەدەکەوتم بۆ دووکانەکەی دیرنیکوف بڕۆم. لە ڕۆژانی جەژن وبێ کاریشدا یان دەخەوتم یان لەگەڵ هاوکارانی نانەواخانەکەما دەمامەوە. هەندێک لە کرێکارەکانی نانەواکە لە هەوڵی ڕۆژەوە بە لێبۆک و قەشمەڕو مەخسەرەیان دەزانیم وبەو چاوە سەیریان دەکردم. بەڵام هەندێکی دیکەیان بە میهرومەحەبەتێکی سادەی منداڵانەوە ڕەفتاریان دەگەڵدا دەکردم. ڕەفتاری وان دەگەڵ مندا، وەکو رەفتاری ئەو منداڵانە بوو کە دەگەڵ حیکایەتبێژدا کە چیرۆکی سەیر وخەیاڵیان بۆ بگێڕێتەوە، هەیانە. مەگەر، هەر شەیتان بزانێ چیم بۆ ئەم خەڵکە دەگێڕایەوە. بەڵام ئەوپەڕی هەوڵمدەدا کە چیرۆک وحیکایەتێکیان بۆ بگێڕمەوە کە ئومێدی ژیانێکی دیکەیان پێببەخشێت کەلەم ژیانەی تیایدا بوون ئاسایی تر وماقوولتر ومرۆڤانی تر بێت. هەندێجار لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبووم، کە دەمبینی ڕوویان دەگەشێتەوە وچاویان پڕشنگ و گڕی تووڕەییان لێدەبێتەوە، زۆر بەمە دڵخۆش دەبووم و شانازیم بەوەوە دەکرد کە خزمەتی خەڵکی دەکەم و ڕێگەیان بۆ ڕوناک دەکەمەوە. بەڵام زۆرجاریش، لەهەنبەر سادەترین پرسی ژیاندا، دەستەوەستان دەبووم و وەڵامی ئاسانترین پرسیاری ژیان وژینگەم پێ نەبوو. لەو کاتانەدا وام هەستدەکرد کەوتوومەتە چاڵێکی پڕ لە قوڕ و سیانەوە وخەڵکەکەی ئەم ژینگەیە وەکو کرمی کویر دین و دەچن وحەقیقەت نابینن و هەوڵی ئەوە دەدەن لەڕێگەی مەینۆشی و قەحپەبازییەوە، لە واقیع هەڵێن و خۆیان فەرامۆش بکەن.

ئیدی ئەمانە هەموو سەری مانگێک کە کرێی خۆیان وەردەگرت دەچوون بۆ قەحپەخانە، هەفتەیەک لەوەپێش خۆیان ئامادە دەکرد و بە ئاو وتاو باسی لەزەت و خۆشی ئەو ڕابواردنانەیان دەکرد، لە قسەکانیاندا شانازیان بە نێراتی خۆیانەوە دەکرد وگاڵتەیان بەو ژنانە دەکرد کەلەگەڵیاندا ڕایان دەبوارد و قسەی ناشیرینیان پێدەگوتن و بەقێز وبێزەوە تفیان ڕۆدەکرد.

سەیر ئەوەبوو، من زۆرجار لەپشت ئەو قسانەوە جۆرە تەریقی و شەرمەزارییەکی مرۆڤانیم دەبینی، لەوێ، لەو شوێنی ڕابواردنەدا دەتوانرا بە ڕوبلێک یەکێک تا

بەیانی بکرێت، هەستم دەکرد هەندێ لە هاوڕێکانم هەست بە نیگەرانیەکی زۆر دەکەن، وەکو ئەوەی تاوانێکیان کردبێت، من ئەوەم بەلاوە ئاسایی بوو. بەڵام هەندێکی تریان وایان دەنواند زۆر بێباکانە شانازی بە خۆوە دەکەن و ئەمەم بەلاوە نائاسایی ودەستکرد بوو. من بایەخێکی زۆرم بە پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر ومێ دەدا، بەجدی پەیگیری و چاودێری ئەو مەسەلەیەم دەکرد. هێشتا لەگەڵ ژنا نەخەوتبووم و ئەمە هەندێ ئیحراجی کردبووم. ئیدی چ ژنەکان وچ هاوڕێکانم بەمەبەستی ئازاردان گاڵتەیان پێدەکردم، ئیدی هاوڕێکانم چیتر بۆ ئەو شوێنانەیان دەعوەت نەدەکردم و بە تەوس وتوانجەوە پێیان دەگوتم:- برالە، تۆ لەگەڵماندا مەیە.

- بۆچی؟

- چونکە.. خەڵکەکە بەبوونی تۆ، لە حوزووری تۆدا ئیحراج دەبن.

زۆر بە وردی کەوتمە شرۆڤە ولێکدانەوەی ئەو قسانە. هەستم بە شتێکی گرینگ کرد، بەڵام وەڵامی تەواوم دەست نەکەوت.

دەیانگوت:- ئەرێ تۆ چۆن بەشەرێکی، یەکجار پێمان گوتی لەگەڵمان مەیە وتەواو، خەڵکەکە پێیان ناخۆشە لە حوزووری تۆدا ئیحراج دەبن..

تەنیا ئارتیم بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

- کەتۆمان لەگەڵ بی وەکو ئەوەیە قەشەیەکمان لەگەڵدابێ یان باوکی یەکێک لە هاوڕێکانمان لەگەڵدا بێت.

ژنەکان لە هەوەڵێ ڕا گاڵتەیان بەم خۆپارێزی و دوورەپەرێزیەی من دەکرد و دوایی بە پەستیەوە دەیانگوت: - باشە خۆت لە ئێمە بەزیاتر دەزانی، بێزمان لێدەکەیتەوە؟

یەکێک لە ئافرەتەکان کە ناوی تیریزا بوروتا بوو، ئافرەتێکی قەڵەوی خڕخەپانی جوان بوو، پۆڵاندی بوو، لەتەمەنی چلساڵیدا بوو، پێدەچوو بەرپرسی ئەوانی دی بێ، ڕۆژێ وەکو سەگێکی ڕەسەنی وەفادار تێی ڕوانیم و ڕووی کردە ئافرەتەکان وگوتی:

- کچینە سەرمەکەنە سەری، وازی لێبێنن. وادیارە دەزگیرانی هەیە، وانییە؟ دەنا کوڕێکی وا قۆز و گەنج چۆن دەتوانێ بەم جۆرە خۆی لە هەنبەر ئافرەتا بگرێ، ئەگەر دەسگیرانەکەی سندمی نەکردبێ؟

تیریزا، بە بەردەوامی دەیخواردەوە. زۆر پیس دەیخواردەوە، کە مەست و سەرخۆش دەبوو، زۆر دزێو وناحەز دەبوو. بەڵام کە وەهۆش دەهاتەوە، زۆر ئاقڵانە ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکیدا دەکرد، بە شێوازێکی نەرم ونیان پاکانەی بۆ هەڵوێست و کردارێن خەڵکی دەکرد. بە هاوڕێکانمی دەگوت:

- ئاڵۆزترین خەڵکان، خوێندکارانی ئەکادیمیان، زۆر زەحمەتە لێیان تێبگەی وسەر لە ڕەفتاریان دەربکەیت.. مەگەر خوابزانێ چی بە کچان دەکەن! زۆرجار سابوناو بەناو ژوورەکاندا دەکەن، کچەکان ناچار دەکەن بە ڕووت وقووتی بکەونە سەر چوار چنگۆڵە و هەردوو دەست و پێیان لەناو چوار قاپ بنەن و هەنگێ لە دواوە پاڵیان پێوە دەنەن و تەمەشایان دەکەن تا بزانن تاکوێ دادەخزێن. ئیدی ئەمە دەگەڵ کچی دووەم و سێیەمدا.. دووبارە دەکەنەوە. بەڵێ ئەمە ئەتواریانە، نازانم بۆ ئەمە دەکەن؟

گوتم:- درۆ دەکەیت!

تیریزا، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات، بە ئارامی گوتی: - نەخێر، درۆ ناکەم!

بێدەنگی و ئارامیەکەی سامێکی ئەوتۆی تیابوو، کە ئینسانی خەمبار دەکرد. پێمگوت:- تۆ ئەم شتانە لەخۆتەوە دروست دەکەیت!

چاوەکانی ئەبڵەق بوون، نیگایەکی پرسیارئامێزی کردم وگوتی:

- چۆن کچێک لەخۆیەوە شتی وا دروست دەکات؟ چما شێت بووم؟

خەڵکەکە بە تاسەوە گوێیان لە گفت وگۆ وگەنگەشەکەمان دەگرت، تیریزا لەسەر قسەکانی بەردەوام بوو، زۆر بە ساردی قسەی دەکرد، لەتۆوایە تەنیا ئەوەی مەبەستە لەو نهێنییە بگات کە ئەوانە بۆچی وادەکەن. خەڵکەکە کەوتنە جنێودان و نەفرەتکردن لە خوێندکارەکان، بەڵام من وام هەستدەکرد کە تیریزا، زۆر خراپ لەوانە دەخوێنێت کەمن لە دڵەوە خۆشم دەویستن، بۆیە وەڵامم دایەوە کە خوێندکاران گەلپەروەرن، لەخەمی گەلدان وگەرەکیانە یارمەتی گەل بدەن.

تیریزا، لە سەری ڕۆیی وگوتی:

- ئەوانەی تۆ دەیڵێی خوێندکارانی شەقامی فوسکریسنسکایان ئەوانە خەڵکی ماقوولن، من ئەوانەم مەبەست نین. من مەبەستم خوێندکارانی ئەکادیمیای ئارسکویە بولیەیە، ئەمانە هەموویان سێوی وبێ داک وبابن، ئەوانە بەبێ سەرپەرشت پەروەردە بوون، خەڵکی بێ سەرپەرشت یان دز دەردەچێت یان ئاژاوەچی، دەبن بە سەرچاوەی ئاژاوەو گەندەڵی..

هەڵبەتە ئەو قسانەی تیریزا، بەکاوەخۆ دەربارەی خوێندکاران و کارمەندانی حکومەت و خەڵکی ڕۆشنبیر و ئازاد و بەتەربیەت دەیکردن، نەک هەر ڕق و نەفرەتی هاوڕێکانی منی دەهاروژاند، بەڵکو جۆرە شادیەکی پێ دەبەخشین و دڵخۆشی خۆیان بەم وشانە دەردەبڕی و دەیانگوت:

- کەواتە خەڵکی ڕۆشنبیر و بە تەربیەت لەمە خراپترن!

ئەو قسانەم زۆر لە لا بە ئازار ولەبەر گران بوون. ئیدی بەچاوی خۆم دەمبینی کە هەموو خەڵکی سووک وڕیسوای شار دەڕژێنە ئەم دەخمە تاریکانەوەویان دەڕێژرێنە ئەم دەخمە تاریکانەوە و دەخرێنە سەر ئاگرێکی تووند و دووکەڵاوی و لە ڕق وکینەدا قاڵ دەبنەوە و دووبارە بەڕەڵڵای ناو کۆمەڵگا دەبنەوە.. دەمبینی لەم کوختە تەنگ وتاریکەدا، کە غەریزەی حەیوانی ونائومێدی ژیان دەیخزاندنە ئێرانەوە، قسە قۆڕ و بێ ماناکان دەکران بە شیعر و گۆرانی خەمناک سەبارەت بە عەزاب وناڕەحەتی ئەشق و ڤیان. ئەفسانانی دزێو سەبارەت بە خەڵکی ڕۆشنبیر و بەتەربیەت هەڵدەبەستران. هەستم دەکرد لەم کوختە تەنگوتاریکانەدا دژایەتی شتە نامەفهوومەکان لە زەینا دادەچێنرا، هەستم دەکرد ئەم ڕوسپیخانانە، زانکۆیەکی ژەهراوین و هاوڕێکانی من لەوێندەر زانیاری ژەهراوی و پڕ ڕق و کینە سەبارەت بە ژیان وەردەگرن.

بەچاوی خۆم دەمبینی کە ( ژنە لەشفرۆشەکان ) چۆن بە تەمەڵی لاقان بەسەر ئەرزە پیسەکەدا ڕادەکێشن و چۆن جەستە داهێزراوەکانیان بەدەم نەوای ئوکوردیون یان دەنگی ناسازی پیانۆ شکاوەکەوە با دەدەن وخۆیان دەلەرێننەوە. بە دیتنی ئەم دیمەنانە بیرێن تازە وئاڵۆز، بەسام و ترسناک لە مێشکما چێدەبوو، بێزاری و ژەهراوی

بوونی ڕوح لە دەوروبەرم دەباری، پڕ بەدڵ حەزمدەکرد هەڵێم و خۆم لەو ژینگەیە دەربازبکەم.

کەلە نانەواخانەکەدا باسی ئەوەم دەکرد گوایە خەڵکانێک هەن دڵسۆزانە لە خەمی ئازادی وشادمانی گەلدان، هاوکارەکانم بەرپەرچیان دەدامەوەو دەیانگوت:

- وانیە، ژنەکان بەجۆرێکی دی باسیان دەکەن!

هاوکارەکانم، زۆر بە توندی و بێ شەرمانە گاڵتەیان پێدەکردم. من ئەگەر تووتەڵە سەگێکی شوومیش بام، خۆم لە سەگێن گەورە بە ئاقڵتر وئازاتر دەزانی. منیش لە هەنبەر تەوس و توانجەکانی وان تووڕە دەبووم. کە بیرم لەژیان دەکردەوە، بۆم دەرکەوت کە بیرکردنەوە لەژیان، ئەگەر لە خودی ژیان قورستر نەبێت، ئاسانتر نییە.هەندێجار ئاگری ڕق و بوغز لە دڵما دەرهەق بەو خەڵکە بەسەبر وحەوسەڵانەی کارم لەگەڵیاندا دەکرد بڵێسەی دەسەند. کە دەمبینی زۆر ملکەچانە تەوس و توانج و جنێوە پیسەکانی ئەربابە نیوەشێت و بێ ئاوەزەکەیان قەبووڵ دەکرد، بەجارێ خوام نەدەما و دەهری دەبووم.

هەر لەم سەروبەندە دژوارو سەختەی ژیانما، ئاشنایەتیم دەگەڵ هزرێکی تازەدا پەیداکرد. هزرێک هەرچەندە پێچەوانەی تەبع و تەبیعەتی من بوو، بەڵام لە ناخەوە هەژاندمی.

لە شەوێکی تۆف وبەفر و زریانا، کە دەتگوت ئاسمان پارچەپارچەبووە و دەڕژێتە سەر زەوی و بەجۆرێ لە بەفرا نقومی دەکات کە جارێکی دی ژیان بە خۆیەوە نەبینێ و هەتاو بەجۆرێ ئاوا دەبێ کە چەلێکی دیکە هەڵنەیەتەوە – لە شەوێکی ئاوادا، لە جەژنی هەفتەی ڕۆنخۆری ( یەکێکە لە جەژنەکانی مەسیحیان کە دوای ڕۆژوو گرتن دێت) لەماڵی دیرنیکوفەوە بۆ نانەواخانەکە دەگەڕامەوە. بایەکی توند لە سەروچاوی دەدام، چاوم دەنووقاند و بە نێو ئەو فەرتەنە وهەراو هەنگامەیەی سروشتدا ملم دەنا. لە ناکاوا پێم هەڵنووتا وکەوتم بەسەر زەلامێکا کەلەسەر شۆستەکە و لەناو پاخوا بەفرەکەدا کەوتبوو. هەردووکمان کەوتینە جنێودان بەیەکدی: من بەزمانی ڕووسی و ئەو بەزمانی فەرەنسی: - دەک ناڵبەندت کوێر بێ، هەی شەیتانی نەعلەتی..

ئەم بویەرە هەستی کونجکاوی هاڕوژاندم، کابرا هەستایە سەرپێیان کابرایەکی کورتەباڵای سووکەڵە بوو، خۆی بە قۆڵمەوە گرت و بە تووڕەیی هاواری بەسەرما کرد:

- کوا شەپقەکەم؟ کوا شەپقەکەم وێدە هەی ناجسنی ناڕەسەن، خەریکە ڕەق دەبمەوە.

کڵاوەکەیم لەنێو بەفرەکەدا دۆزییەوە، تەکاندم، کردمە سەرە زبرەکەی، بەڵام ئەو کڵاوەکەی لە سەری داکەند وکەوتە بادانی، دیسان بە دوو زمانان کەوتە جنێودان، ئەوجا بە هەڕەشەوە گوتی:

- هەیدێ گوم بە لەبەرچاوم!

بە هەشتاو بۆی دەرچوو، تاریکیە چڕەکە قووتی دا، من درێژەم بە ڕێی خۆدا، دوای ماوەیەک تووشی بوومەوە، باوەشی بە ستوونی چرایەکی کوژراوەدا کردبوو و لە کانگای دڵەوە دەیگوت:

- ئاخ لینا، لینا گیان فریام کەوە وا دەمرم!

دیاربوو مەست بوو. خۆ ئەگەر بە جێم هێشتبا بێگومان لە سەرما ڕەق دەبووەوە و دەمرد. لێم پرسی:- لەکوێ دەژی؟

بەدەنگێکی گریاناوی هاواریکرد: - ئێرە کام شەقامە؟ ڕێگام لێتێکچووە، نازانم کێوە بچم.

بەدەستێک کەمەریم گرت و لەگەڵ خۆدا بردم، بەدەم ڕێگاوە پەیتاپەیتا لێم دووپات دەکردەوە:

- ماڵتان لە کوێیە؟

لەکاتێکا وەکو شەقشەقە دەلەرزی، لەبن لێوانەوە گوتی:

- لە بولاک، لە بولاک، نزیکی گەرماوی.. خانووی ژمارە..

بەلادا دەهات، لاقی لە یەکدی دەئالاَن، ڕێگەی لە ڕێکردنی منیش دەگرت. چۆقە چۆقی ددانەکانی سەعاتە ڕێیەک دەڕۆیی. پاڵێکی پێوەنامو لەبن لێوانەوە بە فەرەنسی گوتی: - ئەگەر دەتزانی..

لێم پرسی:- لێت تێناگەم دەڵێی چی؟

وەستا، دەستی هەڵبڕی، بە زمانێکی فەرەنسی ڕەوان، پێم وایە بە شانازییەوە گوتی: - ئەگەر دەتزانی بۆ کوێت دەبەم..

ئەوجا قامکی لە زاری نا، لەناکاوا بەلادا هات، چیوای نەما بکەوێتە سەر عاردی. لە بەردەمیا دانەویمەوە، دام بە کۆڵی خۆما و کەوتمە ڕێ، چەناگە تیژەکەی لە تۆقی سەرم چەقاند و بەدەم پرتە و بۆڵەوە گوتی: - ئەگەر دەتزانی.. خودایە خەریکە ڕەق دەبمەوە!

کە گەیشتینە بولاک، چەند جارێک ئەدرەسی ماڵەکەم لێی پرسی. ئەنجام خۆمان کرد بە ڕاڕەوی خانوویەکی بچووکا، کە بەفر حەوشەکەی پشتەوەی بە تەواوەتی گرتبوو. هەرچۆنێ بوو، هەرچۆنێ بوو دەرگاکەی دۆزییەوە. بە ئەسپایی لە دەرگاکەی دا، بەگوێیدا چپاندم:

- وس، هێواش، دەنگ هەڵمەبڕە.

ژنێکی سوور پۆش، کە مۆمێکی داگیرساوی بەدەستەوە بوو دەرگای کردەوە. خۆی لادایە لاوە و بەبێدەنگی ڕێگای چوونە ژوورەوەی بۆ کردینەوە. ئەوجا لە ئێمە دوور کەوتەوە، عەینەکێکی یەک چاوی لە گیرفانی ڕۆبە سوورەکەی دەرهێنا، لەچاوی کرد و کەوتە نۆڕینی من. پێمگوت:

- لەوە دەچێ بەفر دەستی بردبێت، جلەکانی بگۆڕە لەناو جێگای بنە با بنووێت.

بە دەنگێکی خۆش وگەنجانە پرسی:- بەڕاست.

پێمگوت:- پێویستە دەستەکانی لەئاوی سارد بنەیت.

هیچی نەگوت، بەو عەینەکەی بەدەستیەوە بوو، ئاماژەی بۆ سووچێکی ژوورەکە کرد، لە سووچەکەدا جگەلە ستاندێک کە تابلۆیەکی بەسەرەوە بوو هیچی دیکەم نەبینی، تابلۆکە بریتی بوو لە ڕوبارێک و کۆمەڵێک دار ودرەخت. حایر وحەپەساو لە نزیکەوە ڕوانیمە ڕوو وڕوخساری ئەم ژنە. لێم دوور کەوتەوەو چوو بۆ گۆشەیەکی دی کە مێزێکی لێ بوو، چرایەکی سەر کڵاو پەمەیی لەسەر بوو، هێدی هێدی دەگرا، لەوێندەر لەسەر کورسییەک ڕۆنیشت. وەرەقەیەکی وەلەدی کووپەی هەڵگرت وکەوتە تەمەشاکردنی. بەدەنگی بەرز لێم پرسی:- ئەرێ تۆزێ ڤودگاتان نییە؟

وەڵامی نەدامەوە، کەوتە بڵاوکردنەوەی وەرەقەکان لەسەر مێزەکە، بەڵام ئەو پیاوەی کەمن هێنابوومەوە، لەسەر کورسییەک دانیشت و سەری لەبەرخۆ نا. دەستە سوور هەڵگەڕاوەکانی بەم لاوبەولای کورسییەکەدا شۆڕ بوونەوە. من دەتگوت خەون دەبینم، هیچ لەم ڕەوشە حاڵی نەدەبووم. کابرام لەسەر تەختێک پاڵخست ودەستم بە داکەندنی جلەکانی کرد. دیوارەکەی پاڵ تەختەکە بە کۆمەڵێک وێنە داپۆشرابوو. تاجێکی زێڕین کەبە نەوارێکی سپی بەسترابوو لەنێو ئەم وێنانەوە دەدرەوشایەوە. لەسەر ئەم تاجە، بەپیتی زێڕین ئەم پەیڤانە نووسرابوون: " پێشکەشە بە گیلدای بێ هاوتا. "

لەم کاتەدا، کابرای فەرەنسی کە من دەستەکانیم هەڵدەگڵوفت تا گەرمیان بێتەوە، هاوارێکی کرد:

- هێواش هەی ناڕەسەنی شیر حەرام.

ژنەکە سەرگەرمی کاری خۆی بوو، بە کرِی وەرەقەکانی لەسەر مێزەکە بڵاو دەکردنەوە. دەم وچاوی لە دەم وچاوی پەڕەندان دەچوو. کەپووی لە دەنووکی چۆلەکە دەچوو، چاوەکانی درشت و بێ جووڵە بوون. دەستەکانی، کەلە دەستی کیژانی گەنج دەچوون بەرزکردنەوە تا قژە سپیەکەی، ڕێک بخات، قژەکە ئەوەندە پڕ وچین لەسەر چین بوو لە قژی دەستکرد دەچوو. بەدەنگێکی نەوی ڕوون گوتی:- ئەرێ جۆرج تۆ میشات بینی؟

جۆرج بە هەشتاو خۆی قیت کردەوە، دەڵەکی منی دا، دانیشت وگوتی:- چووە بۆ کییف.

ژنە لەکاتێکا چاوی لە کاغەزەکان نەدەگواستەوە، دووبارەی کردەوە: - بۆ کییف چووە!

هەستم کرد دەنگی یەک نەوا ولەرزۆک وکزە. پیاوە فەرەنسیەکە گوتی:

- بەم زووانە دەگەڕێتەوە.

- بەڕاست؟

- بەڵێ، بەزووترین کات.

ژنەی تاین دووبارەی کردەوە:- بەڕاست؟

جۆرج، بە نیمچە ڕووتی لەسەر تەختەکە ڕاپەڕی بە دوو هەنگاو خۆی گەیاندە نک ژنە خوێنسارد وبێ موبالاتەکە، لە بەردەمیا بە چۆکا هات وبەزمانی فەرەنسی شتێکی پێگوت. بەڵام ژنەکە بەزمانی ڕووسی بەرسڤی دایەوە و گوتی:- من ئاسوودەم، ورەم بەرزە!

ئەوسا جۆرج ئاوڕی لای منی دایەوەوگوتی:

- دەزانی ڕێگام گوم کردبوو، بەفر و زریان بە جۆرێ گومڕای کردم دەمگوت تەواو لە سەرما ڕەق دەبمەوەو دەمرم..

جۆرج بلەز قسەی دەکرد، بەدەم قسانەوە، دەستەکانی ژنەکەی کەلەسەر هەر دوو ئەژنۆیانی دانابوون، نەوازشت دەکرد. تەمەنی هەر چل ساڵان دەبوو، دەم وچاوی سوور، لێوەکانی ئەستوور و سمێڵی ڕەش بوو. جۆرە ترس و نیگەرانیەک بە ڕوخسارە سوورەکەیەوە دیاربوو، بەتووندی دەستێکی بە قژە سپیە تەنکەکەیا، کە دەتگوت بە کەتیرە بە سەرە خڕەکەیەوە لکێنراوە، هێنا و، خەریک بوو بەرەبەرە وەخۆ دەهاتەوە.

ژنەکە دووبارە کەوتەوە قسان، بە ڕاوێژێ کە دیار نەبوو پرسیارە یان ئەمر وفرمان گوتی:

- سبەی بۆ کییف دەڕۆین!

جۆرج بەرسڤی دایەوە:- ئا، بەڵێ دەڕۆین، جارێ بڕۆ بخەوە، بۆناچی بخەویت، شەو درەنگە؟

- میشا ئەم شەو نایەتەوە؟

- نەخێر، بەم تۆفە شەوە، بەم تۆف وکڕێوەیە لە کوێ دێتەوە. هەستە بابڕۆین بخەوەو ئیسراحەت بکە.

ئەوسا چرای سەر مێزەکەی هەڵگرت و کەوتەپێشی ژنەی تاین، بەرەو دەرگایەکی بچووکی برد کە کەوتبووە پشت دۆڵابێکی پڕ لە کتێبانەوە. من ماوەیەکی زۆر بەتەنێ لە ژوورەکەدا مامەوە، گوێم لە جۆرج بوو کەلە ژوورەکەی بەرانبەرەوە بە چپە قسانی دەکرد. بەفر کلوکلو لە جامی پەنجەرەکەی دەدا، گڕی مۆمەکە لەو چاڵاوانەی لە سۆنگەی توانەوەی بەفرەکەدا چێبووبوون، عەکس دەبووەوە. ژوورەکە پڕ بوو لە کەل وپەل، بۆنی گەرمایەکی سەیری لێدەهات، گەرمایەک مێشکی خاو دەکردەوەو ئارەزووی خەوی لەلا دەبزواندی.

ئەنجام جۆرج، چرابەدەست بە لارەلار پەیدا بووەوە. کڵاوەی چراکە بە شووشەی چراکە دەکەوت و تەقەتەقی دەنایەوە. گوتی: - خەوت.

چراکەی لەسەر مێزەکە دانا، وەکو یەکێک دەفکرەوە چووبێ، خەیاڵ بردبێتیەوە، لەناوەندی ژوورەکەدا ڕاوەستا، بەبێ ئەوەی تەمەشای من بکات، کەوتە قسان:

- ئەگەر تۆ نەبای لەگین بوو بمرم.. زۆر سوپاس!.. تۆ کێیت؟

سەری بەلایەکدا خوار کردەوەو گوێی بۆ دەنگی ئەو هەناسەیە شل کرد کەلە ژوورەکەی ترەوە دەهات. بە ئەسپایی لێم پرسی: - ئەم خانمە هاوسەرتە؟

جۆرج، بەدەنگێکی نەوی بەرسڤی دامەوە: - بەڵێ هاوسەرمە، هەموو شتێکمە، هەموو ژین و ژیانمە.

ئەوسا لە کاتێکا تەمەشای ئەرزەکەی دەکرد، بەدەم خوراندنی سەرییەوە پرسی:

- ئەرێ چایەک نەخۆینەوە؟

ئەوجا، بە پەشێوی بەرەو دەرگا چوو، بەڵام لە ئاستانەی دەرگاکەدا بیری کەوتەوە کە کارەکەرەکەیان ماسی زۆر خواردووە، ئینتەلای کردووەو بۆ خەستەخانە براوە. ئەوە بوو گەڕایەوە.

پێشنیازم کرد من سەماوەرەکە پێبکەم، سەری ڕەزامەندی بۆ لەقاندم. ئەوجا وەکو ئەوەی بیری چووبێت نیمچە ڕووتە، بەرەو مووبەقەکە پێشم کەوت، پێیە ڕووتەکانی لەسەر ئەرزە تەڕەکە دەنگدانەوەیەکی تایبەتیان هەبوو. مووبەقەکە بچووک بوو، لەوێندەر پشتی دا بە کوورەکەوە، دووبارە گوتیەوە:- ئەگەر تۆ نەبای من لە سەرما ڕەق دەبوومەوە. سوپاس!

لەناکاوا ڕاپەڕی، هەستایە سەرپێیان. بەچاوانی لە ترسا ئەبڵەق بوو، ڕوانیە من وگوتی:- باشە ئەگەر من بمردمایە ئەم ژنە بەلەنگازە چی دەکرد؟ زۆر شوکور خودایە!

جۆرج، تەمەشایەکی دەرگا تاریکەکەی کرد وبە ئەسپایی گوتی:

- بەخۆت بینیت نەخۆشە. کوڕێکی سازڤانی هەبوو، لە مۆسکۆ خۆی کوشت، ئەم ژنە بەلەنگازە دوو ساڵە، چاوەڕوانی ئەوە کە بێتەوە.

***

دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، بەدەم چا خواردنەوە، بەشیوەیەکی پچڕپچڕ تێی گەیاندم کە ئەم ژنە لە موڵکدارانی گوندی بووە وخۆیشی مامۆستای مێژوو بووە. ئیدی کوڕەکەی ئەم ژنە قوتابی جۆرج بووە، جۆرج کە ئەم ژنەی دیتووە حەزی لێکردووە، ژنەش تەڵاقی لە مێردەکەی کە بارۆنێکی ئەڵمانی بووە، وەرگرتووە و شووی بە جۆرج کردووە، کاری پێشتری ژنەکە ئاوازخوانی بووە لە ئوپرادا. ئیدی ئەم جووتە زۆر بەختەوەر دەبن و یەکیان خۆشدەوێ، بەڵام کۆنە مێردەکەی هەوڵدەدا ژیانیان لێتاڵ بکات.

جۆرج، بەدەم قسەکردنەوە، دەیڕوانیە زەمینەی مووبەقە تاریکەکە کە پارکێتەکانی، بەتایبەتی لەلای کوورەکە وبن دیوارەکانەوە دەبە بووبوو و بۆنیان کردبوو. قومێکی لە چایە گەرمەکە دا، دەمی سووتا، نێو چاوانی تێکنا و، چاوە خڕەکانی بە نیگەرانییەوە تروکاندن. دووبارە لێی پرسیمەوە:

- تۆ کێیت؟ بەڵێ بەڵێ نانەوایت، سەیرە لەوە ناچێ! پێدەچێ، شوێنی گونجاوی خۆت نەدۆزیبێتەوە! بۆچی؟!

جۆرە دوودڵی و نیگەرانیەکم لەقسەکانیا بەدی کرد، بەگومان و کەسەرەوە، لێی دەڕوانیم. کەبە کورتی سەربهوردی خۆم بۆ گێڕایەوە، سەرێکی لەقاند و بە لوتفەوە گوتی: - ئێ، ئێ، کەواتە ئاوا!

لە پڕا وەخۆهاتەوە وپرسی: - تۆ حیکایەتی "بێچووە مراویە ناحەزەکە" دەزانی، خوێندووتەوە؟

ڕوو وڕوخساری بەشێوەیەکی سەیر گۆڕا، بەدەم قسەکردنەوە سات بەسات تووڕەتر دەبوو، دەنگی بە ڕادەیەک بەرز بووەوە، دەتگوت هاوار دەکات، گوتی:

- ئەم حیکایەتە مرۆڤ ڕادەکێشێت، منیش کەلە تەمەنی تۆدا بووم، زۆرجار لەژێر باندۆری ئەم چیرۆکەدا، خۆم بە قازی قولنگ دەزانی.. دەمویست لاسایی بێچووە مراویەکە بکەمەوە. دەبوایە بچمە ئەکادیمیای لاهوتی، کەچی چوومە زانستگە، کە دەڵێم دەبوایە بچمە ئەکادیمیای لاهوتی، هیچ پێت سەیر نەبێ، چونکە باوکم بابایەکی قەشە بوو. ئیدی لەسەر ئەوە حاشای لێکردم. من پاشان لە پاریس مێژووی فەلاکەت وبەدبەختی بەشەرم – واتە مێژووی تەرەقی و پێشکەوتنم خوێند. تەنانەت بەخۆیشم کتێبێکم لەوبارەیەوە نووسی.. بەڵێ ئاوا..

لەناکاوا لەسەر کورسیەکە ڕاجفری، سەری قوت کردەوە، تاوێک گوێی هەڵخست. ئەوسا لەسەری ڕۆیی:

- خەڵکی زاراوەی تەرەقی و پێشکەوتنیان بۆ خۆ گەوجاندن داهێناوە! خۆیانی پێ دەخاپێنن! ئەم ژیانە نە مانای هەیە نە لۆژیک. پێشکەوتن بەبێ کۆیلایەتی نایەتەدی. بەبێ چەوساندنەوەی زۆربە لەلایەن کەمینەی خەڵکییەوە، ژیان دەوەستێ، ، بەشەرییەت هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات و لەجێی خۆی دەچەقێت، ئێمە کە هەوڵدەدەین گوایە ژیانی خۆمان ئاسان بکەین، کاری خۆمان ئاسان بکەین، بەڵام بەوە نەک ژیانی خۆ ئاسان و خۆشناکەین، بەڵکو دژوارتر وئاڵۆزتری دەکەین. کارخانە وئامێران، لە پێناوی بەرهەمهێنانی کارخانە وئامێرانی زیاترە، ئەمە کارێکی ئاقڵانە

نییە، ڕۆژبەڕۆژ ژمارەی کرێکاران زیاد دەبن، لەکاتێکا ئێمە زیاتر پێویستمان بە جووتیارە تا دانەوێڵەی زیاتر بەرهەم بێنن، خوراک و دانەوێڵە گرینگ ترین خوراکێکە کە پێویستە مرۆڤ بەڕەنجی شان لە تەبیعەتەوە بەرهەمی بێنێت. تا مرۆڤ پێویستیانی کەمتر بێ ژیانی خۆشترو ئاسوودەتر دەبێ، تا پێویستیانی ژیانی زۆرتر بێت، ئازادیەکانی کەمتر دەبنەوە..

من پێشتر وبەم ڕاشکاویە ئەو بیر و هزرینە سەیر و ئاڵۆزانەم نەژنەوتبوو. یەکەمجار بوو گوێم لەو قسانە دەبوو. کابرای فەرەنسی گوڕی بەستبووەوەو بەدەنگی بەرز وهەڵچوونەوە قسەی دەکرد و بەترس و نیگەرانیەوە دەیڕوانیە ئەو دەرگا کراوەیەی کە دەچووە سەر ژوورەکانی دی، ئەوجا کەمێک بێدەنگ دەبوو، گوێی هەڵدەخست ودووبارە، تێهەڵدەچووەوە و بە نیمچە تووڕەییەک دەیگوت:

- گوێ لەم قسانەی من بگرە و وەکو گوارە لە گوێی بکە. کەس نییە پێوسیتی بە شتی زۆربێ، هەرکێیەک بگری پارووە نانێک و ژنێکی بەسە.

قسەکانی دەربارەی ژن زۆر ئەفسووناوی بوون، تا ئێستا گوێم لەوجۆرە قسانە نەبووبوو، لەمانای وشەکانی حاڵی نەدەبووم، شیعری ئەوتۆی تێهەڵکێشی قسەکانی دەکرد کە تا نهو نەم بیستبوون. لە ناکاوا هەستم بە لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئەم وباشکینی دزدا کرد. بە چپەوە کۆمەڵێک ناوی برد کە هیچم دەربارەیان نەدەزانی. لەوانە:- بیاتریس، ڤیامیتا، لورا، نینون.

باسی کۆمەڵێک پاشا و شاعیرانی ئاشق و داستان سەرای بۆ کردم، چەند شیعرێکی بە فەرەنسی بۆ خوێندمەوە، بەدەم خوێندنەوەی شیعرەکانەوەو بە گوێرەی وەزن وڕیتمی شیعرەکان دەستەباریکەکانی کەتا ئانیشکان هەڵیکردبوون، دەجووڵاند. لەناکاوا بە هەڵچوونەوە گوتی:

- خۆشەویستی و برسێتی دنیا بەڕێوە دەبەن.

بیرم کەوتەوە کە ئەم وشانەم لە کتێبێکی شۆڕشگێڕانەدا بەناونیشانی (پاشا – برسیەتی) خوێندبوونەوە، ئەمە کردیە کارێک بەڕێزێکی زیاترەوە بڕوانمە ئەم پیاوە. دووبارە بە هەڵچوونەوە هاواریکرد و گوتی:- خەڵکی عەودالی فەرامۆشی و ڕابواردنن، نەک زانست و مەعریفەت!

ئەم بیرۆکەیەی دوایی بەجارێ مەندەهۆشی کردم.

***

سپێدە زوو لە مووبەقەکە وەدەرکەوتم. سەعاتە چکۆلە دیواریەکە شەش وچەند خولەکێکی نیشاندەدا. بەو شەوەکیە (بەرەبەیانی، شەبەقی) بەناو بەفر و حەڕیان کەوتم، گڤ وهۆڕی بایەکە، هاوار و تووڕەیی ئەم کابرا دڵشکاوەی وەبیرم دێنایەوە کە دوێشەوم لەگەڵیا بەسەر بردبوو. هەستم دەکرد قسەکانی ئەو لە ئەوکم گیراون وهەرچی دەکەم بۆم قووت ناچێت وخەریکە دەمخنکێنێت. حەزم نەدەکرد بۆ نانەواخانەکە و بۆلای هاوڕێ کرێکارەکانم بزڤڕمەوە. ئیدی هێدی هێدی بە گەڕەکی تاتارەکاندا دەسووڕامەوەو بەفر بەسەر شان و ملمەوە کەڵەکە دەبوو و سات بەسات زۆرتر دەبوو، ئەنجام دنیا بەتەواوی ڕوناک بووەوە، ئیدی خەڵکی بەدیار کەوتن و وەکو تاپۆ بەناو بەفران کەوتن.

ئیدی جارەکی دی کابرای مامۆستای مێژووم نەبینییەوە و حەزیشم نەدەکرد بیدینمەوە. بەڵام پاشان لەزۆر کەسی دیم دەژنەوت کە ژیان پووچە، هیچی تیا بەسەر نییە و کارکردن و ڕەنجدان بێهودەیە. ئەم قسانە زیاتر لەلایەن خەڵکانی نەخوێنەوار وئاوارە و سەرگەردان و خانە بەکۆڵانەوە، دەکران. هەروەها مورید و پەیڕەوانی تولستوی، شارستانیانی خوێنەوار، ڕوحانیان، مامۆستایانی کیمیا بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر تەقەمەنیان کاریان دەکرد، زانایانی زیندەوەرناسی و زۆری دیکە، داکۆکیان لەو بیر وبۆچوونە دەکرد و هەمان ئەو قسانەیان دەکرد. بەڵام ئەم بیروبۆچوون و هزرانە، وەکو یەکەمجار کاریان تێنەدەکردم، وەکو هەوەڵجار ماندوویان نەدەکردم.

ساڵێک یان دووساڵ لەمەبەر ( واتە نزیکەی سی ساڵ دوای یەکەم گفتوگۆم دەگەڵ مامۆستاکەی مێژوودا ) من هەمان بیروبۆچوونی ئەوسام، بەهەمان فرمۆلە و گوزارشتەوە، لە زاری یەکێک لە هاوڕێ کۆنەکانمەوە کە کرێکار بوو، دووبارە بیستەوە. ڕۆژێک کەوتینە گفتوگۆیەکی زۆر جدییەوە، ئەو پیاوە کە ناوی خۆی نابوو " گەورە سیاسەتوان "، بەدەم بزیەکەوە و بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە، کە من ئەو ڕاشکاویەم تەنیا لە ڕووسان بینیوە، گوتی:

- ئەلکسی ماکسیموفیچی ئازیزم، من لەم دنیایەدا نە زانست، نە زانستگە و نە فڕۆکەم ناوێ، ئەمانە هەرهەمووی زیادە، دەبنەبار بەسەر پیاوەوە، هیچ یەکێک

لەوانەم ناوێت. تەنیا کوختەیەک و ژنێکم دەوێ کە هەرکاتێ حەزم لێبوو ماچی بکەم و ئەویش ئابروومەندانە، بەجەستە وبە ڕوح بەدەنگمەوە بێت وتەواو. ژیان هەر ئەوەیە وتەواو. تۆ ڕۆشنبیرانە دەهزریت، بۆیە بەیەکێک لە ئێمەمانان نایەیتە ژماردن. تۆ ژهراوی بوویت. بەلای تۆوە ئایدیا زۆر لە خەڵکی و لە میللەت گەورەترە. تۆ وەکو جوولەکان دەهزریت – بەشەر تەنیا بۆ خوا پەرستی ڕۆژانی شەممە دروستبوون. ( ئامارژەیە بۆ جەژنی هەفتانەی کەلیمییەکان کە دەکەوێتە ڕۆژی شەممەوە ).

من بەرسڤم دایەوە:- جوولەکەکان وا بیرناکەنەوە..

ئاغزە جگەرەکەی تووڕ دایە ناو ڕوبارەکە. بەبێدەنگی ڕوانیە ئاغزە جگەرەکەی کەبەدەم شەپۆلەکانەوە سەمای دەکرد وگوتی:

- مەگەر هەر شەیتان بزانێ چۆن بیر دەکەنەوە، لەوە توێدارترن پیاو لێیان تێبگات.

ئەمڕۆ هەردووکمان، چونکە هیچ کارێکی بەسوودمان ئەنجام نەدابوو، زۆر پەست و نارەحەت بووین، بۆ شەوەکەی، کە هەیڤەشەوێکی پاییزی بوو، لە کەناری ڕوباری نیڤادا، لەسەر سەکۆیەکی بەردین دانیشتبووین. هەردووکمان پەست و ماندوو بووین، هاوڕێکەم لە فکران ڕاچوو و بەکاوەخۆ گوتی:

- ڕاستە تۆ لەگەڵ ئێمەدایت، بەڵام لە ئێمە نیت. هەربەینی خۆمان بێ ڕۆشنبیران، سەریان لە گۆنگڵان دەخورێت، هەمیشە هەر لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا بوون، وەکو چۆن مەسیح کەسێکی ئایدیالی بوو و لەپێناوی ئەو دنیا دەخەبتی، ڕۆشنبیرانیش بەو ئاوایە لەڕای یوتوپیادا دەخەبتن. خەڵکێن توباوی ڕادەپەڕن و خەڵکی مێمڵ و مشەخۆر و ئەشقیا و خوێڕی و تۆڕی بەگەڵیان دەکەون، ئەمانە بۆیە ڕادەپەڕن و شۆڕش دەکەن، چونکە هەست دەکەن لە ژیانا هیچ جێگە و پێگەیەکیان نییە. کرێکاران بۆیە شۆڕش دەکەن تا حکوومەتێکی شۆڕشگێڕ بێتە سەر حوکم و کەرەستە وبەرهەمی کار بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت. وەختایەک دەسەڵات بە تەواوی بگرنەدەست پێتوایە بە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی حکومەت ڕازی دەبن؟ نەخێر! هەریەکە بەلایەکدا دەڕوات و بۆخۆی لەپێناوی خۆیدا سووچێک دەگرێت.. ئامێر وسەنعەت دەڵێی؟ ئەمە پەتی ملمان توندتر دەکات، لە ملمانی دەجەڕێنێ، باری

سەرشانمان قورستر دەکات. نەخێر دەبێ خۆمان لە کاری زیادە بەدوور بگرین. مرۆڤ پێویستی بە ئاسوودەیی و ئیسراحەت هەیە. کارخانان و زانست ئەمەمان بۆ دابین ناکات. مرۆڤ کەهەرخۆی بوو پێویستی بە شتی زیادە نییە. منێک کە ماڵێکی بچووکم بەس بێت، ئیدی بۆ شارێن مەزن دروست بکەم؟ مرۆڤ لە هەرکات و شوێنێکدا بەکۆمەڵ ژیا پێویستی بە ئاوی بەلۆعە دەبێت، پێویستی بە زێراب، بەکارەبا و ئەوجۆرە شتانە دەبێت. تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، ئەگەر مرۆڤ دەستبەرداری ئەوجۆرە شتانە ببێت، بزانە چەند ئاسان وخۆش دەژی! زۆرشتی ژیانی ئێمە زیادن زیاد، هەرهەمووشی لە سۆنگەی ڕۆشنبیرانەوەیە. بۆیە ئەز دبێژم کە ڕۆشنبیران چینێکی موزیرِی کۆمەڵگەن.

پێمگوت، هیچ میلەتێک ناتوانێ وەکو ئێمەی ڕووسان بەمجۆرە بێ مانایە بژی، ژیان لە هەر مانایەک ڤالآ بکاتەوە. هاودەمەکەم زەردەخەنەیەکی بۆکرد وگوتی:

- ئێمەی ڕووس لەباری ڕوحیەوە ئازادترین خەڵکی سەر ڕووی زەوین. لێم مەگرە، ئەوەی من دەیڵێم تەواوە، ملیۆنان خەڵکی ڕووس وەکو من بیردەکەنەوە، لێ ناتوانن، نازانن چۆن گوزارشتی لێبکەن.. پێویستە تا دەکرێت ژیان سادە و ئاسانتر بکەین، ئەوسا ببینە خەڵکی چەند خۆش دەژین، چۆن ژیانیان لەلا خۆشەویست دەبێت..

ئەم پیاوە تولستۆیست (مورید و پەیڕەوی تولستوی) نەبوو، هیچ مەیل وئارەزوویەکی ئەنارشیستی نەبوو، زۆرچاک دەمناسی، ڕەوشی گەشەکردنی فیکری ئەوم دەزانی، دوای ئەو گفتوگۆ و گەنگەشەیە ناچار دەبیرەوە چووم: " تۆ بڵێی ئەو ملیۆنان خەڵکە، تەنیا بۆ ئەوە بچنە ژێرباری قورس و زەحمەت و عەزابی شۆڕش، چونکە لەدڵی خۆدا، بە ئومێدی ئەوەن لە ئیش و کار ڕزگاربن؟ کەمترین ڕەنج بدەن و زۆرترین خۆشی و لەزەت بدینن! شتی وا چۆن دەبێ، ئەمە خەیاڵ پڵاوێکی خۆشە، بەڵام زوو کەڕوو هەڵدێنێت، مەحاڵە بێتەدی، شتێکی تۆباوییە.

لێرەدا، شیعرێکی هنریک ئەپسنم بیرکەوتەوە ( هنریک ئەپسن ١٨٦٨ – ١٩٠٦ شانۆنامە نووسێکی نەرویجییە) کەدەڵێت:

دەڵێی من بووم بەکەسێکی کۆنەپارێز ومحافزکار

نەخێر من هەر وەکو خۆم ماومەتەوە

لەوانە نیم کە دەیانەوێ گەمە بە داشان بکەن
بەڵکو دەمەوێ هەموو گەمەکەم تێک بدەم
گەمەکە ڕابگرن
من تەنیا یەک شۆڕشم لەبیرە
کەلە هەموو شۆڕشەکانی دواتر
دروستتر بوو
بووە مایەی شانازی قارەمانەکانی
شۆڕشێک بوو، لافاوە گەورەکەی
لەگەڵ خۆدا هەڵگرتبوو
شەیتان پێی خەڵەتا
نووح بوو بە دکتاتۆری سەر
کەشتیەکە
دەی گەلۆ، با سەرلەنوێ تاقیبکەینەوە
با بۆ ئەم کارە، جەنگاوەر و
وتاربێژان پەیدا بکەین
بەڵێ، ئێوە لافاوێکی دیکەی گەورە
بەرپابکەن، کە دنیا بداتەبەر،
ڕای بماڵێت
هەنگێ تەمەشاکەن، من بە چ
شادییەک بومبایەک دەخەمە
ژێر کەشتیەکەوە و

دەیتەقێنمەوە!

***

دەستکەوت وداهاتی دووکانەکەی دیرنیکوف یەجگار کەم بوو. بەڵام ژمارەی ئەو کەس و پرۆژانەی کە پێویستیان بە کۆمەکی دارایی وپارە بوو، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبوو.

ئاندریێ، سەری لەبەرخۆ دەنا، دەستی بە ڕدێنەکەیدا دێنا ودەیگوت: - دەبێ بیر لە چارەیەک بکەینەوە.

ئەوسا لەڕووی ناچارییەوە بزەیەکی بۆ دەکرد یان هەناسەیەکی هەڵدەکێشا. کە تەمەشای ئەو پیاوەم دەکرد، وەکو مەحکوومێکی ئەبەدی، مەحکووم بە کارێن قورس لەپێناوی بەشەران دەهاتە بەرچاوم، هەرچەندە خۆی لەگەڵ ئەم حوکمەدا ڕاهێنابوو، بە خوایشتی خۆی چووبووە ژێرباری، بەڵام هەندێجار زۆر لەشانی گران دەبوو. من زۆرجار و بەشیوازی جیاواز لێم دەپرسی:- باشە بۆ ئەم کارە دەکەیت؟

وادیاربوو، لەمانای پرسیارەکەم نەدەگەیی، هەمیشە وەڵامی پچڕپچڕ و فامنەکری دەدامەوە. بۆ نموونە بە زمانێکی ئەدەبی سەختفام باسی دژواری و ناڕەحەتی ژیانی جەماوەری خەڵکی دەکرد، باسی گرینگی و زەرووەرەتی فەرهەنگ و زانست وخوێندن وفێربوونی دەکرد.

کە لێم دەپرسی:- باشە خەڵکی عەودالی فەرهەنگ و زانستن، حەزی لێدەکەن؟

دەیگوت:- ئەی مەعنای چی، هەر تەمەشای خۆت بکە، تۆ حەزی لێناکەیت؟ حەزی لێدەکەیت و زیاتریش.

بەڵێ من حەزم لە زانست و خوێنەواری دەکرد. بەڵام من هەمیشە قسەکانی یارۆی مامۆستای مێژووم وەبیر دەهاتنەوە کە دەیگوت:- خەڵکی عەودالی خودفەرامۆشی وڕابواردنن، نەک زانست و مەعریفەت!

ئەم جۆرە بیروهزرە توندوتیژانە لەوە خەتەرترن بخرێنە مێشکی هەرزەکارانی هەڤدە ساڵانەوە. ئەو بیرانە نە مێشکی هەرزەکارەکان دەکەنەوە نە خەڵکیش سوودیان لێوەردەگرن.. ئیدی گەییمە ئەو قەناعەتەی کە خەڵکی بۆیە حەز لە حیکایەت و چیرۆکی خۆش دەکەن و گوێی لێدەگرن بۆ ئەوەی هەرنەبێ بۆماوەی سەعاتێ خۆ فەرامۆش بکەن و لە ژیانی سەخت و دژواری باوی ڕۆژانەی خۆیان

دووربکەونەوە. چەند لایەنی فانتازی و خەیالاوی ئەم چیرۆکانە زیاتربێت، خەڵکی بەتاسەی زیاترەوە گوێی لێدەگرن یان دەیخوێننەوە. ئەو کتێبانە بە ڕەواجترن کەلایەنی خەیاڵیان زاڵترە.. بەکورتیەکەی من لە مژ ودوومانێکی بێ مانادا مەلەم دەکرد ودەژیام."

دیرنیکوف بڕیاری دا نانەواخانەیەک بکاتەوە. ئەوەندەی لەبیرم بێ دوای لێکدانەوەو حیساب و کیتابێکی ورد گەییە قەناعەت کە هەر ڕوبڵێک لەسەدا سی وپێنج قازانجی دەبێت. بڕیاردرا من لەوێ وەکو خەلفە، یان یاردیدەدەری وەستا کاربکەم، بەحوکمی ئەوەی "یەکێکم لە شانەکە" دەبوایە وەکو خاوەن ماڵ چاودێری نانەواو کرێکارەکان بکەم کە ئارد، ڕۆن، هێلکە و کەرەستەکانی دیکەی شیرینی سازی نەدزن.

بەوجۆرە لە ژێرزەمینە گەورە پیسەکەوە، گواستمەوە بۆ ژێرزەمینێکی بچووکتر و پاکتر، ئیدی یەکێک لە ئەرکە تازەکانی من ئەوە بوو کە پاک وخاوێنی دووکانەکە ڕابگرم. ئیدی لەجیاتی ئەوەی لەگەڵ گروپێکی چل کەسیدا کاربکەم، لێرە لەگەڵ یەک کەسدا کارم دەکرد. ئەم پیاوە لا جانگەکانی بۆز بووبوون، ڕدێنێکی درێژی نووک تیژی هێشتبووەوە.دەم وچاوی باریک و لێڵ، چاوانی خەواڵوو، دەمێکی سەیری هەبوو، بچووک وەکو دەمی ماسی، لێوەکانی ئەستوور بەجۆرێ خڕی کردبوونەوە، لەتۆوایە خۆی بۆ ماچ ئامادە کردووە. پرشنگێکی کومێدی لەچاوانی دەبووەوە. هەڵبەتە دزی دەکرد، هەر لەیەکەم شەوەوە، دە هێلکە، نزیکەی کیلۆیەک زیاتر ئارد و پارچەیەک کەرەی خستەلاوە. لێم پرسی:- ئەمەت بۆ چییە؟

بەرسڤێکی دۆستانەی دامەوە وگوتی:- ئەمەم بۆ کیژێکە.. بۆ کیژێکی جوانی دەبەم!..

نێوچەوانی تێکنا ولەسەری ڕۆیی:- بۆ کیژێکی بچکۆلەی جوان!..

هەوڵمدا تێی بگەیەنم دزی لە هەموو دنیادا هەر تاوانە. بەڵام وادیاربوو، نەمتوانی قەناعەتی پێ بێنم، یان خۆم قەناعەتم بە قسەکانی خۆم نەبوو، بۆیە هیچ کاردانەوەیەکیان لێنەکەوتەوەو قسەکانم بە با چوون.

وەستای دز، لەسەر مشەمای سەر هەویرەکە ڕاکشا و لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە ئەستێرەکان و لەبەرخۆیەوە دەی پرتاند ودەیگوت:

- ئەو من فێر دەکات، یەکەمجارە دەمبینێ و ئامۆژگاریم دەکات، چۆلەکەکەی ئەمساڵ بەوەی پار دەڵێ تۆ جووکەجووک نازانیت. وەڵڵا بابە خۆشە، ئاخر من سێ عەمری تۆم هەیە!

دوای ئەوەی لە تەمەشای ئەستێرەکان بووەوە، لێی پرسیم:

- لەوە دەچێ تۆم لە شوێنێک دیتبێ. پێش ئێرە لەکوێ کارت کردووە؟ لەلای سیمینوف؟ لەو شوێنە کە کرێکارەکانی مانیان گرتبوو؟ سەیرە!.. کەواتە لەخەوا دیتوومیت..

دوای چەند ڕۆژێک بۆم دەرکەوت ئەم پیاوە لە ڕادەبەدەر خەوخۆشە. دەتوانێ هەرچۆنی بوێ و لەهەر شوێنێکا بێ بخەوێت، دەتوانێ بە پێوە بخەوێ، بە کەرەکەکەی دەستیەوە بخەوێت. کە دەخەوت، برۆکانی بەرز دەبوونەوە، سەروسیمای بە شێوەیەکی کومێدی دەگۆڕا. قسەی دڵخوازی ئەو باسی گەنجێن شاراوەی بن عاردی وخەونان بوو. بە قەناعەتەوە دەیگوت:

- من قووڵاییی زەوی دەبینم. ناخی زەوی پڕە لەگەنج. هەرهەمووی باوڵ و سەندوقێن پڕ لەزێڕ و زیو وجەواهیراتە. ناوبەناو خەون بە هەندێ شوێنەوە دەبینم کە وەکو ناولەپی خۆم دەیان ناسم. جارێکیان لە خەوما گەرماوێکم بینی، لە سووچێکی حەمامەکەوە، سەندوقێکی پڕ لە زیو شاردرابووەوە. بلەز لەخەو ڕابووم، یەکسەر بۆ ئەوێندەر چووم، تاریکە شەوێک بوو چاو چاوی نەدەبینی. کەوتمە هەڵکەندنی ئەرزەکە، زۆرم هەڵکەند، نزیکەی گەزێکم هەڵکەند، چی بدۆزمەوە باشە؟ کۆمەڵێک ڕەژوو وکاسەسەری سەگێک. لەدڵی خۆما گوتم تەواو دۆزیمەوە! لەناکاوا شووشەی پەنجەرەیەک هاڕەی کرد وشکا. ژنێک یەکسەر، یەک بەخۆی هاواریکرد: "ئەهای پاسەوان، فریاکەون، ئەو دزە بگرن.." باش بوو زوو هەڵاتم دەنا بیرازێکی باش دەکرام. سەیرە ها!

زۆرجار ئەم دەستەواژەیەم "سەیرە ها! " لێدەبیست، بەڵام ئیفان کوزمیچ لوتونین بەخۆی پێدەکەنی، نێوچاوانی تێکدەنا، کونە کەپووانی دەکرانەوە، چاوەکانی دەهاتنەوە یەک و کەپووی گرژ دەبوو.

خەونەکانی جوان وبالْکێش نەبوون، بەلْکو وەکو واقیع تالْ و ناخۆش بوون، ئێستاشی پێوەبێ، تێنەدەگەیشتم بۆچی بەو ئاو وتاوە، بەو شەوق وزەوقەوە ئەو خەونانەی دەگێڕایەوە، کەچی حەزی نەدەکرد باسی ئەو بویەرانە بکات کەلە دەوروبەری خۆیدا ڕوویان دەدا. (لە ئاخر وئۆخری نەوەتەکاندا، لە گۆڤارێکی شوێنەوارناسیا، وتارێکم خوێندەوە کە گوایە لوتونین – کوروفیاکوف لە شوێنێکی بازێرۆکی شیستوبول دا، جەرەیەکی پڕ لە سکەی عەرەبی دۆزیوەتەوە.م. گۆرکی ).

***

خەلْکی شار هەموو خرۆشابوون، کیژی بازرگانێکی چای، بازرگانێکی بەنێوبانگ، کەبە تۆبزی بەمێرد درابوو، دوای ئاهەنگی مارەبڕینەکەی لە کلْێسادا، یەکسەر خۆی کوشتبوو، ئیدی هەموو شار خرۆشابوو، چەند هەزار گەنجێک خڕبوونەوەو بەشداری بەرێکردنی جەنازەکەیان کرد، خوێندکارەکان وتاریان لەسەر گلْکۆکەی خوێندەوە. لەکۆتاییدا پۆلیس بلاوەی پێکردن. خەلْکانێکی زۆر لە دووکانە بچووکەکەماندا بەدەنگی بەرز باسی ئەم کارەساتەیان دەکرد، ژوورەکەی پشت دووکانەکە پڕبوو لە خوێندکارانی شۆڕشگێڕ، دەنگی پڕسۆز وگودازیان، پڕ تووڕەیی و ناڕازیان دەگەییە ژێرزەمینەکە. لوتین گوتی:- گوێی ئەم کچەیان بە مندالْی باش ڕانەکێشاوە.

ئەوجا کەوتە گێڕانەوەی خەوێکی خۆی وگوتی:

- لە خەونمدا، لەقەراخ گۆلێک ڕۆنیشتبووم و خەریکی ماسی گرتن بووم، لەناکاوا پاسەوانێک پەیدابوو و تێی خوڕیم: " بوەستە، ئەوە چ دەکەی لێرە، چۆن لێرە ڕاوەماسی دەکەی؟ " هەرچی سەرم هێنا وسەرم برد، دەرەتانی هەلاتنم نەبوو، ناچار خۆم هەلْدایە ئاوەکەوەو خەبەرم بووەوە.

هەرچەندە ئەم هاوڕێیەم واقیعبین نەبوو، زۆر دووربوو لە واقیعەوە بەلام وێڕای ئەوەش دوای ماوەیەکی کەم هەستی کرد لە نانەواخانە و شیرینی خانەکەی دیرنیکوف دا شتێکی نائاسایی هەیە، دوو کیژ لە دووکانەکەدا کاردەکەن و خزمەتی مشتەرییەکان دەکەن، هەرچەندە ئەوکارە بۆ ئەوان دەستی نەدەدا، چونکە خوێنەوار و کتێب خوێن بوون. یەکێکیان خوشکی خاوەن دووکانەکە، واتە دیرنیکوف بوو، ئەوی دیکەیان دەستە خوشکی بوو، ئافرەتێکی بالابەرزی سەرگۆنا ئالْ و نیگاگەرم و چاوجوان بوو. خوێندکارەکان هەموو ڕۆژێ دەهاتن ولە ژوورەکەی پشت دووکانەکەدا

دادەنیشتن و بابەتێکیان دەکردەوە و بەدەنگی بەرز گەنگەشەیان دەکرد و هەندێجار بە چپە ولەبن لێوانەوە قسانیان دەکرد. ئاغا زۆر بەکەمی دەهات بۆ ئێرە، چونکە منی " شاگردو خەلفە " کاروباری دووکانەکەم بەڕێوە دەبرد و بەخاوەنی دووکانەکە دەژمێردرام.

لوتونین، لێی پرسیم:- تۆ خزمی ئەربابی؟ یان دەیەوێ بتکات بە زاوای خۆی وانییە؟ سەیرە ها! باشە ئەم خوێندکارانە بۆچی هەمیشە لێرەن؟ لەبەر ئەو دوو کچە دێن؟ ئەها.. ڕەنگە وابێت. خۆ ئەو کچە خانانە جوانیش نین. پێموایە خوێندکارە گەنجەکان ئەوەندەی نان خۆربوون، ئەوندە تۆلاز نەبووم. (تۆلاز: لاوی چاولەوەڕێن و مێباز).

سەیر ئەوەبوو هەموو بەیانیەک، لەبەینی سەعات پێنج و شەشدا، کچێکی لاق کورت دەهاتەبەر پەنجەرەی نانەواخانەکە، ئەم کچە، خڕ لە تۆپ دەچوو، کە دیقتت دەدا لە خەرارە گندۆرە دەچوو، لە قەراخ پەنجەرەکە دادەنیشت ولاقە ڕووتەکانی شۆڕ دەکردەوە، بەدەم باوێشکدانەوە هاواری دەکرد: - ڤانیا! ( ڤانیا سووکەڵە ناوی ئیڤانە).

سەرپۆشێکی ڕەنگینی بەسەرەوە بوو، قژە خەنەییە لوولەکەی لەژێر سەرپۆشەکەیەوە هاتبووە دەرێ، چین چین کەوتبووە سەر هەنیە چاڵەکەی و گۆنا ئاڵەکانی و ناوبەناو دەکەوتە سەرچاوە خەواڵووەکانی، بەدەستە چکۆلەکانی قژەکەی لەسەرچاوی لادەبرد. قامکەکانی زۆر سەیر بوون، وەکو قامکی منداڵی نۆزاو هەمیشە کرابوونەوە. زۆرجار لەخۆم دەپرسی: " ئەرێ پیاو دەتوانێ لەگەڵ کچێکی واهیدا باسی چ بکات؟ کە ئەو دەهات، من وەستاکەم بێدار دەکردەوە. بەپیریەوە دەچوو و لە کچۆڵەکەی دەپرسی: - ئەمە خۆتی، هاتیت؟

- باش خەوتیت؟

- ئەرێ.

- لەخەوتا چیت بینی؟

- لەبیرم نەماوە.

شار، هێمن و ئارام بوو. بەلام نازانم لە کوێندەرەوە خشەخشی گسکدان دەهاتەگوێ، کێشکە و چۆلەکان تازە لەخەو ڕابوو بوون وبە جریوە جریو کەوتبوونە سەر سوانە وحەوشە وبانان، تیشکی گەرمی ڕۆژ خۆی لە شووشە و پەنجەران هەڵدەسوو. من ڕۆژی

وام زۆر لەلا خۆشبوو. وەستا، دەستە تووکنەکانی لە پەنجەرە کراوەکەوە بردنە دەرێ و کەوتە نەوازش و ختووکەدانی لاقەکانی کچۆڵەکە، ئەویش بەوپەڕی خوێنساردی و بێ موبالاتیەوە خۆی بۆ شل دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ بزەیەکی بێتێ، تەنیا چاوە مەڕییەکانی، دەتروکاندن.

لوتونین، پێی گوتم: - پشکوف کولێرە بەڕۆن وکولیچەکان دەربێنە برژاون. منیش پلێتە ئاسنەکانم لە فڕنەکە دەردێنا. وەستا نزیکەی نیو دەرزەن کێک و نان و کولیچەی هەڵدەگرت و دەیخستە کۆشی کچۆڵەکەوە. کچەش کێکە گەرمەکەی ئەم دەست و ئەودەست دەکرد، ئەوجا بە ددانە زەردەکانی کەلە ددانی مەڕ دەچوون قەپی پێدا دەکرد، دەمی دەسووتا، تووڕە دەبوو، هاواریدەکرد. وەستا بە میهر و مەحەبەتەوە تەمەشای دەکرد و، دەیگوت: تەنوورەکەت دادەوە بێ شەرم!

کە کیژێ دەڕۆیی، وەستا لەبەردەم منا دەکەوتە تاریف و ڕاانانی خۆی ودەیگوت: - خۆ دیتت، ڕێک لە بەرخی بەهارەی کوڵکن دەچێت! براله من کەسێکی بێ زەوق نیم، حەزم لە ژنی بەمێرد نییە، تەنیا دەگەڵ کچاندا پەیوەندی دەگرم. ئەمە سیازدەمین ماشقەی منە. ئەمە زڕکیژی نیکیفوریچی پاسەوانە.

کە ئەو هەموو کەیف و شادمانییەی ئەوم دەبینی لە دڵی خۆدا دەمگوت، باشە منیش دەبێ واهی بژیم؟

هەرکە نانە سپیەکان دەبرژان و لە فڕنەکە دەردەهێنران، کەبە کیلۆ دەفرۆشران، دە دوازدە نانم دەخستەسەر تەختەیەک و بۆ دووکانی شیرینی فرۆشیەکەی دیرنیکوفم دەبرد. دوای ئەم کارە دەگەڕامەوە، زەمیلەیەکی گەورەم کە سی کیلو نان و کێک و کولیچەی دەگرت، پڕ دەکرد و بە هەشتاو بۆ ئەکادیمیای لاهوتیم دەبرد، تا فریای تێشتی خوێندکارەکانی بخەم. ئیدی لە ڕاڕەوەکەی بەردەم هۆڵە گەورەکەی نانخواردنا دەوەستام، ئیدی بە قەرز وبەنەخت نان وکولێرەم بە خوێندکارەکان دەفرۆشت و بەدەم ئەو کارەوە گوێم لە هەموو ئەو گفت وگۆ وگەنگەشانە دەگرت کە دەربارەی تولستوی دەکران، یەکێک لە مامۆستایەکانی ئەکادیمیاکە کەنێوی گوسیف بوو، دژمنی سەرسەختی تولستوی و ڕێنماییەکانی ئەوبوو. هەندێجار کتێبانم دەخستە بن نانەکانەوەو لەگەڵ خۆدا دەمبرد، بەدزییەوە دەمدان بەم یان بەو خوێندکار، هەندێجاری دیکەش خوێندکارەکان بڵاوکراوە وکتێبانیان بە دزییەوە دەپەستایە ناو

زەمیلەکەمەوە. هەفتەی جارێکیش دەبوایە هەندێ دوورتر بڕۆشتبام، دەبوایە بۆ شێتخانە بڕۆم. دەبوا نانم بۆ ئەوێندەر ببردایە، لەوێ دکتۆرێکی پسپۆڕی دەروونناسی هەبوو بەنێوی بیختیروف، لەوێ دەرسی شەرح دەکرد و نەخۆشەکانی وەکو نموونە بە خوێندکارەکان نیشاندەدا. ڕۆژێک باسی نەخۆشێکی بۆ خوێندکارەکانی دەکرد کە تووشی شێتاتی خۆبە زالزانی بووبوو. ئەم نەخۆشە پیاوێکی درێژداهۆڵی باریک و بنێس بوو، سەراپا سپی پۆش بوو، جلکی خەستەخانەی لەبەربوو، کڵاوێکی قووچی لەسەر بوو کەلە شێوەی گۆرەویدا چنرابوو، کە بەو حاڵەوە گەییە بەردەرگای هۆڵی محازەرەکە، بەدەستی خۆم نەبوو، بزەیەکم هاتێ. بەڵام ئەو بەدەم ڕێوە بۆ هۆڵەکە، ساتێک لە بەردەممدا وەستا و ڕێک چاوی لە دوڕ چاوانم بڕی، بەدەست خۆم نەبوو پاشەوپاش کشامە دواوە. وەکو ئەوە بوو ئەو نیگا توندەی لە چاوەڕەشەکانیەوە دەهاتەدەرێ، ناخی سمی بم. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە محازەرەکە خایاندی و بیخیتروف بە ڕێزەوە دەگەڵ شێتەکەدا دەدواو دەستی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا، منیش بە دزییەوە دەستم بە دەم وچاوی خۆما دێنا، هەستم دەکرد چنگێک لمی گەرم کراوە بە سەروچاومدا.

کابرای نەخۆش بە دەنگێکی گڕ و گیراو شتێکی لە بیخیتروف دەپرسی. دەستە درێژ وترسناک و ئەنگوستە باریک ولاوازەکانی لە ئاسینی ڕۆبەکەیەوە هێنایە دەرەوە، وام هەستدەکرد، دەستەپیسەکانی خۆبەخۆ درێژ دەبن و لەوێندەرەوە دەگەنە من و دەیاننێتە بۆقەتەی ملم و دەمخنکێنێت. دەم وچاوی لاواز و ڕەق وتەق، چاوەڕەشەکانی بە قولا چووبوون و پرشنگی ڕق و کینەیەکی ترسناکیان لێدەبووەوە. نزیکەی بیست خوێندکار دانیشتبوون و تەمەشای ئەم پیاوە سەیرەیان دەکرد وجارجارێک سەیری شەوکڵاوە قووچەکەیان دەکرد وهەندێکیان بزەیەکیان دەهاتێ، بەڵام زۆربەیان بە خەمینیەوە تەمەشای ڕەفتار و گوفتاری ئەویان دەکرد. چاوی ئەمان لەچاو چاوانی گڕ گرتووی ئەودا زۆر ئاسایی دەهاتنە بەرچاو. چاوانی ئەو ترس و خۆفیان دەخستە دڵەوە.. سام و هەیبەت و مەزنایەتیەکی بێ وێنەی تیا بەدی دەکرا.. بەڵێ بەدی دەکرا!

لەنێو بێدەنگی خوێندکارەکانەوە کەلە بێدەنگی خێڵی ماسییان دەچوو، دەنگی مامۆستا بختیریوف، زۆر بەئارامی و بە بتەوی دەگەییە گوێ. هەر پرسیارێک دەبووە مایەی هاواری ترسناکی نەخۆشەکە، هاوارێک کە دەتگوت لە بنەبانی ئەشکەوتەوە

یان لەناو دیوارە بێگیان و سپیەکانەوە دێت. هەڵس وکەوتی یارۆی نەخۆش زۆر سەنگین ومەغروورانە بوو، وەکو ڕۆحانیەکی گەورەی کڵێسایان ڕەفتاری دەکرد.

شەوێ شیعرێکمبۆ یارۆی شێت دانا، ناوم نا " گەورەی گەوران و دۆست و شیرەتکاری خودا " تا ماوەیەکی زۆر سیمای ئەوم لە بیر وخەیاڵدا نەڕەوییەوەو ژیانی لێتاڵ کردبووم.

من لە سەعات شەشی ئێوارەوە تا نیوەڕۆ کارم دەکرد. دوای نیوەڕوان دەخەوتم. وەختی خوێندنەوەم زۆر کەم بوو، وەختەکەم لەبەینی کارکردندا بوو، بۆ نموونە دوای شێلانی فەردەیەک ئارد و چاوەڕوانکردنی ئەوەی هەڵبێت، یان دوای ئەوەی کولێرە و کولیچەکانمان لە فڕنەکە دەنا و چاوەڕوانمان دەکرد تا دەبرژا، ئیدی لەو کاتانەدا دەرەتان و دەرفەتم دێنا بۆ خوێندنەوە. من تا زیاتر فێری کارەکە ونهێنییەکانی کارەکە دەبووم، وەستام کەمتر خۆی لە کار دەداو خۆی دەدزییەوە، زیاتر کارەکانی بەسەر مندا دەدا بۆ ئەوەی لەکارا قاڵ ببمەوە. زۆرجار بە ڕاوێژێکی دۆستانە و بە سەرسامییەوە دەیگوت:

- تۆ کەسیکی بەهرەداری، زیرەکی. ئەگەر کار وابڕوات دوای یەک دوو ساڵی دی دەبیت بە وەستایەکی کارامە وشایستە. سەیرە ها! بەڵام چونکە هێشتا منداڵیت کەس بەگوێت ناکات و ڕێزت لێناگرێت..

کتێب دۆستی و مەیلی خوێندنەوەی منی پێ پەسند نەبوو، هەمیشە کە گوایە چاکی منی دەوێت، ئامۆژگاری دەکردم و دەیگوت: - واز لە خوێندنەوە بێنە، لەجیاتی خوێندنەوە بۆخۆت کەمێک بخەوی باشترە!

هەرگیز لێی نەدەپرسیم کە چ جۆرە کتێبێک دەخوێنمەوە، هەموو زیکر و فیکری ئەو لای گەنجی ژێر زەویان وکچە لاق کورتە خڕیلانەکە بوو. هەندێجار کچەی ناقبری بەشەو دەهات بۆلای، ئەگەر هەوا خۆشبایە دەیبرد بۆ دالانەکە و لەبەینی فەردە ئاردەکانەوە پاڵی دەخست. خۆ ئەگەر دنیاش سارد بوایە برۆکانی وێک دێنایەوەو بەدەم خوراندنی هەنیەیەوە دەیگوت:

- نیو سەعاتێک ئێرەمان بۆ چۆڵ ناکەیت!

من دەچوومە دەرەوە، بیرم لەو جیاوازیە گەورەیە دەکردەوە کەلە نێوان ئەم ئەشقە و ئەوەی لەنێو کتێبباندا دەمخوێندەوە هەبوو..

خوشکەکەی خاوەن دووکانەکە، لە ژووره چکۆلەکەی پشت دووکانەکەدا دەژیا. من بەبەردەوامی سەماوەرم بۆ پێدەکرد، هەوڵمدەدا تا دەکرێ کەم بیدینم. بە دیتنی زۆر ناڕەحەت و نیگەران دەبووم. چاوە منداڵانەکانی هەمان نیگای یەکەم دیدارمانی بیردەخستەوە، نیگایەکی لە تەحەمووڵ بەدەر بوو. جۆرە بزەیەکم لە قووڵایی چاوەکانیا بەدی دەکرد، دەتگوت گاڵتە بەمن دەکات.

ئەوەندە بەهێز وتوانابووم هەر مەپرسە، زۆر بەو توانایەوە دەنازیم. کە وەستاکەم دەیبینی لە گونیە ئاردی پێنج پووتی دەنەوم و هەڵیدەگرم، بەکەسەرەوە دەیگوت:

- تۆ توانا و هیزی سێ زەلامت هەیە، بەڵام ئاقڵ نیت، ئەگەر یەک تۆز باڵات بەرزتر بوایە، دەبووی بە گاجووت..

لەو ماوەیەدا لە خوێندنەوەی ژمارەیەک کتێبان بوومەوە. خووم دایە خوێندنەوەی شیعر، زۆرم حەز لە شیعر بوو، هەندێجار بە خۆیشم شیعرم دادەنا. بەزمانی خۆم شیعرم دەگوت، هەستم دەکرد شیعرەکانم قورس وڕەقن، زمانیان توونده، هەستم دەکرد بەو زمان و پەیڤانە دەتوانم گوزارشت لە هزر وبیره گونگ وئاڵۆزەکانی خۆم بکەم. هەندێجار بە ئانقەست شیعری ڕەق و زبرم دەگوت وشیعری داشۆرینم دژی هەندێ شتی نادیار دەگوت. خەشی خۆم دەربارەی شتێکی نادیار دەڕشت.

یەکێک لە مامۆستایەکانم کە خوێندکاری بەشی ماتماتیک بوو، هەموو جارێ سەرزەنشتی دەکردم ودەیگوت:

- شەیتان تۆ دەزانی بە چ زمانێ قسە دەکەیت، ئەمانە وشە نین، بەردن، لە بەرد ڕەقترن!

وەکو زۆربەی هەرزەکاران لەخۆم ڕازی نەبووم، خۆم بە کەسێکی زبر وهەڵەشە دەزانی. ڕوخسارم زەق وڕەق لە ڕوخساری کالمیکان دەچوو ( کالمیک: قەومێکی بچووکن لە کەناراوەکانی دەریای قەزوین، لەنزیکی شاری هەشتەرخان دەژین، پیاوانیان بە تووند وتۆڵی وبە بەهێزی و ژنانیان بەجوانی بەنێوبانگن، گۆرکی لێرەدا خۆی بە پیاوانی کالمیک دەشوبهێنێت). دەنگم بەرز بوو و پێم کۆنترۆڵ نەدەکرا.

بەڵام خوشکەکەی ئاغام بە پێچەوانەوە، چالاک و چەلەنگ، گورج وگۆڵ دەتگوت پەڕەسێلکەیە و بە ئاسمانا دێت و دەچێت. هەستم دەکرد گورج وگۆڵییەکەی بەهیچ جۆرێ دەگەڵ جەستە خڕو قەڵەوەکەیا ناگونجێت. لە هەڵس وکەوت وڕەفتاریا شتێکی نائاسایی و دەستکرد بەدی دەکرا. دەنگی هەمیشە شادبوو، زۆر پێدەکەنی، کە دەنگی پێکەنینە زەلامەکەیم دەژنەوت لەدڵی خۆدا دەمگوت: حەز دەکات یەکەم دیداری خۆیم لەبیر بەرێتەوە. بەڵام من حەزم نەدەکرد ئەو یەکەم دیدارە لەبیر خۆم بەرمەوە. من شتی نائاسایی و ناباوم لەلا ئازیزە. حەزم دەکرد ئەوە بزانم کە بوونی شتێن ناباو هەم مومکینە وهەم هەیە.

هەندێجار لێی دەپرسیم:- تۆ چی دەخوێنیتەوە؟

بەکورتی وەڵامم دەدایەوە، هەرچەندە حەزم دەکرد پێی بڵێم:

- جا تۆ هەقت چییە من چی دەخوێنمەوە؟

ڕۆژێک وەستا دزەکەم، بەدەم نەوازش کردنی کەپڵە لاق کورتەکەیەوە، بە ڕاوێژێکی مەستانە پێی گوتم:- کەمێک بچۆ دەرەوە بۆناچی بۆلای خوشکەکەی ئەرباب و بۆخۆت لەگەڵیا ڕابوێری؟ بۆچی ئەم هەلە لەکیس خۆت دەدەی؟ ئاخر خوێندکارەکان..

سوێندم لێخوارد کە ئەگەر جارەکی دی قسەی وابکات، سەری بە سەنگی تەرازووەکە دەشکێنم. ئەوسا ژوورەکەم بۆ چۆڵکردن و خۆم بە دالانەکەدا کرد و لە سەر فەردە ئاردەکان ڕۆنیشتم. لە درزی دەرگاکەوە کە قەت جووت نەدەبوو، گوێم لە دەنگی لوتونین بوو کە دەیگوت:- چما لێی زویر بم؟ نەهەقی ناگرم ئەوەندەی کتێبان قووت داوە، وەکو شێتی لێهاتووە..

جرج ومشکان، لە دالانەکەدا ولە بەینی فەردە ئاردەکاندا تەراتێنیان بوو، کچەکەش لەناو نانەواخانەکەدا هەر ئاخ وئۆفی بوو. چوومە حەوشە. بارانێکی نەرم و بێدەنگ دەباری، بای نەدەهات، پیاو هەناسەی تەنگ دەبوو، بۆنسۆ دەهات. لێرەوارەکانی دەوروبەری شار دەسووتان. کات درەنگ بوو. شەو لە نیوە تێپەڕی بوو.. پەنجەرەی ماڵەکەی بەرانبەر نانەواخانەکە کرابووەوە، لە ژوورە نیمچە ڕوناکەکەوە، دەنگی ئەم گۆرانیە دەهات:

فارلای پیاوچاک، سەر زێڕین

لە سەرێ ڕا تەمەشا دەکات

خەندە و پێکەنین بەسەر

ڕێگەو بانەکەدا

دەبەشێتەوە.

هەوڵمدا، وەکو چۆن کەپڵەکەی نانەواکە بە باوەشییەوە بوو، بەو ئاوایە بەخەیاڵ ماریا دیرینکوفا لە ئامێز بگرم، بەڵام هەستم کرد، کەئەم بیرۆکەیە نەک مەحاڵە، بەڵکو ترسناکیشە. سترانڤانەکان، درێژەیان بە سترانەکەی خۆیان دا:

شەو تا بەیانی

دێ و دەچێ

دەخواتەوەو

گۆرانی دەڵێ..

کارێکی دیکەش دەکات

ڕۆژێ لە ڕۆژان

عەیامێ بەو عەیام...

لەنێو ئەو دەنگانەوە، دەنگێکی ئەستوور و بەرزی پیاوانە دەهاتەگوێ و همێکی بۆ دەکرد. خۆم دانەواندەوە، هەردوو دەستم نانە سەر ئەژنۆکانم، ڕوانیمە پەنجەرەکە، لەمیانی پەردە تەنک وگوڵ گوڵیەکەوە دیواری کەوەیی ژوورێکی چوارگۆشەم بینی، چرایەکی سەر وکلاوشین، ناو ژوورەکەی ڕوناک دەکردەوە. کیژێک ڕووەو پەنجەرەکە، لەبەر چراکە دانیشتبوو وخەریکی نووسین بوو. سەری هەڵبڕی، قژەکەی کە لەسەر ڕوومەتی پەخش بووبووەوە لادا، چاوەکانی نیمچە نوقاو بوون، سووکە بزەیەک ڕووی گەشانەوە. کیژێ بەکاوەخۆ نووسراوەکەی قەد ونوشت کرد، لە زەرفێکی نا، بە زمان قەراخی زەرفەکەی تەڕ کرد و دایخست. ئەوجا نامەکەی هەڵدایە سەر مێزەکە و بەقامکی شایەتمان، کەلە قامکە تووتەی من باریکتر بوو، نامەکەی ئەم دیو وئەودیو کرد. دووبارە نامەکەی هەڵگرت، ڕووی گرژ کرد، نێو چاوانی تێکنا، برۆکانی وێکهێنایەوە، زەرفەکەی دڕی، جارێکی دی نامەکەی خوێندەوە، لە زەرفێکی دیکەی نا،

بە سەر مێزەکەدا دانەوییەوەو ئەدرەسەکەی نووسی ئەوجا زەرفەکەی وەکو بەیداخێکی سپی بەرزکردەوە، دایەبەر هەواکە تا مەرەکەبەکەی سەری وشک ببێتەوە، زەرفەکەی لەسەر مێزەکە دانا، هەستا، چەند هەنگاوێکی بەناو ژوورەکەدا نا. بەدەم چەپڵە لێدانەوە چوو بۆسەر جێگاکەی خۆی، جێگاکەی لەسووچی ژوورەکەدا بوو، کراسەکەی داکەند، شانە سپی و خڕپنەکانی بەدیار کەوتن. بەوحاڵەوە هات بۆلای چراکە، لەسەر مێزەکە هەڵیگرت وئەوسا لە سووچی ژوورەکەدا ون بوو. وەختایەک یەکێک تەمەشای هەڵس وکەوتی کەسێکی تەنیا دەکات، واوێنا دەکات شێتە. گەڕامەوە بۆ ناو حەوشەکەو بە دەم ڕوایێچکە وهاتوچۆوە بیرم لەو ژیانە سەیرە دەکردەوە کە ئەم کیژە لەکاتی تەنیاییدا، لە ژوورە بچووکەکەیدا بەسەری دەبرد. کە خوێندکارە قژ زەردە سورفلەکە دەهات بۆلای، دادەنیشت و بە ئەسپایی قسەی بۆ دەکرد، ئەسپایی چی؟ زۆرجار بە چپە قسەی بۆ دەکرد، کیژێ خۆی جەم وجۆر دەکردەوە، لەجێی خۆی هەڵدەکوڕما و بچووکتر لە قەوارەی خۆی دەهاتە بەرچاو. ماریا دیرنیکوف، بەجۆرە ترس و شەرمێکەوە سەیری ئەو خوێندکارەی دەکرد، دەستە چکۆلەکانی خۆی یان لە ژێر مێزەکەدا یان لە پشتی خۆیەوە دەشاردنەوە. من کەیفم بەم خوێندکارە قژ زەردە نەدەهات، زۆرم ڕق لێی بوو.. لەم کاتەدا کیژە لاق کورتەکە، لەکاتێکا خۆی لە شاڵێکەوە پێچابوو و لارەلار ڕێی دەکرد، بەلاما تێپەڕی وگوتی: - بڕۆ ژوورەوە..

وەستا کە خەریک بوو نانی پێوە دەدا، بەدەم کارکردنەوە کەوتە تاریفی کەپڵەکەی کە چەند ئافرەتێکی بە ئاڵۆش و زەوقلیە، من لە دڵی خۆدا دەمپرسی:- ئاخۆ ئایندەی من چ دەبێت؟

وام هات بە خەیاڵا، کە بەم زووانە و لەم نزیکانەدا، تووشی بەڵایەک دەبم.

***

کاری شیرینی خانەکە ونانەواخانەکە زۆرباش بوو، بە ڕەواج و بە ڕمین بوو، ئەمە کردیە کارێک دیرنیکوف بیر لەوەبکاتەوە دووکانێکی گەورەتر بکاتەوە، بڕیاری دا دووکانەکەی گەورەتر بکات و شاگردێن دیکەش ڕابگرێت.

لەدڵی خۆدا گوتم ئەمە بۆمن زۆر باشە، تۆزێ دەحەسێمەوە، کارم یەجگار زۆر بوو، زۆر ماندوو دەبووم و نەمدەپەرژایە سەر هیچ، نانەواکە بەڵێنی دامێ و گوتی:- لە

نانەواخانە تازەکەدا تۆ دەکەین بە خەلفە و پێیان دەڵێم مانگانەکەشت بۆ زیاد بکەن، بۆتی بکەن بە دە ڕۆبڵ، من بەڵێنت دەدەمێ.

دەمزانی لەبەرخۆی و ئیسراحەتی خۆی دەیەوێ من بکرێم بە خەلفە، قازانجی ئەو بوو، ئەو زۆر حەزی لەکار نەبوو، تەمەڵ بوو، منیش خۆبەخۆ ملم بەکارەوە دەنا، حەزم دەکرد ماندوو بم، بەکارەوە مژوول بمو بۆ ئەوەی نیگەرانییە هزریەکەم بڕەوێتەوەو ئەو هەڵچوونە سێکسیەم لێ دوور بکەوێتەوە کە زۆری ئازار دەدام. بەڵام ئەم کارکردنە عەیبێکی گەورەی هەبوو کە وەختی کتێب خوێندنەوەی زۆر لێدەگرتم.

وەستام گوتی:

- زۆرچاکت کردووە کە وازت لە خوێندنەوەی کتێبان هێناوە، کتێب بۆچی باشە؟ هەر بۆئەوە باشە مشک بیخوات! ئەرێ باشە تۆ خەون نابینی؟ هەڵبەتە خەون دەبینی! بەڵام زمانت بەستراوە و نایگێڕێتەوە. سەیرە ها! خۆ خەون و خەونگێڕانەوە زەرەر و زیانی بۆکەس نییە..

وەستا زۆر لەگەڵمدا بە لوتف و میهرەبان بوو، ڕێزی دەگرتم و پێدەچوو لێشم بترسێت، چونکە وایدەزانی سیخۆڕی ئەربابم، بەڵام وێرای هەموو ئەمەش، دەستبەرداری دزی خۆی هەر نەدەبوو.

***

نەنکم مرد. دوای مانگێک وبیست ڕۆژ لە مردنەکەی، خاڵۆزایەکم بە نامەیەکی کورتی بێ سەروبەر ئاگاداری کردمەوە. لەنامەکەدا باسی ئەوەی کردبوو کە نەنکم بەدەم سواڵکردنەوە لەسەر قاڵدرمەی کڵێساکە کەوتووەتە خوارەوە، لاقی شکاوە و هەوی کردووەو دوای هەشت ڕۆژ مردووە، پاشان زانیم کە هەردوو کوڕە خاڵۆکانم وخوشکەکەیان وخوشکەزاکانیان، کە هەرهەموویان گەنجی بە هێزو ساغڵەم بوون، بێ ئیش وکار بۆخۆ دانیشتبوون و نانی سواڵی ئەو پیرەژنەیان دەخوارد وئەقڵیان بەوەدا نەشکابوو دکتۆرێکی بێننەسەر. خاڵۆزاکەم لە نامەکەدا ئەمەی نووسیبوو:

"لە گۆڕستانی پیتروپاڤلوسکی، کە گۆڕی هەموو کەس وکارمانی لێیە، بە خاکمان سپارد. کە بۆ گۆڕستانمان بەڕێکرد هەموو گەدایانی شار بەدووی جەنازەکەی کەوتن. هەموویان خۆشیان دەویست، بەدڵ وبە کوڵ بۆی دەگریان، بابە گەورەش بۆی گریا.

کەلە ناشتنی جەنازەکە بووینەوە، بابە گەورە هەموومانی دەرکرد، بەتەنیا بەدیار گۆڕەکەیەوە مایەوە، لە پەنای دارو دەوەنەکانەوە تەمەشامان کرد، دەگریا ئەما گریان، سەری بە هەنسکانەوە هەڵدەگێڕا، کوڵی گریانی لەجۆش نەدەکەوت. ئەویش بەم زووانە دەمرێت".

من نەگریام، بەڵام زۆرچاک لەبیرمە، دەتگوت بایەکی ساردی سەر بەفران هەڵیکردووە و لەسەر وچاوم دەدات ودەیچاپەنێت. ئەو شەوە چوومە نێو حەوشەکە، لەسەر لێژنە دارێک هەڵکورمام، هەستم کرد ئارەزوویەکی سەیر وغەریب ختووکەی ناخم دەدات و پڕ بەدڵ حەزدەکەم کەسێکم، ئیدی هەر کەسێک بێ، دەسبکەوێ و باسی نەنکمی بۆ بکەم. پێی بڵێم نەنکم چ دڵێکی میرەبانی هەبوو، چەند کەسێکی ئاقڵ و واقیعبین بوو، چەند بە خەمی هەموو خەڵکیەوە بوو و چۆن بە دایکی هەموو خەڵکی دەهاتە ژماردن. هەموو خەڵکی بە ڕۆڵە و جگەرگۆشەی خۆی دەزانی، ماوەیەکی زۆر بەم ئاواتەوە ژیام بەڵام کەسم دەستنەکەوت کە گرێی دڵی خۆمی بۆ بکەمەوەو تاریفی نەنکمی بۆ بکەم. ئەنجام بەرە بەرە ئەو ئاواتەم بنی نایەوەو کوژایەوەو نەهاتەدی.

چەندین ساڵ لەوەداو، کاتێ کە چیرۆکە حەقیقیەکەی چیخۆفم خوێندەوە ئەو چیرۆکەی کە کابرایەکی عەرەبانچی، باسی مەرگی کوڕەکەی بۆ ئەسپەکەی دەکات وگرێی دڵی بۆ ئەسپەکە دەکاتەوە، نەنکم بیرکەوتەوەو زۆرم خەفەت خوارد کە ئەوسا نە ئەسپێک هەبوو خەمی خۆمی بۆ هەڵڕێژم و نە سەگێک هەبوو گلەیی لەلا بکەم. تەنانەت ئەوەشم لەبیر نەبوو کە خەمی خۆم بۆ مشکان و جرجانی ناو نانەواخانەکەش هەڵڕێژم کە دۆستایەتیم لەگەڵیاندا خۆشبوو.

***

نیکوفوریچی، ئینزیباتی گەڕەکی خۆمان، لەو دواییانەدا، چۆن دالێکی برسی، بۆ نێچیر دەگەڕێ، بەو ئاوایە بە دەورما دەسووڕایەوە. پیاوێکی تۆکمە و بەخۆوە بوو، قژەکەی سپی دەتگوت زیوە، ڕدێنێکی درێژی بەردابووەوە کە هەموو ڕۆژێ قەڵەمی دەکرد. وەکو چۆن پیاو سەیری قازێکی دابەستە بۆ جەژنی نوئیل دەکات وتامی دەمی خۆش دەکات و بەلەزەتەوە تفەکەی دەمی قووت دەدات، بەو ئاوایە تەمەشای منی دەکرد. ئەنجام ڕۆژێک لێی پرسیم:

- بیستوومە زۆرت حەز لە کتێب خوێندنەوەیە. ئێ بڵێ بزانم چ کتێبانێک دەخوێنیتەوە؟ ئینجیل و تەورات یان ژیانی ئەولیا وپیاوچاکان؟

بەرسڤم دایەوەو گوتم: - هەم ئینجیل وتەوراتم خوێندووەتەوە هەم ژیاننامەی ئەولیا و پیاوچاکانیش..

نیکوفوریچ، سەری لەم وەڵامە سووڕما، حەپەسا، گوتی:

- هم م م، زۆرچاکە، خوێندنەوەی ئەو بابەتانە زۆرچاکە. ئەدی سودفەی کتێبەکانی تولستویت نەکردووە، نەتخوێندوونەتەوە؟

هەڵبەتە کتێبەکانی تولستویم خوێندبوونەوە ناوی هەندێک لە کتێبەکانی تولستویم بۆ ژمارد، بەڵام وادیار بوو ئەو کتێبانەم نەبینی بوون کە یارۆی ئینزیبات مەبەستی بوون، گوتی:

- هەر ئەوانە.. ئەوانە کتێبی ئاسایین، هەموو کەسێک لەو کتێبانە دەنووسێت. بەڵام دەڵێن لە هەندێک کتێب و بەرهەمی خۆیدا، دژایەتی ڕوحانیانی کردووەو لە عەلەیی وان دواوە. هەوڵت بدایە ئەوانە بخوێنیتەوە.

هەڵبەتە هەندێک لەو کتێبانەم کەبە ڕۆنیۆ چاپکرابوون خوێندبوونەوە، بەڵام ئەو کتێبانە خۆش و باڵکێش نەبوون، وشک بوون، دەمزانی باسکرنی ئەو کتێبانە لای پۆلیس و پیاوانی پۆلیس باش نییە. دوای ئەوەی بەسەر ڕێگاوە چەند گەنگەشەیەکی دیکەی لەو جۆرەمان کەوتە بەینەوە، ڕۆژێک پێی گوتم: - وەرە بۆلام با چایەک پێکەوە بخوێنەوە.

من دەمزانی چی لەمن دەوێ، بەڵام وێڕای ئەوەش حەزم دەکرد سەری لێبدەم. ئیدی شیرەتم بە چەند برادەرێکی دڵسۆز و بەئاوەز کرد، گوتیان نەچوونت خراپە، هێندەی دی گومان دەخاتە سەر شیرینیخانە ونانەواخانەکە. بەو جۆرە چووم بۆ کابینە وپاسگاکەی یارۆی ئینزیباتی پۆلیس، کوورە و سۆپایەکی ڕووسی سێیەکی کابینەکەی داگیر کردبوو، سێیەکی دووەمی سیسەمێکی دوونەفەری داگیری کردبوو، کە چەند بالیف و گۆشەیەکی بەرگ سووری بەسەرەوە بوو، کەبە پەردەیەکی کەتان لەباقی شتەکان جیاکرابووەوە. دوا سێیەکی کابینەکەش بە دۆڵابێکی قاپ و قاچاخان، مێزێک و دوو کورسی و تەپڵەکێک کەلەبەر پەنجەرەکەدا دانرابوو، پڕ کرابووەوە.

نیکوفوریچ دوگمەی پاڵتۆ فەرمیەکەی کردەوە، پشت لە پەنجەرە چکۆلەکە، لەسەر تەپڵەکەکە دانیشت وبەری ڕوناکیەکەی گرت. منیش لە هەنبەریا، لەپشت مێزەکەوە لە تەنیشت ژنەکەیەوە دانیشتم.

ژنێکی گەنجی مەمک زلی، گۆنا ئاڵ بوو، تەمەنی هەر بیست ساڵێک دەبوو، چاوەکانی مۆن و تووڕەو فێڵاوی، دەنگی گڕووشک بوو.

نیکوفوریچ گوتی:

- ئەرێ بیستوومە کە سکلیتیای خزمم، هاتوچۆی نانەواخانەکەتان دەکات. کچێکی زۆر هەرزەو بەڕەڵڵایە. ئیدی ژنان بە تەبیعەت هەرزە وبەڕەڵڵان.

ژنەکەی نە نەفرەتەوە پرسی:- ژنان هەموویان؟

نیکوفوریچ، وەکو چۆن ئەسپێک سەر بادەدات و زرینگە لە لغاو وهەوسارەکەی هەڵدەستێنێ، بەو ئاوایە سینە و بەرۆکی تەکاندا و زرینگە زرینگی لە نیشان و میدالەکانییەوە بەرزکردەوە. هەنگێ چایەکەی کردە ژێر پیاڵەکەوەو بە ئاو وتاوەوە کەوتە هەڵقوڕاندنی و ئەوسا، بەبێ منەتی گوتی:

- دوا بە یەکیان هەرزە و بەڕەڵڵان، لە ژنی کوچە وکۆڵانەوە بیگرە تا دەگاتە شاژن! شاژنی سەبەء، نزیکەی دوو هەزار کیلومەتری بیابانی دایە ژێر پێوە تاخۆی بگەیەنێتە سلێمان و خۆی بخاتە ژێری. زۆر دوور نەڕۆین یەکاترینای خۆمان ( یەکاترینایدووەم یان یەکاترینای گەورە، ١٧٢٩ – ١٧٩٦، شاژنی ڕووسیا بوو ) کە کاترینای گەورەی پێدەڵێن لەم باشتر نەبوو..

ئیدی نیکوفوریچ، بە دوور ودرێژی باسی چیرۆکی ئەو نۆکەرەی دەرباری بۆ گێڕاینەوە، کە شەوێک لە گەڵ شاژندا ڕایبواردووە وشاژن، پلەبە پلە لە عەریفییەوە بەرزی کردووەتەوە تا کردوویەتی بە جەنەڕاڵ.ژنەکەی بە تاسەوە گوێی دەگرت و ناوبە ناو لێوی خۆی دەلستەوەو لەژێر مێزەکەوە لاقی لە لاقم دەدا.. نیکوفوریچ، هێندە بە ئاو وتاو وتاسوقەوە قسەی دەکرد، هەستم پێنەکرد کەکەی وچۆن بابەتی قسەکەی گۆڕی. گوتی:

- بۆ نموونە، لێرە، لەم کۆڵانەی مەدا خوێندکارێک هەیە، لە قۆناغی یەکەمی زانکۆیە. ناوی پلیتینوفە..

ژنەکەی خۆی لە قسەکانی هەڵقورتاند، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- هەرچەند ڕوخساری جوان نییە، بەڵام.. بەڵام ڕوحی سووکە.

- کێ ڕوحی سووکە؟

- ئاغای پلیتینوف.

- یەکەم ئاغا نییە، کەی خوێندنی تەواوکرد ئەوسا دەبێت بە ئاغا، هەزارانی وەکو ئەومان هەن، وێڵ و سەرگەردان دەسووڕێنەوە. دووەم مەبەستت چییە لە "ڕوح سووک ."

- مەبەستم ئەوەیە گەنجە، دەم بە پێکەنین و ڕووخۆشە. دەچێتە دڵەوە.

- یەکەم لێبۆکانی سێرکانیش، ڕووخۆش و دەم بەپێکەنین و خەنۆڵن..

- بەڵام ئەوانە لەپێناوی پارەدا، ڕووخۆشی و پێکەنین دەنوێنن.

- دەمت تێک بنە.. خۆ سەگیش ڕۆژێ لە ڕۆژان تووتەڵە بووە..

- لێبۆکان.. وەکو مەیموون وان..

- پێمگوتی دەمت تێکنە، گوێت لێ نەبوو؟

- با گوێم لێبوو.

- دەی باشە..

کە ژنەکە بێدەنگ بوو، نیکوفوریچ، ڕوو لەمن گوتی:

- ئەم پلیتینۆفە کوڕێکی سەیرە، هەقە دۆستایەتی بکەیت! بیناسیت باشە.

جا لەبەر ئەوەی نیکوفوریچ چەند جارێک منی لەگەڵ پلیتینوف دا بینی بوو، گوتم:- دەیناسم.

- دەیناسیت؟ ئێ ئێ..

جۆرە ڕق وکینەیەک بەدەنگیەوە دیاربوو. لەناکاوا لەسەر تەپڵەکەکە جووڵایەوە، میداڵ و نیشانەکانی سەر سینگی لەیەکیان دا و زرینگانەوە. من زۆر وریابووم. ئیدی

لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە دەمزانی کە پلیتینوف، بە ڕۆنێو هەندێک بڵاوکراوە چاپ دەکات.

ژنەکەی نیکوفوریچ، لەژێر مێزەکەوە لاقی لە لاقی من دەدا و بە مەکر ونازەوە مێردەکەی هاندەداکە قسان بکات. نیکوفوریچش وەکو تاوس خۆی پڕبا دەکرد و وەکو چۆن تاوسان، کلکە ڕەنگاوڕەنگەکانیان بڵاو دەکەنەوە، بەو ئاوایە وشەکانی بە ڕووما پەخش وبڵاو دەکردەوە.

بەڵام لاقبازی ژێراوژێری ژنەکەی، نەیدەهیشت بەباشی لە قسەکانی حاڵی ببم، بۆیە ئەمجارەش نەمزانی کەی وچۆن قسەکەی گۆڕی، دەنگی نەرمتر وسووکتر بوو، ئەوجا بە دوو چاوی خڕی ئەبڵەقەوە وەکو ئەوەی ترسیان لێنیشتبێت، لێی پرسیم: - هەودایەکی نەبینراو، تێدەگەی؟

ئەوجا لەسەری ڕۆیی: - با وای دابنەین، خاوەنشکۆ، شاهەنشا، جاڵجاڵۆکەیە.

ژنەکەی هاواریکرد:- وای، ئەوە چ دەڵێیت؟

- تۆ دەمت تێکنە! ئەمەم بۆ ڕوونکردنەوەیە نەک سووکایەتی و بێ ڕێزی هەی بارگیر! هەستە ئەو سەماوەر و تاقمی چایە لابە!

بڕۆکانی وێکهێنانەوەو چاوەکانی بچووک کردنەوەو دەستی بە قسان کردەوە:

- داوێکی نەبینراو.. باریک وەکو داوی جاڵجاڵۆکە. ئەو داوە لە قوڵایی دڵی میهرەبانی خاوەنشکۆوە، پایەبەرز ئەلکسندەری سێیەمەوە، شاهەنشا و تزاری هەموو ڕووسیاوە هاتووە..بە وەزیرەکان و خاوەن پۆست و فەرمانڕەوایان و هەموو فەرمانبەرانا دێتە خوارێ تا دەگاتە من و بچووکترین سەربازی سوپا. ئەم هەودایە کە باریک وەکو داوی جاڵجاڵۆکە نایەتە دیتن، هەموو سازی و دام ودەزگا دەوڵەتیەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم داوە باریکە گەییوەتە هەموو کون و کەلەبەرێک و هەر ئەم داوە باریکەیە کە سەدان ساڵە و تاڕۆژی پەسلانێ، تەخت وتاجی تزاری پاراستووەو دەیپارێزێت، کەچی ئەو پۆڵاندی و جوولەکە و ڕووسانەی کە خۆیان بە شابانۆی فریبۆکی ئینگلیستان فرۆشتووە، بەو ناوەوە کە گوایە پشتیوانی لە جەماوەری خەڵکی دەکەن، دەیانەوێ ئەو هەودا پیرۆزە، لە هەر شوێنێکەوە بۆیان بلوێ بپچڕن.

خۆی بەسەر مێزەکەدا دانەوانددەوە، دەمی لە پەناگوێم نا و لەبن لێوانەوە گوتی:- حاڵی بوویت؟ دەزانی بۆ ئەم قسانە بۆتۆ دەکەم؟ وەستاکەت زۆر تاریفت دەکات کە گەنجێکی بە ئاوەز و ڕاستگۆی، بەتەنیا دەژیت، دووری لە خەڵکیەوە. بەڵام خوێندکارێکی زۆر هاتوچۆی دووکانەکەی دیرنیکوف دەکەن! بە سەعاتان لە ژووری خوشکەکەی دیرنیکوفدا دەمێننەوە، ئەگەر هەر یەک کەس بوایە، مەسەلەیەک نەبوو، بەڵام ئەمانە یەک و دووان نین، ژمارەیان زۆرە، ئەمە جێی گومان نییە؟ ها؟.. من هیچ شتێک دەربارەی خوێندکارەکان ناڵێم. ئەمڕ خوێندکارە، سبەی دەبێ بە یاریدەدەری دادسێن. خوێندکاران خەڵکی باشن، بەڵام زۆر بەپەلەن بۆ ئەوەی دەوری خۆیان لە ژیاندا بدینن. بەڵام دژمنانی تزار، دەیانکەن بە داردەستی خۆیان و دژی دام ودەزگا سەڵتەنەتیەکان هانیان دەدەن! تێدەگەی؟ ڕاوەستە با شتێکی دیکەشت پێ بڵێم..

بەڵام پێش ئەوەی فریای گوتنی شتەکە بکەوێ، دەرگاکە خرایەسەر گازی پشت، پیرەمێرێکی ئەندام وردیلەی کەپوو سوور، کە قژە لوولەکەی بە نەوارێک بەستبوو، خۆی بە ژوورا کرد، بوتڵێک ڤودگای بەدەستەوە بوو، وادیاربوو پێشتریش هەندێکی خواردبێتەوە، چونکە هێندە مەست بوو لالامووی دەکرد. بە شادییەوە گوتی: - دامەیەک نەکەین؟

کابرای مەست پەیتا پەیتا نوکتەی دەگێڕایەوە. نیکوفوریچ، کە خوای نەمابوو، بە خەمبارییەوە گوتی:- ئەمە خەزوورمە.

دوای کەمێک من هەستام، خودا حافیزیم کرد، لەوێندەر وەدەرکەوتم. ژنە مەکرۆکەی نیکوفوریچ، بەبیانووی دەرگا داخستنەوە تابەر دەرگاکە لەگەڵما هات و، نقورچێکی لێگرتم و گوتی:

- تەمەشای هەورەکان بکە، چۆن سوور هەڵگەڕاون، دەڵێی ئاگرن!

بەڵام، تەنیا یەک پەڵە هەوری بچووکی زێڕین بە ئاسمانەوە بوو.

***

هەرچەندە نامەوێ زەمی مامۆستایەکانم بکەم، بەڵام پیاو ڕاست بڕوات، بەهەر هەموویان، بەقەد ئەو پۆلیسە، بەقەد نیکوفوریچ بونیادی میکانیزمی حکومەتیان بۆ ڕوون نەکردمەوە.. تێگەیشتم کە جاڵجاڵۆکەیەک لە شوێنێکدا خۆی مەڵاس داوە،

لەجێی خۆیەوە داوی نەبینراو دەچنێ و بڵاوی دەکاتەوە و لە هەموو دیارەکانی ژیانەوە دەئاڵێت و ڕاوی دەکات و دەیخاتە دوای خۆیەوە. دوای ماوەیەکی کەم لە هەموو شوێنێکا هەستم بە گرێ لینجەکانی ئەم جوڵاتەنەیە دەکرد.

درەنگانێکی ئەو شەوە، کە دووکانەکەم داخست خوشکەکەی ئەرباب، ماریادیرنیکوفا، بۆ ژوورەکەی خۆی بانگکردم، بە کورتی تێی گەیاندم کە ڕایان سپاردووە، پرسیاری ئەوەم لێبکات کە کابرای پۆلیس باسی چی لەگەڵدا کردووم. کە مەسەلەکەم لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە هاواریکرد:- ئەی خوایە!..

ئەوجا وەکو مشکی ترساو، بەنێو ژوورەکەدا، بەهەشتاو کەوتە هات وچۆ، بە نارەزاییەوە سەری دەلەقاند و لێی پرسیم:

- باشە نانەواکە هیچ شتێکت لێناپرسێت؟ خۆ ماشقەکەی خزمی نزیکی نیکوفوریچە! دەبێ لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە. دەبێ دەری بکەین.

من شانم دابوو بە لاشیپانەی دەرگاکەوەو وەستابووم، ژێراوژێر چاودێری ڕەفتاری ئەوم دەکرد، وشەی "ماشقە "ی زۆر بە ئاسایی درکاند کەمن ئەمەم بەلاوە ناخۆش بوو. هەروەها قەراری دەرکردنی وەستاکەشم بەدڵ نەبوو. خوشکەکەی ئەرباب قەدەرێ بێدەنگ بوو، دووبارە چاوە تیژەکانی لە دووڕ چاوانم بڕی کە وەکو هەمیشە نیگەرانی کردم، ئەوجا گوتی:- تۆش دەبێت زۆر ئاگات لە خۆبێت.

وام هاتەبەرچاو، کە بە نیگا تیژەکانی شتێکم لێدەپرسێت کە چەند سەر دێنم وسەر دەبەم نازانم ئەو شتە چییە؟ ئەنجام لە بەر دەممدا وەستا، هەردوو دەستی خستە پشتیەوە وگوتی:- باشە تۆ چما هەمیشە، پەست و خەمگینی؟

- چونکە ماوەیەک لەمەپێش نەنکم کۆچی دوایی کرد.

وادیاربو، پێکەنینی بەم وەڵامەی من دەهات، بزەیەکی کرد وپرسی: - زۆرت خۆش دەویست؟

- بەڵێ، کارێکی دیکەت بەمن نییە؟

- نەخێر.

ڕۆیشتم، هەر ئەو شەوە شیعرێکم دانا، لەبیرمە کە ئەم بەیتە ڕەق و شەڕانیەی تیابوو:

" تۆ ئەوە نیت، کە دەتەوێ هەبیت "

***

بڕیاردرا، کە تا دەتوانن خۆیان لە هاتوچۆی دووکانەکەی دیرنیکوف ببوێرن. ئیدی زۆر درەنگ خوێندکارەکانم دەبینی، بۆیە نەمدەتوانی، ئەوشتە ئالۆز و نامەفهوومانەیان، کەبەدەم خوێندنەوەی کتێبانەوە دەهاتنەڕێم لێ بپرسم و بۆمی ڕوون بکەنەوە، ئیدی پرسیارەکانم لە دەفتەرێکا یاداشت دەکرد تا پاشان لێیان بپرسم و بۆمی ڕوون بکەنەوە. ڕۆژێک کە زۆر ماندوو بووم، بەدەم یاداشت کردنی وشە وزاراوەکانەوە، بەسەر دەفتەرەکەدا خەوم لێکەوت. نانەواکە کە بەو حاڵەوەی دیتبووم، هاتبوو، دەفتەرەکەی هەڵگرتبوو، چی تیا تۆمار کرابوو هەمووی خوێندبووەوە. ئەوجا هەڵیساندم وگوتی: - ئەرێ ئەم وڕینەیە چیە کە تۆ دەینووسیت؟

ئەوجا بەدەنگی بەرز، ئەم رستەیەی کەلە دەفتەرەکەدا تۆمارم کرد، خوێندەوە: " بۆچی گاریباڵدی شای دەرنەکرد؟ "

ئەوسا، سەری لەسەر دەفتەرەکە هەڵبڕی وگوتی: - گاریباڵدی کێیە؟ چما دەکرێ پاشا دەربکرێت؟

وەستا، بە تووڕەیی، دەفتەرەکەی تووڕدایە سەر تەشتە هەویرەکە وپشتی تێکردم وچووە بەردەم تەنوورەکە و لەوێندەرەوە دەستی بە بۆڵەبۆڵ کرد:- تۆ تەمەشای ئەمە بکە؟ دەیەوێ پاشا دەربکات! سەیرە ها، نۆبەتی ئەو قەوانەیە. ئەم شتانە لە مێشکی خۆت دەربکە، دادت نادات، کتێب مەخوێنەوە! پێش چوار پێنج ساڵ، جەندرمەکانی ساراتوف، ئەم کتێب خوێنانەیان وەکو مشک ڕاو دەکرد ومەشکەژەنیان پێدەکردن. لە خۆڕایی نییە کە نیکوفوریچ، چاودێریت دەکات. واز لە پاشایان بێنە، خۆ کۆتر نین تا دەریان بکەیت.

بەنیاز پاکیەوە قسەی دەکرد، بەڵام من چونکە ئامۆژگاری کرابووم کە باسی " بابەتێن خەتەر و هەستیار " لەگەڵ نانەواکەدا نەکەم، نەمتوانی بە دڵی خۆم وەڵامی بدەمەوە.

***

ناميلکەیەک هەبوو لە شارا دەستاودەستی دەکرد، خەڵکی لە هەموو شوێنێ تاقیبیان دەکرد و دەیانخوێندەوە و پاشان مشت ومڕ و گەنگەشەیان لەسەر دەکرد. تکام لە لاڤروفی بەیتاڵ کرد، کە ئەو ناميلکەیەم بۆ پەیدابکات تا منیش وەیخوێنم، لێ ئەو بێ هیوای کردم وگوتی:

- نە بابە بەتەما مەبە.. بەڵام پێموایە لەم ڕۆژانەدا لە کۆڕێکا دەخوێنرێتەوە، ڕەنگە ئەگەر رێک بکەوێ لەگەڵ خۆما بتبەم.

لەنیوەشەوی جەژنی " ئوسپینا " دا، بەدەشتی ئارسکویە بولیەدا، بە ناو تاریکی دنیادا، دوای تارمایی لاڤروف کەوتبووم، کە پەنجا شەقاوێک لەپێش منەوە دەڕۆیی. دەشتەکە چۆڵ بوو. وێرای ئەوەش، لەسەر داوای لاڤرۆف، هەر بۆ ڕێگومکێ هێدی هێدی فیکەم لێدەدا و گۆرانیم دەگوت، لارەلار ڕێم دەکرد، وام دەنواند کە سەرخۆشم. گەواڵە هەورێن ڕەش، بەسەر سەرمەوە، بە ئەسپایی دەجووڵان ومانگ بە تریفەی زیوینەوە بەناویاندا دەڕۆیی و سێبەری پەڵە هەورەکان دەکەوتە سەر زەوی. چاڵە چکۆلە پڕ لە ئاوەکان، لەبەر تریفەی مانگەکە وەکو زیو وپۆڵا دەهاتنە بەرچاو. ژاوەژاوی شار لە پشتمەوە، هاڕە وهاژەی دەهات.

ڕێنوینەکەم، لەپشت دیواری باخێکەوە کە کەوتبووە ئەوبەری ئەکادیمیای لاهوتەوە، وەستا. من بە هەشتاو خۆم گەیاندێ، بەبێدەنگی بە دیوارەکەدا ئاودیوی ناو باخەکە بووین، بەناو باخە چڕە دارستانەکەدا کەوتینەڕێ، لق وپۆی داروردەختەکان بەر سەر وچاو و جلەکانمان دەکەوت و تکەی ئاونگی سەر لقەدارەکان بەسەر دەم وچاو وملماندا دەچکا. ئەنجام لەبەر پەنجەرەی ماڵێکا وەستاین کە تووند داخرابوو، بە ئەسپایی لە پەنجەرەکەمان دا. پەنجەرە کرایەوە، سەروسیمایەکی ڕیشن بەدیارکەوت، لەپشت ئەوەوە هەتا چاو بڕبکات هەر تاریکی بوو، بە ئەسپایی پرسی:- کێیە؟

- لەلای یاکوفەوە هاتووین.

- وەرنە ژوورەوە.

لەو تاریکیەدا هەستم بە بوونی خەڵکانی دیکە کرد. خشەخشی جلکان و تەپەتەپی پێیان دەهات. دەنگی نەرمە کۆکە وفسکەفسک وچپەدوو دەهاتەگوێ. دەنکە شقارتەیەک لێدرا، سەروچاوم ڕوناک بووەوە، ئەوان منیان تەمەشا کرد، منیش لەسەر پارکێتی ژوورەکە و بەپاڵ دیوارەکەوە سەروچاوی تاریکی چەند کەسێکم بینی.
دەنگێک: - هەموو هاتوون؟

- بەڵێ.

- پەردەی پەنجەرەکە دابخەن، با ڕوناکی لە درزی پەنجەرەکەوە دزە نەکاتە دەرەوە.

دەنگێکی تووڕە بەرز بووەوە:

- چ ئاقڵێک پێشنیازی کردووە کە لەمماڵە چۆڵ و هۆڵەدا خڕببینەوە؟

- هێواش، دەنگ بەرز مەکەوە!

یەکێک چرایەکی چکۆلەی لە سووچێکا داگیرساند. ژوورەکە چۆڵ وهۆڵ، هیچ کەل وپەلێکی تیا نەبوو. تەنانەت مێز وکورسیشی تیانەبوو. تەنیا دوو سەندوقیان دانابوو و تەختەیەکیان لەسەر ڕایەڵ کردبوو کە پێنج کەس بە ڕیز لەسەری دانیشتبوون، دەتگوت قازوون و لەسەر پەرژین هەڵنیشتوون وهەڵکوڕماون. چرایەکەیان لە سەر سەندووقێک دانرابوو. سێ کەسی دی لە ئەرزەکە و لەپاڵ دیوارەکەدا ڕۆنیشتبوون. گەنجێکی قژدرێژی درێژداهۆڵی، ڕەنگ و ڕوو سیسەڵەو چرچەڵە لە قەراخ پەنجەرەکەدا دانیشتبوو. جگەلەو گەنجە و پیاوە ڕیشنەکە، ئیدی هەموو ئەوانی دیکەم دەناسی. ئەنجام پیاوە ڕیشنەکە، بە ڕاوێژێکی ڕوون و ڕەوان گوتی:

- هەنووکە نامیلکەیەکتان بۆ دەخوێنمەوە بە ناونیشانی " ناکۆکیەکانمان " کەلە نووسینی گیورکی پلیخانوفە کە جاران ئەندامی ڕێکخراوی " ئازادی گەل " بوو.

یەکێک لەو کەسانەی کەلەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشتبوو، بۆڵاندی: - هەموومان ئەم شتانە دەزانین!

ڕەوشی ڕازئامێز وهاماجی گۆنگی ئەم ژینگە و ناوەندە هێنابوومیە جۆش و خرۆش، ئەم جۆش و خرۆشەم یەجگار پێ خۆشبوو، قسە ڕازئامێزەکان نەک هەر تامی شیعریان دەدا، بەڵکو لە هەموو شیعرێک باڵاتر وجوانتر بوون. هەستم دەکرد پیاوێکی ئیمانداری ڕاستەقینەم و یەکەم نوێژی خۆی لە میحرابی ئیماندا ئەدا دەکات. ئەو غار

وئەشکەوتانەم بیرکەوتنەوە، کە مەسیحیانی سەرەتای پەیدابوونی ئۆلی مەسیحیەت، لە ترسی دەسەڵاتی وەخت بۆ نوێژ ونزا وعیبادەت پەنایان دەبردنێ (ئەمە ئاماژەیە بۆ سەرەتاکانی پەیدابوون وبڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیح کە دەوڵەتانی وەخت، بەتایبەتی دەوڵەتی ڕۆم، بەربەرەکانی مەسیحیانیان دەکرد و ئەزیەتیان دەدان و تەنانەت لە تەماشاخانەندا دەیان خستنەبەر حەیواناتی دڕندەو بە دڕندانەترین شێوە لەناویان دەبردن، مەسیحیان لەم زوڵم وجەورانە هەڵدەهاتنوپەنایان بۆ چیا وئەشکەوتان دەبرد ولە وێ خواپەرستی خۆیان دەکرد. ) دەنگێکی قووڵ و زەلاڵ، بەرز بووەوە، ژوورەکەی پڕ کرد، وشەکانی، بە ئارامی وڕەوانی دەخوێندەوە، لەم کاتەدا کەسێک لە گۆشەیەکی ژوورەکەوە هاواریکرد:

- قسەی قۆڕ و بێ مانا!

لەوێندەرەوە، لەنێو تاریکیەکەوە، ئامێرێکی مسین دەبریسکایەوە. ئەمە یەکسەر کڵاوخودی سەربازانی ڕومی وەبیر هێنامەوە. دوای تۆزێک بۆم دەرکەوت کە ئەو ئامێرە دەسکی دەرکەی موغەبرییەکەیە. فسکەفسک و مقۆمقۆ بە ناو ژوورەکەدا بڵاوبووەوە. دەنگەکان زۆر تێکەڵ بوون، هیچ خۆیا نەبوو کە چ دەڵێن؟

یەکێک لە قەراخ پەنجەرەکەوە، بەدیار سەری منەوە، بە ڕاوێژێکی کۆمیدی و تووڕەوە پرسی:

- ئێستا نامیلکەکە دەخوێنینەوە یان نا؟

ئەو دەنگە، دەنگی کوڕە قژ درێژە ڕەنگ زەردە مردەلۆخەکە بوو، هەموو بێدەنگ بوون، تەنیا دەنگی بتەو وزەلاڵی خوێنەرەکە دەهات.

هەندێجار شقارتەیەک پێدەکرا، تروسکەی سووربـاوی سیغار، دەم وچاوی ئامادەبووانی ڕوناک دەکردەوە، کە بە چاوی نیمچە خەواڵویان بەچاوی ئەبڵەقەوە لە فکران ڕاچووبوون.

خوێندنەوەی نامیلکەکە درێژەی کێشا. هەرچەندە من زۆرم حەز لەو وشە و زاراوە توندانە دەکرد، بەلام درێژی ماوەی خوێندنەکە بێزار و بێتاقەتی کردم. ئەو وشە و زاراوە توندانە، زۆر بەخێرایی دەبنە هزر و لە زەینی مرۆڤدا نەخش دەبن.

ئەوسا، یارۆی خوێنەر لەناکاوا، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکری، لە خوێندنەوە وەستا، لەهەر ئالیەکی ژوورەکەوە دەنگی خوتە وبۆڵەی ناڕازی بەرز بووەوە: - خاین.

- قسەی قۆڕ وبێ مانایە!

- ئەمە بێ ڕێزییە بە خوێنی ڕژاوی قارەمانەکانمان.

- دوای لە سێدارەدانی گنرالۆف و ئولیانوف..

دەنگی لاوەکەی سەر قەراخ پەنجەرەکە دووبارە بەرز بووەوە وگوتی:

- بەڕیزینە، باواز لە جنێودان بێنین و بەجدی گەنگەشەی مەسەلەکە بکەین!

من حەزم لە مشت ومڕ وچەلەحانی نییە. تاقەتی ئەوەشم نییە گوێ لە گەنگەشە و چەلەحانی بێهودەی خەڵکی دیکەش بگرم. نەشم دەتوانی پەیگیری ئەو مشت ومڕانە بکەم، زۆرش بە خۆهەڵکێشان و خۆ پەسندی و غرووری گەنگەشەکارەکان پەست دەبووم. کوڕە قژ درێژەکەی قەراخ پەنجەرەکە، بەسەرما دانەوییەوە وگوتی:

- تۆ ئەلکسی پشکۆفی؟ لە نانەواخانەکەدا کاردەکەی؟ منیش " فیودوسیف "م، پێویستە یەکدی بناسین. مانەوەمان لێرە بێ سوودە. ئەم هەرا وزەنایە درێژە دەکێشێت، وادیارە ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەکێشێت. بڕۆین؟

من لە هاوڕێیانم بیستبوو کە فیودوسیف بەرپرسی شانەیەکی سەرەکی کۆمەڵێک لاوی خوێندەوارە. ڕوخسارە زەردەکەی و چاوە بە قوڵا چووەکانی، چوونە دڵمەوە.

وەختایەک بە دوو قۆڵی بە دەشت ودەرەکەدا ڕێمان دەکرد، بەدەم ڕێوە لێی پرسیم کەئاخۆ لەنێو کرێکارەکاندا دۆست و ئاشنام هەن یان نا، هەروەها پرسیاری ئەوەشی کرد کە چ کتێبێکم خوێندوونەوە، یان دەخوێنمەوە. کاتی خوێندنەوەو دەست بەتاڵیم هەیە یان نا! دوای ئەمانە گوتی:

- باسی ئەو نانەواخانەیەیان بۆ کردووم کەتۆ کاری تیا دەکەیت. پێم سەیرە تۆ بە چ ئەقڵێکەوە خۆت بەوکارە پووچ و بێ مانایەوە خەریک دەکەیت؟ ئاخر ئەمە کەی کارە و بەکەڵکی چی دێت؟

ئەلهەقی مودەتێک بوو هەستم بە بێهوودەیی ئەم کارەی خۆم کردبوو، ئەو بۆچوونەی خۆم پێگوت، بەو قسەیەم خۆشحاڵ بوو، بەدەم بزەیەکەوە بەگەرمی دەستی گوشیم

وگوتی:- من سبەی دەچمە سەفەر، دوای سێ هەفتە دەگەڕێمەوە، هەنگێ ئاگادارت دەکەمەوە کە چۆن یەکدی بدینین.

***

کاری نانەواخانە و شیرینیخانەکە زۆرباش بوو، برەو و ڕەواجی لەزیادیدا بوو، داهاتی چاک بوو. بەڵام کاری من ڕۆژبەڕۆژ قورستر دەبوو، بۆ نانەوا تازەکە گواستمانەوە، ئەرکی من زیاتر و باری سەرشانم قورستر دەبوو. دەبوایە هەم لە نانەواکەدا کاربکەم و نان وکێک بۆ ماڵی مشتەرییەکان ببەم، نان وکێک لە ئەکادیمیای لاهوتی و لە زانستگەی کیژانی پاکیزە بفرۆشم، ئەم کیژانە، کێک وسەموونیان لە ناو زەمیلەکەم هەڵدەبژارد وبە دزی منەوە نامەیان دەخستە زەمیلەکەمەوە، زۆرجار لەو کاغەزە جوانانەدا وشەێن بێ شەرمانەم دەخوێندەوە کەبە دەستخەتی منداڵانە نووسرابوون. کە دەمبینی ئەو هەموو کیژە ناسک ونازدار و خاوێن و باوێنانە، بە چاوی مەستەوە، دەورم دەدەن و بەدەم خەندەی شیرین و ڕوخساری گوڵینەوە، لە زەمیلەکەم دەوروکێن و بەدەستە چکۆلە وناسکەکانیان، کێک و سەموونی ناو زەمیلەکە هەڵدەبژێرن، خۆم لە حاڵەتێکی سەیرا دەبینی یەوە. زۆرجار بەوردی زەینم دەدان وهەوڵمدەدا بزانم کێهەیان ئەو نامە بێ پەردانە دەنووسێت کە لەگینە خۆیشی مانای سەیر وسەمەرەی ئەو وشانە نەزانێت؟ یەکسەر جندەخانە پیسەکانم وەبیرهاتەوەو لەدڵی خۆدادەمگوت: تۆ بڵێی لەو شوێنانەوە، داوێن نهێنی و نەبینراو بۆ ئێرەش ڕایەڵ کرابێ؟ "

ڕۆژێک یەکێک لەم کیژانە، کە سینگ ومەمێکی ئاوا وئاوەدانی هەبوو، چاو وبرۆڕەش، و پرچە هۆنراوەکەی بە شان ومل و پشتیا هاتبووە خوارێ، لە ڕاڕەوەکەدا گرتمی و بە پەلە و بە چپەوە گوتی: - ئەم نامەیەم بۆ بگەیەنە ئەو ئەدرەسەی کەلە سەری نووسراوە، دە کوپیکانت دەدەمێ.

ئەوجا ڕوندک زابیە چاوە قاوەییە گەشەکانی، لێوی خۆی گەست، دەم وچاوی تا بناگوێی سوور هەڵگەڕا. من بەوپەڕی نەجابەتەوە دە کوپیکەکەم ڕەفز کرد، بەڵام نامەکەم لێوەرگرت و بەگوێرەی ئەدرەسی سەر زەرفەکە، گەیاندمە دەستی خاوەنەکەی. خاوەنی نامەکە خوێندکارێکی لاوازی سیلاوی بوو، گۆناکانی سوور بووبوونەوە. ئەمە کوڕی یەکێک لە قازیەکانی دادگای باڵابوو. پەنجا کوپیکی وردەی

دەرهێنا کە بمداتێ، هەرهەمووی دراوی مسین بوو، بەڵام کە پێموت پارەم ناوێ، ویستی بیخاتە گیرفانی، نەچوونەوە گیرفانی و بەدەستە لەرزۆکەکانیەوە ڕژانە سەر ئەرزەکە، لەکاتێکا بە حەپەساوی دەیڕوانیە پێنج کوپیکی و دوو کوپیکیەکان کە هەریەکەیان بەلایەکا خل دەبوونەوە، هێندە بەتووندی دەستەکانی هەڵگلۆفت کە هەموو جمگەکانی قامکەکانی تەقین، بەدەم ئاهێکی قووڵەوە، پرتەپرتێکی لێهەستا:

- چارچییە؟ تۆ ئیدی خوات لەگەڵ! دەبێ بیر بکەمەوە..

ئیدی بۆم دەرنەکەوت بیرکردنەوە گەیاندیە کوێ. بەڵام زۆر دڵم بەحاڵی کچەکە سووتا. پاش ماوەیەکی کەم ئیدی لە زانکۆ دیار نەما وپاش پازدە ساڵان لە قرم بینیمەوە، لەوێندەر خەریکی کاری مامۆستایەتی بوو. بەلەنگازە تووشی نەخۆشی سیل بووبوو. باسی هەرشتێکی کردبا، وەکو کەسێک کە ژیان غەدری لێکردبێت بە تووڕەییەکی زۆرەوە باسی دەکرد.

کە لە دابەشکردنی کێک وسەموونان دەبوومەوە، دەهاتمەوە و ماوەیەک دەنووستم. دەوروبەری عەسر دووبارە لە نانەواخانەکەدا دەستم بەکارکردن دەکرد، بۆ ئەوەی نیوەشەو کێکە برژاوەکان بۆ دووکان ببەم. دووکانەکەمان، لەو سەروبەندەدا، لە تەنیشت شانۆی شارەوە بوو. خەڵکی کەلە شانۆکە دەهاتنە دەرێ، خۆیان بە دووکانەکەماندا دەکرد وکێک و کولیچەی تازە وگەرمیان دەکڕی. کە لەو کارە دەبوومەوە، بۆ نانەواخانەکە دەگەڕامەوە، ئیدی دەبوایە هەویرم بۆ نانی بەیانی بشێلابا. هەڵبەتە شێلانی پازدە بیست پووت ئارد بەدەست گاڵتەی منداڵان نەبوو.

پاشان دوو سێ سەعاتان دەنووستم و دووبارە کێک ونانی تازەی بەیانیم دابەش دەکرد.

ئیدی ئەمە کاری هەموو ڕۆژێکی من بوو.

***

هەستێکم لەلا دروست بووبوو، کە تۆوی " ژیری، چاکە و، نەمری " لە دنیادا بڵاو بکەمەوە، حەزم بە تێکەڵبوونی خەڵکی دەکرد، خەڵکم خۆشدەویست، چونکە لە ڕووداوەکانی ژیانا قاڵ بووبوومەوەو کتێبانم زۆر دەخوێندەوەو بەخۆیشم سووکە بەهرەیەکم تیابوو، توانایەکی باشی نەقالی و حیکایەتخوانیم هەبوو، سووکە

ڕووداوێکم بەس بوو، بۆ ئەوەی بیکەم بە ماک و ئامیانی چیرۆکێکی کاریگەر. ئیدی سەربهوردی خۆم وئەو کتێبانەی دەمخوێندنەوە، بووبوون بە سەرچاوەی هزر و بیرەکانم. بۆیە ئەگەر بمویستبا ڕووداوێکی واقیعی بکەم بە چیرۆکێکی خۆش وجوان کە بە " داوی نهێنی " چنرابێت، زۆر زەحمەتم پێوەی نەدەبینی و بە ئاسانی بەدەستمەوە دەهات. من دۆستایەتیم دەگەڵ کرێکارانی کارخانەکانی کریستوفنیکوف و کارگەکانی ئالفوزوف دا هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ پیرەمێرێکی جۆلادا بەنێوی نیکیتاروبشوف کەلە زۆربەی هەرە زۆری کارگەکانی چنینی ڕووسیادا کاری کردبوو، دۆستایەتیم زۆر خۆشبوو. ئەم پیاوەزۆر زیرەک و هەمیشە نیگەران بوو. بزەیەکی بە سوێ بە چاوە قاوەییەکانیەوە دیاربوو، عەینەکێکی ڕەشی لەچاو بوو کەبە تەل بە گوێیەکانیەوە بەستبوو، ژەنگی تەلەکە بە پەناگوێیەکان و بەسەر کەپوویەوە دیاربوو، بەدەنگێکی گیراو بەمنی دەگوت:

- ئێی ئەلکسی ماکسیمیوفیچ، برادەرە چکۆلە و ئازیزەکەم، من پەنجا و حەوت ساڵە لەم دنیایەدا دەژیم، تۆ هێشتا منداڵیت، تازەی، خەیاری گوڵ بەدەمەی.

روبتسوف لەنێو هاوڕێ جۆلاکانی دا بە " ئەڵمانی " ناسرابوو، چونکە بەردەوام ڕدێنی دەتاشی و پەڵە موویەکی لە ژێر لێوەییەوە دەهێشتەوەو سمێڵێکی قیت و ئەستووری دادەنا، پێیان دەگوت ئەڵمانی. کابرایەکی سینگ پانی چوارشانە، دەستەباڵا بوو، سەرە خڕە سافەکەی بەسەر شانی چەپیا خوار دەکردەوەو دەیگوت:

- زۆر حەزدەکەم بچمە سێرکان، بەڕاستی خۆشە، نازانم چۆن ئەو ئەسپ و ئاژەڵانە تەعلیم دەدەن؟ خۆ ئەوانە ئاژەڵن، بەڕاستی خۆشە، من ئاژەڵانم خۆش دەوێن – پێویستە ڕێزیان بگیردرێ! لە دڵی خۆدا دەڵێم کەواتە دەبێ بەشەرانیش بەجۆری تەعلیم بدرێن کە بزانن چۆن ئەقڵیان بەکار بێنن. خودان سێرکان، ئاژەڵ بە شەکر ڕام دەکەن، شەکریان دەرخوارد دەدەن. بەڵام ئێمەی بەشەر دەتوانین بەخۆمان لە دووکانان شەکر بکڕین. بەڵام ئەو شەکرەی بۆ ئێمەمانان پێویستە جۆرێکی دیکەیە، جۆرێکە کە سوکنایی بە دڵ و دەروونمان دەبەخشێت. ئەم شەکرە نێوی نەرمی و میهرەبانیە، کەواتە بچکۆل گیان، ئەو شێوازەی کە دەتوانی لە ڕێگەیەوە، بە سەر کاروباراندا زاڵ بیت، نەرم ونیانی و میهرەبانیە، نەک بە زەبر و زۆری کوتەک وەک لەلای ئێمە باوە. وایە؟

بەڵام خۆی لەگەڵ خەڵکیدا نەرم ونیان ومیهرەبان وبەلوتف نەبوو، زۆر قسە ڕەق و ڕووشکێن بوو، بە تەوس و توانجەوە خەڵکی دەدواند، ئەگەر قسەیان لە گەڵدا بکردایە، زۆر بەکورتی وبە ڕەقی وەڵامی دەدایەوەو دڵی کەسی ڕانەدەگرت. یەکەمجار لە مەیخانەیەکدا دیتم وناسیم، کۆمەڵێک دەوریان دابوو و دەیانویست لێی بدەن، تەنانەت چەند زللەیەکیشیان خێواندێ، من فریای کەوتم و لەسەریم کردەوە، لەوێم بردە دەرەوە. کە بە ناو تاریکیەکە کەوتین وبەبەر بارانی پایزدا کەوتینەڕێ، لێم پرسی: - خۆ ئازارتان پێنەگەیی؟

بە خەمساردی و بێ موبالاتیەوە بەرسڤی دایەوە:

- ئازار؟ ئەوە کەی لێدانە؟ بەڵام بوەستە تۆبۆ بە ڕاناوی کۆ دەمدوێنی.

بەوجۆرە یەکدیمان ناسی. هەوەڵجار بە تەوسەوە دەیدواندم، گاڵتەی پێدەکردم. بەڵام کەباسی ئەوەم بۆکرد، "داوە نهێنی ونادیارەکە " چ دەورێک لە ژیانمانا دەبینێ، هەڵوەستەیەکی کرد، لە فکران ڕاچوو و گوتی:- ئەها، بەڵام تۆ، وادیارە زیرەکیت! کەسێکی قسەزانی!

لەوە بە دواوە، بەرخورد ومامەڵەی لەتەکما گۆڕا، وەکو باوکێکی میهرەبان ڕەفتاری لەگەڵما دەکرد، تەنانەت بەناوی خۆم وباوکمەوە بانگی دەکردم (نیشانەی ڕێزلێنانە) ودەیگوت:

- ئەلکسی ماکسیموفیچەکەی من، ئەی درەوشە تیژەکەم، هزر وبیرەکانی تۆ دروست و تەواون، بەڵام کەس باوەڕت پێناکات، چونکە سوودیان نییە. کەس باوەڕت پێناکات.

- ئەدی تۆ! باوەڕم پێدەکەیت؟

- من! سەگێکی بەڕەڵڵا وسەرگەردان و کلک کورتم. بەڵام جەماوەری خەڵک، سەگی ماڵین، هەریەکەیان بارێکی گرانی بە کلکەوە بەستراوە بە نێوی ژن ومنداڵ و، کاروکاسبی و زۆر شتی تورەهاتی دیکەوە. هەر سەگێک کولانەی خۆی خۆشدەوێت، ئەوانە باوەڕت پێناکەن. جارێکیان لە کارخانەی موروزوف، خۆپیشاندانمان کرد، هەرکەسێک لە پێشەوە بڕۆیشتبایە، یەکسەر دەیانکێشا بە نێو چەوانیا، سەر ونێوچەوان وەکو، پشت نییە. دەئاوسێ وهەڵدەتۆقێ و شوێنەواری جەزرەبە و لێدانەکەی تا ماوەیەکی زۆر پێوە دەمێنێت.

دوای ئەوەی دەگەڵ یاکوف شاپشنیکوف دا ناسیاوی پەیدا کرد دەم وڕاوێژی گێڕێک فەرقی کرد، یاکوف لە کارخانەی کریستوفنیکوفدا کاری دەکرد، یاکوف نەخۆشی سیلی لەگەڵدا بوو، گیتارژەنێکی باش بوو، شارەزای کتێبی پیرۆز بوو، هەموو تەورات وئینجیلی لەبەربوو. روبتسوفی بەوە دەحەپەساند کە دەیگوت خودا نییە. نکۆڵی لەبوونی خودا دەکرد. هەرچەند دەکۆکی خوێنی هەڵێنا. زۆر لەسەر بیروباوەڕی خۆی ڕژد بوو، بەجۆش و خرۆشەوە گەنگەشەی دەکرد:

- یەکەم من لە " لەسەر شێوەی خوا " نەخوڵقاوم. من نەهیچ دەزانم و نەهیچ دەتوانم. نە پیاوێکی باشم، نەخێر باش نیم. دووەم یان خودا نازانێ ژیانی من چەند دژوار و ناڕەحەتە، یان دەزانێت و ناتوانێ هیچ کارێک بکات یان دەتوانێ و نایکات، سێیەم خودا نە زانا بە هەموو شتێکە و نە توانا بە هەموو شتانە، نە بەخشندەیە و نە میهرەبانە، بە کورتیەکەی، تەنیا ئافەریدەی خەیاڵی بەشەرە. هەموو شتێک خەیاڵە، ژیانمان هەمووی خەیاڵە.. کەس ناتوانێ بەو خەیاڵ پڵاوە گەوجم بکات، بمگەوجێنێت!

روبتسوف، کە گوێی لەو قسانە بوو، حەپەسا، لە هەوەڵەوە زمانی بەسترا. ئەوجا لە قارو غەزەبا سەروچاوی ڕەش داگەڕا، بەهەڵچوونەوە دەستی بە جنێودان کرد. بەڵام یاکوف، بە ئایەت و نموونەێن تەورات و ئینجیل دایگرتەوە، روبتسوف، هیچ بۆ نەمایەوە، دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو، ناچار بێدەنگ بوو و لە سووچێکا دەفکرەوە چوو.

بەڵام شاپشنیکوف، بە دەم ئەو قسە توووند ودوور ودرێژانەوە ڕەنگ وڕووی دەگۆڕا، شێوەیەکی ترسناکی وەرگرت. ڕوخساری تاریک وقژەکەی ڕەش ولوول لە قژی قەرەجان دەچوو. لێوە شینەکانی بەسەر ددانە پرشنگدارەکانیەوە، کە لە ددان وکەڵبەی گورگ دەچوون، تەتەڵەیان دەکرد. چاوەڕەشەکانی لە دوڕ چاوانی هەڤڕکەکەی دەبڕین، نیگای ئەوەندە قورس و بەسام بوون، بەرانبەرەکەی تەحەمولی نەدەکرد. نیگای ئەو کابرا نەخۆشەی بیر دێنامەوە کە تووشی نەخۆشی "خۆ بەزلزانی" بووبوو.

کە لای یاکوف هاتینە دەرێ وکەوتینە ڕێ، روبتسوف، بەدەم ڕێگەوەو بە دەنگێکی گڕو کەسەردارەوە پێی گوتم:

- تا ئێستا کەس لە حوزووری منا بەم جۆرە دژایەتی خوای نەکردووە، هەرگیز شتی وام نەبیستووە. زۆر شتم بیستووە، بەڵام هەرگیز شتی وام نەبیستووە. ئەمە یەک.. ئەم

پیاوە زۆر نازی، خەڵکی ئەم دنیایە نییە، بەداخەوە خۆی فەوتاندووە، بەڕاستی سەیرە! زۆر سەیرە ها.

بەڵام زۆری پێنەچوو، هۆگری یاکوف بوو، قسەکانی ئەو نەخۆشە سیلاویە، بەتەواوەتی هێنابوویە کوڵ و جۆش، بە بەردەوامی دەستی بەرز دەکردەوەو چاوە نەخۆشەکانی دەخوراند، دەیگوت:

- ئاوها.. کەواتە خودا نییە، ها. با واز لەو بێنین؟ بەڵام من سەبارەت بە تزار ڕاوبۆچوونی خۆم هەیە، درەوشە تیژەکەم: تزار بەلای منەوە بەڵایە، بەڵام تەحەمووڵ دەکرێت، دەوروبەرەکەی بەڵای گەورەن، ئەوانە سەرچاوەی هەموو کێشەکانن. من بەش بەحاڵی خۆم دەتوانم لەگەڵ هەر تزارێکدا هەڵبکەم و بسازێم، تەنانەت دەگەڵ " ئیڤان کروزنی " ش دا. ( ئیڤانی سامناک ). من پێی دەڵێم لە سەر تەختی خۆت دانیشە وحوکمی خۆت بکە، مادام دڵت بە حوکمڕانی خۆشە. بەڵام، خاوەن پۆست وسەرمایەدارەکان بدە دەستی من بزانە چۆن بۆ حەفتا پشت تەمبێیان دەکەم. ئەگەر ئەمە بکەی بە زنجیری زێڕ لە سەر تەختی پاشایەتی دەتبەستم ودوعای خێر بۆ خۆت و بەردەوامی بۆ تەخت و تاجەکەت دەکەم..

دوای ئەوەی کتێبی " شا – برسیەتی " خوێندەوە گوتی: - هەرچیەکی تیایە ڕاستە.

کە بۆ یەکەمجار، کتێبی وێنەداری چاپکراوی بینی، لەمنی پرسی:

- کێ ئەمەی بۆ نووسیویت؟ کە خەتی جوان و خۆشە. لە زمانی منەوە سوپاسی بکە. دەست خۆشی لێبکە.

روبتسوف، زۆر تینوو و تامەزرۆی فێربوون بوو، بە تاسەوە گوێی لە بۆچوونە ڕوخێنەر و خوا نەناسیەکانی شاپوشینکوف دەگرت. کە من باسی کتێبانم بۆ دەکرد، بە سەعاتان گوێی دەگرت، بەشادییەوە سەری بۆ دواوە دەبرد، بەدەم جووڵەی قورتمیەوە، قاقا پێدەکەنی و دەیگوت:

- بە ڕاستی ئەقڵی بەشەر گەورەیە. توانایەکی سەیری هەیە!

ئەو بەخۆی خوێنەرێکی باش بوو، بەڵام چاوە نەخۆشەکانی دەرفەتیان نەدەدا. وێڕای ئەوەش زۆرشتی دەزانی، زۆرجار بە زانیارییە چاوەڕوان نەکراوەکانی، سەرسامی دەکردم. دەیگوت:

- له ئەڵمانیا، دارتاشێک هەیە، ئەوەندە زیرەک وزانایە، تەنانەت پاشا ڕاوێژی پێدەکات.

دوای ئەوەی هەندێک پرسیارم لێکرد، بۆم دەرکەوت کە مەبەستی بیبیلە ( ئوگوست بیبیل ١٨٤٠ – ١٩٠٣، دامەزرێنەری حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەڵمانیا بوو). لێم پرسی: - ئەمە چۆن دەزانی؟ بە قامکە تووتەی سەرە خڕەکەی دەخوراند و زۆر بە کورتی دەیگوت: - دەیزانم.

شاپوشنیکوف، زۆر بەخەمی ژیانی سەخت و مەینەتباری خۆیەوە نەبوو، خۆی بۆ دژایەتی و ئینکاری خوا و، گاڵتەکردن بە ڕوحانیان تەرخان کردبوو، زۆری ڕق لە ڕوحانیان بوو، بەتایبەتی لە قەشە ورەبەنان.

ڕۆژێک روبتسوف، بە راوێژێکی دۆستانە لێی پرسی:

- باشە یاکوف گیان، تۆ بۆچی بە خواوە گرتووتە و کار وپیشەت بووە بە دژایەتی ئەو؟

یاکوف بە تووڕەییەکی چاوەڕوان نەکراوەوە گوتی:

- بۆ وانەکم، جگەلەو هیچ کۆسپێکی دیکەم لە ڕێگادا هەیە؟ من بیست دانە ساڵی خشت، هەموو متمانەیەکی خۆم پێ بەخشی، بە ڕوح لێی دەترسام. بۆم نەبوو هیچ پرسیارێک بکەم: دەیانگوت هەموو شتێک لە ئاسمانەوەیە، لە خواوەیە، هەموو ژیانم لە کۆت وبەندا بەسەرچوو. کەبە وردی تەورات و ئینجیلم خوێندەوە، بۆم دەرکەوت کە هەرهەمووی وەهم و خەیاڵە! دروستکراوە، دەست هەڵبەستە، نیکیتا گیان.

ئیدی بەجۆرێ دەستی ڕادەوەشاند لە تۆ وایە دەیەوێ " داوە نهێنییەکە " بپچڕێت. بەدەم گریانێکی سەیر و بە کوڵەوە لەسەری ڕۆیی: - بەم داخانەوە سەر دەنێمەوەو زووتر لەکاتی خۆم دەمرم!

***

من چەند دۆستێکی دیکەی سەیر و خۆشم هەبوون، کە زۆرجار دەچووم بۆ نانەواخانەکەی (سیمونوف) تا لەوێندەر بیان بینم، هاوڕێ کۆنەکانم بەگەرمی پێشوازیان دەکردم و بەتاسەوە گوێیان لە قسەکانم دەگرت. روبتسوف ماڵی لە گەڕەکی ئەمیرالی بوو، شاپوشنیکوف، ماڵی لە گەڕەکی تاتاران بوو، لە دووری کابان، فاسیلەی نێوان ئەم دووانە پێنج شەش کیلۆمەتر دەبوو. زۆر بەکەمی ئەو جووتەم دەبینی،

چونکە من هیچ شوێن و ماوایەکم نەبوو پێشوازیان بکەم، نەیاندەتوانی بێنە سەردان و دیدەنیم. ئەمە جگە لەوەی کە نانەواخانە و شیرینیخانەکەمان بۆ شوێنێکی تازە گواستەوە، بە یەکجارەکی دەرفەت و دەرەتانی هاوڕێکانم لەدەست دا، چونکە نانەوا تازەکەش سەربازێک بوو کە تازە خانەنشین بووبوو ودۆستی جەندرمەکان بوو. جەندرمەخانەکەش پشتی بە حەوشەکەی ئێمەوە بوو، بۆیە هەموو ڕۆژێ جەندرمە جل شینەکان، لە دیوارەکەوە خۆیان هەڵدەدایە ئەم دیو دیوارەکە، خۆیان بە نانەواخانەکەدا دەکرد، سەموونیان بۆ کۆلۆنێل " گانگارت "ی بەرپرسی جەندرمەخانەکە و نانیان بۆ خۆیان دەکڕی. ئەمە جگەلەوەی کەمن ئامۆژگاری کرابووم، زۆر تێکەڵاوی خەڵکی نەبم و هەقم بەسەر کەسەوە نەبێت، بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکی نەکەوێتە سەر نانەواخانەکە..

هەستم دەکرد کارەکەم بێهودەیە. هەندێجار خەڵکی بێئەوەی هیچ حیسابێک بۆ قازانج و خەرجی دووکانەکە بکەن، هێندەیان پارە لە دەغیلەکە دەردێنا کە، بایی ئەوەمان بۆ نەدەمایەوە، هەقی کڕینی ئاردەکەی پێ بدەین. ئیدی لەم حاڵەدا دیرنیکوف، بە خەمبارییەوە دەستی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا و بەدەم بزەیەکی خەمناکەوە دەیگوت: - کار وابڕوات قازانج سەری مایە دەخوات.

ئەویش ژیانی ناخۆش بوو. ناسیتا کە حامیلە بوو، بەخۆی وگێسوە زەردەکانیەوە، وەکو پشیلەی توورە، بەرەو ڕووی دەچوو، بەڕوویا هەڵدەشاخی، بە چاوە کەسکە توورەکانی، بەگومانەوە دەیڕوانییە هەموو شتێک.. بە جۆرێ بەلای ئاندری دیرنیکوف دا تێدەپەڕی وەکو ئەوەی نەیبینێ. ئەویش بەدەم بزەیەکی ناچاریەوە، ڕێگەی بۆ دەکردەوەو ئەوجا بەدەم هەناسەیەکی بوکڕوزاوی لە دواوە تەمەشای دەکرد.

ئاندری دیرنیکوف، هەندێجار لەلای من گلەیی و گازنی دەکرد و دەیگوت:

- بەڕاستی ئەمە نەبوو بەکار، گاڵتەی منداڵانە.. کەس بەکەس نییە، هەرکەسە، هەرچیەکی بەردەست دەکەوێ هەڵیدەگرێت و دەیبات، فڕان فڕانە، زۆردار لە بێ زۆری دەفڕێنێ.. بەڕاستی بێ مانایە.. من نیو دەرزەن گۆرەوێم بۆخۆم کڕی بوو، لە زەرفی یەک ڕۆژا، هیچی دیار نەما!

مەسەلەی گۆرەوییەکان، مایەی پێکەنین بوو، بەڵام من پێنەکەنیم. چونکە دەمبینی ئەم پیاوە خاکی وخۆنەویستە، چەند بە دڵسۆزی هەوڵیدەدا، پرۆژە بە سوودەکەی

بەردەوام بێو خەڵکی خێری لێببینن، بەڵام دەوروبەرەکەی، بە خەمساردی وبێ موبالاتیەوە، مامەڵەیان لە تەک پرۆژەکەیدا دەکرد وڕیسەکەیان دەکردەوە بە خوری. دیرنیکوف، چاوەڕوانی سوپاس ومنەتباری لەو کەسانە نەدەکرد کە خزمەتی دەکردن و چاکەی بەسەریانەوە هەبوو، بەڵام هەقی ئەوەی هەبوو، ڕێزی بگرن ودۆستانە ڕەفتاری دەگەڵدا بکەن، کە مخابن هیچ جۆرە دڵسۆزی و ئەمەکدارییەکی لێنەدەبینین. خێزان و ماڵباتەکە بلەز بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو، بابی تووشی سووکە شێتییەک بوو کە بەهۆی ترسێن ئاینییەوە تووشی بوو. برا بچووکەکەی سەری کردە بادەنۆشی و خووی دایە مێبازی و ڕابوردن، خوشکەکەی تەنیا و نامۆ پێدەچوو کێشەی دڵداری دەگەڵ خوێندکارە قژزەردەکەدا بۆ چێبووبێت. زۆرجار دەمبینی، ئەوەندە گریابوو، چاوەکانی ئاوسابوون، لەوکاتەدا زۆر ڕقم لە خوێندکارە قژ زەردەکە هەڵدەستا.

هەستم دەکرد حەزم لە ماریا دیرنیکوفایە. هەروەها نادیجا چیرباتوفاشم، کەلە دووکانەکەی خۆمانا کاری دەکرد، خۆشدەویێت. کچێکی خرپن، گۆنا ئاڵ، لێو ئەستوور، خەنۆڵ، شەنگۆڵ و ڕووخۆش بوو. بەشێوەیەکی گشتی پێویستم بە ئەشق وڤیان بوو. ئیدی تەمەن، زەرورەتی تەبیعەت و ئاڵۆزی ژیان وگوزەرانم، وایان دەخواست تێکەڵاوی ژنان بم، کە ئەم دیاردەیەشم درەنگ لێدەرکەوت. پێویستم بە نەوازش و میهروسۆزی ئافرەت بوو. یان بەلای کەمەوە پێویستم بە ژنێک بوو، سۆزم بداتێ، نازم هەڵبگرێت، پێویستم بە کەسێک بوو کە بتوانم بە ڕاشکاوی گرێی دڵی خۆمی بۆ بکەمەوە، باسی خۆمی بۆ بکەم، باسی خوو و خدە و تەبیعەتی خۆمی بۆ بکەم. کەسێک کە بتوانێ یارمەتیم بدات و لەو ئاژاوە هزرییەم دەرباز بکات کە تیایدا دەژیام.

من دۆستی دڵسۆزم نەبوون. ئەوانەشم نەدەحوباند کە وەکو " کەرەستەیەکی خاو کە بشێت پەروەردە بکرێت " تەمەشایان دەکردم. کارێکی وایان نەکرد کە متمانەیان پێبکەم. باسی هەرشتێکم بۆ بکردنایە و بەدڵی ئەوان نەبوایە، دەکەوتنە ئامۆژگاریم و بە کورتی دەیانگوت:- واز لەو قسانە بێنە!

***

گووری پلیتینوف گیرا، پاشان بۆ زندانی " کریستی " یان نارد لە سان پترسبورگ. یەکەم کەس نیکوفوریچ ئەم نوچەیەی (هەواڵ، خەبەر) پێدام. بەیانی زوو ئەوم لە سەر جادە بینی، هەرچی قایش وقروش ومیداڵ و نیشانەی هەبوو، هەرهەمووی لەخۆی

دابوو، دەتگوت لە نمایشێکی فەرمی دەگەڕێتەوە، دەبیرەوە چوو بوو وبەکاوەخۆ ڕێی دەکرد، بەرەو ڕووم هات، کە گەییە ئاستم، دەستی تا ئاستی شەپقەکەی بەنیشانەی سڵاو بەرزکردەوە و بێئەوەی هیچ بڵێت، بەلاما بووری. ماوەیەک ڕۆیی، ئەوجا وەستا و ئاوڕێکی لای منی دایەوە و بەدەنگێکی گڕو تووڕە گوتی:

- دوێشەو گووری ئەلکسندروفیچیان گرت.

ئەوسا، چاوێکی بە دەوروبەری خۆیا وبە سەرانسەری شەقامەکەدا گێڕاو دەستەکانی بە نائومێدیەوە هەڵتەکاندن و لەبن لێوانەوە گوت :

- ئەو گەنجە بەلەنگازە، قوڕی بۆ خۆی گرتەوە، تازە تیاچوو!

هەستم دەکرد کە فرمێسک زاوەتە چاوە فێلاوییەکانی..

ئەوەندەی من ئاگاداربووم، پلیتینوف، بەخۆی دەیزانی کە درەنگ یان زوو دەگیرێت. منی ئاگادار کردبووەوە کە خۆمی لێ دوور بگرم، ڕای سپاردبووم کە " روبتسوف " ش کە دۆستی پیلیتینوف بوو ئاگادار بکەمەوە کە چیتر هاتوچۆی نەکات.

نیکوفوریچ، کەچاوی بڕی بوونە بەرپێی خۆی، بە ڕاوێژێکی گڕ گوتی: - بۆچی سەرم نادەیت؟

ئەو شەوە چووم بۆ کابینەکەی، تازە لەخەو هەستابوو، لە سەر جێگەکەی ڕۆنیشتبوو وکڤاسی ( جۆرە شەرابێکی ڕووسیە ) دەخواردەوە، ژنەکەی لەبەر پەنجەرەکە ڕاوەستابوو و پانتۆڵەکەی بۆ دەدووریەوە.

نیکوفوریچ، بەدەم خوراندنی سینگە تووکنەکەیەوە، کەلە تووکی دەڵەک دەچوو، خەیاڵاوی دەیڕوانیە من، ئەنجام گوتی:

- بەوجۆرە دەستگیریان کرد. مەنجەڵێکیان لەلا گرت کە ڕەنگی تیا دەکوڵاند، تا بڵاوکراوەی ئەنتی تزاری پێ چاپبکەن.

ئەوجا بە تووڕەیی تفێکی ڕۆکردە سەر ئەرزەکە و بە ژنەکەی گوت: -کوا ئەو پانتۆڵەم بدەیە!

ژنەکەی، بێئەوەی سەر هەڵبڕێت گوتی:- هەر ئێستا بۆتی دێنم.

پیرەمێر (نیکوفوریچ) لەکاتێکا بەچاو ئاماژەی بۆلای ژنەکەی دەکرد، پێی گوتم: - زۆری بەزەیی پێیدا دێتەوە، بۆی دەگری، منیش بەزەییم پێیدا دێتەوە، بەڵام ئاخر بابایەکی خوێندکار، لەکوێ دژایەتی دام و دەزگای پاشایەتی و تزاری پێدەکرێت؟

ئەوسا جلەکانی لەبەر کرد وبە ژنەکەی گوت: - هەر ئێستا دێمەوە.. تۆ! سەماوەرەکە پێبکە.

ژنەکەی، لەجێی خۆیەوە، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە دەرەوە.

هەرکە مێردەکەی لە دەرگاکە ئاودیو بوو، ژنە ئاوڕێکی دایەوە، چەمۆڵەیەکی لێنا و لەبن لێوانەوە گوتی:- ئاخ پیرەمێردی بەدفەڕ وناجسن!

ئەوەندە گریابوو، چاوی ئاوسابوون، چاوی چەپی بەجۆرێ شین بووبووەوە، بە ئاستەم دیاربوو. هەستا و چوو بەلای ئاگردانەکەوە، بەسەر سەماوەرەکەیا دانەوییەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:

- لە ئێستا بەدواوە خیانەتی لێدەکەم، خیانەتێکی وەهای لێدەکەم بۆ هەفتا پشتی تەمێ خواردوو ببێت، هاواری لێ هەستیت، وەکو گورگ بلورێنێ، باوەڕی پێمەکە، باوەڕ بە هیچ قسەیەکی مەکە! داوت بۆ دەنێتەوە. چیت پێدەڵێت هەمووی درۆیە. خەفەت بۆ هیچکەسێک ناخوات. بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە. ڕاوچییەکی ترسناکە. ئاگای لە هەموو کارەکانی ئەنگۆ هەیە.. کاروپیشەی ڕاوە مەردمە ، ڕاوچی بەشەرانە، بەوە دەژی.

لێم نزیک بووەوە، خۆی پێوە نووساندم، وەکو چۆن گەدایەک دەپاڕێتەوەو داوای سەدەقە دەکات، بەو ئاوایە لێم پاڕایەوە: - بۆ لەگەڵم ڕانابوێری؟ ها؟

هەرچەندە حەزم لە چارەی ئەم ژنە نەدەکرد، بەڵام هێندە بە تامەزرۆییەوە، تاقە چاوەکەی تێ بڕی بووم، ناچار باسکم لە قەدی ئاڵاند، دەستم بە قژە بژەکەیدا هێنا، زۆر زبر وخز بوو. بەو حاڵەوە لێم پرسی:- ئاخۆ ئەمڕۆ تاقیبی کێ دەکات؟

- تاقیبی یەکێک دەکات کەلە میوانخانەکەی شەقامی ریبنوریادسکایا دابەزیوە.

- نازانی ناوی چییە؟

بزەیەکی بۆکرد وگوتی:- چۆنە پێی بڵێم کە تۆ پرسیاری چیت لێ دەکردم؟ ئەوە هاتەوە! "گووری " داماویش، هەر ئەو خستیە داوەوەو بەگرتی دا.

ئەوسا بەپەلە لە من دوور کەوتەوە وبەرەو ئاگردانەکە ڕۆیی.

نیکوفوریچ، خۆی بە ژوورا کرد، نان و مرەبا و ڤودکای لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. هەموو لە دەوری خوانەکە دانیشتین ودەستمان بە نان خواردن کرد، مارینا لەلای منەوە دانیشت، بە ئاشکرا نەوازش و مجامەلەی دەکردم بە سۆز و میهرەوە بە چاوە ساغەکەی تەمەشای دەکردم، مێردەکەشی پەیتا پەیتا دەیدا بە گوێما ودەیگوت:

- ئەم داوە پەنهانە ڕەگی لە دڵ و دەروون، لە گۆشت و ئێسقانی خەڵکی داکوتاوە، کێ دەتوانێ دەری بێنێ و فڕێی بدات؟ تزار بۆ خەڵکی وەکو خوایە!

لەناکاوا، لەمنی پرسی:- تۆ کتێبانت زۆر خوێندوونەوە. دیارە ئینجیلەکانیشت خوێندوونەوە، بەڕای تۆ ئەوەی لەو ئینجیلانەدا تۆمار کراون، هەمووی دروستن؟

- نازانم.

- بەڵام من پێموایە زۆرشتی زیادەیان تیایە. بۆ نموونە سەبارەت بە گەدا و هەژاران نووسراوە: "خەنی لە هەژاران، بەختەوەر و شادمانن " ئاخر شادی و بەختەوەریان لە چ دایە؟ ئەم ئایەتە هیچ مانایەکی نییە، هەڵبەتە زۆر ئایەتی دیکە سەبارەت بە گەدا و هەژاران هەن، هیچ ڕوون نین. بەباوەڕی من دەبێ هەژار وهەژارکراو لێکدی هاوێر بکرێن. کەسێک لە بنەچەوە هەژاربێ ئەوە نەگبەتە، بەڵام کەسێک دارابووبێ و پاشان هەژار بووبێ ئەوە بەخت پشتی تێکردووە.. دەبێ بەو ئاوایە هەڵسەنگاندن بۆ مەسەلەکە بکرێ . ئەم شێوازە باشترە.

- بۆچی؟

ماوەیەک بێدەنگ بوو، چاوی لە دوڕ چاوم بڕی، ئەوجا بە ڕاوێژێکی ڕوون و ڕەوان، پاش ئەوەی باش بیری لە مەسەلەکە کردبووەوە گوتی:

- لە ئینجیلدا، تەکەزیییەکی زۆر لەسەر خەمخۆری و بەزەیی کراوەتەوە. بەڵام بە نۆڕینی من ئەم خەسڵەتانە زۆر خراپن، بەزەیی، دەکاتە ئەوەی پارەیەکی زۆر لە خەڵکانی بێ کەڵک و بێسوود خەرج بکرێت، نەخۆشخانە، زندان، شێتخانە، خانەی پەککەوتووان، هەموو ئەمانە پارەیان دەوێ، پارەیەکی زۆریش. من باوەڕم وایە دەبێ

بایەخ بە خەڵکانی ساغ و سەلامەت و بەهێز بدرێ، تا توانا وهێزی خۆیان بەفیڕۆ نەدەن، کەچی ئێمە لەجیاتی کۆمەک بەوانە بکەین، دێین یارمەتی نەخۆش و دەغەزار و سەقەت و کەم ئەندامان دەدەین، باشە لاواز و بێهێز، بەهێز و توانا دەکری؟ ئەم کارە دەبێتە مایەی ئەوەی خەڵکە ساغڵەم و بەهێزەکە وردە وردە هێز وتوانای خۆ لە دەست بدەن و بپوکێنەوەو لاواز وبێ هێزەکانیش ببنە بار بە سەر شانی ئەوانەوە.. کێشەکە لەمەدایە، بۆیە زۆرشت هەن پێویستیان بە پێداچوونەوەیە و دەبێ ئەوە بزانین کە زۆر لە مێژە ژیان ڕێگەی خۆی گرتووەو لە ئینجیل دوور کەوتووەتەوە. دەزانی ئەم پلیتنوفە بەلەنگازە بۆچی ڕۆژی بەم ڕۆژگارە گەیی، بۆچی ئەمەی لێقەوما؟ هەمووی لە سۆنگەی بەزەییەوە بوو. ئێمە بەزەییمان بە سواڵکەرا دێتەوەو سواڵکەر بەخێو دەکەین و خوێندکار فەرامۆش دەکەین، هەرگیز خەمی ناخۆین! ئاخر ئەمە ئەقڵە؟!

هەرچەندە من لەوە پێشیش، زۆرم لەو جۆرە بیر وهزرینانە بیستبوو و لەنێو خەڵکیشدا لەوە بڵاوتر بوو کە وێنا دەکرا، بەڵام هەرگیز بەو ڕوونی و ڕاشکاویە نەم بیستبوو. دوای حەوت ساڵان وەختایەک نیتشەم خوێندەوە، یەکسەر فەلسەفەکەی یارۆی پۆلیسی قازانم بیرکەوتەوە. حەزدەکەم لێرەدا ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم بەدەگمەن لە کتێباندا ڕێکەوتی بیرێکم کردبوو، کە پێشتر لە ژیاندا، لە ژیانی کردەکیدا، ڕیکەوتیم نەکردبێ.

کۆنە " ڕاوچی بەشەران " بەردەوام دەیرپێسا، بەدەم قسانەوە بە گوێرەی ڕیتمی قسەکانی، بە قامکان لە قەراخی سینیە چایەکەی دەدا. ڕوخسارە لاوازەکەی گرژ ومۆن بووبوو، بەڵام سەیری منی نەدەکرد، بەڵکو چاوی لە سەماوەرە برنجەکە (برنجە: کانزایەکی تێکەڵەیە لە مس و فافۆن) کە وەکو ئاوێنە دەدرەوشایەوە.

ژنەکەی دووجار بیری خستەوە کە:- کاتی ڕۆیشتنت هاتووە.

پیاوە، وەڵامی نەدایەوە، بەردەوام بوو لەسەر قسەکردنی خۆی. بە ئارەزووی خۆی وشە و ڕستەی ڕیز دەکرد و دەیدانە دەم یەکەوە، کاتێکم بەخۆزانی باسەکەی گۆڕی:

- تۆ گەنجێکی زیرەکی، بەسیوات و خوێندەواریت، بۆچی هەر دەبێ شاگرد نانەوا بیت؟ خۆ ئەگەر مەسەلەکە کاسبی و پارە پەیداکردن بێ، دەتوانی لە ڕێگەی خزمەتی دەوڵەت و تزارەوە، هەمان پارە و بگرە زیاتریش بە دەست بێنیت..

لەوکاتەدا کە گوێم لەقسەکانی ئەو دەگرت، لە دڵی خۆدا بیرم لە نەخشەیەک دەکردەوە، چۆن ئەو خەڵکە نەناسەی کەلە میوانخانەکەی شەقام و گەڕەکی ریبنوریادسکایا ئاکنجی بوون، ئاگادار بکەمەوە کە نیکوفوریچ تاقیبیان دەکات. یەکێک لەوانەی لەو میوانخانەیەدا بوون، پیاوێک بوو بەنێوی سیرگی سوموف کە تازە لە تاراوگەی یالوتوروفسک گەڕابووەوە. زۆر هەڵوێستی سەیر و قامانانەی ئەم پیاوەیان بۆ گێڕابوومەوە. نیکوڤوریچ، لە سەری ڕۆیی وگوتی:

- خەڵکی زیرەک و بەئاوەز دەبێ بە کۆمەڵ بژین، وەکو هەنگ، وەکو مێروولان.. ئیمپراتۆریەتی تزار..

ژنەکەی لێرەدا قسەکەی پێبڕی وگوتی: - تەمەشای سەعاتەکە بکە، سەعات نۆیە.

- شەیتان بە..

بەدەم ئەو قسەیەوە هەستایەسەرپێ، دوگمەی پاڵتۆ درێژەکەی بلەز داخست وگوتی:

- قەیدی نییە، بە گالیسکە دەڕۆم.. جارێ خواحافیز برای ئازیز، جارجار سەرمان لێبدە، شەرم مەکە ماڵی خۆتە..

کەلەماڵی ئەوان وەدەرکەوتم، بەڵێنم بە خۆم دا کە جارێکی دی سەردانی نیکوفوریچ نەکەم. هەرچەندە ئەم پیرەمێرە مایەی سەرنج بوو بەڵام نەدەچووە دڵەوەو حەزم لێی نەدەکرد، ڕاوبۆچوونەکانی وی سەبارەت بە بەزەیی و زیانەکانی بەزەیی زۆری نیگەران کردم، وشەکانی لە زەینمدا نەخش بوون. هەڵبەتە جۆرە ڕاستیەک لە قسەکانیا هەبوو، بەڵام ئەوەی ناخۆش بوو ئەوە بوو کە قسەی بابایەکی پۆلیس بوو.

ئەم بابەتە زۆر باس دەکرا و بابەتی گەنگەشانی دوور ودرێژ بوو. لە یەکێک لەو گەنگەشانەدا، بویەرێک زۆر کاری تێکردم:

ڕۆژێک یەکێک لە مورید و هەوادارەکانی تولستوی هات بۆشار، یەکەمجارم بوو کە یەکێک لە پەیڕەوانی تولستوی بدینم، کابرایەکی درێژداهۆڵی، ئەسمەر ڕەنگی، ڕیشن بوو، ڕدێنە ڕەشەکەی لە ڕیشی بزن دەچوو. لێوەکانی ئەستوور، لە لێوی زەنگیان دەچوو. هەندێجار دادەنەوییەوە، لە تۆوایە تەمەشای ئەرزەکە دەکات، ناوبەناو سەرە نیمچە سافەکەی بلەز بەرز دەکردەوە، پرشنگی گڕ ئاسای چاوە ڕەشە تەڕەکانی، ناخی بینەریان دەسمی. بوغز وکینە لە چاوانی دەبووەوە. کۆڕەکە لە ماڵی

مامۆستایەکی زانکۆدا بەڕێوەدەچوو، گەنجانێکی زۆر لەوێ خڕ بووبوونەوە.یەکێک لەوانە قەشەیەکی وردیلەی لاواز بوو، مامۆستای لاهوت بوو. جبەیەکی ئاورێشمی سەرنج ڕاکێشی لەبەربوو، ئەم جبەیە، پرتەوێکی دڵگیری بە ڕوخسارە جوان و زەردەکەی بەخشی بوو کەلە سایەی بزەی وشکی دیدە ساردە ڕەشەکانیا دەدرەوشایەوە.

هەوادارەکەی تولستوی ماوەیەکی زۆر باسی حەقیقەتە سەیر ودروست و ئەزەلییەکانی ناو ئینجیلی کرد، دەنگی زۆر قووڵ و بتەو، ڕستەکانی کورت و پوخت، وشەکانی هێندە بە ڕیتم و ئاهەنگ بوون، هەستت دەکرد، لە ئیمان وباوەڕێکی ڕاستەقینەوە هەڵدەقوڵێن. لە کاتی قسەکردنا، زۆرجار دەستی چەپی، کە زۆر تووکن بوو، دەجوڵاند و دەستی ڕاستی لە گیرفانی دەنا.

لە سووچێکی ژوورەکەوە، لە نزیکی منەوە، یەکێک لە بن لێوانەوە گوتی:- ئەکتەرێکی شانۆیی باشە!

یەکێکی دی بەرسقی دایەوە : - بەڵێ، توانایەکی نواندنی باشی هەیە!..

من ماوەیەک بوو کتێبێکم خوێندبووەوە، وابزانم لە نووسین ودانانی درایپەر بوو، ئەم کتێبە دەربارەی ململانێی کاتولیسیزم و زانست بوو، وای بۆچووم ئەو هەوادارەی تولستوی، یەکێکە لەو ئیمانداره ڕاستگۆیانەی کە باوەڕیان وابوو جیهان لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە ڕزگار دەکرێت و بەڵام ئامادەن لەپێناوی بەزەیی وشەفەقەت و میهرەبانیدا، برای بەشەری خۆیان بکوژن و بسووتێنن.

کراسێکی سپی قۆڵ دەڵبی لەبەربوو، جبەیەکی کەوەیی کۆنی بەسەردا کردبوو، کە ئەم جل وبەرگە هێندەی دی لە ئامادەبووانی ناو ژوورەکەی جیا دەکردەوە. لە کۆتایی وتارەکەیا بە دەنگی بەرز گوتی: - دەی باشە، ئێستا ئێوە لەگەڵ مەسیح دان یان لەگەڵ داروین؟

ئەم پرسیارەی وەکو بەردێک خێواندە ئەو گۆشەیەی کە گەنجەکان تیایدا کەڵەکە بووبوون و خزابوونە پاڵ یەکدییەوە. کوڕ وکچەکانی ئەم قوژبنەی ژوورەکە، بە حیرەت و سەرسامیەکی ترس ئامێزەوە تەمەشایان دەکرد وگوێیان لە قسەکانی دەگرت. دیاربوو قسەکانی یارۆی هەواداری تولستوی هەموویانی حەپەساندووە. ئامادەبووان

سەریان لەبەرخۆ نابوو، لە فکران ڕاچووبوون و هیچیان نەدەگوت. کابرا نیگایەکی ئاگرینی بە ئامادەبوواندا گێڕاو بەجدی گوتی:

- تەنیا فریسییەکان ( فریسی: کۆمەڵەیەکی جوولەکەن، زۆر پابەندی ڕواڵەتە ئاینییەکان بوون، بەڵام لە دڵا و ژێراوژێر ڕیاکار بوون) هەوڵدەدەن ئەم دوو پرەنسیپە هەڤدژە، کە خواشیان یەک نییە، ئاشت بکەنەوە. ئەمانە بەناوی یەکخستنی ئەم دوو پرەنسیپە هەڤدژەوە بێ شەرمانە خۆ فریو دەدەن و بەدرۆ خەڵکی دەخاپێنن وگومڕا دەکەن..

لەم کاتەدا قەشە چکۆلەکە لە جێی خۆی هەستا، بەکاوەخۆ قۆڵی جبەکەی هەڵکردن و بە نەزاکەتێکی تاڵ و بەدەم زەردەخەنەیەکی تەوسامێزەوە، هاتە قسان وگوتی:

- من هەستدەکەم ئێوە هەمووتان هەمان بۆچوونی بازاڕی دەربارەی فریسییەکان کاوێژ دەکەنەوە، کە گوایە خەڵکی خراپ و بێ نەزاکەتن. هەڵبەتە ئەو بۆچوونە نەک هەر خراپە، بەڵکو زۆریش هەڵەیە..

زۆر سەرم لەوە سوڕما کە یارۆی قەشە بە هەموو توانایەکی خۆیەوە هەوڵی ئەوەی دەدا بیسەلمێنێ کە فریسییەکان تاقە نیگابان و پارێزەری ڕاستگۆ و ڕاستەقینەی بنەما و ڕێنماییە ئاینی یەکانی میللەتی جوولەکە بوون و میللەت هەمیشە پشتیوانیان بوون و لە بەربەرەکانی دژمناندا هاوکار وهاوسەنگەریان بوون. قەشە چکۆلەکە ئەنجام گوتی:

- بۆ نموونە، پێویستە ئێوە کتێبەکەی فلافیوس جوزیفوس بخوێننەوە...

(فلافیوس جوزیفوس: یەکێکە لە مێژوونووسە کۆنەکانی جوولەکە، کەلە زەمانی دەرکەوتنی عیسا مەسیح دا ژیاوە، ئەم کەسە هەموو بویەر و واریقاتە مێژووییەکانی زەمانی خۆی نووسیوەو چونکە لە مێژووەکەی ئەودا کەم وزۆر ناوی عیسا مەسیح نەهاتووە، بۆیە خەڵکانێک هەن کە باوەڕیان وایە کەلە بنەڕەتا پیاوێک بەناوی عیسا مەسیح نەبووەو ئەمە کەسێکی خەیاڵییە).

هەوادارەکەی تولستوی لەجێی خۆی هەستا، بە جووڵەی دەست نکۆڵی لە بوونی جوزیفوس کرد و گوتی:

- میللەتان ئەمڕۆ دوای دژمن دەکەون و دژی دۆستان دەوەستن، میللەت بەویست و ئارەزووی خۆی ئەمە ناکات، بەڵکو بەزۆر، بە خورتی ئەمەی پێدەکەن، دەستێک دەیان جوڵێنێت. ئیدی فیلافیوسەکەی تۆ بۆمن ناکاتە هیچ!

قەشە چکۆلەکە وئەوانی دی بابەتە سەرەکییەکەی گەنگەشەکەیان فەرامۆشکرد وهاتنەسەر کۆمەڵێک وردە بابەتی کەمبایەخ. هەوادارەکەی تولستوی لە کاتێکا گڕی نەفرەت و ڕق لە چاوانی دەبووەوە، هاواریکرد: - هەقیقەت خۆشەویستیە.

ئەو وشانە گێژیان کردم، هەرچیم دەکرد لە ماناکانیان حاڵی نەدەبووم. هەستم دەکرد زەوی لە ژێر پێمدا دەلەرزێت، لەناو گێژاوی وشەی گونگ و قەبە و قەڵەودا دەخولامەوە. لە هزرو بیری خۆما، سەرگەردان و نائومێد، بەخۆم دەگوت، لەم دنیایەدا، لەم سەرزەمینەدا هیچ کەسێک نییە لەمن کەودەنتر و گێلتر بێت..

یارۆی هەواداری تولستوی، ئارەقەی سەر گۆنا ئاڵەکانی سڕی و بە تووڕەیی هاواریکرد:

- ئەگەر دەتانەوێ هەرگیز درۆ نەکەن، هەڵە نەکەن، ئینجیل تووڕ بدەن، بە تەواوەتی فەرامۆشی بکەن، دووبارە عیسا لە خاچ بدەنەوە، زۆر لەم حاڵەتان باشترە!

پرسیارێک وەکو دیوارێکی بەرز بەردەمی لێگرتم: ئەمە چۆن دەبێ؟ ژیان چییە؟ ئەگەر ژیان خەباتێکی لە پەستا و بێپسانەوە بێ لە پێناوی مرۆڤانە ژیانا لەسەر ڕووی زەوی، بۆچی دەبێ بەزەیی و شەفەقەت و میهرەبانی کۆسپ بێ لەبەردەم ئەم خەباتەدا؟!

کەوتمە سۆراخی کابرای موریدی تولستوی تا بزانم شۆرەت وناوی چییە، ناوی خانەوادەگی ئەو کلوپسکی بوو، زانیم لەکوێ دەژی، بۆ سبەی شەو چووم بۆ سەردانی. لەماڵی دوو کیژە موڵکداری دێهاتیدا دەژیا. لە باخەکەدا، لەگەڵ ئەو دوو کیژەدا، لە دەوری مێزێک لەژێر پیرەدار زەیزەفونێکی گەورەدا دانیشتبوو. کابرایەکی درێژداهۆڵی مردەلۆخی، ڕەقەڵە بوو. جل وبەرگێکی سپی لەبەربوو، یەخەی کراسەکەی کرابووەوە، سینگە تووکنەکەی بەدەرەوە بوو. ڕێک لەو ئامۆچیارە ئاینییە گەڕۆکانە دەچوو کەلە خەیاڵ ولە هزری خۆما وێنام کردبوو. قاپێکی لە بەردەما بوو، پڕ بوو لە شیر وتووە فەرەنگی. بە کەوچکێکی زیوین شیر و تووی بە لەزەتێکی بێ وێنەوە دەخوارد، ئەوسا بە مڵچە مڵچ لێوە ئەستوورەکانی دەمژی، لەگەڵ خواردنی هەر کەوچکێکدا، چەند

دلۆپە شیرێکی سپی بە سمێڵە تەنکەکەیەوە، کەلە سمێڵی پشیلە دەچوو، دەنووسا، ئەویش سمێڵی خۆی دەمژی، یەکێک لە کیژەکان، بەدیار مێزەکەوە لە خزمەتیا وەستابوو، ئەوی دی پاڵی بە دارەکەوە دابوو، دەستی لەسەر سینگی هاڵاندبوون، خەیاڵاوی دەیڕوانیە ئاسمانە تۆزاویەکە. هەردوو کیژەکە کراسی وەنەوشەیی تەنکیان لەبەر بوو، ئەوەندە لێکدی دەچوون، کە هاوێر کردنیان زەحمەت بوو.

زۆر دۆستانە و بەنەرمی باسی هێزی داهێنەرانەی خۆشەویستی بۆ کردم، باسی چۆنیەتی پەروەردەکردنی خۆشەویستی لە دڵ و دەروونانداا بۆ کردم و دەیگوت: " تەنیا خۆشەویستی و مەحەبەت دەتوانێ بەشەرانی سەر زەوی لێکدی نزیک بخاتەوەو یەکیان بخات " بەشەر ئاوێتەی ئەو خۆشەویستیە بکات کەلە سەرانسەری ژیاندا پەراگەندەیە.

- خۆشەویستی، تاقە داوە کە بتوانێ بەشەر بەیەکەوە ببەستێتەوە! خۆشەویستی کلیلی کردنەوەی دەرگاکانی ژیانە، بەبێ خۆشەویستی ژیان نایەتە درک کردن و فامین. ئەوانەی باوەڕیان وایە کە ماکی ژیان خەبات و ململانێیە، خەڵکانێکی دڵ کوێرن، مەحکوومن بە مەرگ و نەمان. وەکو چۆن ئاگر بە ئاگر ناکوژێتەوە، بەو ئاوایەش خراپە بە خراپە بنبڕ ناکرێت!

دوای ئەوەی کیژەکان، دەستیان لە قەدی یەک ئاڵاند بەنێو باخەکەدا بۆ ماڵ ڕۆیشتنەوە، کابرا بە چاوانی خومارەوە لە دواوە تەمەشایەکی کردن و لەمنی پرسی: - تۆ کێیت؟!

بەدەم گوێگرتنەوە لەمن، بە ئەسپایی وبەسەری قامکان لە مێزەکەی بەردەمی دەدا، دوای ئەوەی لە قسەکانم بوومەوە، دەستی بە قسان کرد وگوتی:

- مرۆڤ هەرچییەک بێ، لە هەر کوێیەک بێ هەر مرۆڤە. مرۆڤ دەبێ تەنیا لەڕای گۆڕینی ڕەوشی خۆیدا کارنەکات، بەڵکو دەبێ " ڕوحی خۆی بە مرۆڤدۆستی پەروەردە بکات ". بەشەر تا زیاتر لە نزمیدا بێ، زیاتر لە حەقیقەتی ژیان و فەلسەفەی پیرۆزی ژیان نزیکترە.

هەرچەندە هەندێک بە گومان بووم لەوەی زانیاریەکی تایبەت لەمەڕ ئەم " فەلسەفە پیرۆزە " هەبێت، بەڵام کە هەستم کرد، حەز ناکات لەو بارەیەوە هیچ بڵێت، بێدەنگ

بووم و هیچم نەگوت. هەستم کرد بێتاقەت بوو، نیگایەکی تاڵی کردم، زیاتر لە دەرکردن دەچوو. باوێشکێکی دا و، هەردوو دەستی خستە پشت سەری، هەردوو لاقی ڕاکێشان. چاوەکانی نوقاندن، وەکو یەکێک بەدەم خەوەوە قسە دەگەڵ خۆیدا بکات، لەبن لێوانەوە گوتی:

- پابەندی بە خۆشەویستیەوە، ماک و یاسای ژیانە..

لەناکاوا هەستا، دەستی بەرزکردنەوە، وەکو ئەوەی بیەوێ شتێک بگرێت. ئەوجا نیگایەکی ترس ئامێزی کردم و گوتی: - ئەمە چییە؟ ببورە، خەریکە لە ماندوویەتیا دەمرم!

دووبارە چاوەکانی نوقاندنەوە، وەکو ئەوەی ئازارێکی زۆری هەبێت ددانەکانی چیرکردنەوە، لچی شۆڕ بووەوە و لێوی سەرەوەی بەجۆرێ گرژ کردەوە، مووەکانی سمێڵی ڕەپ بوون.

هەستم بە نەفرەت و دژایەتیەکی زۆر دەرهەق بەم پیاوە کرد، بەگومانەوە بەجێم هێشت. گومانم لە ڕاستگۆیی هەبوو. دوای ڕۆژێک بەیانیەکی زوو سەموونم بۆ مامۆستایەکی ئاشنام، کە مامۆستای زانکۆ بوو دەبرد، ئەم مامۆستایە کابرایەکی مەیگوساری سەڵت بوو. دیسان هەوادارەکەی تولستوی (کلوپسکی)م لەوێندەر بینی، پێدەچوو شەوێ خەو نەچووبێتە چاوانی، ڕوخساری زەرد وچاوەکانی سوور بووبوونەوەو ئاوسابوون. گومانم لێکرد کە سەرخۆش بێت. مامۆستاکەی ئاشنام هێندە مەست بوو دەگریا، بە جلێکی ژێرەوە لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشتبوو، ئیدی هەر چواردەوری درابوو بەیەکا، جلەکانی هەر پارچەیەکی لە جێیەک کەوتبوو، بوتڵە بیرەی بەتاڵ لەم لاو لەولای کەوتبوو، ئیدی خۆی بۆ پاش و پێش ڕادەژەند و دەی پرتاند ودەیگوت:

- ئەی هاوار ڕەحمێ، بەزەییەک..

کلوپسکی، بە دەنگێکی گڕ و تووڕە هاواریکرد:

- بەزەیی نییە! یان لە جەرگەی خۆشەویستیدا گوم دەبین، یان لە پێناوی خۆشەویستیدا دەمرین، هەر ڕێگەیەکیان بگرین وەکو یەکە، قەدەر و چارەنووسمان هەر نەمان وتیاچوونە..

شانی گرتم وبۆلای مامۆستاکەی بردم:

- فەرموو لەم گەنجە بپرسە بزانە چی دەوێ؟ لێی بپرسە کە ئاخۆ خۆشەویستی و مەحەبەت بۆ مرۆڤ پێویستە یان نا؟

مامۆستاکە، بەچاوانی تەژی ڕوندکەوە تەمەشای کردم، بزەیەکی کرد، ئەوجا گوتی:- ئا، ئەمە سەموون فرۆشەکەیە، من قەرزاربارى ئەم کوڕەم.

بەلارەلار هەستایە سەرپێ، دەستی بەگیرفانی خۆیدا کرد، کلیلێکی دەرهێنا و بۆی درێژ کردم و گوتی: - فەرموو هەرچیەکت دۆزییەوە بیبە بۆخۆت!

یارۆی هەواداری تولستوی، کلیلەکەی وەرگرت و بەمنی گوت:

- بڕۆ کەی جارێکی دی هاتیەوە، پارەکەت وەردەگریت.

سەموونەکانی لێوەرگرتم و هەڵیدانە سەر قەنەفەیەکی سووچی ژوورەکە. نەیناسیمەوە، ئەمەم پێخۆش بوو. لەوێ وەدەرکەوتم، هەرچەندە قسەکەیم سەبارەت " بە مردن لەڕای خۆشەویستیدا " لە گوێدا دەزرینگایەوە، بەڵام لە کانگای دڵەوە ڕقم لێی دەبووەوە، قێزم لێی دەهاتەوە.

دوای ماوەیەکی کەم بۆیان گێڕامەوە کە ئەشقی خۆی بۆ یەکێک لە دوو کچە خانەخوێیەکەی دەربڕیوەو لەهەمان ڕۆژا، مفاتەحەی کیژی دووەمیشی کردووە. جووتە خوشک ئەمە بۆ یەکدی دەگێڕنەوەو ئەوەی ژێر بەڕە دەکەوێتە سەر بەڕە، شادی دەبێ بە تووڕەیی، ئیدی بە باخەوانەکەیان دەڵێن کە بەو دەروێش و کوشتەی خۆشەویستیە بڵێ یەکسەر ماڵەکەیان بەجێبێڵێ و گۆڕی گوم بکات، ئەویش شار بەجێدێڵێت و دەڕوات!..

مەسەلەی گرینگی بەزەیی ومەحەبەت و، دەوریان لە ژیانی مرۆڤایەتیدا کە مەسەلەیەکی یەجگار گۆنگ وئاڵۆز بوو، لە عەمرێکی زۆر زوودا بەرۆکی گرتم، لە سەرەتادا بە شێوەیەکی ئاڵۆزو شێواو و ناڕووندا یەخەی گرتم، پاشان بە تەواوەتی لەلام ڕوون بووەوەو لەم پرسیارەدا چڕ بووەوە: " خۆشەویستی و مەحەبەت بایەخی چییە؟ "

هەرچیەکم خوێندبووەوە، پڕ بوو لە ئارمانجێن مەسیحیانە، بەشەردۆستی، هاودەردی و خەمخۆری دەرهەق بە خەڵکی و ئەو خەڵکە چاکانەش کەمن لەو تەمەنەدا دەمناسین، چ پیاو وچ ژن سەری زمان وبنی زمانیان باسی مەحەبەت وخۆشەویستی بوو. بەڵام ئەوەی لە ژیانی کردەییدا و لە دەوروبەری خۆما دەمبینی، زۆر دوور بوون لە بیرۆکەی بەزەیی و خۆشەویستی دەرهەق بە خەڵکی. ژیان لەبەرچاوم بریتی بوو لە زنجیرەیەکی لە بن نەهاتووی، زوڵم و زۆر، دڵڕەقی و هەوڵ و کۆششی ناڕەوا، بۆ گەیشتن بە شتی هیچ و بێ بایەخ. ئیدی من جگە لە کتێب، تەماحم لە هیچی دی نەبوو، هەموو شتێکی دی لەلام بێ بایەخ بوو. ئەگەر ڕۆژی تەنیا یەک سەعات لە کۆڵانەکەی بەرماڵی خۆمان بوەستبام، بەس بوو بۆ ئەوەی ئەو عەرەبانچی، دەرگاوان، کرێکار، فەرمانبەر و پیشەوەر وکاسبکار و بازرگانانەی کە بەوێدا ڕەت دەبوون، ببینم و پەی بەوە بەرم کە ئەوانە بەوجۆرە ناژین کە من و دۆست و بناژۆکانم دەژین.. نە ئامانجمان هەمان ئامانج بوو، نە ڕێگەمان هەمان ڕێگە بوو. ئەوەی ئێمە دەمانویست ئەوان نەیاندەویست، ئەوانەی کە بەلای منەوە هێژا و جێگەی باوەڕ بوون، زۆر غەریب ونامۆ، دوورە پەرێز وتەنیا بوون و کۆمەڵ حەزی لێنەدەکردن، ئەو کۆمەڵەی، بەهەر فروفێڵێک بووە، بەهەر ڕێگەیەک بووە، مێرووستانێک دروست بکەن و ناوی بنەن ژیان.. هەڵبەتە من ئەو ژیانەم بەلاوە پەسند نەبوو، ژیانێکی گێلانە و ناڕەحەت بوو. ئەوەندە پێی قەڵس بووم لە گیانی خۆم بێزار بووم. زۆرجار دەمبینی ئەو خەڵکانەی باسی بەزەیی وخۆشەویستی دەکەن، تەنیا بەدەم واهین، دەمە چیت لێ کەمە! کە مەسەلە دێتەسەر کردار، بەبێ ئەوەی هەست بەخۆ بکەن، بە گەڵ ڕەوتی گشتی ژیان دەکەون..

من ئەم دیاردانەم زۆر لەبەر گران بوو. ناڕەحەتی دەرکردم.

ڕۆژێک لاڤرۆفی بەیتاڵم بینی، کەبەهۆی نەخۆشی ئیسقاییەوە ( ئاوبەند ) زەرد هەڵگەڕابوو، دەم وچاوی ئاوسا بوو، بە ئاستەم هەناسەی بۆ دەدرا، گوتی:

- زوڵم وزۆر دەبێ ئەوەندە زۆر بێ، کە هەموو خەڵکی لێی بێزار بن، وەکو چۆن لەم پاییزە نەفرەتیە بێزارن، بەو ئاوایە لێی بێزاربن!

پاییزی ئەو ساڵە زوو هات، سارد و باراناوی، پڕ نەخۆشی وپەتا و، خۆکوژی. لاڤرۆفیش، چاوەڕوانی نەکرد کە نەخۆشی ئیسقایی بیکوژێت، بەخۆی سیانیدی پوتاسیومی خوارد و کۆتایی بە ژیانی هێنا.

خاوەنی ئەو خانووەی لاڤرۆفی تیابوو، کە پیاوێکی بەرگ درووی بوو و نێوی میدنیکوف بوو، گوتی: - کابرا بەیتاڵ بوو، چارەسەری حەیواناتی دەکرد، ئاخری خۆی وەکو حەیوانات کوشت.

ئەم بەرگ درووە، پیاوێکی ڕیوەڵەی خواناس بوو. هەموو ئەو قەسیدانەی ئەزبەربوون کەلە ستایشی حەزرەتی مریەمی دایکی خوادا گوترا بوون. بەزۆری ئەو قەسیدانەی لە ڕێوڕەسمی بەرێکردنی جەنازاندا دەخوێند. میدنیکوف هەمیشە لە منداڵەکانی دەدا، کچێکی حەوت ساڵان و کوڕێکی یازدە ساڵانی هەبوو کەلە مەکتەب بوو، قامچیەکی سێ سووچی هەبوو، بەو قامچیە لەو منداڵانەی دەدا. لە ژنەکەشی دەدا. دار حەیزەرانێکی هەبوو، بەو دار حەیزەرانە شلکەی ڕانی ژنەکەی دادەگرتەوە. ئەوجاش گلەیی دەکرد و دەیگوت:

- قازی بەوە مەحکوومی کردووم کە گوایە من ئەم ڕەفتارەم لە چینییەکانەوە وەرگرتووە. باوەڕ بکەن من بە عەمراتم تاقە یەک چینیم نەبینیوە، تەنیا بە ڕەسم لە سەر لافیتە و تابلۆیاندا دیتوومە.

یەکێک لە کرێکار و شاگردەکانی کارگەکەی میرنیکوف، کە پیاوێکی لاق خواری خەمبار بوو و بە " پیاوەکەی دونکا " بەنێوبانگ بوو، دەربارەی وەستاکەی خۆی دەیگوت:- من لە خەڵکانی مەند و بە ڕواڵەت پارسا، زۆر دەترسم. خەڵکی تووڕە و جنگز، لە دوورەوە دیارە، پیاو دەتوانێ خۆی لێ دووربخاتەوەو لە شەڕی بخەلەسێت. بەڵام پیاوی هێمن وحەلیم، بەئاسانی ناناسرێت، وەکو ئەژدیهایەک لەنێو گژ وگیادا خۆی مات دابێ، لە ناغافڵا، پەلامار دەدات وکاتێ بە خۆ دەزانی پێوەی داویت و وەزەنی خۆی لێکردویت. من لەو جۆرە خەڵکانە دەترسم.

هەرچەندە "مێردەکەی دونکا " کەبە خۆی پیاوێکی مەند و هەواڵدز وشۆفار و خۆشەویستی میدنیکوف بوو، بەڵام جۆرە ڕاستییەک لە قسەکانیا هەبوو.

هەندێجار، وام دەهاتە بەرچاو کە خەڵکی هێمن ومەند، دڵی بەردینی ژیان، نەرمتر و سازگارتر دەکەن. بەڵام هەندێجار کە دیقەتی ئەو خەڵکە مەند وهێمە زۆرەم دەدا ودەمبینی چۆن خۆیان دەگەڵ هەر ڕەوشێکا دەسازێنن وژێراوژێر کۆ لە هیچ ناپاکی وناڕەواییەک ناکەنەوە، خۆم لەناویانا، وەکو ئەسپێکی چوارپەل بەستراو دەهاتە بەرچاو کە خەرەنگەز و مۆزە شینەی دنیای تێی وڕوکابن.

کە لە ماڵی نیکوفوریچ وەدەرکەوتم وبەرەوماڵ دەچوومەوە، ئەو بیرانە لە مێشکمدا، وەکو قەوان لێدەدرانەوە. بایەکی تووندی دەهات.

ڕوناکی چرای سەر شەقامەکە دەلەرییەوە، وامدەزانی ئاسمانە لێڵەکە دەلەرێتەوە و نمەی باران وەکو گەرد وتۆز بەسەر ئەرزەکەدا دادەبارێ.لە شەقامەکەدا ئافرەتێکی سۆزانیم بینی کە سەراپای لە ئاوا هەڵکشابوو، ژێرباڵی پیاوێکی سەرخۆشی گرتبوو و ڕایدەکێشا. پیاوە بەدەم پرتە و بۆڵەوە دەلەرزی. دەیناڵاند وگلەیی دەکرد. ژنەی بەلەنگاز بە خەمینی وشەکەتبار، بەخۆی دەگوت:- ئەمەش بوو بە قەدەر!

لە دڵی خۆدا دەمگوت "منیش وام، یەکێک بەرەو گۆشەو کەنارە بەشەرییەکانم پەلکێش دەکات، گۆشە وکەنارە پیسەکان، بۆ دنیای خەم، بۆ ناو پیاوان و ژنانی بێگانە و نامۆم پەلکێش دەکات. بیزارم، لە هەر هەموو ئەمانە بێتاقەت وبێزارم. "

ڕەنگە هەمان ئەو وشانەم دەقاودەق لە دڵی خۆدا نەگوتبن، بەڵام بیرکردنەوەکەم، هەمان ناوەڕۆکی هەبوو، ئیدی ئەو ئێوارەیە زۆر شەکەت، پەست و بێزار بووم. بۆ یەکەمجار هەستم کرد بێزاری ناخم فەتح دەکات، دڵم دادەڕوخێت. ئیدی لەو ساتەوە حاڵم خراپتربوو. وەکو تەمەشاڤانێک، بەدوو چاوی سارد ونامۆوە تەمەشای خۆمم دەکرد. هەستم دەکرد هەرکەسێک بگری تەنیا گوتار و کرداری ئاسمان وڕێسمان نییە، بەڵکو هەست وسۆزیشی ناکۆکە. ئەم دیاردەیە لەهەموو بەشەرا هەیە. ئەم گەمەیە زۆری عەزاب دەدام، لەهەموو ئەمەش خراتر ئەوە بوو، کە ئەم گەمە نەگریسەم لەخۆشما دەبینی.

ئیدی بەهەموو لایەکا پەرت بووم، حەز وئارەزووم لە هەموو شتێک بوو: ژن و کتێبان، کرێکاران و خوێندکارانی ڕووخۆش و دەم بەخەندە.ئەوەندەم وەخت نەبوو بەهەموو

ئەمانەدا ڕابگەم، ئیدی لەمیانەوە دەچوومە سەر ئەویان و وەکو مزراح بەدەوری خۆما دەسووڕامەوە. دەستێکی نادیار، بەوپەڕی تواناوە، بەر قامچییەکی نەبینراوی دەدام.

***

کەزانیم یاکوف شاپوشینکوف، نەخۆشە ولە خەستەخانە کەوتووە، بەهەشتاو چووم بۆلای. ژنێکی قەڵەوی، دەم خواری، عەینەک لەچاو، بەدیاریەوە بوو، سەرپۆشێکی سپی بەسەریا دابوو، گوێچکە پەمەییەکانی لەژێر سەرپۆشە سپیەکەیەوە دیاربوو. بە ڕاوێژێکی ساردووشک پێی گوتم:- تەواو، مرد.

کەبینی من لەوێندەر، لە جێی خۆم نەجووڵام وبەبێدەنگی لە نزیکی ئەوەوە وەستاوم، بەتووڕەیی هاواری بەسەرما کرد: - چیترت دەویٚ؟ بۆچی وەستاویت؟

منیش تووڕە بووم وگوتم:- تۆ زۆر کەری ها.

لە تووڕەییدا هاواریکرد:- نیکولای، ئاوەرە دەریکە دەرەوە.

نیکولای، چەند تەلێکی مسی بەدەستەوە بوون، خەریک بوو بە پەڕۆیەک دەیسڕین، کە گوێی لە ئەمری ژنە عەینەک لەچاوەکە بوو، بەهانکەهانک بۆم هات و تاتوانی یەکێک لە تەلەکانی بە پشتمدا کێشا. منیش پرم دایە، باوەشم پێدا کرد، لە خەستەخانەکە بردمە دەرێ، گەیاندمە ناو حەوشەکە و خستمە ناو گۆلاوێکی بچووکی نزیکی قاڵدرمەکانی خەستەخانەکەوە. بۆماوەی یەک دوو چرکە بەبێدەنگی لە ناو باراناوە پیسەکەدا مایەوەو، مۆڕەیەکی لێکردم و ئەوستا هەستایەوەوگوتی:

- هەی زۆڵ..

چووم بۆ باخی درژاڤین، لە نزیکی پەیکەری شاعیرەکە لەسەر تەختێک دانیشتم. هەر لە خۆمەوە حەزم دەکرد کارێکی دزێو وخراپ بکەم تا کۆمەڵە خەڵکیك بە گژما بێن و پەلامارم بدەن و منیش بە هەنجەتی مافی بەرگری لەخۆم بە گژیاندا بچمەوەو خەشی خۆمیان پیٚ برێژم. بەڵام هەرچەندە ڕۆژی یەک شەممە بوو، باخەکە چۆڵ و هۆڵ بوو، عەبدەل بەشەری لێنەبوو. بەڵام بایەکی توندی دەهات وگەڵای وشک و وەریوی

درەختەکانی ڕادەماڵی و لەگەڵ خۆیدا دەیبردن. ئەو ئاگاداریانەی هێنابووە خشەخش کەبە عاموودی کارەباکەوە هەڵواسرابوون و لایەکیان بەر بووبوەو.

دنیا بەرەبەرە تاریکتر دەبوو، هەوا ساردتر دەبوو، ئاسمان تاریک وسایەقە بوو. پەیکەرەکە وەکو تارماییەکی برۆنزی بەدیار سەرمەوە ڕەق ڕاوەستابوو. سەرم بۆ هەلبڕی ولە دڵی خۆدا گوتم: ئەم پیاوە – یاکوف، بەتاقی تەنیا لەم دنیایەدا دەژیا، بەهەموو هێزوتوانای خۆیەوە دژایەتی خودای دەکرد، دەیویست نەیهێڵێت، کەچی بە نەخۆشییەکی ئاسایی مرد، مردنێکی ئاسایی. ئەمەم زۆر پێناخۆش بوو، لەدڵی خۆدا دەمگوت: " ئەم نیکۆلایە پیاوێکی بێ ئاوەزە، گێلە، دەبوایە بە گژما بهاتباوە، بەرگری لە خۆی بکردایە، یان پۆلیسی بۆ بانگ بکردمایە وبۆ مەخفەری بناردمایە..

چووم بۆلای ڕوبتسوف، لە ژوورەکەی خۆی بوو، بە سەر مێزێکدا دانەوی بووەوەو لەبەر چرایەکی کزدا پاڵتۆکەی دەدووریەوە، گوتم: - یاکوف مرد.

پیرەمێر، دەستی بەداو ودەرزییەکەوە بەرز کردەوە، وەک ئەوەی بیەوێ نیشانەی خاچ بکێشێت، بەڵام داوەکە لە شتێک گیراو دەستی بەتەواوی بەرز نەبووەوە، بە ئەسپایی و لە بن لێوانەوە جوێنێکی مزری داو، گوتی:

- هەمووومان دەمرین، کە ئەجەل هات ناگەڕێتەوە.. ئەم ڕێگا گەوجانەیە، ڕێگەی هەموومانە.. ئیدی خەڵکی لێی ڕاهاتووە! ئیدی ئەمە حوکمی قەدەرە، بەڵێ برالە، یاکوف.. ئاوا مرد. کابرایەکی مسگەریش هەبوو، دەبێ ناوەکەی بێتە کوژاندنەوە، ئەویش مرد. ڕۆژی یەکشەممەی بووری جەندرمە بردیان. لە ڕێگەی گووری یەوە ئەو مسگەرەم ناسی. گەنجێکی زیرەک بوو! بەینی دەگەڵ خوێندکارەکاندا هەبوو، هاتوچۆی دەکردن، تۆ بیستووتە کە خوێندکارەکان مانیان گرتووە؟.. ئەوە ڕاستە؟... کوا وەرە ئەو پاڵتۆیەم بۆ بدوورەوە، چاوم هیچ نابینێت..

پاڵتۆ شڕوشەپڕێوەکەی بە داو ودەرزییەکەوە دایە دەستم بە خۆیشی دەستەکانی خستە پشتی، بەدەم کۆکە کۆکەوە کەوتە هاتوچۆ بە ژوورەکەداو بەدەم پرتە وبۆڵەوە دەیگوت:

- جارێ لێرە وجارێ لەوێ پشکۆیەک دەگەشێتەوە، بەڵام کاتێ دەزانی، شەیتان فوویەک لەم پشکۆیە دەکات و دەیکوژێنێتەوە. هەرهەموو ئەم پەنگرانە دەکوژێتەوە و دووبارە هەمان تاس و هەمان حەمام، بەرپا دەبێتەوەو لە زەواق دەنرێینەوە. کە شارێکی نەگبەتمان هەیە. دەبێ تا ڕوبارەکە نەی بەستووە و پاپۆڕان لە هاتوچۆ نەکەوتوون، لێرە بڕۆم.

لە نکاوا وەستا، ئەوسا بەدەم خوراندنی سەرە سافەکەیەوە پرسی:- بەڵام.. بۆ کوێ بڕۆم؟ شوێن نەماوە نەتدابێتە ژێر پاوەو تاقیتنەکردبێتەوە. تەنیا ماندوویەتیت بۆ ماوەتەوە.

ئەوسا تفێکی ڕۆکردە ئەرزەکە وگوتی:

- ئاخ!... ژیانیش شتێکی پیسە! بژی، کاربکە، ڕەنج بدە.. ئەنجام نەلە باری ڕوحی و دەروونییەوە، نەلەباری جەستەییەوە هیچ بەهیچ ناکەیت..

ماوەیەک کڕ بوو، لە سووچێکی لای دەرگاکەوە وەستا، وەکو ئەوەی گوێ بۆ شتێک هەڵخات، گوێی قوت کردنەوە. ئەوسا بە هەشتاو بەناو ژوورەکەدا هات ولە قەراخ مێزەکە دانیشت وگوتی:

- ئەلکسی ماکسیموفیچ، حەزدەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە یاکوف بە خۆڕایی دڵە گەورەکەی بەوجۆرە، لەڕێگەی دژایەتی کردنی خودادا دانا. نە خودا و نەشا بەوەی من نکۆڵی لە بوونیان بکەم، هیچ زەرەرێک ناکەن. ئەوەی پێویستە، ئەوەیە کە خەڵکی لەخۆیان تووڕەبن، نەفرەت لەو ژیانە خراپە بکەن کە تیایا دەژین، ڕووبەڕووی هەموو ژیانێکی بۆگەن ببنەوە، بە جورئەتەوە هاواربکەن "نا! ". چار هەر ئەمەیە! مخابن کەمن پیر بووم، ماندوو بووم، زۆری پێناچێت بەتەواوی نابینا دەبم. ئیدی دەکەومە فەلاکەتەوە. تەواو، دوریتەوە؟ سوپاس.. وەرە با بچینە کافەکە چایەک بخۆینەوە..

کەبۆ کافەکە دەچووین، لە تاریکییەکەدا نووچی دەدا وخۆی بەشانی من دەگرتەوەو بەدەم بۆڵەبۆڵەوە دەیگوت:

- ئەم قسانەی منت لەبیر بێ، من مردوو وتۆ زندوو، ڕۆژێ دێ خەڵکی بێزار دەبن، تووڕە دەبن، دەتەقنەوەو هەموو شتێک تەفر وتونا دەکەن، تۆڵەی داماوی وبەلەنگازی خۆیان دەکەنەوە. سەبریش سنووری خۆی هەیە، هەتاهەتایە بەردەوام نابێت..

نەمانتوانی بگەینە کافەکە، لە ڕێگادا تووشی کۆمەڵێک دەریاوانی ڕوبارەکە بووین، کە گەمارۆی قەحپەخانەیەکیان دابوو، کرێکارانی کارخانەی ئالافوزوف، لەوێندەر پاسەوانی قەحپەخانەکەیان دەکرد.

روبتسوف، عەینەکەکەی لەچاوی داکەند وبە خۆشحاڵییەوە گوتی:

- هەموو جەژن و یەک شەممووانێک لێرە ئەم هەرا و هەنگامەیە هەیە!

لەناو ئەو کرێکارانەدا کە پاسەوانی قەحپەخانەکەیان دەکرد، هەندێک لە دۆست وبناژۆکانی خۆی ناسینەوە، بەدەم هاندانی ئەوانەوە خۆی بەناو شەڕەکەدا کرد وهاواری لە هاوڕێکانی خۆی کرد: - کوڕینە خۆبگرن، ئەم قوڕباقانە پایەماڵ کەن، ئەم وردە ماسیانە لەناو بەرن!

زۆرم پێ سەیر بوو کە ئەم پیرەمێرە بە ئاوەزە، بەو هەموو جۆش وخرۆشەوە، شەڕی دەریاوانەکانی دەکرد، دڕی دەدان وبە تەکانی شان دەیخستن. لەناو ئاپۆڕای " دژمندا " ڕێگای بۆخۆ دەکردەوە. شەڕەکەیان دژمنانە نەبوو، هەر بۆ خۆشی و بۆ ئەوەی گوزارشت لە هێزو شنگی خۆ بکەن. دەریاوانە ڕەشپۆشەکان، زۆریان بۆ کرێکارانی کارخانەکە هێنا، پاشە کشەیان پێکردن، دەرگاکان جیڕوهۆڕیان پێکەوت. هاواری شادی بەرز بووەوە:- لێدەن، لەم سەرداره کەچەڵە بدەن!

دووکەس لە شەڕکەرەکان خۆیان گەیاندە سەربانی ماڵەکە و، بەدەنگێکی دلێر و زوڵاڵ، کەوتنە خوێندنی ئەم سرووده:

ئێمە نە دزین

نەڕێگر

بەڵکو پاپۆڕەوانین

ماسیگر و کوڕی

شەپۆلە قووڵەکانین!

لەناو جەرگەی تاریکیەکەوە، دەنگی فیتووی پۆلیسێک بەرز بووەوە، دووگمەی برۆنزی ئەوانی دی لە تاریکیەکەدا دەدرەوشانەوە، دەنگی شڵپ وهۆڕی پێ بەنێو قوڕ و چڵپاوا دەهاتەگوێ. لە سەربانەکەوە دەنگی سروودەکە بەردەوام بوو:

ئێمە تۆڕی خۆ

هەڵدەدەینە

سەرماڵی دەرەبەگان

سەر عەماران

یەکێک هاواریکرد:- بوەستە چۆن لە کەسێک دەدەی کە کەوتبێت!

یەکێکی دی گوتی:- باپیرە! لووتی خۆت بگرە.

پاشان من و روبتسوف و پێنج کەسی دیان، نازانم دۆست بوون یان دژمن، بۆ پۆلیسخانە ڕاپێچ کرد، گۆرانی و سروودەکە لە تاریکی کپی ئەو شەوە پاییزییەدا، بەهەمان ڕیتم و ئاهەنگی شادەوە بەڕێی کردین:

چل سەگی ئاویمان گرتووە

پێستەکانیان

دەکەین بە پۆسین.

روبتسوف، کەبەدەم ڕێوە خوێنی هەڵدێنا وپەیتا پەیتا لووتی دەسڕی، بە ورە بەرزییەوە گوتی:

- تەحا خەڵکی کەناراوەکانی ڤولگا، چەند خەڵکی باشن!

ئەوجا، بەگوێی منیا چرپاند وگوتی:- تۆ هەڵێ، هەلێک بقۆزەوە وهەڵێ، چ پێویست بەوە دەکات خۆت گیرۆدەی پۆلیسخانە بکەیت؟

هەوەڵجار من وپاشان دەریاوانێکی درێژداهۆڵ، خۆمان گەیاندە کۆڵانێکی تەنگەبەرو لە دیوارێک ئاودیو بووین و پاشان لە دیوارێکی دیکە ئاودیو بووین و ڕزگار بووین،

ئیدی لەو شەوە بەدواوە، ئەم هاوڕێ ئازیز و دڵسۆزەم، " نیکتا روبتسوف "م نەبینییەوە.

هەستم بە بۆشاییەکی دەروونی گەورە دەکرد. ئەم بۆشاییە دەروونییە ڕۆژبەڕۆژ لە زیادی دەدا. جم وجوڵ وچالاکی خوێندکاران دەستی پێکرد، من لە سەرەتاوە سەرم لەم جم وجوڵە، لە هۆکار وسەدەمی ئەم جم وجوڵە، مەبەست و ئامانجی ئەم جم وجوڵە دەرنەدەکرد. من ئەم هەڵچوون و جۆش وخرۆشەم دەبینی، بەڵام زیاتر بە نمایشێکی کۆمیدی دەهاتە بەرچاوم. ئەوەندە تامەزرۆ وتاسەمەندی خوێندنی زانکۆ بووم وام هەست دەکرد، دەبێ لەو پێناوەدا، تەحەمولی هەموو ناخۆشی و ماندوویەتیەک بکرێت. باوەڕبکە ئەگەر بیانگوتبا " لە زانکۆ وەرت دەگرین، بەو مەرجەی هەموو ڕۆژێکی یەک شەممە لە مەیدانی نیکولایفیسکایادا بێرازێکی باشت بکەین! " لەگین بوو بەو مەرجە قاییل ببم.

ڕۆژێک چووم بۆ نانەواخانەکەی سیمیونوف، زانیم کە کرێکارەکانی ئەوێ بەنیازن بۆ زانستگە بڕۆن و لە خوێندکارەکان بدەن. بە تووڕەیی هەڕەشەیان دەکرد و دەیانگوت:- چەند کیلۆیەکی ئاسن لەگەڵ خۆدا دەبەین وهەموو سەر وگوێلاکیان دێنینە خوارەوە!

من ماوەیەکی زۆر گەنگەشەم لەگەڵ کردن، ئەنجام بۆم دەرکەوت کە ئەوانە بەهیچ شتێک نایەنە ڕەداو لە کەری شەیتان نایەنە خوارێ و منیش هیچ قسەیەکم پێنەما کە داکۆکی لە خوێندکارەکان بکەم.

لەبیرمە، لە ژێرخانەکە وەدەرکەوتم، هەستم دەکرد نەخۆشم و برینێکی ئەوتۆ کەوتووەتە دڵم کەبە هیچ شتێک ساڕێژ نابێت. درەنگانێکی شەو چووم بۆ کەناری ڕوباری کابان، لەوێ ڕۆنیشتم و وردە بەردانم تووڕدەدایە ناو ڕوبارە لێڵەکەوە و بیرم لەیەک شت دەکردەوە و لەدڵی خۆما ئەم سێ وشەیەم دەگوت و دەگوتەوە: - من چی بکەم؟

لەدڵی تەنگی خۆما، بڕیارم دا خۆم فێری کەمانچەژەنی بکەم. ئیدی شەوان لە دووکانەکەدا دادەنیشتم و بە زرینگە زرینگ حەسحەس و مشکەکانم هەراسان دەکرد. من حەزم لە موزیک دەکرد، بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە دەستم بە فێربوون کرد. بەڵام شەوێک لەو شەوانەی کە مژوولی فێربوونی موزیک بووم، بەبێ ئەوەی دەغیلەکە دابخەم بە ئیشێک بۆ ماوەیەکی کورت لە دووکانەکە وەدەرکەوتم. وەختایەک

گەڕامەوە، سەیرم کرد ماموٚستاکەم، کەلەهەمان کاتدا کەمانچەژەنی تیپێکی موزیکی شانۆیی بوو، لەناو دووکانەکەدا وبەدیار دەغیلەکەوە وەستاوەو خەریکە گیرفانەکەی لە پارە پڕدەکات. کەمنی لە ئاستانەی دەرگاکەدا بینی ملی درێژکرد و ڕوخسارە تاشراوەکەی لێ هێنامە پێشەوەو بەهێمنی گوتی:- هانێ لێم بدە!

لێوەکانی تەتەڵەیان دەکرد، ڕوندکی درشت پەیتاپەیتا لە چاوە کاڵەکانیەوە دادەبارین. دەمویست لێی بدەم. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە نەکەم، لەسەر ئەرزەکە دانیشتم و هەردوو دەستم خستە ژێر خۆم. داوام لێکرد پارەکە بخاتەوە جێی خۆی. گیرفانەکانی خۆی خاڵی کردەوە، بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیی،لێ لەناکاوا ڕاوەستا، بەدەنگێکی بەرز وترسناک گوتی:- دە ڕۆبڵم بدەیە!

دە ڕۆبڵەکەم دایە و، ئیدی وازم لە فێربوونی موزیک هێنا.

***

من لە مانگی کانوونی یەکەمدا، بڕیاری تەواوم دا کە خۆم بکوژم. هەوڵم دا سەدەمی ئەم بڕیارەم لە چیرۆکێکدا بەناونیشانی "بویەرێک لە ژیانی ماکار" دا ڕوون بکەمەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. چیرۆکەکە زۆر شاش و واش و خراپ دەرچوو، لەهەر حەقیقەتێک خاڵی بوو، هیچ حەقیقەتێکی دەروونی تیا نەبوو، ڕووداوەکانی، ڕووداوی ڕاستەقینە بوون، بەڵام ڕاڤە و شرۆڤەو وردەکارییەکانی گوزارشتیان لەمن نەدەکرد، بەهەرحاڵ بایەخی هونەری و ئەدەبی ئەم چیرۆکە هەرچیەک بێ، شتێکی تیابوو کە پێم خۆش بوو، ئەویش سەرکەوتن بوو بەسەر خۆما.

دەمانچەیەکم لەبازاڕ بە چوار فیشەکەوە لە کابرایەکی دەهۆڵژەن کڕی و گوللەیەکم بەو نیازەی بەر دڵم بکەوێ، نا بەسینگمەوە، بەڵام گوللەکە لەجیاتی ئەوەی بەردڵم بکەوی بەر سیپەلاکم کەوت. دوای مانگێکی تەواو، لە کاتێکا شەرمم لە کەودەنی و گەوجاتی خۆم دەکرد، خەجاڵەت و پەشیمان، بۆ نانەواخانەکە گەڕامەوەو سەرلەنوێ شانم دایەوە بەر کارکردن.

دوای ماوەیەکی کەم لە ئاخر وئۆخری هەیڤی مارتدا، شەوێک لە نانەواخانەکە وەردەرکەوتم و چووم بۆ دووکانەکە. سەیرم کرد خوخول، لە ژوورەکەی کیژە فرۆشیارەکە، لەبەر پەنجەرەکەدا لەسەر کورسییەک دانیشتووە، دەفکرەوە چووەو

سیغارێکی ئەستووری دەکێشا وبە وردی تەمەشای دووکەڵەکەی دەکات، کە منی بینی بێهیچ چاک و چۆنیەک پرسی:- کارت تەواو بوو، دەست بەتاڵە؟

- ماوەی بیست خولەکێکم بەدەستەوە هەیە.

- دەیسا دانیشە، با دوو قسان بکەین.

وەکو هەمیشە خۆی لە پاڵتۆ چەرمە زبرەکەیەوە، توونت پێچابوو. لەخوارەوە تاناقرگەی دووگمەی دابوو، ڕدێنە زەردەکەی بەسەر سینگە پانەکەیا پەخش بووبوو. قژە کورتە زبرەکەی بەسەر هەنیەیدا، کە لاساری وسەرسەختی پێوە دیاربوو، ڕەق ڕاوەستابوو. جووتێ جزمەی قورسی دێهاتیانەی لەپێ بوو، کە بۆنێکی تیژی قەترانی لێدەهات.

بەڕاوێژێکی نەرم وهێدی گوتی:

- ئەرێ حەزناکەی بێیتە لای من و کار بۆمن بکەیت؟ من لە گوندی کراسنوفیدوف دا دەژیم کە نزیکەی چل وپێنج فرسەخێک (فرسەخ : ١٠٦٠ مەتر) لێرەوە دوورە و کەوتۆتە قەراخ ڕوباری ڤولگاوە. لەوێ دووکانێکم هەیە، لە بەڕێوەبردنی دووکانەکەدا یارمەتیم بدە. وەختی زۆریشت لێناگرێت. کتێبخانەیەکی باشیشم هەیە، هەر کتێبێکت بوێ دەتوانی بیخوێنیتەوە. ڕازیت؟

- بەڵێ.

- کەواتە ڕۆژی هەینی، بەیانی سەعات شەش لە بەندەری کورباتوف ئامادەبە، لەوێ هەواڵی کەشتی کراسنوفیدوفو بپرسە، خاوەنەکەی ناوی ڤاسیلی بانکوفە، یان قەیناکا، خۆم لەپێش تۆدا دەگەمە ئەوێندەر. دەی شەوباش بە هێڤی دیدار!

هەستا بڕوات، دەستە پانەکەی بۆمن درێژ کرد، ئەوجا سەعاتێکی زیوی قورسی لەبەر باخەڵی دەرهێنا و گوتی: - شەش خولەکمان پێچوو. مامەڵەکەمان بڕییەوە. من ناوم میخائیل ئانتونوفیچە، شۆرەتم روماسە.

بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بداتەوە کەوتەڕێ، بەهەنگاوی سەنگینەوە ڕێی دەکردو، بەدەنە قەڵەوەکەی بە ئاستەم دەلەرییەوە. دوای دوو ڕۆژان بەرەو کراسنوفیدوفو

کەوتمەڕێ. بەفرو بەستەڵەکی ڤولگا تازە تواببووەوە. تاشە سەهۆڵێن کەوەیی بەسەر ئاوە لێڵەکەوە، بەدەم پێل وشەپۆلەکانەوە سەمایان دەکرد، کەشتیەکە بەنێو ئەم تاشە سەهۆڵانەدا دەڕۆیی، پارچە سەهۆڵەکان سەری خۆیان بە قەراخەکانی کەشتیەکەدا دەکێشاو ئەنجام وەکو شووشە پارچەپارچە دەبوون. بایەکی تووندی دەهات وشەپۆلەکانی بەرەو کەنارە دوورەکان ڕادەماڵی. هەتاوەکە لە تاشە سەهۆڵەکانی دەدا و لە دوورەوە و لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا شین دەچوونەوە. کەشتیەکە پڕ بوو لە سەندووق وکارتۆن و کیسە و بەرمیل، قورس و خاو لەژێر بایەوانەکەدا ڕێی دەکرد. بانکوف ناوێک لێی دەخوڕی، ئەم بانکوفە، جووتیارێکی گەنجی لەخۆبایی و بەفیز بوو، پۆسینێکی لەبەر بوو، بەرۆک و یەخەی بە داوێن ڕەنگاوڕەنگ سوورمەچن کرابوو.

ڕوخساری پانکوف هێمن، نیگای سارد، کەمدوو، زیاتر لە جووتیار دەچوو. ئەو پیاوەی کە پانکوف بۆ ئیش وکار ڕایگرتبوو، ناوی کوکوشکین بوو، ئەم پیاوە جووتیار بوو، ، لە پێشەوەی کەشتیەکەدا ڕاوەستابوو، لنگی لێ بڵاوکردبووەوە، شیش قولاپێکی درێژی بەدەستەوە بوو.  گەنجێکی قژلوولی ئەندام وردیلە بوو، کەوایەکی دەڵبی کۆنی شڕی لەبەر بوو، لەجیاتی پشتێن، پەتێکی لەسەری بەستبوو، شەپقەیەکی کۆنی دڕاوی وەکو شەپقەی کەشیشانی لەسەر بوو.

دەم وچاوی کوکوشکین شین بووبووەوە و یەکپارچە برین بوو، بە شیش قولاپەکەی دەستی، تاشە سەهۆڵەکانی لادەبرد و لەبن لێوانەوە دەی بۆڵاند: - لاکەون، بۆکوێ دێن؟..

لەگەڵ روماس دا. لەژێر بادەوانی کەشتیەکە و لەسەر سەندووقە کەڵەکەبووەکان دانیشتبووم، بەکاوەخۆ پێی گوتم:

- جووتیارەکان ڕقیان لێمە.. بە تایبەتی جووتیارە دەوڵەمەندەکان. پریشکی ئەم دژمنایەتییە بەرتۆش دەکەوێت. کەم وزۆر تۆش دەگرێتەوە.

کوکوشکین، قولاپەکەی لەناو کەشتیەکە و لەبەرپێی خۆیدا دانا و ڕوخسارە بریندارەکەی کردە ئێمە و ئەوجا بە شادییەکی ئاشکراوە گوتی:

- ئانتونوفیچ، قەشەکە قەشەکە، بەقەد دنیا ڕقی لێتە..

پانکوف، قسەکەی بۆ سەلماند و گوتی:- ڕاست دەکەیت.

- تۆ بۆ ئەو سەگە بەڵەکە، دەڵێی ئێسقانی و لە گەرووی گیراویت!

خوخول، لەسەری ڕۆیی وگوتی: - بەڵام دۆست و برادەریشم هەن، دەبن بە دۆست وبرادەری تۆش.

دنیا سارد بوو، هەتاوی مانگی مارت هێشتا ئەو تینەی نەبوو، کەبە تەواوەتی ئینسان گەرم بکاتەوە، لق وپۆپی درەختە ڕەشەکانی ئەم بەروئەوبەری ڕوبارەکە بەدەم بایەکەوە تەکانیان دەخوارد، لێرەولەوێ، لە قەد پاڵ وبناری گردەکانی ڕەخی ڕوبارەکەو،لە ناو ڕوبارەکەدا، تۆپەڵە سەهۆڵ دەتگوت ڕانە پەزن و دەلەوەڕن. دەتگوت خەون دەبینم.

کوکوشکین، سەبیلەکەی داگرتەوە، تووتنەکەی پەستایەوە، بە ڕاوێژێکی فەلسەفەئامیزەوە گوتی:

- خۆ تۆ ژنی نیت، ژنی یارۆی قەشە نیت، بەڵام ئەو بە حوکمی کارەکەی و بەپێی کتێبانیش دەبێ هەموو گوورا و ئافەریدەیەکی خۆش بوێت.

روماس بەپێکەنینەوە لێی پرسی: - ئەوە کێ دەم وچاوی بەو ئاوایە تێک شکاندووە؟

کوکوشکین، بە نەفرەتەوە گوتی:- هیچ نییە. کۆمەڵێک خوێڕی وتۆڕی بێکارە... دز و سەرسەری بوون.

ئەوجا بە شانازییەوە گوتی:

- جارێک کۆمەڵێک سەرباز، سەربازی سەر تۆپان لێیان دام. ئەوە لێدان بوو! خۆیشم نازانم چۆن بە سەلامەتی لەژێر دەستیان دەرچووم و نەمردم.

پانکوف پرسی:- لەسەرچی لێیاندایت؟

- کەی... ئەوەی دوێنێ؟ یان ئەوەی تۆپچییەکان؟

- ئەوەی دوێنێ.

- چما کەس دەزانێ لە سەر چی لێی دەدەن؟.. ئەم خەڵکەی مە وەکو سابرێن وان، لەسەر سادەترین شت لێت هەڵدەستنە سەر پاشو وبەر قۆچانت دەدەن. شەر بە ئەرکی خۆ دەزانن!

روماس گوتی:

- وابزانم لەسەر زمانی درێژی لێتدەدەن. تۆ زمانی خۆت ناگری، هەرچیت بەدەما بێ دەیڵێیت.

- ڕەنگە وابێ. چونکە من کەسێکی لاپرەسەنم، حەزدەکەم هەموو شتێک بپرسم و بزانم، هیوایەتم ئەوەیە نووچە و هەواڵی تازە بزانم.

پێشی کەشتیەکە بەر تۆپەڵە سەهۆڵێک کەوت، دەنگێکی گەورەی لێ بەرز بووەوە. تەکانێکی توندی بەم لاوبەولادا دا. کوکوشکین لەرەلەری پێکەوت، کە خۆی گرتەوە، خێرا دەستی دایە شیش قولاپەکە، پانکوف، بە ناڕەزاییەوە گوتی:- ستیپان، ئاگات لە کارەکەت بێ!

کوکوشکین، کە خەریکی دوور خستنەوەی تاشە سەهۆڵەکە بوو، بەدەم پرتەوبۆڵەوە گوتی:

- تۆش بە قسەوە مەمگرە. چونکە ناتوانم هەم ئیش بکەم و هەم قسەش لەگەڵ تۆدا بکەم..

مشت ومڕێکی بە غەرەز وبێ تووڕەبوونیان کرد. روماس ئاوڕی لای منی دایەوە وگوتی:

- خاکی ئێرە، لە خاکی ئوکرانیای ئێمە خراپترە، بەڵام خەڵکەکەی لە خەڵکی لای ئێمە باشترن، بەتوانا و ئیشکەرن!

زۆر بەوردی گوێم لێگرت، باوەڕیشم بە قسەکانی کرد. شێوازی نەرم و هێمنی قسەکردنەکەی، پەیڤینی سادە و ڕوون وبڕمانا وماقووڵی ئەو سەرنجی ڕاکێشام. هەستم دەکرد ئەم پیاوە زۆرشت دەزانێ، کەسێکی سەرناس وماهیەتناسە، پێوەری

تایبەتی خۆی بۆ هەڵسەنگاندنی هەرکەسێک هەیە. ئەوەی زۆر دڵی خۆشکردم، ئەوە بوو کە لێی نەپرسیم بۆچی ویستوومە خۆم بکوژم. هەڵبەتە هەرکەسێکی دی لەجیاتی ئەو بوایە، لەمێژ بوو ئەو پرسیارەی کردبوو. من زۆر لەو پرسیارە بێزار وبێتاقەت بووم! نەمدەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە. شەیتان بە شەیتانی خۆی نەیدەزانی بۆ ویستبووم خۆ بکوژم. ئەگەر خوخول ئەم پرسیارەی لێبکردمایە، لەگین بوو، وەڵامێکی دوورودرێژ و کەرانەی بدەمەوە.. نەمدەویست ئەم مەسەلەیە لە زەین و هزری خۆدا تازە بکەمەوە. دیمەنی ڤولگاش ئەوەندە جوان و دڵڕفێن بوو، نەمدەویست لەزەتی تەمەشای ئەم دیمەنە دڵڕفێنە لە کیس خۆ بدەم.

کەشتیەکەمان بەلای کەنارە بەرزەکەدا دەڕۆیی. بەدەستە چەپماندا، ڕەوت و شەپۆلی ڕوبارەکە، لە کەنارە نزم ولمەڵانەکە دەردەچوو، شەپۆلەکان بەرز دەبوونەوە، گیا و ڕووەکەکانی ئەو دیو لمەڵانەکەیان ئاو دەدا و دەکردە ژێرەوە، ئاوی بریقەداری بەهار، هەموو چاڵ و قۆرتەکانی پڕ دەکرد، خۆر پێدەکەنی، قاژووانی دەنووک زەرد، کەبەدەم قڕاندنەوە، خەریکی هێلانە سازکردن بوون، لەبەر تیشکی هەتاوەکە وەکو پۆڵای سیقال دراو دەورینجانەوە. سەوزە گیا، بە ئاستەم لە ئەرزەوە سەریان دەرهێنابوو وتازە چەکەرەیان کردبوو وسەریان بۆ تیشکی خۆرەکە بەرز دەکردەوە. کزەیەکی ساردی دەهات، پیاو تەزووی بە قالبیدا دەهات، بەڵام شادییەکی سەیرو ئەفسووناوی ئۆخژنی دەخستە دڵ ودەروونەوە، ئەم شادییە ئومێدی پرشنگداری لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا بێدار دەکردەوە. زەوی لە بەهاراندا جوانترین دیمەنی هەیە.

نزیکی نیوەڕۆ گەیینە کراسنوڤیدوفو. کڵێسایەکی شینباو بەسەر گردێکەوە، کە لایەکی گردەکە، گردەبڕ تاشرابوو، قوت بووبووەوە. لە داوێنی ئەم گردەوەو لەخوار کڵێساکەوە ڕیزێک خانووی جووتیارانە لە تەختەی قایم دروستکرابوو، تیشکی هەتاو لە سەر بانە تەختە وگڵەکانیانی دەدا و، زەرد دەچوونەوە. کە دیمەنێکی جوانیان هەبوو.

من هەرچەند بە کەشتی بەلای ئەم گوندەدا تێدەپەڕیم ئەفسوونیان دەبووم ولە تەمەشای جوانی دیمەنەکانی تێر نەدەبووم.

لەگەڵ کوکوشکیندا، دەستم بە داگرتنی باری کەشتیەکە کرد. روماس کە فەردەکانی دەدایە دەستم گوتی: - تۆ زۆر بەقوەتی ها!

بەبێئەوەی سەیری من بکات، پرسی: - باشە سینگت نایەشێت؟

- بەهیچ جۆرێ.

شێوازی مرۆڤدۆستانەی پرسیارەکەیم زۆر بەدڵ بوو. حەزم نەدەکرد جووتیارەکان، بەهەوڵی خۆ کوژیەکەی من بزانن.

کوکوشکین، بە شێوازە چەنەبازییەکەی خۆی گوتی:

- بەڵێ زۆر بەهێزی، وەک دەڵێن کار خۆی لەبەرت ناگرێت، تۆ خەڵکی کوێی برادەر؟ نیژنی نوڤگورود؟ خەڵکی گاڵتەتان پێدەکەن و پێتان دەڵێن نانخۆر وحازر خۆری بەر سێبەر. گوایە لە شارەکەتاندا واباوە: : " پێم بڵێ بزانم دەتوانی بڵێی ئەمڕۆ نەوڕەسان بەرەو کوێ دەفڕن؟ " ( واتە مەبەست لەم قسەیە چییە؟ ).

جووتیارێکی درێژداهۆڵ، کە کراس وپانتۆڵێکی کەتانی لەبەربوو، ڕدێنێکی لوول وقژێکی سووری پڕی هەبوو، بەهەشتاو و بەپێ خاوسی لە هەورازەکەوە، بەهەنگاوی هەڕاو دادەگەڕا، بەناو قوڕ و چڵپاوی جۆگاکان کەوتبوو، تیشکی زیوینی سەر جۆگا زۆر و زەبەندەکانی دەشێواند. کە گەییە قەراخ ڕوبارەکە، بە ڕاوێژێکی ناسک و بەرز گوتی: - بەخێر بێنەوە.

تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، دانەوییەوە، دوو لەوحی گەورەی هەڵگرت، لەنێوان کەنارەکە و کەشتیەکەی ڕایەڵ کردن، ئەوسا بە گورجی خۆی بە ناو کەشتیەکەدا کرد وئەمری کرد:

- ئادەی پێ لەوسەری لەوحەکان تووند بکەن با نەخزێن و بەرمیلەکان توونند بگرن.. ئادەی کوڕی باش وەرە یارمەتیمان بدە.

پیاوێکی قۆز وبەقوەت و هەرقلی دیاربوو، گۆناکانی ئاڵ، کەپووی ڕاست و درێژ، چاوەکانی شینی کاڵ، جدیەتیان پێوە دیاربوو. روماس، پێی گوت: - ئیزەت، سەرمات دەبێ.

- لەگەڵ منتە؟ خەمت نەبێ.

بەرمیلە نەوتەکەیان، بە غل کردنەوە هێنا و گەیاندیانە کەناراوەکە. ئیزەت، تەمەشایەکی منی کرد و گوتی:- تۆ لە عەمارەکەدا یارمەتیم دەدەیت؟

کوکوشکین، پێشنیازی کرد:- وەرە زۆرانێکی لەگەڵدا بگرە.

- چیە دیسان سەروگوێلاکیان کوتاویتەوە؟

- ئیدی ئاوایە، چی لەگەڵ ئەمانەدا دەکرێ؟

- لەگەڵ کێ؟

- ئەو شەڕ فرۆشانەی سەر وبەچکت دەشکێنن.

ئیزەت، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:- ئاخ لەدەست تۆ.

ئەوسا ئاوڕی لای روماسی دایەوە وگوتی:

- هەر ئێستا گالیسکەکان دێن. لە دوورەوە ئیوەم بینی، زۆرباش دەهاتن. ئەنتونوفیچ، تۆ بڕۆ بۆ ماڵەوە، من خۆم سەرپەرشتی کارەکان دەکەم.

هەرچەندە روماس دە ساڵێک لەو گەورەتر بوو، بەڵام ئەو زۆر خۆمانی مامەڵەی لە تەکدا دەکرد، دیاربوو دڵسۆز وخەمخۆری بوو..

دوای نیو سەعاتێک، خۆم لە ژوورێکی جوانی ماڵێکی گوندیانەی تازەدا بینییەوە کەهێشتا بۆنی چەسپ و کەتیرەی لێدەهات. ژنێکی گورج و گۆڵی چاوگەش سفرەی نیوەڕۆژەی ڕادەخست و دەڕازاندەوە.

خوخول، جانتاکەی کردەوە، چەند کتێبێکی لێدەرهێناو، خستنیە سەر ڕەفەکانی نزیک موغەیرییەکەوە. گوتی: - ژوورەکەی تۆ لە هەورەبانەکەیە.

لە پەنجەرەی هەورەبانەکەوە، دەمتوانی بەشێک لە گوندەکە بدینم. لە بەرانبەر ماڵەکەدا دۆڵێک هەبوو، یەکپارچە گیا وڕووەکان بوو، سەربانی ئەو گەرماوانەی ناو دۆڵەکە لە نێو دارو دەوەنەکانەوە دیاربوون. لەوبەری دۆڵەکەوە، باخ و باخاتێکی زۆر بەرەو ئاسۆ درێژ دەبووەوە. پیاوێکی شینپۆش لەسەربانی گەرماوەکە دانیشتبوو، تەورێکی بەدەستەوە بوو، دەستەکەی تری کردبوو بە سێبەر بۆ چاوی ودەیڕوانییە ڤولگا. دەنگی چەرخی گالیسکە لەو خوارەوە بەرز بووەوە، چێلێک دەیبۆڕاند. خوڕەخوڕی جۆگاکان دنیای پڕکردبوو، پیرەژنێکی سەراپا ڕەشپۆش، لەماڵەوە هاتەدەرێ، ئاوڕێکی پاشی دایەوەو بەدەنگی بەرز گوتی: - بە نەحلەتی خودا بن!

دوو کوڕی چکۆلە کە خەریک بوون، بە قوڕ و بەرد ئاوەڕۆی جۆگەلەکەیان دەگرت، کە گوێیان لە دەنگی پیرەژنەکە بوو، بە لەزوبەز پێیان وەغارەوە نا. پیرەژن پارچە دارێکی لە ئەرزەکە هەڵگرت، تفێکی لێکرد و تووڕی دایە ناو جۆگاکە، ئەوجا بە پێڵاوە پیاوانەکانیپێی، ئەو بەربەستەی ڕوخاند کە منداڵەکان لەبەر ئاوەڕۆی جۆگاکە دروستیان کردبوو، ئەوسا بە هەڵدێرەکەدا بەرەو ڤولگا نشێو بووەوە.

خۆبەخۆ لەخۆم پرسی:- ئەرێ من چۆن لێرە هەڵبکەم؟

***

بۆ فراڤین بانگیان کردم، چوومە خوارەوە. ئیزەت لەپشت مێزەکەوە ڕۆنیشتبوو، لاقە درێژەکانی ڕاکێشابوون، پێیە ڕووتەکانی سوور بووبوونەوە. قسەی بۆ روماس دەکرد، کەمن وەژوور کەوتم، قسەکەی بڕی و بێدەنگ بوو.

روماس نێوچاوانی تێکنا وپرسی:- ئێ، چیتر؟ قسەکەت تەواو بکە.

- تەواو، هەر ئەوەندە بوو، هەرچیم پێبوو، بۆم گێڕایتەوە: بڕیارمان دا، خۆمان، مشوری خۆمان بخۆین، تۆ هەرکاتێ لەماڵ چوویتە دەرێ دەمانچە هەڵگرە، یان تێڵایەک لەگەڵ خۆتا ببە.. لە بەردەم بارینوف قسە نەکەی. زۆر زمان شڕە، زمانی ئەو و کوکوشکین وەکو زمانی ژنانە، قسە لە زاریان ناوەستێ.. تۆ حەز لە ڕاوەماسی دەکەیت کوڕۆ؟

- نەخێر!

روماس، کەوتە باسی زەروورەتی ڕێکخستنی جووتیاران وخوردە موڵکداران و ڕزگارکردنیان لەدەستی دەڵاڵانی گەورە و سووتخۆران، ئیزەت، بەوردی گوێی لێگرت و ئەنجام گوتی:

- ئەم ورگ زل وتێر نەخۆرانە، تەنگت پێ هەڵدەچنن، نایەڵن ئیسراحەت بکەیت.

- با بزانین چۆن دەبێت.

- باشە...

دەمڕوانییە ئیزەتو بیرم دەکردەوە:

"وادیارە کارونین و زلاتوفراتسکی ئەم جۆرە جووتیارانەیان لە چیرۆکەکانیاندا بەرجەستە کردووە، ئەمانەیان کردبێ بە ئامیانی چیرۆکەکانیان.. تۆ بڵێی تووشی کارێکی جدی بووبم؟ و لە ئێستا بەدواوە لەگەڵ خەڵکانی کارامە و ماقووڵدا کاربکەم؟ "

ئیزەت، پاش فراقین گوتی: - میخائیل ئانتونوف پەلە مەکە. کاری باش بەپەلە ناکرێت.

پاش ڕۆیشتنی ئەو رۆماس خەیاڵاوی گوتی:

- پیاوێکی زیرەک وسەر ڕاست وئابڕوومەندە. لێ مخابن کەم سیواتە. بە زەحمەت شت دەخوێنێتەوە، بەڵام ڕژدە لەسەر فێربوون، ئەگەر توانیت یارمەتی بدە!

تا حەوت نیوەشەو نرخ و بەهای شت ومەکی ناو دووکانەکەی پێ گوتم و لەهەمان کاتدا گوتی:

- من لە هەردوو دووکاندارەکەی دیکەی ئەم گوندە شت هەرزانتر دەفرۆشم. هەڵبەتە ئەوان ئەم کارەیان پێناخۆشە، بۆیە هەر خراپەیەکیان دەرهەق بەمن لەدەست بێت دەیکەن، خەڵکیم لێ هاندەدەن لێم بدەن، من بە مەبەستی بازرگانی یان قازانج لێرە

نازیم. بەڵکو مەبەستێکی دیکەم هەیە. ئەم دووکانەش شتێکە لەبابەتی نانەواخانەکەی لەمەڕ تۆ..

پێمگوت، پێشوەختە مەزەندەم بۆ ئەمە چووبوو، کە مەبەستت بازرگانی و قازانج نییە.

- بەڵێ، پێویستە خەڵکی هەرچۆنێ بووە، فێری خوێنەواری بکرێن، وانییە؟

دووکانەکە داخرابوو، ئێمە بە چرایەکەوە، لەناو دووکانەکەدا کارمان دەکرد و شتەکانمان لەسەر ڕەفەکان ڕێکدەخست. یەکێک لە دەرەوە بە شڵپەشڵپ بە نێو قوڕ وچڵپاوەکەدا و بەبەر دووکانەکەدا دەهات و دەچوو، ناوبەناو سەردەکەوتە سەر شۆستەکە. گوتی: - گوێت لێیە؟ هات وچۆ دەکات.. ئەوە میگوونە، گەنجێکی شەڕانی و تاک وتەنیا و بێکەسە. کەسێکی بوغزن و ڕکوونیە. وەکو چۆن کچێکی عازەب حەزی لەوەیە کوڕان ئاشقێنی دەگەڵدا بکەن، بەو ئاوایە حەزی لە شەڕە. ئەگەر قسەت لەگەڵیا کرد ئاگات لە خۆ بێ.. نەک هەر لەگەڵ ئەوا، لەگەڵ هەر کەسێکا قسەت کرد ئاگات لە خۆ بێت..

پاشان، کە بۆ ماڵ گەڕاینەوە، چووینە ژووری میوان، پشتە پانەکەی دایە سۆپاکە، سەبیلەکەی پێکرد، تۆپەڵێک دووکەڵی کرد بە ناو ڕدێنەکەیدا، چاوەکانی چکۆلە کردنەوە ولە فکران ڕاچوو، وشەکانی خۆی بەجۆرێ هەڵدەبژارد وبە ڕستەی دەسپاردن کە زۆر بە ڕوونی ورەوانی مەبەستی بەدەستەوە بدات. گوتی من لەمێژە سەرنجم داوە کە تۆ بەخۆڕایی تەمەنی خۆت بەفیڕۆ دەدەیت..ئەوسا لەسەری ڕۆیی:

- تۆ گەنجێکی بەهرەمەند وبەتوانای، زۆر سەرسەخت وپڕ متمانەی، پێدەچێ ئاوات و ئارەزووەکانت زۆرباش بن، تۆ پێویستە بخوێنی وبخوێنیتەوە، بەڵام نابێ خوێندنەوەو کتێبان لە خەڵکیت دابڕێ. جارێک کابرایەکی لاهووتی پێموایە ڕاستیشی دەکرد، دەیگوت: " مرۆڤ، سەرچاوەی هەموو فێربوون و زانستێکە " ئەوەی لە خەڵکیەوە فێری دەبێت، زۆر لەوە بە ئازارتر و قورسترە کەلە کتێبەوە فێری دەبیت. بەڵام ئەو زانستەی لەوانەوە وەردەگیرێت، لە هزرو زەیندا نەخش دەبێت.

هەرچەندە ئەو هەمان بیرۆکەی دووبارە دەکردەوە کەلەلای من ڕوون وخۆیا بوو، کە بریتی بوو لەوەی پێویستە بەر لە هەرشتێک هزر وزەینی جووتیار و گوندیان بێدار

بکەینەوە. بەڵام من مەبەستی تازە و قووڵترم لەو وشە و پەیڤە سادە وباوانەدا هەڵێنجا وخوێندەوە. دەیویست بڵێت:

- خوێندکارەکانی لەمەڕ ئێوە، لەوێ، لەشارا، زۆر باسی گەل دۆستی دەکەن.. بەڵام من لەو بارەیەوە پێیان دەڵێم شتی وا نییە، ئەو جۆرە گەل دۆستیە، تەنیا قسەیە، قسەی ڕووتە!..

لە کاتێکا بەکونجکاوی لێی دەڕوانیم بزەیەکیبۆکرد، کەوتە هات وچۆ و ڕاوێچکە بە ژوورەکەدا و بە ڕژدی و متمانەوە لە سەر قسەکەی خۆی بەردەوام بوو وگوتی:

- خۆشەویستی... واتا ڕازی بوون وهاوسۆزی وچاوپۆشی ولێبووردن. ئەم جۆرە خۆشەویستیە، تەنیا بە کەڵکی ئەشقبازی دێ و بۆ ژنان دەبێت. باشە دەکرێت نەزانی و جەهلی گەل فەرامۆش بکرێ؟ چما دەکرێ بە ئاوەزی گومڕای ئەو بکرێت، چاوپۆشی لە کارە دزێو وخراپەکانی بکرێت، بە کارێن هۆڤیانەی گەل ڕازی بین؟

- نەء!

- لەوێ، لەشارا، خوێندکارەکانتان هەر هەموویان بەرهەمەکانی نیکراسوف دەخوێننەوە، شیعرەکانی ئەزبەر دەکەن ( نیکراسوف ١٨٢١ – ١٨٧٨ ، یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی ڕووس کە بابەتی زۆربەی شیعرەکانی دەربارەی مەزڵومیەتی گەل بە گشتی و جووتیارانە بەتایبەتی). من پێموایە نیکراسوف بەتەنیا بەس نییە. دەبێ بە جووتیاران بڵێین: " برادەر هەرچەندە تۆ کەسێکی خراپ نیت، بەڵام ئەوە ژیان نییە کە تۆی تیای، ژیانت زۆر خراپە، کەمترین هەوڵنادەیت کە ژیانی خۆت بگۆڕی، ژیانی خۆت باش بکەی، حەیوانی کێوی بەو حەیوانی خۆیەوە، لەتۆ زیاتر لە خەمی خۆیدایە، لەتۆ پتر بەرەڤانی لە خۆی و لە بەرژەوەندی خۆی دەکات. هەرچی دەرباریان، ڕوحانیان، زانایان وسوڵتانان هەن، لەناو ئێوەوە دروست بوون و هەڵکەوتن، ئێوە سەرچاوەی هەموو ئەوانەن، ئەوانە هەموویان ئەسڵ و فەسڵیان جووتیار بووە، تێدەگەی؟ کەواتە فێربە باش بژیت، فێربە باش بژیت، بۆ ئەوەی بن پێ نەنرێی، بۆ ئەوەی لغاو نەکرێی."

چوو بۆ مووبەقەکە، داوای لە شێفە ژنەکە کرد کە سەماوەرەکە پێبکات. ئەوجا هاتەوەو کتێبەکانی خۆی نیشاندام. زۆربەی کتێبەکانی کتێبێن زانستی ولێکۆڵینەوەی زانستی بوون، لە نێویاندا بەرهەمی بوکل، لیایل، لوکیە، لوبوک، تایلور، میل، سپنسەر و داروینم بینی، لە نووسەرە ڕووسەکانیش بەرهەمێن پیسارۆف، دوبرلیوبوف، چرنیشفسکی، وپوشکین ورۆمانەکەی گونجاروف " فرگات پالادا " و نیکراسوفم بینی.

بەدەستە پانەکەی بەجۆرێ دەستی بەسەر بەرگی کتێبەکاندا دێنا دەتگوت، نەوازشتی بێچوە پشیلەیەک دەکات و زۆر بە تاسوقەوە و لەبن لێوەوە دەیگوت:

- کتێبی چاکن، هەرهەموویان هەڵبژاردە و دەگمەنن! ئا ئەمەیان یەجگار دەگمەنە، دەستناکەوێ، کاتی خۆی سانسۆر کۆی کردەوە و سووتاندیان. ئەگەر دەتەوێ لە ماهیەتی دەوڵەت تێبگەی ئەمە بخوێنەوە!

هەنگێ کتێبەکەی هوبزی " دەوڵەتی دیکتاتۆری " دامێ. ئەوسا کتێبی " فەرمانڕەوا " کەی میکاڤیللی دامێ و گوتی:

- ئەم کتێبەش دەربارەی دەوڵەتڕانییە، بەڵام ئەمەیان ئاسانتر و خۆشفام ترە!

ئیدی بەدەم چا خواردنەوە، بەکورتی باسی ژیانی خۆی بۆکردم کە کوڕی پیاوێکی ئاسنگەری خەڵکی شاری چرنیکوف بووە، لە وێستگەی قیتاری کییف گریسمان بووەو چەرخی فارگۆنی قیتارانی گریس وچەور کردووە. لەوێ ناسیاوی دەگەڵ شۆڕشگێڕاندا پەیداکردووەو لەوێ شانەیەکی ڕۆشنبیریەوانی کرێکارانی دامەزراندووە. پاشان گیراوەو دوو ساڵی لە زنداندا قەتاندووە (بەسەربردن) پاشان بۆ دەڤەری یاکوتسک ڕەهەنە کراوەو دە ساڵان لەو تاراوگەیە ماوەتەوە.

ئەوجا گوتی:

- لەسەرەتادا، لەوێ، لە گوندی یاکوتییەکاندا، زۆر نارەحەت بووم، وام وێنا دەکرد هەرگیز لەگەڵ ئەواندا هەڵناکەم و بە سەلامەتی دەرباز نابم و لەوێ دەمرم. زستانەکەشی هێندە سارد وتەزی بوو مێشکی بەشەری دەجەماند. بەهەرحاڵ پێدەچوو ئەقڵ و ئاوەز بۆ ئەوێ و لەوێ دا زیاد بێ و بەکەڵکی هیچ نەیەت. دوای ماوەیەک بۆم

دەرکەوت هەندێک ڕووسی پەراگەندە لەو دیار و دەڤەر و ، لەم گوند و لەو گوندی ئەو هەرێمە هەن. بەڵام کێشەکە ئەوەبوو زۆر لەیەکەوە دوور بوون، بەڵام بەهەرحاڵ هەبوون! و بە بەردەوامی لە زیادبووندا بوون ودەشیا هەست بە بێزاری و بێتاقەتی نەکەین. بەڕاستی خەڵکی باشیان تیابوو! بەتایبەتی خوێندکارێکیان تیابوو ناوی فلادیمیر کورولنکو بوو. دوای من بە ماوەیەکی کەم مودەتی مەحکوومیەتەکەی تەواو بوو، ماوەیەک دۆستایەتیمان زۆر خۆشبوو، بەڵام پاشان لێکدی دابڕاین. لەزۆر شتا لێکدی دەچووین، بەڵام دۆستایەتیەک لەسەر بناخەی لێکچوون ڕۆبنرێت، زۆر دەوام ناکات. ئەم پیاوە، کەسێکی جدی، بە هەڵوێست و لە هەموو کارێکا کارامە و بەتوانا بوو. تەنانەت وێنەی ئیکونانیشی دەکێشا و من ئەم کارەیم بەدڵ نەبوو، دەڵێن ئێستا لە گۆڤار و ڕۆژنامەاندا وتارێن باش دەنووسێت.

رۆماس، ماوەیەکی زۆر، تا نیوەشەو قسەی بۆکردم، پێدەچوو بیەوێ تێم بگەیەنێ و بەتەواوی دڵنیام بکات، کە شوێنی من لە ڕیزی ئەودایە، ئەمە یەکەمجار بوو کە خۆم لەگەڵ کەسێکی پەسند و جدیدا دەبینییەوە وهەستم دەکرد هاوتای ئەوم، ئەمە یەکەمجار بوو کە خۆشی و لەزەتی دۆستایەتیەکی ڕاستەقینەم تاقیدەکردەوە. لەوساوە کە هەوڵی خۆکوژیم دابوو، بەتەواوەتی خۆم لەبەرچاو کەوتبوو، خۆم سووک دەهاتە بەرچاو. خۆمم بە گووراو و ئافەریدەیەکی کم و بێ بایەخ دەزانی. هەستم بەتاوان دەکرد، شەرمم لە ژیانی خۆم دەکرد. ڕوماس وادیاربوو ئەو هەستەی منی دەخوێندەوە، بۆیە بە شێوازێکی مرۆڤدۆستانەی زۆر سادە و ڕوون دەرگای ژیانی بۆ خستمە سەر گازی پشت، دەستی گرتم و هاوسەنگی خۆمی بۆ گەڕاندەوە. ژیاندمیەوە، زندووی کردمەوە، هەرگیز ئەم ڕۆژە فەرامۆش ناکەم.

ڕۆژی یەک شەممە، دوای نوێژی نیوەڕۆ، دووکانمان کردەوە، زووبەزوو خەڵک و خوامان لێ خڕبوونەوە، لەبەر هەیوانی دووکانەکەدا کۆبوونەوە. یەکەم کەسیان ماتفی بارینوف بوو، کە پیاوێکی هەژاری چڵکن و پڵکن و قژلوول بوو. بازووەکانی درێژ لە دەستی مەیموون دەچوون، لەبەر دووکانەکەدا وەستا، بەچاوە جوان و ژنانەکانی بە نیگەرانی دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی. دوای ئەوەی سڵاوی کرد، لە ڕوماسی پرسی:-
دەنگ و باسی تازەی شار؟

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، هاواری لە کوکوشکین کرد، کە بەرەوڕووی دەهات و، گوتی:

- ستیپان، پشیلەکانت کەڵەبابێکی دیکەیان خواردووە!

ئەوسا کەوتە گێڕانەوەی ئەوە کە فەرمانداری شار، قازانی بەرەو سان پترسبۆرگ بەجێهێشتووە تا لەوێ تزار بدینێ وداوای لێبکات هەموو تاتارەکان بۆ قەفقاز وتورکستان بکۆچێنێ. ئەوجا کەوتە ستایشی فەرماندار:- پیاوێکی بە ئاوەزە، دەزانێ چ دەکات.

روماس، بە نەرمی وهێمنی پێی گوت:- تۆ ئەمەت لە خۆتەوە هەڵبەستووە.

- من؟ کەی؟

- نازانم..

بارینوف، بە کەسەرەوە سەری لەقاند وبە گازنەوە گوتی:

- ئانتونوفیچ، تۆ باوەڕ بەکەس ناکەیت. من بەزەییم بە تاتارەکاندا دێتەوە، ژیان لە قەفقازدا، بۆ خەڵکێک بە ئاو وهەوای ئەوێندەر ڕانەهاتبێ زۆر دژوارە. کورِم دەوێ لەوێ هەڵبکات.

پیاوێکی کورتەباڵای مردەلۆخ، لۆژلۆژ دەهاتەپێشێ. چاکەتێکی شڕ ووڕی دەڵبی لەبەر بوو، لەوەدەچوو هی پیاوێکی لەخۆی قەبەتر بێت، ڕوخسارە ژاکاوەکەی پەیتاپەیتا دەلەرزی. بزەیەکی ئازاراوی، نیشتبووە سەر لێوە ڕەشەکانی، چاوی چەپی بەردەوام دەفڕی ودەتروکا، لەگەڵ هەر تروکانێکا برۆ سپیەکەی بەرز دەبووەوەو جێگای کۆنە زامێک بەسەررووی چاوییەوە دەردەکەوت. بارینوف، بە تەوسەوە پێی گوت: - سڵاو میگوون، دوێشەو چیت دزیوە؟

میگوون، شەپقەکەی لەبەردەم روماس دا لەسەری داگرت و بەدەنگێکی زوڵاڵ وەڵامی دایەوە وگوتی:- پارەکانی تۆم دزیوون.

پانکوفی دراوسێمان وخاوەنماڵەکەمان، لە حەوشە هاتە دەرێ، پاڵتۆیەکی لەبەر ودەستە سرێکی سووری لە ملی بەستبوو، جووتێ پێڵاوی لاستیکی لەپێ بوو، زنجیرێکی درێژی وەکو هەوساری بە سینگەوە هەڵواسرابوو، نیگایەکی بە غەزەبەوەی میگوونی کرد وگوتی:

- پیرە شەیتان ئەگەر جارێکی دی بچیتە بێستانی سەوزەکەمەوە بەدار لاقت دەشکێنم.

میگوون، بە خوێنساردی بەرسڤی دایەوە: - خەڕەکە دیسان هەمان قەوانە کۆنەکەی لێدایەوە.

پاشان ئاهێکی هەڵکێشا و لەسەری ڕۆیی: - ئینسان ئەگەر لێدان نەخوات، ژیانی زۆر ناخۆشە.

پانکوف، دەستی بە جنێودانی کرد، بەڵام میگوون خۆی لەگورە نەبرد و لەسەری ڕۆیی: -کێ دەڵێ من پیرم؟ من تازە چل و شەش ساڵانم؟

بارینوف هاواریکرد: - تۆ لە نوئێلی پاردا پەنجا وسێ ساڵان بووی، خۆت گوتت پەنجا وسێ ساڵانم! ئیدی بۆ ئەم درۆیە دەکەیت؟

لەم کاتەدا ئیزەتی ماسیگر، هاوڕێ دەگەڵ پیرەمێرێکی ڕیشن وتۆکمەدا کە سوسلوفی ناوبوو (ناوی فامیل و شۆرەتی جووتیارەکانم بەدروستی لەبیر نەماوە، ڕەنگە لێم تێکچووبن.م. گۆرکی) هات، چەند کەسێکی دیکەش بەلای کەمەوە دە کەس دەبوون خڕبوونەوە. خوخول لەبەر هەیوانەکە و لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو، بەدەم سەبیل کێشانەوەو بەبێدەنگی گوێی لەو جووتیارانە دەگرت کەلە سەر خواجانەکە دانیشتبوون وقسانیان دەکرد.

ئەمرۆ دنیا سارد بوو، پەڵەهەوران بە ئەسمانی شین و تەزیودا بەخێرایی دەجوڵان، سێبەری پەڵەهەوران ، بەناو گۆلاو و جۆگاکاندا مەلەیان دەکرد. کە هەورەکان لادەچوون وتیشکی هەتاوەکە لە گۆلاو وجۆگاکانی دەدا وشەوقی دەدایەوە، چاوی دەخستە ڕێشکەوپێشکە، کە هەندێجار هەور بەری هەتاوەکەی دەگرت، پاشماوەی

تیشکەکە، بە نەرمیەکی مەخمەڵ ئاسا، چاوانی نەوازشت دەکرد. کیژان جلکی ئالاوواڵای تایبەتی بە جەژنیان لەبەر کردبوو، وەکو مێچکە تاوسان بە ناز وکریشمە بە شەقامەکەدا بەرەو ڤولگا نشێو دەبوونەوە، کە دەگەیینە ئاستی گۆلاوەکان تەنوورەکانیان هەڵدەکرد و پێڵاوە چەرمەکانیان دەردەخست. کوڕانی مێر منداڵ، دار و قولاپەکانیان نابووە سەرشانیان وبە هەشتاو ڕێیان دەکرد. هەندێ لە جووتیارەکان، بە بەر دووکانەکەماندا ڕەت دەبوون،دزەنیگایەکی ئەو خەڵکەی لەبەر دووکانەکەمان خڕ بووبوونەوە، دەکرد و بەبێدەنگی شەپقە وکلاوە لبادەکانیان بۆ بەرزدەکردنەوە.

میگوون وکوکوشکین، بە دوو قوڵی و دۆستانە گەنگەشەی ئەمەیان دەکرد: کێ دڕتر و شەڕانی ترە؟ بازرگان یان بارۆن؟ کوکوشکین پێی وابوو بازرگان، بەڵام میگوون تای بارۆنی دەگرت و دەنگە بەرز وزوڵاڵەکەی، بەسەر دەنگە نەرم وشەرمامێزەکەی کوکوشکینی دا زاڵ دەبوو. دەیگوت:

- بابی ناپلیون پوناپارت، ڕدێنی جەنابی فینگورۆفی گرتبوو و دەری هێنابوو، ئەو فینگورۆفەی هەندێجار لە قژی دوو کەس دەنەوی، سەری دەبردنە دواوەو ئەوجا بەتووندی هەنیەی هەردووکیانی بە یەکدا دەکێشا وئیدی هەموو شتێک کۆتایی دەهات و وەکو دوو کۆتەرەدار دەکەوتنە سەر ئەرزەکە.

کوکوشکین بۆی دەسەلماند و دەیگوت: - ڕاستە، بەڵام بازرگانان لە بارۆنان پڕخۆرترن.

سوسلوف، کە پیاوێکی باریکەلە وقۆز بوو، لەسەر دوا پلەی خواجانەکە دانیشتبوو، لەبن لێوانەوە پرتاندی: - میخائیل ئەنتونوفیچ، دەزانی جووتیار خەریکە پێگەی خۆیان لە دەست دەدەن! تەمەڵ بوون، لە سەردەمی دەرەبەگایەتی و فیودالیتەدا، نەدەهێڵرا کەس بە بێکار بژی، هەرکەسە و کارێکی پێ دەسپێردرا..

ئیزەت، بەرسڤی دایەوەو گوتی:

- باشە بۆ عەرز وحاڵێک نانووسیت کە یاسای بەندایەتی بگەڕێتەوە؟ ( یاسای بەندایەتی "ئەقنان"

: یاسایەکی فەرمی بوو لە ڕووسیادا تا ساڵی ١٨٦١، جووتیار وابەستەی زەوی بوو، وەکو زەویەکە مۆڵکی خاوەن موڵک بوو کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا.)

روماس، نیگایەکی توندی کرد، سەبیلەکەی هێدی هێدی بە شیشی محەجەرەکەدا دەکێشاو تووتنە سووتاوەکەی بەتاڵ دەکردەوە.

چاوەڕوان بووم تا روماس شتێک بڵێت، لە کاتێکا بە وردی گوێم لە قسە پەراگەندەکانی جووتیارەکان دەگرت، هەوڵمدەدا بە مەزەندە بزانم کە ئاخۆ خوخول چ دەڵێت. هەستم کرد چەند دەرفەتێکی قسەکردنی بۆ ڕەخساو، خۆی لێ بە خاوەن نەکرد وبێدەنگی لێکرد وبەشداری لە قسەکاندا نەکرد و وەکو بت لە جێی خۆی دانیشتبوو، سەیری ئەو بایەی دەکرد کە دەیدا لە ڕووی گۆلاوەکان و بە وردە شەپۆلیان دەخات و هەورەکان بە بەرۆکی ئاسمانەوە ڕادەماڵێت و لە پەڵە هەورێکی چڵکندا کۆیان دەکاتەوە. لە خوارەوەو لەناو ڕوبارەکەدا دەنگی شووتی کەشتیەکی هەڵم بەرز بووەوە. کیژەکان بەدەم ئاوازی ئوکوردیونەوە گۆرانیان دەگوت. پیاوێکی مەست، بەدەم هاوار وهەرا وزەناوە بە جادەکەی خوارەوەدا تێدەپەڕی، بەلادا دەهات، هاواری دەکرد، لاقەکانی تێکدەئالان و هەر دوو دەستی بەرز دەکردنەوە بۆ ئەوەی خۆی بگرێتەوە.. بەلام شڵپ دەکەوتە چالاوەکانەوەو هەڵدەستایەوە. جووتیارەکان سات بەسات هێواشتر قسەیان دەکرد، جۆرە هەڵچوون ونائومێدیەک بە قسەکانیانەوە دیاربوو. ئەم خەم وپەژارەیە وردەوردە بۆ منیش سیرایەتی کرد، چونکە لە ئالیەکەوە ئەگەری باران بارین لە ئارادا بوو و لە ئالیەکی دیکەوە ژیانی پڕ هەرا و هەنگامەو بە ژاوەژاوی شار، دەنگێن هەمەجۆر و جیاواز، تێپەڕبوونی ڕێبوارانی زۆر و زەبەند بەسەر جادەکانا، قسەی بێباکانەی خەڵکەکەو ئەو وشە زۆرانەم بیر دەکەوتنەوە، کە مێشکی مرۆڤیان دەهاڕوژاند.

ئێوارێ، لەکاتی چا خواردنەوەدا، لە خوخولم پرسی: - کەی قسە بۆ جووتیارەکان دەکەیت؟

- قسە؟ دەربارەی چی؟

قسەم بۆ کرد کە دەربارەی چی، پاش ئەوەی بە وردی گوێی بۆ گرتم، گوتی:- دەزانی ئەگەر من لەو بارەیەوە و لەناو جادەدا، قسەیان بۆ بکەم، دووبارە ڕەهەنەی یاکوتستانم دەکەنەوە.

سەبیلەکەی تەژی تووتن کرد، دایگیرساند، مژێکی قووڵی لێدا، سەروچاوی لە دووکەڵدا نقوم بوو، زۆرچاک لەبیرمە کەبەکاوەخۆ گوتی:

- جووتیار! خەڵکی بە پارێز وبەدگومانن، لە خۆی، لە دراوسێکەی ولە هەرکەسێکی غەریب و نەناس بە گومانە. هەرچەندە سی دانە ساڵە ئازاد بووە، بەڵام هەر جووتیارێکی چل ساڵان بگری، لە سایەی کۆیلایەتیدا لە دایک بووەو ئەو سەردەمەی لە هزر وبیرا چەسپیووە. ( سی ساڵە ئازاد بووە: ئەمە ئاماژەیە بۆ ڕیفۆرمی ١٨٦١ کەبە فرمانی تزار ئەلکساندەری دووەم، جووتیاران لەو کۆت وبەندەی کە جاران لەدەست و پێیان کرابوو، ڕزگاربوون، بەڵام نەیانتوانی سوودی لێ ببینن، چونکە موڵک و زەوییەکان هەر بەدەستی فیودالەکانەوە مایەوە. ئەم ئازادیە بۆیە درا تا هەم چەوسانەوەی جووتیاران بەرەبەرە کەم ببێتەوەو، هەم کرێکار وهێزی کاری هەرزان، بۆ سەنعەتی تازە پێ گەییووی ڕووسیا، دابین بکرێ.)

هێشتا بە تەواوەتی لەمانای ئازادی تێناگات. ئەگەر لێی بپرسیت ئازادی مانای چییە، ڕەنگە هەر ئەوەندە بزانێ کە ئازادی دەکاتە ئەوەی بە ئارەزووی خۆت بژی، بەڵام بەهەر لایەکا چاو بگێڕیت، بەرپرس، بەڕێوەبەر، پیاوانی دەوڵەت دەبینی کە بوون بە کۆسپ و نایەڵن بە ئارەزووی خۆت بژیت. تزار جووتیارانی لە دەستی فیودالان ڕزگار کردووەو، خستوونیەتە دەست خۆی و ئێستا ئەو گەورەو سەروەری هەموو جووتیارانە، بەڵام پرسیارە دێرینەکە: ئازادی دەکاتە چی؟ بەهەمان دەقی خۆیەوە باقیە، ڕەنگە ڕۆژێک بێ، ڕۆژێک کە چاوەڕوانی ناکەی، تزار مانای ئەو زاراوەیە (ئازادی) ڕاڤە و شرۆڤە بکات. جووتیار زۆر باوەڕی بە تزارە..تەنیا تزار بە تاقە خاوەنی زەوی وزار وسەروەت وسامانی وڵات دەزانێت. وەکو چۆن جووتیاری لەدەست دەرەبەگ و موڵکداران دەرهێنا، بەو ئاوایەش دەتوانێ ڕۆژێ لە ڕۆژان کەشتی و کۆگاکان لەدەستی بازرگانان دەربێنێ. جووتیاران لەگەڵ تزاردان، دەزانن کە فرە ئاغایی زۆر خراپە، تاک ئاغایی هەرچۆنێ بێ باشترە. چاوەڕوانی ئەوەن ڕۆژێ بێت کە تزار مانای

ڕاستەقینەی ئازادیان بۆ ڕوون بکاتەوە. هەنگێ هەر کەسە چی دەوێت با بیبات. هەر هەموویان چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەن و لە هەمان کاتدا لەم ڕۆژە دەترسن کە نەبا لەو دابەشکردنە گشتیەدا، بەشی خۆیان پێ نەبڕێت. هەرکەسەو لەخەمی خۆیدایە، داوای زۆر دەکات، زۆریش هەیە، بەڵام چۆنی وەربگرێ وبەدەستی بێنێت؟ هەموو دانیان لە یەک شت تیژ کردووە، مرخیان لەیەک شت خۆش کردووە، هەموو چاویان لەو شتەیە. بەڵام چاو بەهەر لایەکدا دەگێڕی، دنیایەک فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار دەبینی کە بە ئاشکرا هەم دژایەتی جووتیار وهەم دژایەتی تزار دەکەن. بەڵام وێڕای ئەوەش خەڵکی بەبێ فەرمانڕەواو پیاوانی دەسەڵات، نابڕێن بەڕێوە، دەنا بەر دەبنە یەک و دوای یەکدی دەبڕنەوە.

باران بەباوە دەباری، دڵۆپە بارانی درشت بە تووڕەیی خۆی بەجامی پەنجەرەکاندا دەکێشا، مژ و دوومانێکی خەست جادە وبانەکەی گرتبوو. خەم و پەژارەیەکی توونی سەرودڵی گرتم، روماس، بەدەم خەیاڵەوە، بە ئەسپایی گوتی:

- جووتیار وخەڵکی فێر بکە کە بەرەبەرە جڵەوی دەسەڵات لە دەستی تزار دەربێنێ و بیخاتە دەستی خۆی، بۆی ڕوون بکەرەوە کە جەماوەری خەڵک، کە گەل هەقی خۆیەتی بەرپرسانی وڵات لە ناو خۆیدا هەڵبژێرێت.. فەرماندار وستاندار و تەنانەت تزاریش لە ناو خۆیدا هەڵبژێرێت..

- خۆ ئەمە سەدساڵی دەوێ!

خوخول بە هێمنی گوتی:

- خۆ بە تەمانیت تا جەژنی ترویتسن (جەژنێکی ڕووسییە) بێتە دی؟

شەوێ ئەو چووە دەرێ، دەوروبەری سەعات یازدەی شەو، دەنگی تەقەیەک لە کۆڵانەکەوە هەستا. دەنگی تەقەکە نزیک بوو، بەهەشتاو دەرپەڕیمە دەرەوە، لە ناو تاریکی وبارانەکەوە "میخائیل ئانتونوفیچ "م بینی کە وەکو تارماییەکی گەورە، بەناو تاریکی و بەر بارانەکەدا، خۆی لە چاڵاوەکان دەبوارد وهێدی هێدی بەرەو دەرگای حەوشەکە دەهات. لێی پرسیم:

- بۆچی هاتوویتە دەرەوە؟ بە دەنگی تەقەکەوە هاتیت؟ من بووم..

- بە کێتەوە نا؟

- چەند گەنجێک لەوسەری شەقامەکەوە، بە تێڵاوە بۆم هاتن، پێمگوتن ئەو تێڵایانە فڕێ بدەن دەنا تەقەتان لێدەکەم. بەڵام گوێیان نەدامێ، منیش تەقەیەکم بە ئاسماندا کرد، تەقەی ئاسمانی زیان بە کەس ناگەیەنێت!

لەبەر هەیوانەکەدا وەستا، کەوتە داکەندنی جلە تەڕەکانی، بەدەست ڕدێنە تەڕەکەی دەسڕی، سەری دەلەقاند و وەکو ئەسپ دەی پرماند و دەیگوت:- وادیارە ئەم پێڵاوە میراتیانەم کون بوون، دەبێ بیان گۆڕم، ئەرێ دەزانی دەمانچە پاک بکەیتەوە؟ ئەو پیاوەتیەم دەگەڵ بکە بۆمی زەیت بکە با ژەنگ هەڵنەیەنێت..

مەندی وهێمنییەکی بە ویقارم لە چاوە کاڵەکانیا بەدی کرد، زۆرم بەدڵ بوو، بەدوو قۆڵی وەژوور کەوتین. چووە بەردەم ئاوێنەکە وبەدەم شانەکردنی ڕدێنەکەیەوە، ئاگاداری کردمەوە وگوتی:

- کە دەچیتە دەرەوە ئاگات لەخۆ بێ، بەتایبەتی شەوان و ڕۆژانی پشووی یەک شەمموان، دوورنییە بیانەوێ شەڕ بە تۆش بفرۆشن و بت شکێنن. بەڵام نەخەڵەتابی دار هەڵگری، چونکە دارت پێ بدینن وا دەزانن لێیان دەترسیت و چەشە دەبن. لێیان مەترسە، چونکە خۆیان ترسنۆک و قەلەزراون..

ژیانم خۆش بوو. هەموو ڕۆژێ شتێکی تازەو گرینگ فێر دەبووم. بە تاسەوە، ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە کەلە زانستە سروشتیەکان دەکۆڵینەوە. روماس ئامۆژگاری دەکردم و دەیگوت:

- ماکسیموفیچ، دەبێ پێش هەرشتێک ولە هەموو کەسێک باشتر ئەمە بزانیت وفێر ببیت، کە زانایان، باڵاترین دەسکەوتە ئەقڵیەکانی بەشەریان، لەم زانستە سروشتیانەدا کۆکردووەتەوە!..

***

هەفتەی سێ وانەی خوێندنەوەو نووسینم بە ئیزەت دەگوتەوە. لە هەوەڵەوە، متمانەی پێنەدەکردم، لێم بە گومان بوو، گاڵتەی پێم دەهات، بە گوێی نەدەکردم، دوای چەند وانەیەک، بە خوشحاڵییەوە گوتی:- تۆ باش وانە دەڵێیتەوە، دەبوایە ببیە مامۆستا.

لەناکاوا گوتی:- لەوە دەچێ بەهێز بیت. وەرە با دارکێشماکێشێک بکەین.

دارێکمان لە مووبەقەکە هێنا، لە سەر ئەرزەکە، لە هەنبەر یەکدی ڕۆنیشتین، لاقمان لە لاقی یەکدی توندکرد، هەریەکەمان لەلای خۆیەوە، بە هەردوو دەستان دارەکەی گرت، کەوتە ڕاکێشانی بەرانبەرەکەی، ماوەیەک بەو حاڵەوە ماینەوە، هەریەکەمان دەیویست بەرانبەرەکەی لە ئەرزەکە بەرز بکاتەوە. خوخول، بە دەم پێکەنینەوە هانیدەداین ودەیگوت:

- دەی، دەی. بزانم کێ کێ بەرز دەکاتەوە!

ئاقیبەت ئیزەت منی بەرز کردەوە، وادیاربوو ئەمە وایکرد لە جاران پتر لێم نزیک ببێتەوە. بەدەم دڵدانەوەی منەوە گوتی:

- کوڕۆ، تۆ زۆربەهێزی ها، لێ مخابن حەز لە ڕاوەماسی ناکەیت، دەنا لەگەڵ خۆما بۆسەر ڤولگام دەبردی. شەوانی ڤولگا هێندە خۆشە دەڵێی بەهەشتە.

زۆر بەجدی هەوڵیدەدا، فێری خوێندن و نووسین ببێت، باشیش دەچووە پێشێ، هەندێجار خۆی سەری لە پێشڤەچوونەکانی خۆی دەسوڕما، بۆیە هەندێجار لە گەرمەی وانەکەدا، لە خۆشیان لە جێی خۆی هەڵدەستا، کتێبێکی لە ڕەفەکان دەردێنا و بڕۆکانی وێک دێنانەوەو بەهەزارناری عەلی و بە حینجە یەک دوو دێڕی دەخوێندەوەو وەکو چەوەنەر سوور دەبووەوە وحایر وحەپەساو دەیڕوانیە من ودەیگوت: - دەبینی، خەریکە.. دەخوێنمەوە!..

ئەوسا چاوی دەنوقاندن ودووبارە دەستی پێدەکردەوە:

پەڕندەی بیابان

پەست و خەمگین

وەکو دایکێک لەسەر

گۆڕی ڕۆڵەکەی

دەناڵێنێ.

ئەوسا، بەسەرسامی دەیگوت:- بینیت چۆنم خوێندەوە؟

چەندین جار، بەدەنگی نزم، بەپارێزەوە لێی پرسیم:

- ئەرێ براله تۆ تێم ناگەیەنی ئەم شتە چۆن چێدەبێت؟ پیاو کە دەڕوانێتە ئەم خەت وئامازە چکۆلانە، هەر لە خۆیانەوە دەبن بە پەیڤ و وشە و.. من هەموو ئەم وشانە دەناسم و دەزانم. هەمان ئەو وشانەن کە ئێمە ڕۆژانە بەکاریان دێنین! باشە من چۆن تێیان دەگەم، چۆن ئەم وشانە دەناسمەوە؟ خۆ کەس نایاندات بە گوێما، خۆ ئەگەر ئەم وشانە وێنە ونیگار بان هەر نەیسە، بە هەرجا هەموو کەسێک لێیان تێدەگەیی، بەڵام بەم شێوەیە ولەمیانی ئەم خەتانەوە، زۆر زەحمەتە، وەکو ئەوەیە ئەم وشانە بە بیر وهزری کەسێکی دی بارگاوی بن، هزر وبیری کەسێک لەم لاپەڕانەدا تۆمارکرابێ، پێم ناڵێی ئەمە چۆن دەبێت؟

من هیچ وەڵامێکم پێنەبوو، کە دەمگوت " نازانم " کابرا زۆر پەست دەبوو. ئاهێکی هەڵدەکێشا، لاپەڕەی کتێبەکەی دەدایە بەر ڕوناکییەکە وتەمەشای دەکرد ودەیگوت:

- بێگومان ئەفسوونە، ئەفسوونگەرییە!

کە سەیرت دەکرد جۆرە ساویلکەییەکی خۆش وپاکی پێوە دیار بوو، جۆرە سادەییەکی منداڵانەی تیادا بوو، کە ئەوم دەبینی ئەو جووتیارە نیهاد پاکانەم وەبیر دەکەوتنەوە کەلە کتێبیاندا شتم دەربارەیان خوێندبووەوە. وەکو زۆربەی ڕاوچیانی ماسی، شاعیر بوو. ڤولگای خۆشدەویست، بەتایبەتی لە شەوانی هاویندا، کەسێکی تەبیعەت پەرست بوو، حەزی لە شەوێن ئارام، تەنیایی، گۆشەگیری و ڕامان بوو. دەیڕوانیە ستێر و هەستاران و دەیپرسی:

- خوخول دەڵێت لەگینە لەوێش بەشەرانی وەکو ئێمە هەبن. تۆ بڵێی ئەو قسەیە دروست بێت؟ خۆزگە دەکرا مرۆڤ پەیوەندیان پێوەبکات و.. لێیان بپرسێت ئاخۆ چۆن دەژین؟! ئایا لە ئێمە خۆشتر وباشتر دەژین؟!

بەژیانی خۆی دڵخۆش و ڕازی بوو. کەسێکی بێکەس بوو، ژنی نەهێنابوو، بەتەنیا دەژیا، بەدڵ و بەگیان، هێدی وهێمن کاری خۆی دەکرد، سەربەست وسەربەخۆ نەهەقی کەسی هەبوو، نەکەس هەقی بەسەریەوە هەبوو، کارەکەی ڕاوەماسی بوو. بەڵام هەمیشە بەگومان و نەفرەتەوە سەیری جووتیارەکانی دەکرد و ئامۆژگاری منی دەکرد ودەیگوت:

- تۆ تەمەشای ئەوە مەکە بە ڕواڵەت دەم تەڕ و ڕووخۆش و میهرەبان و بەسۆزن، ئەمانە وەکو نیسک وان بەروپشتیان نییە، باوەڕیان پێ مەکە! ئەمڕۆ بە جۆرێکن و سبەی بە جۆرێکی ترن. هەرکەسە وجگەلەخۆی خەمی کەسی دیکەی نییە، کاری جڤاکی و بەرژەوەندی گشتیان بەلاوە وەکو کۆت وزنجیر وایە.

بە ڕق ونەفرەتێکەوە، کە لە کەسێکی میهرەبان ودڵاوای وەکو ئەو نەدەوەشایەوە، باسی "مشەخۆران "ی گوندییانی دەکرد و دەیگوت:

- دەزانی ئەم ورگە زلانە بۆچی لەوانی دی دەوڵەمەندترن؟ چونکە زیرەکترن. دەی باشە مادامێکی ئەوان زیرەکترن، دەبێ جووتیاریش ئەوە بزانن کە پێویستە یەک و یەکگرتوو بن، کۆک و تەبا بن، بەگژ یەکدا نەچن، تەنیا لەو ڕێگەیەوە دەتوانن ببنە هێز وهەزار و یەک حیسابیان بۆ بکرێت! بەڵام بە پێچەوانەوە، وەکو قڵاشکەری یەکدی دەشکێنن، گوندەکە دابەش دەکەن، خۆیان دژمنی خۆیانن، خەڵکێکی خراپ و بێ کەڵکن! تۆ بڕوانە خوخول، چ حاڵێکی بەدەستیانەوە هەیە!

چونکە پیاوێکی قۆز وبەهێز بوو، ژنان حەزیان لێدەکرد ودەوروخولیان دەدا و وازیان لێنەدەهێنا. جارێک بە کەماڵی ئارامی ئیعترافی بۆکردم وگوتی:

- ژنان خوویان شەڕ کردووم، شەڕم پێدەفرۆشن، بەخۆیان دەوروخولم دەدەن، وازم لێناهێنن... پیاوەکانیان ئەمەیان پێناخۆشە. منیش لە جێی ئەوان بام پێم ناخۆش دەبوو.بەڵام وێڕای ئەوەش چۆن دەبێ نازی ژن هەڵنەگری، دڵی بشکێنی؟ ژن وەکو

ڕوحی دووەمی پیاوە. ئەوە ژیان نییە کە ژنانی تیایە.. نەکەیفێ نە سەفایە، نە نازێ نە نەوازشێ. وەکو ئەسپ هەر خەریکی کارن. پیاوەکانیشیان دەرەتانی ڤیان وعاشقێنی و دۆستێنی و نازکێشانیان نییە. بەڵام من بە پێچەوانەوە، بێ ئیش و بێکار، دەرفەت ودەرەتانم زۆرە. زۆربەی ئەو ژنانە بە نۆبووکی، لەجیاتی میهرو مەحەبەت و نەوازشت، شەق وزللەی مێردیان دەخۆن. بەڵێ من دەست بە ڕوویانە نانەم، لەگەڵیاندا ڕادەبوێرم، ژیانی خۆم بە عەشقبازی دەبەمە سەر. تەنیا یەک تکایان لێدەکەم و پێیان دەڵێم: ژنینە، شەڕی یەکدی مەکەن، من بەشی هەمووتان دەکەم، حەسوودی بەیەکدی مەبەن، هەمووتان بۆمن وەکو یەکن، دڵم بەهەمووتان دەسووتێ..

ئەوسا بەدەم بزەیەکی خەجاڵەتیەوە لەسەری ڕۆیی وگوتی:

- جارێک چیوای نەما دەگەڵ خانمێکدا پێک بێم. ئەم خانمە لەشارەوە هاتبوو بۆ ئێرەو شوێنێکی بەکرێ گرتبوو تا پشووی هاوینی تیا بەسەر بەرێت. ژنێکی خشیک، سپی دەتگوت چۆڕی شیرە، قژەکەی دەتگوت خەیاتەی خاوە، چاوەکانی شینی ئاسمانی ومەند، میهروجوانیان لێدەباری. ماسیم بۆ دەبرد تا لێمی بکڕێت، بەدەم مامەڵەوە چاوم لە دوڕ چاوانی دەبڕی، ڕۆژێک لێی پرسیم: "بۆچی بەو ئاوایە تەمەشام دەکەیت؟" وەڵامیم دایەوە: " بەخۆت باش دەزانیت ". گوتی: " زۆرچاکە، ئەمشەو دێم بۆلات، چاوەڕێم بکە!" ڕاستی کرد، شەوێ هات. بەڵام پێشکە هەراسانی کرد. حەجمانی لەبەر بڕی، ئیدی نەگەیین بە مراد. گوتی: " من تەحەمولی ئەم حاڵە ناکەم، مێشوولە نایەڵن بحەوێمەوە، خەریکە کەولم دەکەن! " خەریک بوو بگری. بۆ ڕۆژی دوایی مێردەکەی هات، قازی دادگا بوو. ئیدی ئەمە خوو وخەسڵەتی ژنانە!

ئەوسا بە خەمینییەوەو بەمجۆرە کۆتایی بەقسەکانی هێنا:

- تۆ بزانە مێشوولە چۆن حەوانەوەیان لێهەڵدەگرێت.

ئیزەت، زۆر ستایشی کوکوشکینی دەکرد ودەیگوت:

- تۆ تەمەشای ئەم جووتیارە بکە، چەند پیاوێکی باشە، ئەوەندە بێزراوە! خەڵکی خۆشیان ناوێ. بەڵام.. بەڵام هەڵەن! ڕاستە کابرایەکی چەنەبازە، بەڵام... وێڕای ئەوەش... کەس بێ عەیب نییە!

کوکوشکین بەخۆی زەوی نەبوو، لەلای پانکوف ئیشی دەکرد. ژنەکەشی کرێکاری دەکرد، ئافرەتێلی مەیگوسار بوو، هەرچەندە چکۆلە و وردیلە بوو، بەڵام زرنگ وچالاک وبەکار بوو، زۆریش توونده تەبیعەت بوو، خانووەکەی خۆیان بەکرێ دابوو بە کابرایەکی ئاسنگەر وخۆیان لای پانکوف ئیشیان دەکرد، لە گەرماوێکی ناو دۆڵەکەدا دەژیان. کوکوشکین زۆری حەز لە نووچە و هەواڵێن تازە بوو. ئەگەر هەواڵێکی گرینگی دەست نەکەوتبا، بەخۆی هەواڵی هەڵدەبەست و بەهەمان شێواز بۆ خەڵکی دەگێڕایەوە. بۆ نموونە دەیگوت:

- میخائیل ئانتونوف، بیستوومە کە تینکوفسکی پۆلیس، قەراری داوە واز لە ئیشەکەی خۆی بێنێ و ببێت بە قەشە؟ بەخۆی دەڵێت: "حەزناکەم لەوەی پتر جووتیاران بچەوسێنمەوە، ئەوەی کردوومە بەسە، تەواو، بێزار بووم."

خوخول، بە ویقارەوە گوتی:

- ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، بەو زووانە هەموو گەورە کارمەندەکانتان لەدەست دەدەن و هیچ خانەدان ودەوڵەمەندێکتان بە دەورەوە نامێنێت.

کوکوشکین، دەفکرەوە چوو، بەدەم دەرهێنانی کا وپووشکە وپەڕە مریشکانەوە لە قژە ڕەشە تێک ئالاوەکەیەوە گوتی:

- نا، هەموویان نا، ئەوانەی ویژدانیان هەیە، هەرچەندە ئەرکی سەرشانیان گرانە، بەڵام خۆیان نادزنەوە، لە ئەرک و وەزیفەی خۆیان هەڵنایەن... ئانتونوفیچ، هەست دەکەم تۆ باوەڕت بە ویژدان نییە، بوون و نەبوونی ویژدانت لەلا وەکو یەک وایە. بەڵام پیاو چەند بە ئاوەزیش بێ ناتوانێ بەبێ ویژدان بژی، جا گوێ بگرە با ئەم حیکایەتەت بۆ بگێڕمەوە. ئەوجا کەوتە باسی ژنێکی موڵکداری " زۆر بە ئاوەز " وگوتی:

- ئەم ژنە لە بەرەڵلایی و بەدناویدا بەشی کەسی نەهێشتبووەوە، ئیدی فەرمانداری شار، بێ ئەوەی گوێ بە شان و شکۆ و پۆست و پایەی خۆی بدات، چوو بۆلای ژنەی تاین و پێی گوت: "خانم، ئاگات لەخۆبێ، زۆرت لە پاشملە دەگوترێ، ناوبانگی بەرەڵلایی تۆ گەییوەتە پترسبورگ!" ژنەی موڵکدار، یارۆی فەرمانداری تەواو مەست کرد وشتی

تریش.. ئەوجا پێی گوت: " برۆ بۆ ماڵی خۆت، بەخێر و سەلامەت بچیت، من ناتوانم بەدڵی خۆم بکەم و خووی تەبیعی خۆم بگۆڕم! " کەچی دوای سێ ساڵ ویەک مانگ، هەموو جووتیار ومسکێنەکانی کۆکردنەوەو پێیگوتن: " هەموو زەوی و زار و موڵکەکانم بۆخۆتان ببەن، گلەیی بەجێ بێڵن، بە دوعا من دەڕۆم.. "

خوخول، قسەکەی بۆ تەواو کرد:- دەڕۆم بۆ دێر.

کوکوشکین بەوردی تەمەشای کرد وقسەکەی سەلماند وگوتی:

- دروستە، چوو بۆ دێر، وادیارە تۆش ئەم بەسەرهاتەت بیستووە؟

- نەخێر، هەرگیز شتی وام نەبیستووە.

- ئەدی چۆن زانیت؟

- چۆن من تۆ دەناسم.

کوکوشکینی خەیاڵۆک، لەبن لێوانەوە گوتی:- کە پیاوێکی بەگومانی، باوەڕ بەکەس ناکەیت!..

هەموو چیرۆک وحیکایەتەکانی کوکوشکین، یەک نەوا و هاوشێوە بوون، کاراکتەرە خراپ وبەد عەمەلەکانی چیرۆکەکانی، لە ئەنجاما لە بەد عەمەلی خۆیان بێزار دەبوون و لەناکاوا دیار نەدەمان و کوکوشکین بە زۆری هەواڵەی دێرانی دەکردن. هەندێجار بیرۆکەێن سەیر وناگەهانی بەمێشک و خەیاڵدا دەهات. لەناکاوا نێوچاوانی تێکدەنا ودەیگوت:

- ئێمە لە خۆڕایی، بەناهەق شکستمان بە تاتارەکان هێنا، تاتارەکان لەئێمە باشترن!

ئەو قسانەی لە کاتێکا دەکرد بێئەوەی کەس باسی تاتاران بکات یان ناویان بێنێت.. بەڵکو باسەکە باسی دروستکردنی کۆمەڵەیەکی هەرەزۆری باخدارەکان بوو.

زۆرجار کە روماس باسی سیبریا وجووتیارە دەوڵەمەندەکانی سیبریای دەکرد، کوکوشکین لەناکاوا، هەڵیدەدایە و لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- ئەگەر خەڵکی بۆ دوو سێ ساڵ، واز لە ڕاوی ماسی سلپودکا بێنن ئەوەندە زۆر دەبن، ئاوی دەریاکان بەجۆرێ بەرز دەبنەوە لەوەیە تۆفانێکی دیکە هەستێت وخەڵکی هەموو مەحوو ببنەوە، ئەم جۆرە ماسییە زۆر زوو زیاد دەکەن! ماسی وا بەپیت و بەرەکەت نەبووەتەوە!

خەڵکی گوند "کوکوشکین " یان بە گەنجێکی گەوج و بێ سەروبەر دەزانی. چیرۆک وحیکایەتە سەیر وسەمەرەکانی، جووتیارەکانی وەڕەز دەکرد، گاڵتەیان پێکدەکرد، باوەڕیان پێنەدەکرد، بەڵام وێڕای ئەوەش بە تاسەوە گوێیان لە قسەکانی دەگرت. وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ئەوەبن، ئەگەر بۆ دەرمانیش بووە، ڕاستییەک لە قسەکانیانا بەدی بکەن.

بەڵام خەڵکانی سەنگین وبەویقار ناویان نابوو: " چەنەبازی فشەکەر "، تەنیا پانکوف، زۆر بەجدی دەیگوت:

- ستیپان.. پیاوێکی توێدارە، لە مەتەڵ دەچێ، بە ئاسانی بەکەس هەڵنایەت!..

کوکوشکین، کرێکارێکی بەهرەدار وکارامەبوو، بەرمیلی دروست دەکرد، موغەیری وکوورە و ئاگردانی دروست دەکرد، هەنگەوانێکی شارەزابوو، ژنانی فێری چۆنیەتی بەخودانکرنی پەلەوەران دەکرد، دارتاشیش بەڵەد بوو، هەرچەندە لە کارکردنا تەمەڵ و خاو بوو، دەتگوت بێگاری پێدەکەن، وێڕای ئەوەش دەستی بدایەتە هەرکارێک بەجوانی لەژێر دەستیا دەردەچوو. زۆر کەیفی بە پشیکان دەهات، دە پشیلە وفەرخە پشیلەی لە گەرماوەکەی نزیکی ئاوایی ڕاگرتبوو. ئیدی قەلەڕەش وقاژووی دەرخوارد دەدان و وای تەعلیم دابوون جگەلە تەیر و توو هیچی دیکەیان نەدەخوارد.. بەمە هێندەی دی ڕقی گوندییانی هەڵدەستان، پشیلەکانی مریشک و جووجەڵەی دەر ودراوسێکانیان دەخوارد و ئیدی ژنان لە پشیلەکانیان دەدا و بە بۆڵەبۆڵ دەچوونەسەری. بەڵام کوکوشکین، هەر مێشیش میوانی نەبوو، پێی دەگوتن:

- پشیلە حەیوانی ڕاوین، لە تاژی گورجترن، ڕاوەستن، سەد دانە ڕادەگرم، فێری ڕاویان دەکەم، ئەوسا بزانن چ ڕاوێک دەکەن، ئەو باڵندانەی دەیگرن، دەیانفرۆشم، بەشی ئێوەشی لێدەدەم گەوجینە!

کوکوشکین، کاتی خۆی سووکە سیواتێک فێر بووبوو، بەڵام بیری چووبووەوە، نەشی دەویست بچێتەوە سەری وبیری خۆی بخاتەوە. خۆڕسک کەسێکی زەین ڕوون وبەئاوەز بوو، لەپێش هەموو ئەوانی دیکەوە لەمانای قسەکانی خوخول دەگەیی. وەکو منداڵێک دەرمانێکی تاڵی بدرێتی، نێو چاوانی تێکدەنا ودەیگوت:

- ئاوها، کەواتە ئیڤان کروزنی (ئیڤانی سامناک، یەکێک بوو لە پاشاکانی ڕووس) سەبارەت بە جەماوەری ڕەش و ڕووتی خەڵک، خراپ نەبووە.

کوکوشکین وئیزەت وپانکوف، شەوان دەهاتن بۆلای مە وهەندێجار تا نیوەشەو دەمانەوە، گوێیان لە قسەکانی خوخول دەگرت، کە دەربارەی دروستبوونی جیهان، ژیان لە وڵاتانی بیانی و شۆڕش وراپەڕینی گەلان دەیکردن. پانکوف ئاشق ودڵبەندی شۆڕشی فەرەنسا بوو و، لە ستایشی ئەو شۆڕشەدا دەیگوت:- ئەو شۆڕشە وەرچەرخانی ڕاستەقینە بوو لە ژیاندا.

پانکوف، بەرلە دووساڵ، داوای لە باوکی کردبوو، کە بەشە ماڵ ومولْکی خۆی بداتێ. باوکی جووتیارێکی دەوڵەمەندی ئەستۆ ئەستووری چاوزەقی، ترسناک بوو. ئیدی پانکوف، خۆیبوونی خۆی وەرگرت، بە خۆشەویستی کیژێکی سێوی خواست کە خوشکەزای ئیزەت بوو. لەگەڵ ژنەکەیا خراپ بوو، ڕێگەی نەدەدا هات وچۆی هیچ شوێنێک بکات، بەڵام جلکی شاری لەبەر دەکرد. باوکی پانکوف، لەبەر سەرکێشی وسەرپێچی لە ئەمر و ڕای ئەو، نەحلەت وحاشای لێکردبوو، بۆیە هەرجارێ بەبەر خانووە تازەکەی پانکوفی کوڕیا تێدەپەڕی، بە ڕق وکینەوە تا دەمی دەیگرت تفێکی لێدەکرد. پانکوف، خانووەکەی خۆی بەکرێ دابوو بە روماس و وێڕای نارەزایی خەڵکی گوندەکە، دووکانێکی لە تەنیشتیەوە کردبووەوە. دەوڵەمەندانی گوند لەبەر ئەوە گلەیی وگازنیان لێدەکرد، نەیان دەحوباند، ئەو گوێی نەدەدانێ، گاڵتەی بەخۆیان وقسەکانیان دەهات. لە گوند و ژیانی گوند بێزار بووبوو، زووزوو دەیگوت:

- ئەگەر سنعەتێکم زانیبا، بارم دەکرد ودەچوومە شار.

کابرایەکی بە داروبار، شیکپۆش، پاک وخاوێن، بەویقار وسەنگین، خۆشەویست وبەپارێزو لەخەڵکی بەگومان بوو. جارێک لە روماسی پرسی:- تۆ ئەم کارە بۆ دەکەی؟ بۆ قازانج یان بۆ هەوەس؟ بۆ ئەقڵ یان بۆ دڵ؟

- بەڕای تۆ بۆ کامیانە؟

- من نایزانم، تۆ خۆت بیڵێ.

- بە ئەقڵی تۆ کامیان باشترە؟

- من نایزانم. خۆت کامیانت پێ باشترە؟

خوخول، پیاوێکی سەرسەخت بوو. ڕژد بوو لەسەر هەڵوێستی خۆی، کارێکی وایکرد، یارۆی جووتیار بێتە قسە وبڵێت:

- هەڵبەتە قازانج وئەقڵەکە باشترە. ئەقڵ شتێکی پراگماتیکیە، هەرگیز لە قازانج خوازی بەدەر نییە، مرۆڤ کە بەگوێی ئەقڵی کرد هەرگیز زەرەر ناکات، لەهەر شوێنێ قازانج و بەرژەوەندی هاتە ئاراوە، جدییەت لەدایک دەبێت، بەڵام دڵ، ئامۆژگار ورێنوێنێکی باش نییە، جێگەی متمانە نییە، من ئەگەر بەگوێی دڵم بکردایە تووشی هەزار و یەک بەڵا دەبووم! ئاگرم لە ماڵەکەی یارۆی قەشە بەردەدا، بێگومان بۆیە ئەو کارەم دەکرد، تا فێری بکەم، خۆی لە کارێک هەڵنەقورتێنێت کەکاری ئەو نییە!

کابرای قەشە، پیرەمێرێکی دڵڕەشی گێرەشێوێن بوو، دەم وچاوی لە دەم وچاوی جرجە کوێرە دەچوو. پانکوف بۆیە ڕقی لێبوو، چونکە سەبەبکاری، ناخۆشی نێوان ئەم وباوکی بوو.

پانکوف، لە سەرەتاوە نەک هەر بە گومانەوە، بەڵکو بە دژمنایەتیەوە تەمەشای دەکردم. وەکو ئەوەی ئاغا و کوێخای من بێ، هاواری بەسەرما دەکرد. بەڵام دوای ماوەیەکی کەم ئەم ڕەفتارەی بەرانبەر بەمن گۆڕا. هەرچەندە هەستم دەکرد، جۆرە گومان و نەباوەڕییەکی سەبارەت بەمن لە دڵی خۆیدا حەشار داوە. هەڵبەتە دەبێ ئەوەش بڵێم کە منیش زۆر حەزم لە چارەی ئەو نەدەکرد و هەمان ڕەفتارم لەگەڵیا دەکرد.

تاکو ئێستاش ئەو ژوورە چکۆلە وخاوێنەم لەبیرە کە شەوان تیایدا کۆ دەبووینەوە. ژوورەکە چکۆلە بوو، دیوارەکانی تەختەپۆش و پەنجەرەکانی توند داخرابوون، لە سووچێکی ژوورەکەدا، چرایەک لەسەر مێزێک دەگرا، پیاوێکی تەوێڵ زەقی، قژکورتی ڕدێن درێژ، لە پشت مێزەکەوەو لەبەر چراکە دادەنیشت ودەیگوت:

- مەبەست و ئامانجی ژیان ئەوەیە کە مرۆڤ بەرەبەرە لە قۆناغی حەیوانی دوور ودوورتر بکەوێتەوە..

سێ جووتیارەکە بە وردی گوێیان بۆ ڕادەدێرا، چاویان ساف و گەش، زیرەکی لە ڕوخساریاندا پرشنگی دەدا. ئیزەت هەمیشە بەبێدەنگی دادەنیشت، لە تۆوایە گوێ بۆ دەنگێکی دووری دوور ڕادەگرێت کە تەنیا خۆی گوێی لێبوو. کوکوشکین توێتکەی نەدەگرت، هەر جم وجوڵی بوو، وەکو ئەوەبوو پێشکە پێوەی بدات. بەڵام پانکوف کە سمێڵە کورت وزەردەکەی با دەدا، بەکاوەخۆ دەیگوت: - کەوایە، جیاوازی چینایەتی، بۆ خەڵکی زەرووورەتە.

ئەوەی لە پانکوفدا بەدڵم بوو، ئەوە بوو هەرگیز لە کوکوشکین کەلەبەر دەستی ئەودا کاری دەکرد، تووڕە نەدەبوو و نەی دەچەوساندەوە، بەڵکو بە وردی وبە ڕێزەوە گوێی بۆ خەیاڵ پڵاوەکانی ئەم شاگردەی خۆی دەگرت.

کە کۆڕمان تەواو دەبوو، من دەچوومەوە بۆ هەورەبانەکەی خۆم، لەبەر پەنجەرە کراوەکەدا دادەنیشتم ولەوێوە دەمڕوانییە گوندە نووستووەکە وکێڵگە ومەزرا دوورە دەستەکان. کە بێدەنگیەکی ڕەها باڵی بەسەردا کێشابوون. ئەستێرە پرشنگدارەکان، تاریکی شەوەکەیان شەق دەکرد، هەرچەندە زۆر لە منەوە دووربوون بەڵام پێدەچوو لە ئەرزەوە نزیک بن، ئەم دیمەنە کڕوکپە دڵی دەگوشیم، خەیاڵ هەڵیدەگرتم، دەیخستمە سەر باڵی خۆی ودەیبردم، بۆ دووری دووری دەبردم، بە خەیاڵ هەزاران گوندم بەسەر ڕووی زەوییەوە دەبینی کە وەکو گوندەکەی مە، بە دنیادا بڵاو بووبوونەوەو لەباوەشی ئارامی و بێدەنگیدا خەوتبوون.

بۆشایی وتاریکییەکی سەیر لە هەمێزی گرتبووم، هەستم دەکرد هەزاران زەرووی نادیار، دەمیان ژەندووەتە دڵ و دەروونم و هێدی هێدی خوێنم دەمژن. هەستم دەکرد، خەو وردە وردە لە پەل وپۆم دەنیشێت، خاو دەبمەوە، تەمەڵی دامدەگرێت، نیگەرانیەکی گونگ وئاڵۆز هێرش بۆ دڵم دێنێت. هەستم دەکرد کەمن زۆر بچووکم، بچووکی بچووکم، لەم سەر زەوییەدا ناکەمە هیچ..

هەستم دەکرد ژیانی جووتیاری وگوندیاتی زۆر خەمناک و ناخۆشە، ڕۆژبەڕۆژ ئەمەم زیاتر لەبەرچاو بەرجەستە دەبوو. زۆرجار ناوبەناو دەمبیست، یان لە کتێباندا دەمخوێندەوە کە ژیانی گوند، لەهی شار سادەتر و خۆشتر و ساغڵەمترە. بەڵام زۆرجار دەمبینی جووتیاران زۆر ماندوو، لە هەوڵ وکۆششی لە پەتسا و بێپسانەوەدان و ئیسراحەتیان نییە، زۆریان بە هۆی کار وڕەنجی دژوارەوە نەخۆش و دەغەزارن، بە

دەگمەن کەسێکم دەبینی، کەمێک بە ڕنگ وڕوو وگەش بێت. هەرچەندە وەستا وکرێکارانی شاریش بەقەد ئەمانە و بگرە زیاتریش کاریان دەکرد وڕەنجیان دەدا، بەڵام لەمان خۆشتر دەژیان. وەکو ئەو جووتیارە نائومێد و ڕەشبینانە، لەژیان وگوزەران، بە گلەیی و گازندە نەبوون. من ژیانی جووتیارانم بەلاوە ئاسان نەبوو. دەبێ هۆش وبیری لای زەوی و زار بێ، دەبێ زیرەکانە ئیدارەی پەیوەندییە جڤاکیەکانی لەگەڵ خەڵکیدا بدات. لە هاماجێکی نامۆ و تاقەتبەردا دەژیان، پیاو هەستدەکات، هەموو گوندی وجووتیارێک کوێرانە دەژین، بەدوو دڵی دەژین، وەکو نابینایان بە لەپە کوتێ ڕێی ژیان دەبڕن. لە شتێکی نادیار دەترسن، لەیەکدی بە گومانن، هەریەکەیان گورگێکی لە ناخی خۆیدا حەشارداوە.

هەرچی سەرم دێنا وسەرم دەبرد، تێنەدەگەیشتم جووتیارەکان بۆچی ئەوەندە ڕقیان لە خوخول و پانکوف وهەموو ئەو هاوڕێیانەی ئێمە دەبووەوە، کە دەیانویست بە حوکمی ئەقڵ مومارەسەی ژیان بکەن. من بە ئاشکرا جیاوازی شارم لە گوند دەبینی. خەڵکی شار عەوداڵی خۆشی و شادی بوون، بەئەقڵیەتێکی کونجکاوانەی بوێرانە ڕووبەڕووی ژیان دەبوونەوە، ئاوات وئامانجی جۆراوجۆریان هەبوو. زۆرجار لەو شەوکۆڕانەدا، دوو کەسی خەڵکی شارم بیر دەکەوتنەوە:ف. کالوگین و، ز. نوبی.

"وەستایانی سەعاتچی، هەموو جۆرە ئامێرێک، ئەوزرای نەشتەرگەری، مەکینەی خەیاتی، هەموو جۆرە ئامێرێکی موزیکی و... هتد چاک دەکەنەوە."

ئەو تابلۆیە، بەسەر دەرگای تەسکی موغازەیەکی بچووکەوە هەڵواسرابوو، کە دوو پەنجەرەی بچووک وتۆزاوی لەم لاو لەولای دەرگاکەوە هەبوون. ف. کالوگین لەبەر یەکێک لەو پەنجەرانە دادەنیشت، کابرایەکی زەلامی، دەم وچاو خڕ بوو، بزە لەلێوی نەدەبڕا، لویەک بەسەر سەرە ساف و زەردەکەیەوە بوو، هەمیشە زەڕەبینێکی بەچاوەوە بوو، ماشەیەکی بچووکی بەدەستەوە بوو، بەدەم چاککردنی سەعاتەکەوە، دەمە خڕەکەی لەژێر سمێڵە سپیەکەیەوە دەبزواندو لەبن لێوانەوە هێدی هێدی دەستری. " ز.نوبی " ش لەبەر پەنجەرەی دووەم دادەنیشت. کابرایەکی ڕەشتاڵەی چکۆلەی لاواز بوو، بە قژە ڕەش و لوولەکەی و بە چەناگە تیژەکەیەوە، بە کەپووە زل و دەندووکە دالاشیەکەی و بە چاوە ڕەشەکانییەوە لە جنۆکە و شەیتان دەچوو. بەردەوام خەریکی کاربوو، جۆرەها ئامێری دەکردەوەو دەبەستایەوە، هەندێجار دەنگی لێهەڵدەبڕی و بەدەمی ئاوازێکی لێدەدا:- ترا، تا، تام، تام، تام!

لە پشتیانەوەو لەسەر ئەرزەکە، جۆرەها کارتۆن و سەندووق بە نارێک وپێکی دانرابوو، جۆرەها ئامێر، پێچکە و، مەکینە و جەڕ ومەکینە وئامێری موزیکی وگۆی زەوی لە ئەرزەکەدا کەوتبوون. سەر ڕەفەکان پڕبوو لە وردەواڵە و ئاسان، جۆرەها سەعات بە دیوارەکەوە هەڵوسرابوون، کە باندۆڵەکانیان لە جۆلانەی بەردەوامدا بوون. من ئامادەبووم بە درێژایی ڕۆژ لەبەر دووکانەکەیاندا بوەستم سەیری دەست و چۆنیەتی کاری وان بکەم. بەڵام بالابەرزەکەم بەر ڕوناکیەکەی لێدەگرتن و ئەوانیش تووڕە دەبوون، دەستیان لێ هەڵدەتەکاندم کە لاکەوم وبەری ڕوناکیەکەیان لێ بەربدەم. بەوجۆرە دەریان دەکردم. منیش لێیان دوور دەکەوتمەوەو بە ئیرەییەوە ولە دڵی خۆدا دەمگوت: "چەند خۆشە، پیاو ئیشێک هەڵبژێرێت کە لەزەتی لێ ببینێت! کە بیزانێت وسەری لێدەربکات! "

من زۆر ڕێزی ئەم سەعاتچیانەم دەگرت، باوەڕم وابوو نهێنی هەموو جۆرە مەکینە وئامێرێک دەزانن ودەتوانن هەموو مەکینە وئامێرێکی سەرزەوی چاک بکەنەوە، ئەوانە بەشەرن!

حەزم لە ژیانی گوند نەبوو. مرۆڤ لە جووتیاران تێناگات. ژنانیش ئەوا هەر مەپرسە، بەردەوام داد وبێدادیان بوو لە دەست نەخۆشی، جارێ لەدەست دڵیەشە، جارێ لەدەست سینگ و هەناسەگیران، گاڤێ لە دەست زگیەشە، پێچ بە سکا هاتن، جا ئەم گلەیی و گازنانە زیاتر لە ڕۆژانی یەک شەممە وجەژناندا، کاتێ دەچوونە سەر کەناراوەکانی ڤولگا یان لەسەر سەکۆکانی بەرماڵی خۆدا دادەنیشتن، گەرم دەبوون. جووتیار زوو هەڵدەچن، لەسەر هیچ ترین شت، جوێن بە یەکدی دەدەن. جارێک لە سەر شکاندنی گۆزەیەک کە بەتازەیی بایی دوازە کوبیکان بوو، سێ ماڵبات لێیان بوو بەشەڕ و بە تێلا بەربوونە یەکدی، لەو شەڕەدا قۆڵی پیرەژنێک شکا و سەری گەنجێک شکا. هەفتە نە بوو شەڕێکی واهی نەقەومێت.

گەنجان، زۆر بێ شەرمانە ڕەفتاریان لەگەڵ کچاندا دەکرد، سوعبەتی بێتامیان دەگەڵدا دەکردن، پێیان ڕادەبواردن. بۆ نموونە لە دەشت ودەر وکێڵگەکاندا، ڕێیان بە کچان دەگرت، ، مەکسیەکانیان هەڵدەدایەوە، دەیان خستە سەر سەریان و بە پەتێک لەشێوەی گوڵدا لەسەر سەریان دەیانبەست، بەم کارەیان دەگوت " بەگوڵکردنی کچان ". ئیدی کچەکە کەلە ناو قەدیەوە تا خوارەوەی بە ڕووتی دەکەوتە دەر، دەکەوتە هاوار وجنێودان، بەڵام پێدەچوو، لە دڵی خۆدا ئەم گەمەیەیان پێناخۆش نەبێت.

چونکە زۆر بە خاوی گرێی ماکسیەکانیان دەکردەوەو لەوە دەچوو بە ئانقەست خاوەخاو بکەن. یان لە کڵێسادا، لەکاتی نوێژی ئێوارانددا، کوڕان نوقورچیان لە سمت وکەفەڵی کچان دەگرت، پێدەچوو هەر بەو نیاز ومەبەستە هاتوچۆی کڵێسا بکەن. ئیدی ڕۆژانی یەک شەمموان، قەشەکە لەسەر مینبەرەکە دەوەستا و سەرکۆنەی دەکردن و دەیگوت:

- حەیوانینە، هیچ جێیەکتان بۆ ئەم بێناموسیەتان نەدۆزییەوە ئێرە نەبێت؟

روماس دەیگوت:

- خەڵکی لە ئۆکرانیادا لە ڕووی ئاینییەوە، لە ڕووی مومارەسەی سرووتە ئاینییەکانەوە باشترن، ڕۆمانسی ترن. بەڵام لێرەدا لەژێر پەردەی باوەڕ بە پەروەردگار و ئاین ودیندا جۆرەها غەریزەی ترس وتەماعکاری دەشاردرێتەوە. لێرەدا خۆشەویستی بەدڵ وڕاستەقینەی خودا، دڵبەندی بەجوانی بوونەوەرانی خودا بە دی ناکرێت، ئەو شتە بۆ خوێی چێشتش لە خەڵکی ئێرەدا نابینرێت، کە ڕەنگە ئەوە شتێکی باش بێت. لەم حاڵەدا دەتوانن بە ئاسانی و زووتر لە کۆت وبەندی دین بخەلەسن وڕزگار ببن، دین خراپترین خورافاتە.

گەنجانی ئێرە زۆر بەخۆ دەنازن، بەڵام ترسنۆکن. سێ جاران بەشەو ڕێگەیان پێگرتم، ویستیان لێم بدەن، بەڵام نەیانتوانی، تەنیا یەک جار دارێکیان بە لاقما کێشا. هەڵبەتە من ئەمەم بۆ روماس نەگێڕایەوە، بەڵام کە بینی دەلەنگم، خۆی هەستی پێکرد وبەشۆخیەوە گوتی:

- ئاقیبەت تۆش خەڵاتی وانت بەرکەوت؟ پێم نەگوتی ئاگات لەخۆ بێت!

هەرچەندە روماس حەزی نەدەکرد شەوان بچمە دەرێ، بەڵام هەندێجار دەچووم بۆ کەناراوەکانی ڤولگا و لەژێر دار بییەکاندا دادەنیشتم و لەمیانی پەردەی سافی تاریکە شەوەکەوە دەمڕوانیە دوور، دەمڕوانیە کەنارە نزمەکەی ئەو بەری ڤولگا وچاوم دەبڕییە سەوزەزار و شیناتی یەکان، ڤولگا، بەکاوەخۆ، بەو پەڕی سام وشکۆوە بە بەردەمما تێدەپەڕی، بەژێر تیشکی نەدیاری خۆرا، کەلە مانگە مردووە بێ گیانەکەدا عەکس دەبووەوەو وەکو ئاوێنەیەکی زێڕنیشان دەدرەوشایەوە، دەڕۆیی. من مانگم خۆشنەدەویست، شتێکی خەمناکم تیا دەبینی، شووم و نەحس دەهاتە بەرچاوم، وەکو چۆن سەگ وەختایەک هەیڤ دەبینێ، پێی دەوەڕێ و دەلورێنێ، منیش بە دیتنی مانگ

هەستم بە خەم  وپەژارەیەکی توند دەکرد، حەزێکی نائومێدانەم لە لا پەیدا دەبوو کە پڕ بەزار بگریم، بنالم، بلورێنم. بەڵام کە زانیم تریفەی ڕوناکی مانگ لە خۆی نییە وهی خۆی نییە، خۆی مردووەو ژیانی لە سەر نییە ولەسەریشی نابێت زۆر خۆشحاڵ بووم. بەرلەوەی بەمە بزانم، وام وێنا دەکرد ئاوەدانە، خەڵکانێکی لەسەر دەژین، هەموو لە مس دروستبوون، جەستەیان سێگۆشەیە، لاقیان زۆر درێژ وبازنەییە، دەنگیان زۆر زل و زیقاوڵە و ناخۆشە، وەکو زەنگی کلێسایە لە ڕۆژانی جەژندا. وامدەزانی هەموو شتێکی سەرمانگ ، ڕووەک و گیانلەبەر و هەموو شتێکی دیکە، هەرهەمووی لە مسە وبەردەوام دەزرینگێتەوە و هەڕەشە لە زەوی دەکەن و نیازیان بەرانبەر بە زەوی خراپ ودژمنانەیە. زۆرم پێخۆشبوو کە زانیم مانگ شتێکی ڤالایە بە ئاسمانەوە. بەڵام سەرباری ئەوەش حەزم دەکرد تەنێکی گەورە بەتووندی خۆی بە مانگدا بکێشێت، بتەقێتەوە و گڕ بگرێت و بە تیشکی خۆی زەوی ڕوناک بکاتەوە.

کە سەیری شەپۆلە ئارامەکانی ڤولگام دەکرد، چۆن تریفەی مانگەکەیان کەلە شوێنێکی دوور و نادیارەوە دەهات، ڕادەماڵی ولە کەناراوە شاخاوی و تاریکەکانی ڤولگادا ئاوا دەبوو و دیار نەدەما، هەستم بە چالاکییەکی زەینی تازە دەکرد، ئینسان لە حاڵەتی وادا بیری وەهای بە مێشکدا دێت، کە بە وشە وپەیڤان نایەتە دەربڕین، بیری جیاواز لە هەموو ئەو بویەرانەی کەلە ژیانی ڕۆژانەدا دێتە ڕێت. ڕەوت وتەڤگەری بەسامی ئاوەکە مەند و بێدەنگ بوو، وات هەستدەکرد، هیچ دەنگێکی لێوە نایەت. کەشتیەکی هەڵمین، بەسەر ڕوبارە تاریک و پانەکە کەوتووە، وەکو پەڕەندەیەکی خەیاڵی، پەڕ وباڵ ئاگرین، ڕوبارەکە دەبڕێ و، خورە خوڕێکی هێدی و هێمن وەکو خشەی پێکدادانی دوو باڵێ قورس، لەدوای خۆی بەجێدێڵێت. لە کەنارەکەی ئەوبەری ڤولگاوە، لەنێو مێرگەکانەوە مەشخەڵێکی بچووک دەبینرێ، کە روناکیە توند وسووورباوەکەی بەسەر ئاوەکەدا پەخش دەبێتەوە. ئەمە چرای دەستی ڕاوچیەکە کە خجڵی ماسی گرتنە، پیاو وا خەیاڵ دەکات کە ئەمە ئەستێرەیەکی سەرگەردانەو لە حەوێقی ئاسمانەوە کەوتووەتە سەرزەوی و، وەکو گوڵێکی ئاگرین بەناو ڕوبارەکەدا دەگەڕێت.

ئەوەی لە کتێباندا دەخوێنرێتەوە، لێرەدا دەبن بە خەیاڵی زۆر سەیر وعەنتیکە، خەیاڵ، جۆرەها دیمەنی جوان، چیدەکات، دیمەنێن هێندە جوان دەچنێ، کە هیچ

جوانیەک هاوتای ناکاتەوە. مرۆڤ وا وێنا دەکات، لەهەوای ئارامی شەوا، بەدوای ڕەوتی ڕوبارەکەدا مەلە دەکات.

ئیزەت، هەموو جارێ لێرەدا دەی دۆزیمەوە، ئیزەت لە شەوا گەورەتر و دڵگیرتر دێتە بەرچاو. دەهات، لە لامەوە دادەنیشت ودەیپرسی:- دیسان هاتوویتە ئێرە؟

ئیزەت لە لامەوە دادەنیشێت، خەیاڵاوی چاو دەبڕێتە ڕوبارەکە، یان دەڕوانێتە ئاسمان، دەست بە ڕدێنە ئاوریشمینە زەرد باوەکەیدا دێنێ. ئەوجا بەدەنگی بەرز گوزارشتی لە ئاوات و ئارەزووەکەی خۆی دەکرد ودەیگوت:

- فێری سیوات وخوێندەواری دەبم، جۆرەها کتێب دەخوێنمەوە، هەنگێ خۆ دەدەمە دەم هەموو ڕوبارەکانەوە، هەموو ڕوبارەکان تەی دەکەم! دەکەومە گەشت وسیاحەت، لە هەموو شتێک تێدەگەم! خەڵکیش فێری سیوات وخوێنەواری دەکەم! بەڵێ برالە، چەند خۆشە پیاو لەگەڵ دۆستی خۆیا دانیشێت وبتوانێ لە دەروونەوە ڕاز ونیازی لەگەڵدابکات، گرێی دڵی خۆی بە ئازادی بۆ بکاتەوە، تەنانەت ژنانیش – هەندێکیان نەک هەموویان – ئەگەر لە کانگای دڵەوە بیاندوێنی تێدەگەن. چەند ڕۆژێ پێش ئێستا لە بەلەمێکا ڕێکەوتی ژنێکم کرد، حەزی دەکرد ئەوە بزانێت کە پاش مردن چیمان بەسەردێت؟ گوتی: " من نەباوەڕم بە دۆزەخ هەیە و نەبە بەهەشت ونە بە ڕۆژی پەسەلان و قیامەت."

دەبینی برادەرگیان، تەنانەت ژنانیش هەندێ شت تێدەگەن و ئەوانیش..

هیچی دیکەی بۆ نەهات، کە قسەکەی تەواو بکات، ئەنجام گوتی: - بەڵێ ئەوانیش، ڕوح لەبەرن..

ئیزەت پیاوی شەو بوو. هەستی ناسک بوو، شاعیرانە لە جوانی شەو دەدوا، بە ڕاوێژێکی نەرم و ناسک، وەکو ڕاوێژی منداڵێکی خەیاڵپەروەر باسی جوانیەکانی شەوی دەکرد. بەبێ هیچ دوو دڵی و ڕاڕاییەک باوەڕی بە خودا هەبوو، وەکو چۆن کڵێسا باوەڕی پێی هەبوو، بەو ئاوایە باوەڕی پێی هەبوو، ئیزەت خودای وەکو پیرەمێرێکی نوورانی، ئەهلی چاکە و بە ئاوەز وخودانی ئەرز و ئاسمان وێنا دەکرد.. پێی وابوو خودا بۆیە ناتوانێ بەسەر شەڕ و خراپەدا سەربکەوێ چونکە: " فریا ناکەوێ.. بەشەر یەجگار زۆر بووە، دەرەقەت نایەت.. بەڵام خەمت نەبێ، ڕۆژێ دێ، فریا دەکەوێ، بەڵێ فریا دەکەوێ، کەسێ نەمرێ ئەمە بەچاوی خۆت دەبینی، بەس سەبرێ بکە،

هەنگێ هەموو شتێک بەچاوی خۆت دەبینی. بەڵام سەبارەت بە مەسیح، ڕەئی وابوو، کە لێی تێناگات! نازانم لە کوێوە هاتووە، هیچ زەروورەتێکی نییە، کە خوا هەیە، ئیدی ئەو بۆ چییە؟ ئیدی ئەم کوڕی خوایە بۆچی لە خوت و خۆڕایی قوتکراوەتەوە؟ خۆ خوا نەمردووە تا کوڕی هەبێ و جێی بگرێتەوە؟

ئیزەت، زۆرجار بەبێدەنگی لەلامەوە دادەنیشت، خەیاڵ دەیبردەوە، دەبیرەوە دەچوو، ناوبەناو ئاهێکی قووڵی هەڵدەکێشا ودەیگوت: - ئیدی، حاڵەکە ئاوهایە..

- چی؟

- هیچ، لەگەڵ خۆدا قسە دەکەم..

دووبارە دەیڕوانیە دوور، دوورێکی بە مژ ودوومان و ئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت:- کە ئەم ژیانە خۆشە!

منیش قسەکەم بۆ دەسەلماند و دەمگوت:- ئەرێ، ژیان خۆشە.

ئاوەکە، لێڵ و تاریک، نەرم وەکو مەخمەڵ، بەتووندی بەبەر دەممانداا دەڕۆیی، ڕێگای کاکێشان، بە قووڵایی ئاسمانەوە هەواری بەسەریا هەڵدابوو. ئەستێرانی درشت، وەکو کڵاوکوڕەی زێڕین، بە ئەسمانی تاریکەوە دەدرەوشانەوە.

دڵ، خۆبەخۆ، دەهاتە جۆش و بە ئاوازەوە نهێنییەکانی ژیانی دەلاواند.

لە دووری دوورەوە، لە سەرووی مێرگوزارەکانەوە، لەنێو هەورە سوورباوەکانەوە هەتاو تیشکەکانیخۆی وەکو کلکی تاووس بە ئاسماندا بڵاودەکاتەوە.

ئیزەت، بزەیەکی شادی دێتێ و لەبن لێوانەوە دەڵێت:

- ئەم هەتاوەش شتێکی سەیرە!.. پەڕجووە پەڕجوو!

دارسێوەکان شکۆفەیان کردووە، گوند لەژێر هەوری ئاڵدا ڕاکشاوە، بۆنێکی تاڵ، هەر چوارنکالی گوندی پڕکردووە، بۆنی قەتران وزبڵدانەکانی داپۆشیوە. سەدان درەخت گوڵ وشکۆفەی سووریان پۆشیوەو لە گوندەوە تا دەر ودەشتان ڕیزیان بەستووە. کەلە شەوانی هەیڤە شەودا، شنەیەکی نەرم هەڵیدەکرد، گوڵ و شکۆفەی درەختەکان دەکەوتنە نەرمە سەما و دەنگی نەرم و ناسکی لێک خشانی گەڵاو شکۆفەکان، بە ئاستەم ختووکەی گوێیان دەدا، پێک وشەپۆلێن زەلام و شینباوی ڕوبارەکە کەلەبەر

تریفەی هەیڤە شەوەکەدا، وەکو زێڕ دەدرەوشانەوە، وادەهاتە بەرچاو کە هاتووە بەسەر گوندەکەدا بدات. بولبولان، پەیتا پەیتا، لە پەستا و بێپسانەوە، بێ ماندوو بوون، خەریکی نەغمەخوانی بوون. بە ڕۆژیش ڕیشۆڵە دەیانکرد بە زیقەزیق وشەڕە دەنووکێ ئەوسەری دیار نەبێت، کلاوکوڕەین نادیار بە ئاوازی خۆش و بەردەوام دنیایان پڕدەکرد.

ئێوارانی یەک شەمموان کوڕان و کچان، بە دەم پیاسە وهاتوچۆوە بە نێو شەقامەکان دەکەوتن، دەمیان وەکو دەنووکی پەڕندان دەکردەوە و گۆرانیان دەگوت، بزەی شادی دەکەوتە سەر لێویان. ئیزەتیش بزەی دەهاتێ. تەواو لاواز بووبوو، چاوەکانی بە قوڵا چووبوون ولێڵ وتاریک دیاربوون. ڕوخساری جدی تر بووبوو، لە جاران پتر لە سەر وسیمای قەشە و ڕوحانیان دەچوو. بەڕۆژەوە دەخەوت و دەوروبەری ئێواران، خەیاڵ و خەواڵو، لە شەقامەکاندا بەدیار دەکەوت.

کوکوشکین، بە سوعبەتەوە گاڵتەی پێدەکرد. ئیزەت، بەلا لێویێکەوە وەڵامی دەدایەوە:- دەمت تێکنە، تێدەگەی؟ ئەدی پیاو چیبکات؟

ئەوسا بە خۆشی و شادییەوە دەیگوت:

- ئاخ! ئەم ژیانە چەند شیرینە.. کە بیری لێدەکەیتەوە، پڕە لە بیرەوەری شیرین وجوان! خەڵکی زۆر قسەی خۆش دەکەن، هەندێ لەو قسە و خەڵکانە تا مردن لە بیر ناچنەوە، خۆ ئەگەر دوای مردن زندووش ببیتەوە، پێش هەموو شتێک ئەو خەڵکانەت بیر دەکەونەوە.

خوخول، بەدەم نەرمە پێکەنینێکی دۆستانەوە گوتی:

- ئاگات لەخۆ بێ! مێردەکانیان، خۆیان بۆ ناویتەوە، ئەگەر بکەویتە کەمینیانەوە، پێستت دەگروون!

ئیزەت قسەکەی بۆ دەسەلماند ودەیگوت: - وایە، نەهەقیانیش نییە، ئەوەم لەگەڵدا بکەن.

زۆربەی شەوان، دەنگ و ئاوازی بەرز وخۆشی میگوون، تێکەڵ بە دەنگی بولبولان، لە هەموو شوێنێکەوە، لە باخەکان و دەشت و کەنارێن ڕوبارەکەوە، بەرز دەبووەوە، بە

دەنگە زوڵاڵ و ڕوح ئەنگیز وحیرەتزایەکەی خۆی گوێدێرانی مەست دەکرد، هەر لەبەر ئەم دەنگ و ئاوازەش بوو کە جووتیارەکان چاوپۆشیان لە گوناح و خەتایەکانی دەکرد.

ئێوارانی شەمموان، هەندێک لە جووتیارەکان لەبەر دووکانەکەی مەدا خڕ دەبوونەوە، بەرەبەرە ژمارەیان زۆر دەبوو، هەندێکیان بە بەردەوامی دەهاتن، لەوانە: سوسلوفی پیرەمێرد، بارینوف، کروتوفی ئاسنگەرو میگوون. ئەمانە دادەنیشتن و بۆخۆ گوت وبێژیان دەکرد و لەهەموو ئاشێکیان دەکرد. هەندێکیان دەڕۆیشتن وهەندێکی دی دەهاتنە جێیان. ئیدی ئەم کۆڕ ومەجلیسە تا نیوەشەو بەردەوام دەبوو.

زۆرجار مەست وسەرخۆشەکانیش دەهاتن، ئیدی دەیانکرد بە شەڕ وفەرتەنە، بەتایبەتی کوستین، جار نەبوو نەیکات بە هەرا و فەرتەنە. ئەم پیاوە کۆنە سەرباز بوو، چاوێکی کوێرو دوو قامکی دەستی چەپی قرتابوون. ئیدی بەدەم مەستیەوە، لە دووکانەکە نزیک دەبووەوە، وەکو کەڵەبابی جەنگی خۆی گڤ دەکردەوە، قۆڵەکانی هەڵدەکرد، کۆڵەمستی دەگوشین، بە دەنگە نووساو و قرخنەکەی هاواری دەکرد ودەیگوت:

- خوخول، هەی ئۆکرانی بەدمەزەب! هەی ناڕەسەنی، تورک دینی، بەد ڕەچەڵەک، بۆچی هاتوچۆی کلێسا ناکەیت؟ هەی بیدعەتچی! ئاشوبگەر! پێمانناڵێی تۆ چ پیاوێکی؟!

ئیدی خەڵکەکەش، بۆ ئەوەی تووڕەی بکەن، گاڵتەیان پێدەکرد ودەیانگوت:- میشکا، تۆ بۆچی گوللەت بە پەنجەکانتەوە نا؟ لە تورکەکان تۆقی بوویت؟

ئەویش، بەغار دوای ئەو کەسانە دەکەوت کە ئەو قسانەیان پێدەگوت. چنگ لەسەرشان ڕاوی دەنان و دەیویست بەرۆکیان بگرێت.

جووتیارەکانیش دەیانگرت، مەشکەژەنێیەکی باشیان پێدەکرد، لە هەڵدێرەکەوە خلیان دەکردەوە، ئەویش پڕ بەزار هاوارێکی ترسناکی دەکرد و دەیگوت:- ئەی هاوار، ئەی داد وبێداد، پۆلیس فریام کەون کوشتیانم.

ئەوسا، سەراپا تۆز وخۆڵاوی لە دۆڵەکەوە سەردەکەوتەوە و دەهات بۆلای خوخول و داوای پارەی یەک پێک ڤودگای لێدەکرد.

- ئاخر بۆ من پارەی ڤودگات بدەمێ؟

- چونکە، سەرگەرمتان دەکەم، بۆ خۆشی خۆتان پێم ڕادەبوێرن!

ئەوسا هەموو جووتیارەکان، لەقاقای پێکەنینێکی دۆستانەیان دەدا.

***

بەیانییەکی ڕۆژێکی یەک شەممە، ئافرەتە ئاشپەزەکە، دار وئێزنگی لە کوورەکە نابوو وئاگری دابوو و،خۆی بە کارێک هاتبووە دەرەوە، منیش لە دووکانەکەدا سەرقاڵی ئیش وکار بووم. دەنگ وگرمەی تەقینەوەیەکی ترسناک وگەورە لە مووبەقەکەوە بەرزبووەوە، ماڵەکە لەرییەوە، شووشە شیرینیەکانی سەر ڕەفەکانی ناو دووکانەکە هەموو کەوتنەخوارەوە وشکان. بەهەشتاو چووم بۆ ژووری نیشتمان، دووکەڵێکی ڕەش لە دەرگای مووبەقەکەوە دەهاتەدەرێ، شتێک لەو دیو دووکەڵەکەوە، هەر فشەفشی بوو. خوخول توووند شانی گرتم:- بوەستە..

ئافرەتە ئاشپەزەکە، لە دالانەکەدا دەینالاند، هاواریان لێکرد: - چیتە، گەمژە!

روماس، خۆی بەناو جەرگەی دووکەڵەکەدا کرد، شتێک لەناو مووبەقەکەدا جوولا. جنێوێکی مزری دا، ئەوجا هاواریکرد: - ئەم گریانە ببڕەوە، بەسە، کوا ئاو بێنە.

چەند قەلاشکەرییەک، لە ئەرزەکەدا کەوتبوون وبەدەم سووتانەوە دووکەڵیان دەکرد. چەند خشتێک لەو ناوە بلاو بووبوونەوە، دەرکی کوورەکە کرابووەوە، ناوەکەی بۆش وبەتاڵ، دەتگوت گسک دراوە. بە ناو دووکەڵەکە کەوتم، سەتڵێ ئاوم دۆزییەوە، کردم بەسەر ئاگرە پەراگەندەکەی ناو مووبەقەکەدا، ئەوسا قەلاشکەری وئێزنگە نیوە سووت وسەرە بزووتەکانم کۆکردنەوەو دووبارە لە کوورەکەم نانەوە.

خوخول گوتی:- هێواش، ئاگادار بە!

ئەوجا دەستی ئافرەتە ئاشپەزەکەی گرت، لەو فەرتەنەیەی دەرباز کرد و بۆ حەوشەی نارد. بەمنی گوت:

- ماکسیمیچ، هەڕە دووکانەکە داخە! وریابە، لەوەیە لەشوێنێکی دیکەوە گڕبگرێ وهەمدیس بتەقێتەوە..

ئەوجا بە چیچکانەوە لەبەردەم کوورەکەدا دانیشت، ڕوانیە ئەو قەلاشکەرییە لوولەییانەی لەسەر ئەرزەکە کەوتبوون، ئەوجا تەمەشای ناو کوورەکەی کرد، دەستی

بە دەرهێنانەوەی ئەو ئێزنگانە کرد کە من لە کوورەکەم نابوونەوە. لێم پرسی: - چ دەکەیت؟

- فەرموو.. تەمەشای ئەمە بکە!

ئەو لوولە دارێکی نیشاندام کە زۆر سەیر سووتابوو، پێدەچوو ناوەکەی بە درێل هەڵکۆڵرابێت، لە دووکەڵ و تەنیدا تەواو ڕەش بووبۆوە.

ڕوماس گوتی:- ئەم شەیتانانە، ناوەکەیان بە باروت ئاخنیوە، ئەمانە هێندە کەرن، وا وێنا دەکەن کیلۆیەک باروت دنیا کاول دەکات.

قەڵاشکەرییەکەی نایە لاوە، دەستەکانی خۆی شتن وگوتی:

- باش بوو ئەکسینیا، چووبووە دەرێ، دەنا جێیەکی بریندار دەبوو..

ئەنجام دووکەڵەکە ڕەوییەوە. سەیرم کرد قاپ وقاچاغەکانی سەر ڕەفەکانی مووبەقەکە هەمووی شکاوە، شووشەی پەنجەرەکان شکاون، خشتی زارکی کوورەکە، هەڵکەندراون ولەو گۆڕە کەوتوون.

هێمنی و خوێنساردییەکەی ئەو دەمەی خوخولم بەدڵ نەبوو.. بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد، وەک ئەوەی ئەم نێرەنگە گەوجانەیە هیچ کارێکی تێنەکردبێت. منداڵان بە کۆڵان و کوچەکاندا دەهاتن و دەچوون، هاواریان دەکرد:- ماڵی خوخول ئاگری تێبەربووە، ئاگر ئاگر، دەسووتێین!

ژنێک هاواریکرد. ئافرەتە ئاشپەزەکە، لەناکاوا لە ژووری نیشتمانەوە هاواریکرد:

- میخائیل ئانتونیچ فریابکەوە، دەیانەوێ بە تۆبزی دەرگای دووکانەکە بشکێنن!

ڕوماس، لەکاتێکا خەریک بوو ڕدێنە تەڕەکەی بەدەستەسڕەکەی دەسڕی گوتی:- وس! بێدەنگ!

چەند ڕوخسارێکی تووڕە وتووکن، لە پەنجەرە شکاوەکانی ژووری نیشتمانەوە، سەریان هێنایە ژوورەوە، چاویان لە دووکەڵا دیارنەبوو، یەکێکیان بە تووڕەیی هاواری دەکرد:

- پێویستە لە گوند وەدەریان بنەین، ڕۆژ نییە لە ماڵی ئەواندا بویەرێکی تازە نەقەومێ. ئاخر ئەمە کەی وا دەبێت، ئەمە کەی حاڵە بەدەست ئەمانەوە؟!

پیاوێکی وردیلەی سەر سوور هات، دەیویست بە پەنجەرەکەدا هەڵزنێ، بەدەم خاچ کێشانەوە ، هەندی وێردی نامەفهوومی دەخوێند، دەیویست لە پەنجەرەکەوە بێتە ژوورەوە، تەورێک بەدەستی ڕاستیەوە بوو و بەدەستی چەپیشی چوارچێوەی پەنجەرەکەی گرتبوو و هەوڵی دەدا سەربکەوێ، بەڵام هەرچیەکی کرد وکۆشا نەیتوانی سەربکەوێ.

روماس، سەرەبزووتێکی بەدەستەوە بوو، لێی پرسی: - چیت دەوێ؟

- بابۆ دەمەوێ بێم ئاگرەکە وەکوژێنم..

- تەواو ئاگر نییە، هیچ کوێ ناسووتێت..

یارۆی جووتیار، لە ترسا هەڵات وڕۆیی. ئەوسا روماس بەسەرە بزوتەکەوە، چووە بەر دووکانەکە وسەرە بزوتەکەی نیشانی حەشامەتەکە دا وگوتی:- یەکێک لە ئێوە، ئەم قەڵاشکەرییەی بە barووت ئاخنیوەو بەدزییەوە خستوویەتیە ناو قەڵاشکەری وئێزنگەکانی ئێمەوە، بەڵام چونکە barووتەکەی کەم بووە، هیچ زیانیکی پێنەگەیاندووین..

من لە پشت خوخولەوە ڕاوەستابووم ودەمڕوانیە ئاپۆڕای جووتیارەکان، گوێم لێبوو یارۆی تەور بەدەست، بە خەڵکەکەی دەگوت:

- تەمەشاکەن، بزانن چۆن ئەو سەرە بزووتەم لێ ڕادەوەشێنێت..

کوستینی کۆنە سەرباز، دیاربوو مەست بوو هاواریدەکرد:

- دەری بکەن، ئەم خوانەناسە دەربکەن! بیدەنە دادگا!

زۆربەی خەڵکەکە بەبێدنگی وەستابوون، دەیانڕوانیە روماس وبەگومان و دڕدۆنگیەوە، گوێیان لە قسەکانی دەگرت. روماس گوتی:

- ڕوخاندن و تەقاندنەوەی خانوویەک، barووتێکی زۆری پێویستە، بەلای کەمەوە شازدە کیلۆی دەوێت! دەی باشە بڵاوەی لێبکەن و بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان..

یەکێک لەناو حەشیمەتەکەوە گوتی:- دەی باشە کوێخا لەکوێیە؟

- دەبێ کوێخا و پۆلیس ئاگادار بکرێنەوە!

خەڵکەکە هێدی هێدی، بە نەبەدڵی و بێزارییەوە بڵاوەیان لێکرد. پێدەچوو، ناڕازی بن وحاڵەکەیان بەدڵ نەبێت.

ئێمە چووینە ژوورەوە، لە دەوری خوانەکە دانیشتین، ئەکسینیا چای بۆ تێکردین، هەرگیز بەم ئارامی ومیهرەبانیەوە نەمبینی بوو، بە دڵسۆزییەوە ڕوانیە روماس وگوتی:- تۆ شکاتیان لێناکەیت، بۆیە ئەوانیش، بەوجۆرە شوولیان لێهەڵکێشاوە.

من لێم پرسی:- باشە بەم ڕەفتارانە قەڵس نابیت، تووڕەت ناکەن؟

- ئەوەندەم کات نییە، بەهەر ڕەفتارێکی توڕەهات قەڵس یان تووڕە ببم. خۆ ئەگەر پیاو بەهەر کارێکی گەوجانە تووڕە ببێت، نایپەرژێتە سەر کارەکانی دی.

لەدڵی خۆدا گوتم: " خۆزیا هەموو کەسێک بەو ئارامیە کارەکانی خۆی دەکرد! "

ماوەیەک بوو بەتەمای سەفەری قازان بوو، خۆی بۆ ئەو سەفەرە ئامادە دەکرد، لێی پرسیم کە حەزم لە چ کتێبێکە تا بۆم بێنێت؟

هەندێجار وام وێنا دەکرد، کەلەجیاتی دڵ، ئامێرێک لە سینگی ئەم پیاوەدا هەیە، ئامێرێکی وەکو مەکینەی سەعات، ئەم ئامێرە بۆ هەموو تەمەنی روماس کۆک وقورمیش کراوەو تا روحی لە بەدەنا بێ هەر ئیش دەکات. من خوخولم خۆشدەویست، زۆر ڕێزم دەگرت. خۆزیام دەخواست ڕۆژێک لەمن یان لەکەسێکی دی تووره ببێت، هاواربکات، پێ بە عاردیدا بدات، بەڵام نەیدەتوانی یان نەیدەویست تووڕە ببێت، کە بە قسەیەکی ناشیرین وگەوجانە، پەستیان دەکرد، بە تەوسەوە، چاوە کەوەییەکانی بچووک دەکردنەوەو بە یەک دوو ڕستەی کورت وسادە وسارد وڕەق، وەڵامی دەدایەوە.

جارێک، لەو پێودانگەوە، ڕووی کردە سوسلوفی پیرەمێرد وپرسی:

- باشە تۆ بۆ درۆ دەکەی؟ ئەم دوو ڕووییەت لەپای چییە؟ خۆ بە ناخێرت سەرت سپییە! ئاخر بۆچی؟

سوسلوف، سەری لەبەرخۆی نا، دەم وچاوی سوور بووەوە، هەنیەی زەرد هەڵگەڕا، تەنانەت وات دەهاتە بەرچاو کە ڕدێنە سپیەکەشی خەریکە لەبن وبێخەوە سوور هەڵدەگەڕێت. خوخول لەسەری ڕۆیی گوتی:- ئەوە دادت نادات، نەک هیچ سوودێکت پێناگەیەنێت، بەڵکو لەلای خەڵکیش سووک دەبێت.

سوسلوف، سەری لەبەر خۆ نا وگوتی:- ڕاست دەکەیت! هیچ سوودێکی نییە.

ئەوجا ڕوویکردە ئیزەت وگوتی:

- بەڕاستی ڕاست دەکات! خۆزگە ئەم جۆرە خەڵکانەیان بە فەرمانبەر دادەمەزراند!

... روماس، بە کورتی وبە ڕوونی تێی گەیاندم لە غیابی ئەودا، چبکەم و چۆن ڕەفتاربکەم. هەستم دەکرد، وەکو چۆن بە ئاسانی نێشی مێشێک فەرامۆش دەکرێ، ئەویش بەو ئاوایە مەسەلەی تەقاندنەوەی باروتەکەی، کە بۆ ترساندنی ئەو ئەنجامیان دابوو، لە بیرکردووە.

پانکوف، هات. تەمەشای کوورەکەی کرد، ئەوجا برۆکانی وێک هێنانەوەو پرسی:- باشە نەترسان؟

- لەچی؟

- لە شەڕ و پێکادان!

- دانیشە، چایەکمان لەگەڵدا بخۆوە.

- ژنەکەم چاوەڕوانم دەکات.

- لەکوێ بوویت؟

- لەگەڵ ئیزەت دا چووبووینە ڕاوەماسی.

چوو بۆ ناو مووبەقەکە، وەکو یەکێک خۆی بدوێنێ، لەبەر خۆیەوە دووبارەی کردەوە:- شەڕ و پێکادان!

پانکوف، هەرچەند دەگەڵ خوخول دا باخفایە، لە کورتی دەیبڕییەوە، پیاو وای هەستدەکرد، کە ئەم جووتە لەمێژ بێ، هەموو شتە گرینگ وئاڵۆزەکانیان بۆ یەکدی باس کردبێت. زۆرچاک لەبیرمە ڕۆژێک کە روماس باسی سەردەمی سەڵتەنەتی ئیڤان کروزنی (ئیڤانی ترسناک) بۆ دەکردین، ئیزەت هەڵیدایە وگوتی:- تزارێکی تووڕە و تڕۆ بوو. ترسناک بوو. کوکوشکین، گوتی:- جەلاد بووە!

بەڵام پانکوف، لێبڕاوانە گوتی:

- پیاوێکی بە ئاوەزیش نەبوو، گەورە دەرەبەگ و میرانی دەکوشت و خوردە دەرەبەگی لەجیاتی ئەوان قوت دەکردەوە، بێگانانی بۆناو وڵات هێنا – ئاخر ئەمە نیشانەی ئاقڵی نییە. دەرەبەگی بچووک لە دەرەبەگی گەورە خراپ ترە. ڕاستە مێش گورگ نییە، ناتوانی بە تفەنگ بیکوژیت، بەڵام لە گورگ زیاتر وەڕەزوبێزارت دەکات.

کوکوشکین، بەخۆ وسەتڵێک قوڕەوە هات، خشتەکانی لە زارکی کوورەکە دانایەوەو کەفماڵی کردن وگوتی:

- بزانە ئەم شەیتانانە چییان بە خەیاڵدا هاتووە! ئەمانە مێشیان پێ لەخۆ دەرناکرێ، ناتوانن ئەسپێی لەشی خۆیان بکوژن، بەڵام کە مەسەلە بێتە سەر کوشتنی مرۆڤ، کۆ لە هیچ ناکەنەوە! ئانتونوفیچ تۆش کەلوپەل و کاڵای زۆر لەگەڵ خۆتا مەیەنە، هەقە زووزوو بڕۆی بۆشار وکاڵای کەم لەگەڵ خۆتا بێنی، چونکە هیچ دوورنییە لەناکاوا ئاگر لە موغازەکەت بەربدەن. تۆ تا خەریکی ئەو بابەتە بیت، دەبێ پێشبینی هەموو جۆرە کێشە و ئاریشە و سەریەشەیەک بکەیت!

ئەو بابەتەی کە کوکوشکین مەبەستی بوو، بریتی بوو لەو کۆمەڵە هەرەوەرزییەی کە خوخول بە کۆمەکی پانکوف و سوسلوف و دوو سێ جووتیاری دیکەی ئاقڵ، خەریک بوو بۆ بێستاندارەکانی دروست دەکرد و لە تەواوبووندا بوو، ئەمە بە دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان قووت نەدەچوو. بەڵام زۆربەی وەرزێرەکان، بەتایبەتی لەم دواییانەدا ئالیگری روماسیان دەکرد. مشتەریانی دووکانەکەی ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەبوون، تەنانەت خەڵکانی بێکارەی وەکو بارینوف ومیگوونیش بەگوێرەی توانای خۆیان یارمەتی خوخولیان دەدا.

من میگوونم زۆر خۆشدەویست. گۆرانیە خەمناک وجوانەکانی ئۆخژنیان دەخستە دڵ و دەروونمەوە. کە هەڵیدەکردە گۆرانی چاوەکانی دەنووقاندن وڕوخسارە جەفاکێشەکەی نەدەلەرزی،ژیانی ئەو بە شەوانی تاریکەوە بەند بوو، بەو شەوانەوە کە هەیڤە شەو نەبوو و هەوری تاریک بەری ئاسمانی گرتبوو. هەندێجار ئێواران دەعوەتی دەکردم ودەیگوت:- با بچین بۆسەر ڕوباری ڤولگا.

میگوون، لەوێ، پەت وقولاپە قەدەغەکەی بە ئومێدی ڕاوەماسی دەخستە ڕوبارەکەوە، لە پاشەوە سواری بەلەمە بچووکەکەی خۆی دەبوو، وەکو ئەوەی سواری ئەسپ بووبێ،

هەردوو لاقی بەم دیو وبەودیوی بەلەمەکەدا شۆڕ دەکردنەوەو دەیخستنە نێو ئاوە لێڵەکەوەو بە ڕاوێژێکی نەرم و هێدی دەیگوت:

- کە دەرەبەگ وئاغا زوڵمم لێدەکەن.. بەر نەفرەتی خوا بکەون.. تەحەموول دەکەم. ئاغا و دەرەبەگ، هەرچیەک بن، لە من زیاتر دەزانن، ئەوەی ئەوان دەیزانن من نایزانم. بەڵام.. کە جووتیاری وەکو خۆم، خراپەم دەرهەق بکات، چۆن ئەوەی لێ قەبووڵ بکەم؟ ئاخر جیاوازیمان چییە؟ هەموو جیاوازییەکمان ئەمەیە کە ئەو خاوەنی ڕۆبڵە و من خاوەنی کوپیک.. ئەمە هەموو جیاوازییەکەمانە!

ڕوخساری میگوف هەمیشە گرژ بوو، برۆکانی دەلەرزین. دەست و پەنجەی لە کارکردنا مەعلان بوون، پەت وداوەکانی لە قولاپەکان دەبەست، بە بڕبەنگ نووکی قولاپەکانی تیژ دەکرد، دەنگە خۆش و ناسکەکەی بە ئەسپایی دەهاتە گوێ کە دەیگوت:

- خەڵکی بەمن دەڵێن دز. ئەمە دروستە، من دزی دەکەم، بەڵام خۆ هەر من دزی ناکەم، باشە هەموو خەڵک هەر بەدزی ناژین؟ هەرکەسە ولەسەر ئەوی دی ناژی، یەکدی ناچەوسێننەوە، خوێنی یەکدی نامژن؟ ئیدی ئەمە یاسا و سوننەتی ژیانە. خوا فەرامۆشی کردووین و شەیتانیش دنەمان دەدات وتەماحمان دەنێتەبەر!

ڕوبارە ڕەشەکە دادەکشا و بەلاماندا دەڕۆیی، هەورێن ڕەش بەسەرمانا تێدەپەڕین. لەبەر تاریکی، کەنارە چڕە دارستانەکەی ئەو بەرمان نەدەبینی. شەپۆلەکان بە ئەسپایی خۆیان بە لمەڵانی کەنارەکەدا دەکێشا. لاقیان دەشۆردم، دەتگوت دەیانەوێ لەگەڵ خۆدا بەرەو تاریکیەکی بێ پایانم ببەن.

میگوون، ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:- ئەدی ژیان نایەوێ، پیاو نابێ بژی؟

لەو بەرەوە، لەسەر کەنارە بەرزەکەوە سەگێک بە مەلوولی دەیلوراند، وەکو ئەوەی خەون بدینم، لە دڵی خۆدا گوتم:- ئاخر چ پێویستە خەڵکی وەکو تۆ بژین، بەو تەرزە ژیانەی تۆ قابیل بن؟

ڕوبارەکە زۆر مەند وئارام بوو، تاریکێکی بەسام بوو، پێدەچوو ئەم تاریکیە مەندە کۆتایی نەبێت.

میگوون، لەبن لێوانەوە، پرتەپرتێکی کرد وگوتی:

- خوخول دەکوژن، تۆش فریای خۆت نەکەوی دەتکوژن.

لەناکاوا، بەدەنگێکی نەوی هەڵیکردە گۆرانی:

دایکم بە میهر وسۆزەوە

بەدەنگێکی پڕ ڤیان وگودازەوە

دەڵێت، بژی جەرگەکەم

بەئارامی بژی،

تەمەن، تەنیا پێنج و دوو

ڕۆژێکە..

چاوەکانی نوقاند، دەنگی لێهەڵبڕی، تا دەنگی پتر هەڵدەبڕی، خەمناکتر دەهاتەگوێ. بەدەم ڕێکخستنەوەی پەت وکەرەستەی ڕاوەکەوەو لەبەر خۆوە، دەیگوت:

من وەکو دایکم خۆزیای دەخواست

بە ئارامی نەژیام

بەگوێم نەکرد

بە ئارامی نەژیام.

هەستێکی سەیر دایگرتم، وام وێنا دەکرد، زەوی هەرەس دێنێت و شەپۆل و پێلێن قورس و تاریک، بەهێز وبێ ڕەزا لەگەڵ خۆیدا ڕایدەماڵێ و بەرەو ئەو تاریکیەی دەبات کە هەتاوی بۆ هەتاهەتایە لەخۆیا نقوم کردووە.

میگوون، وەکو چۆن لە ناکاوا هەڵیکردبووە گۆرانی، بەو ئاوایەش لە ناکاوا گۆرانیەکەی بڕی، بەلەمەکەی لە کەنارەکە دوور خستەوە، سواری بوو وبەبێدەنگی ڕۆیی و بەناو تاریکیەکە کەوت، نیگام بەگەڵ خست، لە دڵی خۆدا دەمپرسی:- " باشە ئەم خەڵکانە بۆچی دەژین "؟

دۆستێکی دیکەم هەبوو بەنێوی بارینوف، ئەمە گەنجێکی تەمەڵ وتەوەزەل، بێ سەروبەر، فشەکەر وخۆ هەڵکێش بوو، دوو زمان وفیتنە سەری لە گۆنگلان دەخورا،

لەهیچ شوێنێک نەدەحەوایەوە، ماوەیەک لە مۆسکۆ ژیابوو، کە باسی مۆسکۆی دەکرد، تفێکی ڕۆ دەکرد وبەقێزو بێزەوە دەیگوت:

- شارێکە دۆزەخین! شاری شەیتانانە! زۆر بێ مانا و بێ سەروبەرە! چواردە هەزارو شەش کلێسای تیایە و، خەڵکەکەی.. هەر هەموویان ساختەچی ودزن! بەزاتی خودا هەر هەموویان وەکو ئەسپێک گڕوێ بووبێ، لە بازرگانەوە بیگرە تا دەگاتە سوپاییان وخانەدانیان، کەبەناو شارا ڕێدەکەن، بەدەن و لەشی خۆ دەخورێنن و هەڵدەکڕێنن. تۆپێکی لێیە، پێی دەڵێن مەترەلۆزی تزار، گەورەترین تۆپ ومەترەلۆزی دنیایە. پەترۆسی گەورە بەخۆی دروستی کردووە، تا بەرپەرچی ئاژاوەی شۆڕشگێڕانی پێبداتەوە. جارێک ژنێکی دەرباری بەهۆی خۆشەویستیەوە بۆ تزار، لە تزار یاخی دەبێت و ئاشووبێک دەنێتەوە، تزار حەوت دانەساڵ لەگەڵ ئەو ژنەدا دەژی، سێ مندالّی لێدەخاتەوەو، ئەوسا بەخۆی ومندالّەکانیەوە بەڕەڵلای دەکات، ژنەش دەهری دەبێت، لێی یاخی دەبێت و ئاژاوەیەکی گەورە بەرپا دەکات. تزاریش نایکاتە نامەردی ئەو مەترەلۆزە دێنێ و.. بەر تۆپیان دەدات و نۆ هەزار وسێسەد و هەشت کەسیان لێدەکوژێت. تەنانەت تزار خۆیشی لەم کارە ترسا و پەشیمان بووەوەو بە "فیلاریت" ی مەترانی گوت: " نەدەبوو بۆ دامرکاندنەوەی ئەم ئاژاوەیە پەنا بەرینە بەر ئەم ئامێرە ئەهریمەنییە.." ئەوسا مەترەلۆزەکەیان لابرد وشاردەوە.. لەناوی برد..

کە پێمگوت، ئەمانە هەموو قسەی بۆش و بەتاڵن، درۆ ودەلەسەن، تووڕە بوو وگوتی:

- لاحەولە وەلا.. کە مگێزێکی خراپت هەیە، چەند کابرایەکی بێ باوەڕیت!.. من هەموو ئەم قسانەم لە پیاوێکی ڕۆشنبیر وتێگەیشتووەوە بیستووەو، کەچی تۆ دەڵێی..

جارێک بۆ زیارەتی وەلییان چووبووە کییف، سەبارەت بەم ئەزموونەی خۆی دەیگوت:

- ئەم شارەش وەکو ئەم گوندەی مە بەسەر شاخێکەوەیە. ڕوبارێکی تیایە، ناوی ڕوبارەکەم لەبیر نەماوە، نازانم چییان پێدەگوت. لەچاو ڤولگادا جۆگەلەیە! شارەکە، شارێکی ناڕێک وپێکە. هەموو جادەکانی خوار وخێچن، هەوراز وسەر بەرەو ژوورکەن.. خەڵکەکەی هەموو خوخولن (ئۆکرانین)، بەڵام وەکو میخائیل ئانتونوفیچ نین، بەڵکو نیوە پۆڵۆنی ونیوە تاتارن، بە ڕووسی قسە ناکەن، یانی قسەکانیان لە قسە ناچن، زیاتر بڵمەبڵم و فلّتەفلّتن تا قسە بن. ئەمانە هەژارن، گۆشتی بۆق دەخۆن، بۆقی

ئەوان گەورەن، هەر بۆقێک چوار کیلۆ دەبێت. گا بۆ عەرەبانە ڕاکێشان بەکار دەبەن، سواری گا دەبن، بە گا جووت دەکەن گایەکانی وان زۆر گەورەو بە قوەتن، بچووکترین گای ئەوان، چوارهێندەی گای لای ئێمە دەبێت، هەر گایەکیان سی وهەشت پوود دەبێ. پەنجا وحەوت هەزار قەشە ودووسەد وهەفتا وسێ مەترانیان هەیە.. تۆ کابرایەکی سەیری، چۆن لەم بارەیەوە گەنگەشە دەگەڵ مندا دەکەی؟ من هەموو ئەو شوێنانەم بەچاوی خۆم دیتووە، تۆ هیچ شوێنێکت لەو شوێنانە دیتووە؟ نا! ئێستا بۆت دەرکەوت کە من حەزم لە ڕاستیە وئەوەی گوتم خیلافی تیا نییە؟..

ئەم پیاوە ئاشقی ژماران بوو، لە منەوە فێری کۆکردنەوە ولێکدان بووبوو، بەڵام حەزی لە دابەشکردن نەبوو. هەندێک لەو ژمارانەی لەسەر لمەکە دەنووسی، ژمارەی گەورە گەورەی بە کەماڵی ئارەزوو کۆدەکردەوە، هەڵەی گەورەو زۆری دەکرد، ڕیزێ ژمارەی دوورو درێژی لەسەر لمەڵانەکە دەنووسی، بەحیرەت و حایرمانێکی منداڵانەوە دەیڕوانیە ئەو ژمارانە و دەیگوت:

- ئەم ژمارە دوور و درێژە.. کەس ناتوانێ بیخوێنێتەوەو بزانێت چەندە!

بارینوف، گەنجێکی بێ سەلیقە و بێ سەروبەر بوو، جلەکانی شڕ وشەپڕێو، قژی گڤ و لوول، چاوە شینەکانی لەمیانی ڕوخسارە شاد وڕدێنە تەنک ولوولەکەیەوە، گەش وخەندەبار دەدرەوشانەوە..

جۆرە لێکچوونێکی دوور لەنێوان ئەو وکوکوشکیندا هەبوو، وێدەچوو هەرلەبەر ئەمەش یەکدی نەحوبێنن ولێکدی نزیک نەکەونەوە. بارینوف دوو چەلان بۆ ڕاوەماسی چووبوو بۆ دەریای قەزوین، زۆرجار بە ئاووتاو باسی ئەو دوو سەفەرەی خۆی دەکرد ودەیگوت:

- برالە، دەریا ناوی خۆی بە خۆیەوەیە، لەهیچ شتێک ناچێت! ئینسان لەبەردەم دەریادا، وەکو مێشوولەیە، کە تەمەشای دەکەیت خۆت لەبەرچاو دەکەوێ! ناکەیتە هیچ، ون دەبێت!

ژیان لەوێندەر خۆشە، جۆرەها بەشەر لەوێندەر خڕدەبنەوە، تەنانەت جارێک قەشەباشییەکیشی لێبوو، کابرایەکی خراپ نەبوو، ئەویش وەکو هەریەکێک لە ئێمە کاری دەکرد! ئافرەتێکی ئاشپەزیشی لێبوو، ئەم ئافرەتە قەپاتمەی " داواکاری گشتی " بوو. ئیدی لەوەی خۆشتر دەبێ چ بێت؟ ئیدی ئەم ژنە لەوەی پتر چی دەویست؟ بەڵام

لەوە زیاتر تاقەتی نەگرت و بەیارۆی گوت: "تۆ جەنابی داواکاری گشتی هەرچەندە لەگەڵ منا بەسۆز و میهرەبانی، بەلام بەسە، من بەخێرو تۆ بە سەلامەت، بە دوعا. " و بەوجۆرە بەجێی هێشت. ئەوەی جارێک دەریا ببینێ، هەمیشە دڵی بۆی لێدەدات وحەزدەکات جارێکی دیکەش بیبینێتەوە. فراوانی دەریا لە تەسەور بەدەرە، لە بەرینی ئاسمان دەچێت. هیچ جەنجاڵی و قەرەباڵغیەکی پێوە دیارنییە. منیش دەچمەوە بۆ ئەوێندەر و ئیدی بە یەکجارەکی لەوێ دەژیم. نەگبەتیەکەی من لەوەدایە خەڵکم خۆشناوێ، حەزم بە تێکەڵاوی نییە. دەبوایە ڕەبەنێک بوایەم، لە دێرێکی دوورا بژیبام. بەڵام حەیفێ دێرێکی وا شک نابەم بەدڵم بێت..

وەکو سەگی بەڕەڵڵا وبێ خودان بەنێو گوندا دەسووڕایەوە. جووتیارانی خەڵکی گوند نەیان دەحوباند، بەڵام بەهەمان ئاو وتاوەوە کە گوێیان لەدەنگ و ئاوازەکانی میگوون دەگرت، گوێیان بۆ حیکایەت و سەربهوردەکانی ئەویش ڕادەدێرا. خەڵکەکە دەیانگوت:

- هێندە وەستایانە درۆ دەکات، ناچار دەبی گوێی لێبگریت!

خەیاڵاتە بێ بنج وبناوانەکانی ئەو، ئەوەندە وەستایانە دەهۆنرانەوە کە هەندێجار خەڵکانی زیرەک و ماقوولی وەکو پانکوفیشی لە خشتە دەبرد. ئەو پانکوفەی کە پیاوێکی زۆر بە گومان بوو و متمانەی بەکەس نەدەکرد. ڕۆژێک ئەم پیاوە پڕ گومانە بە خوخولی گوت:

- بارینوف دەڵێت ئەوەی لە کتێباندا دەربارەی ئیڤانی ترسناک نووسراوە، هەموو شتێک نییە. زۆر نهێنی دەربارەی ئیڤان هەن کەلە کتێباندا تۆمار نەکراون. دەڵێت ئیڤان هەندێجار دەگۆڕا، دەبوو بە هەڵۆ. ئیدی لەوساوە، بەیادی ئەوەوەو وەکو ڕێز بۆ ئەو وێنەی هەڵۆ لەسەر پارەی مە دەنەخشێنن..

من زۆرجار، سەدان جار ملاحەزەی ئەوەم کردووە کە خەڵکی هەموو شتێکی خەیاڵی و فانتازی و تەنانەت درۆ و زۆرجار نابەجێشیان، پێخۆشترە، لەو لێکدانەوە و بۆچوونە واقیعیانەی لە خودی ژیانەوە هەڵدەهێنجرێن.

کە ئەوەم بۆ خوخول گێڕایەوە پێکەنی وگوتی:

- ئەم شتانە کاتین، بەسەر دەچن وتەواو دەبن! خەڵکی هەر هێندەیان زەحمەتە تا فێری بیرکردنەوە دەبن، هەنگێ لە ڕێگەی بیرکردنەوەی خۆیانەوە پەی بە حەقیقەت

دەبەن. بەڵام تۆ دەبێ لە خەڵکانی نائاسایی و مەیلەوشێت وخۆڕسکی وەکو بارینوف وکوکوشکین تێبگەیت. ئەمانە هونەرمەند، خەیاڵپەروەر و داهێنەرن. مەسیحیش، ڕەنگە هەر لە هەوەڵەوە وابووبێ. نابێ نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەویش هەندێ هزر وبیری باشی هەیە.

ئەوەی بەلامەوە سەیر ومایەی سەرنج بوو، ئەو خەڵکە، زۆر کەم و بەوپەڕی بێ مەیلیەوە باسی خودایان دەکرد، تەنیا سوسلوفی پیرەمێرد، ناوبەناو بەباوەڕ و ئیمانێکی پتەوەوە دەیگوت:

- هەر هەموو ئەمانە لە خواوەیە، ویست و مەشیەتی ئەوە!

من ڕاوێژێکی پڕ نائومێدی و ملکەچانەم لەو پەیڤ و وشانەدا بەدی دەکرد و دەخوێندەوە. بەڵام لەگەڵ ئەم خەڵکەدا زۆر خۆشحاڵ بووم. لە شەوکۆڕاندا زۆرشتیان لێوە فێر دەبووم، هەستم دەکرد هەریەکێک لەو دۆز و مەسەلانەی کە روماس باسی دەکرد و وەکو درەختێکی پتەو، ڕەگی لە قوڵایی ژیاندا داکوتاوە و دەڕوات و لەگەڵ ڕەگ و ڕیشەی درەختانی بەتەمەنی دیکەدا یەک دەگرێتەوە ،لە سەر هەر لقێکی ئەم درەختانە، فیکر و هزرێن ڕوناک شکۆفەی کردووە و ژیانی لێوە هەڵدەقوڵێت. ئیدی هەستم دەکرد لەسایەی خوێندنەوەی کتێبانی باش و هەڵمژینی شیلەی ئەو کتێبانەوە، زۆرباش پێشدەکەوم، لەڕووی فیکرییەوە دەوڵەمەند دەبم. بەمتمانەوە قسەم دەکرد، خوخول زۆرجار ستایشی دەکردم، بەپێکەنینەوە دەیگوت:

- ماکسیموفیچ، زۆرباش پێشدەکەوی ها!

هەڵبەتە ئەم قسانەی ویم زۆر لەلا خۆشبوون، گەزگەز باڵام پێدەکردن! پانکوف، هەندێجار ژنەکەی خۆی لەگەڵ خۆیا بۆ شەوکۆڕەکان دێنا، ژنەکەی کورتەباڵایەکی ئەندام وردیلەی، دەم وچاو بچکۆلە بوو، چاوەکانی گەش و شین، زیرەکیان لێدەباری. بەبێدەنگی و ئارامی لە سووچێکی ژوورەکەدا دادەنیشت، جلکی شاری لەبەر دەکرد، بەڵام دوای ماوەیەک حایر وحەپەساو دەمی دادەچەقاند، چاوەکانی بەترسەوە ئەبڵەق دەبوون، و هەندێجار کە گوێی لە وشەیەکی نابەجا دەبوو هەردوو دەستی بە دەم وچاویەوە دەگرت و بزەیەکی شەرمنانەی بۆ دەکرد. پانکوف، چاوێکی لە روماس دادەگرت و دەیگوت: - تێدەگات!

خەڵکانی مەندو وریا وبەپارێز بۆلای خوخول دەهاتن، ئەویش بۆ ژوورەکەی منی کەلە هەورەبانەکەدا بوو، دەهێنان و بە سەعاتان لەوێ لە گەڵیاندا دادەنیشت.

ئەکسینیا، خواردن وخواردنەوەی بۆ دەبردن. ئیدی هەر لەوێش دەخەوتن. کەس نە بەم جێگاایەی دەزانی و نەبە هاتنی میوانەکان، جگەلە من وئەکسینیا کە وەکو سەگی وەفاداری خوخول بوو وتەقریبەن دەیپەرست.

ئیزەت وپانکوف، شەوێ بە نهێنی و بەبەلەم ئەم میوانانەیان دەبرد و دەیان گەیاندنە کەشتیەکی ڕەوتەنی، یان بەندەری لوبیشکی. من لەسەر کەنارە بەرزەکە ڕادەوەستام و تەمەشای ئەو بەلەمەم دەکرد کەبەناو ڕوبارە تاریکەکە دەکەوت، کە هەندێجار لەبەر تریفەی مانگەکەدا، دەدرەوشایەوە و چراکەی دەلەراندەوە، تا کاپتنی کەشتیەکە لە گەیشتنی خۆیان ئاگادار بکاتەوە، چاودێری هەموو ئەم جم وجوڵانەم دەکرد، وام هەستدەکرد، بەڕاستی لە کارێکی نهێنی گەورەدا بەشداری دەکەم.

***

ماریا دیرنیکوفا لە شارەوە هات، بەڵام من ئیدی ئەو شتەم لە چاوانیا بەدی نەکرد کە بەردەوام نیگەرانی دەکردم. شەرمەندەی دەکردم. چاوەکانی ئێستا لە چاوانی کچێک دەچوو کە هەستی بە جوانی خۆی دەکرد وبەو جوانیەوە دەنازی وخۆشحاڵ بوو کە پیاوێکی گەورەی ڕێشدار نەوازشی دەکات. روماس، لەگەڵ ئەم کچەشدا، وەکو هەموو خەڵکانی دی، بەنەرمی و ڕووخۆشی قسەی دەکرد. بەڵام لە حوزووری ئەم کچەدا، زیاتر دەستی بە ڕدێنی خۆیدا دێنا وگەرم وگوڕییەکی پتر لە نیگایدا دەدرەوشایەوە. بەڵام سەدای دەنگی ماریا، شادی و خۆشحاڵی لێ دەبووەوە. کراسێکی شینی لەبەر بوو، گێسووە زێڕینەکانی بە قردێلەیەکی شین بەستبوو. دەستە منداڵانەکانی، لە جووڵەیەکی سەیر ونائارامدا بوون، دەتگوت لە شتێ دەگەڕێن کە خۆیانی پێوەبگرن. دەتگوت لەبەرخۆیەوەو بەبێ ئەوەی دەم بکاتەوە، گۆرانی دەڵێت. بە دەستەسرێکی بچووک ڕوخسارە گوڵینەکەی خۆی باوەشێن دەکرد، شتێکم لە ڕوخساریا دەخوێندەوە نیگەران و تووڕەی دەکردم، شپرزەی دەکردم، بۆیە هەوڵم دەدا، تا دەتوانم کەمتر بیدینم.

لە ناوەڕاستی هەیڤی تەمووزدا ئیزەت دیار نەما. قاو داکەوت کە گوایە خنکاوە، ئیدی دوای دوو ڕۆژان ئەم مقۆمقۆیە بوو بەڕاست. بەلەمەکەیان لە دووری حەوت کیلۆمەتری

گوندەکەدا دۆزییەوە، ژێرەکەی کون بووبوو، قەدەکەی شکابوو. خەڵکی دەیانگوت گوایە ئیزەت لەناو بەلەمەکەیا خەوی لێکەوتووەو شەپۆلی ئاوەکە بەلەمەکەی بردووەو کێشاویەتی بە کۆمەڵێک پاپۆڕی باریدا کەبە دووری پێنج کیلۆمەتر لە خوار گوندەکەوە لەنگەریان خستبوو وئیدی بەلەمەکەی تێکشکاوە.

کە ئەم بویەرە قەوما روماس لە قازان بوو. شەوێ کوکوشکین هات بۆ دووکانەکەی مە، مات و خەمبار لەسەر کیسەکان دانیشت، چاوی بڕینە پێڵاوەکانی خۆی، بێدەنگ بوو، پاشان سیغارێکی پێکرد و گوتی:- خوخول کەی دەگەڕێتەوە؟

- نازانم.

بەدەست کەوتە هەڵگلۆفتنی، گۆنا ڕووشاوەکانی و لەبن لێوانەوەو بەدەنگێکی نەوی کۆمەڵێک جنێوی پیسی دا، وەکو یەکێک ئێسقان لە گەرووی گیرابێ، کەوتە قرخەقرخ.

لێم پرسی:- ئەوە چیتە، چی قەوماوە؟

تەمەشایەکی منی کرد، لێوی خۆی گەست، چاوەکانی بووبوون بە کاسەی خوێن، چەناگەی دەلەرزی، نەیدەتوانی قسەبکات. بەنیگەرانیەوە چاوەڕوانم کرد، هەستم کرد کە خەبەرێکی ناخۆشی پێیە. ئەنجام نیگایەکی خێرای دەرگاکەی کرد، ئەوجا بەدەم نزگرەوە وبەدەمە لاڵکێوە گوتی:

- لەگەڵ میگووندا چووین بۆ ئەوێندەر، تەمەشای بەلەمەکەی ئیزەتمان کرد، ژێرەکەی بە تەور شکێنرابوو. حاڵی هەی؟ دیارە ئیزەت کوژراوە..

کەوتە سەربادان، بەڕیز جنێوی پیسی دەدا، خەریک بوو سەری بە هەنسکەوە هەڵیگرێ. ئەوجا بێدەنگ بوو، چەندجارێک نیشانەی خاچی کێشا. پیاو کە دەیبینی ئەم جووتیارە دەیەوێ بگری و گریانەکەی دەرنایەت و ئازای بەدەنی لە تووڕەیی و داخ و کەسەراندا دەلەرزێ، بۆی بێتاقەت دەبوو. ئەنجام هەستایەسەر پێیان، سەرێکی لەقاند وڕۆیی.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، دەوروبەری خۆرئاوا، کۆمەڵێک منداڵ کەلە ڕوبارەکەدا مەلە دەکەن، جەنازەی ئیزەت دەدۆزنەوە کە لەکەنارەکەدا، کەمێ لەسەروو ڕوبارەکەوە، لەژێر بەلەمێکی گەورەی باری شکاودا کەوتبوو و حەیاتی لەبەر بڕابوو، نیوەی ئەم بەلەمە بارییە لە وشکایی و لەسەر بەردەکاندا بوو و نیوەکەی دیکەی لە ئاوەکەدا

بوو، جەستە درێژەکەی ئیزەت کەوتبووە ژێر ئەو بەشەی بەلەمەکەوە کەلە ئاوەکەدا بوو، بەدەما کەوتبوو، کاسەی سەری شکابوو و مێشکی بەتەواوەتی پژابوو. ئاوەکە هەموو مێشکی لەگەڵ خۆیدا بردبوو، لەپشتەوە لێدرابوو. دیاربوو بە تەور لێیان دابوو وسەری بووبوو بە دوو لەتەوە. ئاوەکە جۆلانەی بە جەستەی دەکرد، لاقەکانی بۆ کەنارەکە تەکان دەدا و بازووەکانی بەجۆرێ دەجوولان وەک ئەوەی بیەوێ لە ئاوەکە بێتە دەرەوە.

نزیکەی بیست کەسێک لە جووتیارە دارا و دەوڵەمەندەکان لە ڕەخی ڕووبارەکە خڕبوونەوە، هەموو مات وخەمبار لەفکران ڕاچووبوون. ئەمانە لە جووتیارە دەوڵەمەندەکان بوون. هەژارەکان، هێشتا لەدەشت و کێڵگەکان نەگەڕابوونەوە. کوێخا ترسنۆکەکە، کە سەر و سەکوتی هەر لە دزان دەچوو، لەجیاتی قسە، بەتووڕەیی وبەدەم ڕاوەشاندنی دارعاساکەی دەستیەوە دەهات و دەچوو، لێکدالێکدا دەیمشاند وبەقۆڵی کراسە ڕەنگینەکەی کەپووی دەسڕی. کوزمینی بازرگانی ورگن، ڕەق ڕاوەستابوو، هەردوو لاقی لێ بڵاوکردبووەوە، ورگی دەرپەڕاندبوو، بەردەوام جارێ سەیری من و جارێ تەمەشای کوکوشکینی دەکرد. بەگرژ ومۆنی نێوچاوانی تێکنابوو. بەڵام چاوەکاڵەکانی تەژی ڕوندک بوون. ڕوخسارە کونجەکەی خەمباری پێوە دیاربوو.

کوێخا، لەکاتێکا ئەم پا و ئەوپای بەلاقە خوارەکانی دەکرد، هاتەقسان وگوتی:

- کە بەڵایەکی گەورەیە! خەڵکینە ئەمەیە بەڵای ناگەهان!

بووکەکەی کە ئافرەتێکی خەپانی گۆشتن بوو، لەسەر بەردێک، لە قەراخ ڕووبارەکە دانیشتبوو، بە حەپەساوی ومەندەهۆشی دەیڕوانیە ئاوەکە وبەقامکە لەرزۆکەکانی نیشانەی خاچی دەکێشا. لێوەکانی دەجووڵان، لچە سوور و ئەستوورەکەی، بەشێوەیەکی قێزەون شۆڕ بووبووەوە، لە لچی سەگێک دەچوو کە ددانە زەرد ودزێوەکانی بەدیار کەوتبن. کوڕان وکچان، بەکۆمەڵ لە هەورازەکەوە بۆخوارەوە داگەڕان. ئەوسا پیاوان بەلەزوبەز هاتن، هەموو تەپ وتۆزاوی لە مەزرا و کێڵگە دەهاتنەوە.

خەڵکەکە کەوتنە فسکەفسک و چپەدوو: - جووتیارێکی شەڕانی و ناڕەسەنە.

- کێ؟..

- کوکوشکین.. زۆر فیتنە و شەڕانیە.. وەکو نوسنەکە کە بەیەکێکەوە نووسا بە ئامان وزامان لێی نابێتەوە.

- بەخۆڕایی بوونە بایسی سەری ئەو بەلەنگازە.

-ئیزەت پیاوێکی بێوەی بوو، بێ مەزەڕەت بوو.

کوکوشکین، ڕوویکردە جووتیارەکان و هاواری کرد:

- بێ مەزەڕەت بوو.. ئەدی بۆ کوشتتان هەی بەدفەڕینە؟ ها؟

لەناکاوا، ژنێک لە قاقای پێکەنینێکی هیستریانەی دا، هاوارە ترسناک و هۆڤیانەکەی، وەکو شولێکی تەڕ بەر جەستەی خەڵکەکە کەوت. جووتیارەکان ئاوڕیان دایەوە، پەلاماری یەکیان دا، هاواریان دەکرد، جنێویان دەدا، دەیان بۆڵاند. کوکوشکین، پەلاماری بازرگانەکەی دا، تا هێز لە بازوویدا بوو، زللەیەکی بەلا ڕوومەتە کونجەکەیدا کێشا وگوتی:

- دە بخۆ دەی هەی حەیوانی بەدفەڕ!

بەدەم مست هاوێشتنەوە دڕی بە ئاپۆڕاکە دا، بەنێو خەڵکە هارووژاوەکەدا تێپەڕی وبە خۆشییەوە هاواری لەمن کرد: - تۆ بڕۆ ئەمانە بەگژ منا دێن.

لەپڕ تێیان سرەواند، دەم و لووتی پڕبوو لە خوێن، لێوی بریندار بوو، خوێنی لێدەچۆڕا، بەڵام شادی بە سیمایەوە دەدرەوشایەوە.. بەو حاڵەوە گوتی:- خۆ دیتت، چۆنم خێواندە بناگوێی کوزمین؟

بارینوف، لەکاتێکا بە ترسەوە دەیڕوانیە ئەو حەشیمەتەی کەلە دیار بەلەمە باریەکە کۆبووبوونەوە، بە هەشتاو خۆی گەیاندە نک مە. لە نێو هەرا وزەنای ئەم خەڵکەوە دەنگی نەوی کوێخا دەهاتەگوێ کە دەیگوت: - پێم بڵێ کێ تاوانبارە؟ ئەگەر ڕاست دەکەی بیسەلمێنە!

بارینوف لە کاتێکا بەهەورازەکەدا هەڵدەگەڕا، بەدەم بۆڵەبۆڵەوە گوتی:

- دەبوایە من لێرە بڕۆم.

عەسرێکی زۆر گەرم بوو، پیاو خەریک بوو لەگەرما خەفە ببێت. هەتاوی سوور، بە نێو هەورە تاریک وچڕەکاندا بەرەو ئاوابوون دەچوو. تیشکە ئاڵ وسووورباوەکەی بەسەر گەڵای دەوەنەکانەوە دەدرەوشایەوە. لەدوورەوە دەنگی هەورە گۆڵە بەرز بووەوە. جەستەکەی ئیزەت لەبەرچاوم و بەدەم شەپۆلێن ئاوەکەوە دەجوولایەوە، قژەکەی بە کاسەی بەتاڵی سەرییەوە، بە زەبری شەپۆلی ئاوەکە ڕەق ڕاوەستابوو. دەنگە نزم و قسە خۆشەکانیم وەبیر هاتنەوە کە دەیگوت:

- هەرکەسێک بگری جۆرە منداڵیەتێکی تیایە، کەدەبێ حیسابی بۆ بکرێ، بۆ نموونە تۆ سەیری خوخول بکە، بەڕواڵەت لە پۆلا دەچێت، کەچی دڵ و دەروونی، دڵ و دەروونی منداڵە!

کوکوشکین، کە شانبەشانی من هەنگاوی دەنا، بە تووڕەیی گوتی:

- هەرهەمووومان بەم مەرەدە دەبەن، لە ناومان دەبەن.. کە کارێکی ناڕەوا و گەوجانەیە!

دوای دوو ڕۆژان، خوخول درەنگانی شەو هاتەوە. وادیاربوو لە شتێک خۆشحاڵ بوو، سەروسیمای میهرەبان ودەم و دووی زۆر شیرین بوو. کە دەرگام بۆ کردەوە، دەستێکی بە شانمدا دا وگوتی: - ماکسیموفیچ، وادیارە کەم نووستوویت، بێ خەویت پێوە دیارە!

- ئیزەتیان کوشت.

- چ.. ی؟

گۆنا ڕەقەکانی بەرزبوونەوە، ڕدێنی کەوتە لەرزین، لەتۆوایە فڕی و لەسەر سینگی نیشتەوە. بیری چوو شەپقەکەی دابکەنێت، لەناوەڕاستی ژوورەکەدا وەستا. بەقورسی سەری لەقاند، چاوەکانی چکۆلە کردنەوە وگوتی:- ئاوها؟ بکوژەکەشی نادیارە؟ هەڵبەتە..

بە ئەسپایی چوو بۆلای پەنجەرەکە، لەبەر پەنجەرەکەدا دانیشت وبەخاوی لاقی ڕاکێشان و دیسان گوتی: - چەندم پێگوت.. ئێ کاربەدەستانی دەوڵەت هاتن؟

- دوێنێ ئامر مەخفەر هات.

- ئێ، چی کرد؟

هەرخۆی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دایەوە:- هەڵبەتە هیچ!

بۆم گێڕایەوە کە ئامر مەخفەر وەکو هەمیشە لای کوزمین لایدا و فەرمانی دا کە کوکوشکین لەسەر ئەوەی زللەی لە کوزمین داوە، بگیرێ و لە زندان تووند بکرێ.

-ئاوا.. لەم حاڵەدا چمان پێدەکرێ؟

چووم بۆ مووبەقەکە و سەماوەرەکەم پێکرد. روماس بەدەم چا خواردنەوە گوتی:

- بەڕاستی من بەزەییم بەم خەڵکەدا دێتەوە، باشترین خەڵکی خۆیان دەکوژن. پیاو گومانی ئەوە دەکات کەلەو خەڵکە باشەی خۆیان دەترسن. لێرە بەو خەڵکە باشە دەڵێن هاوڕەنگی خەڵک نین، وەکو خەڵکی نین، جیاوازن. نەک خێریان بۆ خەڵکی نابێت، بەڵکو دەبن بە کۆسپیش لەسەر ڕێگایان. وەختایەک لە تاراوگەی سیبریا بووم، یەکێک لە زندانیە ئەبەدیەکان بۆی گێڕامەوە کە کاتی خۆی دز بووە، باندێکی پێنج کەسی دروست کردووە. ڕۆژێک یەکێک لەو پێنج کەسە گوتوویەتی: " کوڕینە وەرن با دزی تەرک بکەین، دز نە دنیای هەیە و نە قیامەت، سوودی دزی چییە، نە ئیسراحەت و ئاسایشمان هەیە ونە پێی دەوڵەمەند دەبین! " لەسەر ئەو قسەیە کە سەرخۆش دەبێ و دەخەوێت، لەخەوا دەی خنکێنن. کابرای زندانی، ئەوەی بەسەرهاتەکەی بۆ گیڕامەوە، زۆر ستایشی یارۆی کوژراوی کرد وگوتی: " دوای ئەو سیانەکەی دیکەشم کوشت، مووم لێنەبزووت. بەڵام سەبارەت بەو دۆستەم.. تا ئەمرۆش خەفەتی بۆ دەخۆم و پەشیمانم لەو کارەی دەرهەق بەوکردم. بەڕاستی هاوڕێیەکی چاک بوو. زیرەک، ڕووخۆش، دڵپاک ودڵسۆز بوو". لێم پرسی: " کەوابوو بۆچی کوشتتان؟ لەوە دەترسان خەبەرتان لێبدات؟ " بەو پرسیارەی من تووڕە بوو. گوتی: " هاوڕێکەمان؟ نا، نەخێر ئامادە نەبوو، ئەگەر هەموو موڵکی دنیات بدایێ خەبەرمان لێ بدات، نا، لەو پیاوانە نەبوو! بەڵام.. ئیدی تەواو پێکەوە هەڵمان نەدەکرد، زەحمەت بوو، ئێمە هەموومان پیاو خراپ بووین وئەویش خەریک بوو دەبوو بە پیاوچاک وسۆفی. ئەمەمان پێ قووت نەدەچوو."

خوخول هەستا، دەستەکانی خستە پشتی، سەبیلەکەی بەدەمەوە بوو، ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، جلە هاودامانە تاتاریەکەی لە عاردی دەخشا، بەنێو ژوورەکەدا کەوتە ڕاوێچکە و هاتوچۆ. پێیە خاوسەکانی بە توندی بە عاردیدا دا وبەکاوەخۆ وهێمنی گوتی:

- من زۆرجار، ناوبە ناو ئەم حاڵەتەم بەچاوی خۆ دیتووە کە خەڵکی چۆن لە کەسانی باش ترساون و بەربەرەکانیان کردوون و هەوڵیانداوە لە ناویان بەرن وبیانکوژن وکوشتوویانن. خەڵکی بە دووجۆر مامەڵە لەگەڵ ئەو پیاو باشانەدا دەکەن، یان بە هەرشێوەیەک بووە لەناویان دەبەن. یان هەرچاریان نەما و دەرەقەتیان نەهاتن، دەکەونە مەرایی و ڕوپامایيان و وەکو تووتەڵە سەگ دەکەوتنە کلکە سووتێ ولەبەر پێیاندا وەردەکەون، ئەم حاڵەتەیان کەمتر ڕوو دەدات. بەڵام خەڵکەکە ناتوانن یان نایانەوێ لەو کەسە باشانەوە شتێک فێرببن و چاویان لێبکەن..

پەرداخە چایەکەی هەڵگرت، سارد بووبووەوە. لەسەر قسەکانی ڕۆیی:- ڕەنگە نەیانەوێت! تۆ وەرە بیهێنە بەرچاوی خۆت خەڵکانێک تەمەنێکیان لە دروستکردنی جۆرە ژیانێک خەرج کردبێ، لەسەر ئەو ژیانە ڕاهاتبن، خوویان پێوە گرتبێ. لەناکاوا یەکێکیان لێ پەیدا دەبێ و لەو ژیان و داب و نەریتە یاخی ببێت و گاڵتەی پێبکات و داوایان لێبکات بیگۆڕن. بێگومان، لێی قەبووڵ ناکەن، پێی دەڵێن ئێمە هەموو توانایەکی خۆمان بەکار بردووە تا گەییوینەتە ئەم قۆناغ و ئاستە، ئەم ژیانەمان دروستکردووە.. دیارە پەلاماری ئەو مامۆستا وپیاوە باشە دەدەن کە پێیان دەڵێت " ئەم ژیانە بگۆڕن " با هەق بەو کەسانەش بێ. خویاشە ئەگەر ژیان بگۆڕێ، بەرەو باشتر بڕوات، لەسەر دەستی ئەوان و خەباتی ئەوان دەگۆڕێ و باشتر دەبێ..

بەدەست ئاماژەی بۆ کتێبەکانی سەر ڕەفەکە کرد وگوتی:

- بەتایبەتی ئەمانە. خۆزگە دەمتوانی کتێبێک بنووسم! بەڵام حەیفێ ناتوانم. هزر وبیرم زۆر پەرێشان و ئاڵۆزە، بۆم کۆناکرێتەوە!

گەڕایەوە، لەپشت مێزەکەوە ڕۆنیشت، هەردوو ئانیشکی نانەسەر مێزەکە. سەری لەنێو هەردوو لەپی نا، دەبیرەوە چوو وئەوجا گوتی: - سەد حەیف ومخابن بۆ ئیزەت.

ماوەیەکی زۆر مات بوو، پاشان گوتی:- ئێ، وابزانم وەختی خەو هاتووە.. چووم بۆ هەورەبانەکە، خۆم بە ژوورەکەی خۆمدا کرد. لەبەر پەنجەرەکە دانیشتم. هەورە بروسکە لەدەشت و کێڵگە دوورە دەستەکاندا چەخماخەی دەدا و نیوەی ئاسمانی ڕوناک دەکردەوە، مانگەکە لەوە دەچوو لە گەڵ هەر هەورە بروسکەیەکدا لەترسا بلەرزێ. سەگەل، لە پەستا و بێبڕانەوە دەوەڕین و دەیانلوراند. خۆ ئەگەر ئەم سەگوەڕ ولوورەلوورە نەبوایە، وات دەزانی کەوتویتە دەشت ودەرێکی چۆڵ وهۆڵ وبێ

ئاوەدانی. هەورەگرمەیەک لە دووری دوورەوە گرماندی، تیشکی گەرمی تاسێنەری چەخماخەیە، لە پەنجەرەکەوە، دای لە ژوورەوە.

جەستەکەی ئیزەتم هاتەوە بەرچاو، لە ڕەخی ڕوبارەکە، لەنێو دەوەن و داربیەکاندا، بەپشتا کەوتبوو، ڕوخسارە شینەوە بووەکەی ڕوو لە ئاسمان بوو، چاوە شووشەییەکانی دەیانڕوانییە قولایی ئاسمان، ڕدێنە زەردەکەی چووبوو بە یەکدا و پەسترابووەوە، زاری بەسەرسامی داچەقی بوو. قسەکانیم بیرکەوتنەوە کە دەیگوت:

- ماکسیموفیچ، گرنگترین شت چاکە و میهرەبانیە. ئەمە ماک و گەوهەری هەموو شتێکە. من بۆیە جەژنی پاکم خۆشدەوێ، چونکە یەکپارچە چاکەکاری و میهرەبانیە: لە هەموو جەژنەکانی دی خۆشترە!

پانتۆڵە شینەکەی لەبەر تیشکی گەرمی هەتاوەکەدا وشک بووبووەوە، بەلاقە شینەوە بووەکانیەوە، کە ئاوی ڤولگا شۆردبوونیەوە، نووسابوو، مێش ومەگەزان، بەسەر سەروچاویەوە گیزەگیزیان بوو، بۆنێکی ئەوتۆ لە جەندەکەکەی دەهات، سەرداری بێ سەر دەکرد.

دەنگی هەنگاوی قورس لەسەر پلیکانەکانەوە دەهات، روماس سەری دانەواند وخۆی بەژوورا کرد، لەسەر تەختە خەوەکەی من ڕۆنیشت، چنگی بە ڕدێنی خۆیدا کرد وگوتی:

- دەزانی بەتەمام ژن بێنم؟

- ژن بە ئاسانی لێرە هەڵناکات..

چاوی بڕییە ڕوخسارم، وەک ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە بێت بزانێ چیتر دەڵێم. بەڵام هیچی دیم پێنەبوو تا بیڵێم. لەم کاتەدا تیشکی چەخماخەیەک لە ناو ژوورەکەی داو ڕوناکی کردەوە. روماس گوتی:- ماشا دیرنیکوفام نیشانە کردووە (ماشا: سووکەڵە ناوی ماریایە، بۆ خۆشەویستی.)

بەبێ ئەوەی بەدەست خۆم بێ، بزەیەکم هاتێ. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەوەم بە خەیاڵدا نەهاتبوو، یەکێک بە ماشا ناوی ئەم کیژە ببات. سەیر بوو! ئەوەندەی من ئاگادار بووم نە باوکی نە براکانی بە ماشا بانگیان نەکردبوو. خوخول پرسی:- بەچی پێدەکەنی؟

- بە هیچ، هەروا..

- پێت وایە من لەچاو ئەودا پیرم؟

- نا، نا، هەرگیز!

- ماریا پێی گوتم، گوایە تۆ حەزت لێکردووە.

- وابزانم، وابوو.

- ئەدی ئێستا؟ تەواو بووە؟

- وابزانم، تەواو بووە.

دەستی لە ڕدێنی بەردا و، بەئارامی گوتی:

- لەتەمەنی تۆدا پیاو هەندێک لەو وەهم و خەیاڵانەی لێدەبێت بە ڕاستی و وا هەست دەکات ئەوە دڵدارییە. بەڵام لەتەمەنی مندا ئەو خەیاڵ پڵاوانە لە ئارادا نییە. شتەکە هەموو هۆش و گۆشی پیاو دادەگرێت و لەوە بترازێ بیر لە هیچی دی ناکاتەوە!

ئەوسا، بەدەم زەردە خەنەیەکەوە، ددانەکانی گڕکردەوە وگوتی:

- ئانتوان، بۆیە شەڕی ئاکسیومی بە قەڕاڵی ڕوم، ئوکتافیوس دۆڕاند، چونکە هێزی دەریایی خۆی بەبێ فەرماندە بەجێهێشت وسەری کەشتیەکانی بادایەوەو دوای کلیوپاترا کە ترسابوو و لەمەیدانی شەڕەکە هەڵاتبوو، کەوت. ئیدی عەشق و ڤیان، ئەم لێکەوتانەشی هەیە.

 روماس هەستا، قەدی ڕاستکردەوە، وەکو یەکێک بەبێ مەیلی خۆی وبەناچاری کارێکی کردبێت گوتی: - بە هەرحاڵ.. ژن دێنم.

- کەی؟

- پاییز، پاش ئەوەی لە کاری سێو ڕنین دەبینەوە.

ڕۆیی، گەییە بەر دەرگاکە، زیاد لە پێویست سەری دانەواندەوە ودەرکەوت. منیش خۆم بەناو جێگاکەمدا کرد، بیرم کردەوە واچاکە منیش ئەم پاییزە لێرە بڕۆم. باشە بۆچی باسی چیرۆک و بەسەرهاتەکەی ئانتوانی بۆ من کرد؟ بەڕاستی ئەوەم پێخۆش نەبوو.

وەرزی سێو ڕنین زوو دەستی پێکرد. ساڵەکەی هات بوو، بەبەر وبووم بوو. لقی دارسێوەکان ئەوەندەیان بەر پێوەبوون، بەڕادەیەک شۆڕ بووبوونەوە، گەیی بوونەسەر

ئەرزەکە، بۆن وبەرامەی سێوان باخەکانیان پڕکردبوو، منداڵان بەناو باخەکان کەوتبوون، بەدەم هەرا وزەناوە، سێوە سوور وزەردە باڕن وکرمێیەکانیان کۆدەکردەوە..

***

روماس لە سەرەتای مانگی ئابدا لە قازان گەڕایەوە، دوو کەشتی پڕی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، یەکێکیان پڕبوو لە سەندووق وکارتۆنی بەتاڵ، ئەویتریان پڕبوو لە جۆرەها کەل وپەل وکاڵا. سەعات هەشتی بەیانی بوو، خوخول تازە دەم وچاوی شۆردبوو، خۆی گۆڕی بوو، ڕۆنیشتبوو و چای دەخواردەوە. بە خۆشحاڵییەوە گوتی:- بەڕاستی سەفەری شەو، بەتایبەتی سەفەری دەریایی، زۆر خۆشە، دۆزینەوەیە..

لەناکاوا، سەری هەڵبڕی، بۆنێکی هەواکەی کرد، قسەکەی بڕی و بە نیگەرانییەوە گوتی:- ئەرێ بۆنی دووکەڵ ناکەیت؟

لەهەمان ساتدا، ئەکسینیا، لەناو حەوشەکەوە هاواریکرد: - ئاگر، ئاگر! سووتاین!

بەهەشتاو هاتینە دەرەوە. دیواری عەمارەکە، لەلای باخچەکەوە گڕی گرتبوو و دەسووتا. هەرچی نەوت وگازوایل وڕۆنی خواردنمان هەبوو لەناو ئەم عەمارەمان دانابوو. تا چەند چرکەیەک حەپەساین، دەمانڕوانیە گڕی زەردی ئاگرەکە کەبە دیواری عەمارەکەدا هەڵدەگەڕا و بۆ سەربانی عەمارەکە هەڵدەکشا وتێکەڵ بە تیشکی هەتاوەکە دەبوو. ئەکسینیا، سەتڵێک ئاوی هێنا، خوخول کردی بە دیوارە گڕگرتووەکەدا، سەتڵەکەی فڕێ دا وگوتی:- ئەمە فایدەی نییە، ماکسیموفیچ بەرمیلەکان دەربێنە، ئەکسینیا تۆش فریای دووکانەکە بکەوە!

من یەکسەر بەرمیلێک گازوایلم لە عەمارەکە دەرهێنا و بۆ ناو حەوشەکە خلم کردەوە، ئەوجا بۆسەر جادەکەم خل کردەوە. ئەوسا دەستم دایە بەرمیلێک نەوت، هەرکە دەستم بە خل کردنەوەی کرد، دیقەتم دا سەری پێوەنییە، نەوتەکە بە خوڕ دەڕژایە سەر ئەرزەکە. لەوکاتەدا کەبۆ سەری بەرمیلەکە دەگەڕام، ئاگرەکە بڵێسەی سەند ولە درزی دیوارە تەختەکەوە، هات بەم دیودا.. سەربانی عەمارەکە قرچە قرچ دەسووتا، بەپەلە بەرمیلە نیوە بەتالەکەم لە دەرگاکەوە دەرهێنا، سەیرم کرد ژنان و منداڵان، بەدەم هەرا و زەناوە لە هەموو ئالیەکی گوندەوە بەرەولای مە غار دەدەن. خوخول وئەکسینیا کەل وپەل وکاڵای ناو دووکانەکەیان دەردێنا و لە شێوەڵەکەدا کەڵەکەی دەکەن. پیرەژنێکی ڕەش ئەسمەری پۆڕ سپی لەناوەندی شەقامەکەدا وەستابوو، کۆڵە

مستی گوشی بوو و بە هەڕەشەوە ڕای دەوەشاند و بەدەنگی بەرز هاواری دەکرد ودەیگوت:

- ئاە، هەی ئەهریمەنانی نەگریس!

کە دووبارە هاتمەوە بۆ لای عەمارەکەو وەژوور کەوتم، چڕە دووکەڵێک بوو کە چاوچاوی نەدەبینی، شتێک قرچەقرچ دەسووتا. گڕ لە سەربانەوە بە دیوارەکاندا، دادەگەڕا و دەهاتە خوارەوە. دیوارەکان هەموو سووتان، تەنیا ستوون و ڕایەڵە ئاسنەکان مابوونەوەو سوور بووبوونەوە. بەهەرحاڵ، ئاگر وچڕە دووکەڵ تەنگیان پێ هەڵچنیم. لەبەر دووکەڵ هیچم نەدەبینی، هەرچۆنێ بوو بەرمیلێکی دیکەم خل کردەوە، گەیاندمە بەر دەرگاکە، هەرچیم کرد و کۆشا لە دەرگاکە ئاودیو نەبوو، لە دەرگاکە عاسی بوو ونەجوولا، گڕی ئاگر لەسەربانەوە بەسەرما دەباری. ئەنجام هاوارم کرد، داوای کۆمەکم کرد. گڕی ئاگرەکە دەم بەدەم زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنیم. خوخول بلەز خۆی گەیاندمێ، دەستی گرتم و ڕایکێشامە دەرەوە. لەنێو حەوشەکەدا هاواریکرد:- لەزێکە تا بەرمیلەکە نەتەقیوەتەوە!

ئەو خۆی بە ڕاڕەوەکەدا کرد. منیش بەدوایا. بەهەشتاو بۆ هەورەبانەکە چووم تا فریای کتێبەکانم بکەوم. هەموو کتێبەکانم لە پەنجەرەکەوە هەڵدانە خوارەوە. بەدەم فڕێدانی کتێبەکانەوە چاوم بە سەندووقێکی پڕ لە کڵاو کەوت، ویستم ئەویش لە پەنجەرەکەوە هەڵبدەمە خوارەوە، پەنجەرەکە بچووک بوو، سەندووقەکەی پێدا نەدەچوو. دەستم دایە پارچە ئاسنێک ودەستم بە شکاندنی پەنجەرەکە کرد. لە ناکاوا دەنگی تەقینەوەیەکی گەورە بەرز بووەوە. شتێک لەسەربان تەقییەوە، سەربانەکە گڕی گرت وقرچەقرچ دەسووتا. بەرمیلە نەوتەکە تەقییەوە. ئاگر، لەسەربانەوە داچۆڕایە خوارەوە، لەپەنجەرەکەوە شاڵاوی بۆ ژوورەوە دەهێنا. گڕ وگەرما زۆری بۆ هێنام. بەرەو پلیکانەکان غارم دا. بەڵام چڕە دووکەڵێک لەخوارەوە، بۆم هات. گڕ و بڵێسەی ئاگر وەکو ئەژدیها بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت. لەخوارەوە، لە ڕاڕەوەکە وبەر دەرگاکەوە قرچەقرچێکی وەها دەهاتەگوێ، لەتۆوایە ڕیزێک ددانی ئاسن دار دەکرۆژن، تەواو پەشۆکام، قەڵەمی دەست وپێم شکا. خەریک بوو لە دووکەڵا دەخنکام، چاوم نەدەبینا، وەکو کوێرم لێهاتبوو، چەند چرکەیەکی دوورو درێژم بەوحاڵەوە لێ تێپەڕی. لەو کاتەدا ڕوخسارێکی زەرد بە ڕدێنێکی سوورەوە، لەبەر پەنجەرە چکۆلە

هەواکێشەکەی سەرووی پلیکانەکانەوە، ڕوانییە ژوورەوە، نێوچاوانی تێکنا، لەناکاوا ون بوو، زۆری نەبرد سەربانەکەش گڕی گرت.

لەبیرمە وام هەستدەکرد، کە قژم قرچەقرچ دەسووتێ و بۆ کڕوزی دەگاتە ئاسمان، جگەلە دەنگی ئەو قرچەقرچە، گوێم لە هیچ دەنگێکی دی نەبوو. لەدڵی خۆدا دەمگوت تەواو تازە تیاچووم، لاقم قورس بوون، چاوەکانم، هەرچەندە بەدەست دامپۆشی بوون هاتنەژان.

ئیدی غەریزەی مان وژیان فریام کەوت، ڕێی ڕزگاربوونی نیشاندام. ئیدی بەهەر دوودەست پڕم دایە هەرشتێکی شێدار، بالیفەکەم ویاتاغەکەم و ڕستێک لفکەم هەڵگرت و پۆستینەکەی روماسم لەسەروچاوی خۆمەوە ئالاند و لە پەنجەرەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە.

کە چاوم کردەوە، خۆم لە قەراخ شیوەڵەکەدا بینییەوە! روماس بەدیارمەوە هەڵتروشکابوو، هاواری دەکرد: - شوکر سەلامەتی؟

هەستام، حایر وحەپەساو دەمڕوانیە ماڵەکەمان کەلە ئاگرەکەدا دەتوایەوە. لە کڵپە وبڵێسەی ئاگر بترازێ هیچی دی دیار نەبوو، بڵێسەی ئاگر زەویە ڕەشەکەی دەلستەوە. دووکەڵێکی خەست و ڕەش لە پەنجەرەکانەوە دەردەچوو، کڵپەی ئاگر لەسەربانەوە دەچوو بە ئاسماندا. خوخول هاواری دەکرد:- ها، چۆنی خۆ سەلامەتی؟

دەم وچاوی لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، لە دووکەڵ وتەنیدا ڕەش بووبوو، ئارەقە زەنگوڵ زەنگوڵ وەکو فرمێسکی ڕەش بە ڕوومەتیا دەهاتە خوارەوە چاوەکانی پەیتاپەیتا بەترس وگومانەوە دەتروکان. پوشکە وتوێکڵە داران بە ڕدێنیەوە هاتبووە خوارەوە. کە ئەوم بینی شادییەکی ڕوح ئەنگێز سەراپای داگرتم، ئوخژنێکی سەیرم لەدڵ و دەروون گەڕا، هەستم بە ورە بەرزییەکی زۆر کرد. ئەوسا پێی چەپم دایە ئازارێکی بەترەف. کەوتمە سەر ئەرزەکە و بە خوخولم گوت:

- پێم لە جێ چووە!

بەئەسپایی دەستێکی بە پێمدا هێنا، پاشان لە ناغافڵا بەتووندی ڕایکێشا. ئازارێکی تووندم هاتێ. لێ دوای چەند خولەکێک، لەکاتێکا لە خۆشیدا لە پێستی خۆم نەدەهێوریم، بە شەلەشەل وگوێ بەگوێی ئەوان کەوتمە گواستنەوەی ئەو شتانەی لە

ئاگرەکەمان دەرباز کردبوون، بۆ گەرماوەکەی خۆمان! روماس سەبیلەکەی بەدەمەوە گرتبوو و بە خۆشحاڵییەوە گوتی:

- وەختایەک بەرمیلەکە تەقییەوە وپریشکی نەوتەکە گەییە سەربان ئیدی من تەواو نەترەم بەردا و دڵنیابووم کە تەواو دەسووتێی، ئاگرەکە لەوەدا نەبوو، وەکو کۆڵەکە دەچوو بە ئاسمانا، گەییە سەربان، دەتگوت چەترە و لەسەربان هەڵدراوە. خانووەکە سەراپا لە گڕ و بڵێسەدا نقوم بوو. لە دڵی خۆدا گوتم: " تازە تەواو، جارێکی دی ماکسیموفیچ نابینمەوە!"

وەکو هەمیشە ئارام بوو، بەکاوەخۆ ئەو شتانەی کە دەربازی کردبوون، لەسەر یەکی دادەنان. ئاوڕی لە ئەکسینیا، کەلە دووکەڵ و تەنیا ڕەش ولە ترسا پەرێشان بووبوو، دایەوە وگوتی:- تۆ لێرە دانیشە و ئاگات لەم شتانەبێ کە نەیدزن! من دەڕۆم ئاگرەکە دەکوژێنمەوە..

هەندێک کاغەزی سپی، لەناو دووکەڵەکەوە، بەسەر شیوەڵەکەوەو بەدەم بایەکەوە سەمایان دەکرد. روماس گوتی:

- سەد حەیف ومخابن بۆ ئەم کتێبانە! بەڕاستی شەرمەزاریە! چەند ئەم کتێبانەم لەلا ئازیز بوون..

چوار خانوو ئاگریان گرتبوو. بای نەدەهات، پێدەچوو ئاگرەکەش پەلەی نەبێت، کڵپە وبڵێسەی ئاگر، بەکاوەخۆ بەڕاست و بەچەپا بڵاو دەبووەوە ودەگەییە ماڵە دراوسێکان و وەکو شانەیەکی ئاگرین پووشی وشکی سەربانە گڵێنەکانی شانە دەکرد وبە قامکی ئاگرین دیوارە تەختە و پەرژینەکانی لێکدی دادەبڕی. قرچەقرچی سووتان دەگەییە گوێ. گڕ لەنێو دووکەڵەکەوە بەرز دەبووەوەو دەڕژایە سەر ئەرزەکە. داروبەردی دەسووتان و خەڵکی، جووتیاران و ژنان، بێهودە بەم لاوبەو لادا لە هەول وهەڵپەدا بوون، هەرکەسە ولە خەمی ماڵ وناوماڵی خۆیدا بوو، هاواریان دەکرد:- ئاو، کوا، خێرا ئاو فریا بخەن!

ئاوەکە دوور بوو، دەبوایە ئاو لە ڕووباری ڤولگاوە بێنن.. روماس بەپەلە جارێ ئاسینی ئەم و جارێ بەرۆکی ئەوی ڕادەکێشا و هەرچۆنێ بوو پیاوەکانی کۆکردەوە، کردنی بەدوو بەشەوە، هەربەشێکی ناردن بۆ لایەکی شەواتە گەورە وبێ ئامانەکە، تا پەرژین و کەپرەکان بڕوخێنن و دووری بخەنەوە، بۆئەوەی ئاگرەکە تەشەنە نەکات و

نەتەنێتەوە. خەڵکەکە بەگوێیان کردو هەوڵێکی ئاقلانە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە درا کە گومانی تیا نەبوو، هەموو کوچە وکۆڵانەکە وماڵە دراوسێکانی دەگرتەوە. بەڵام خەڵکەکە زۆر بەنەبەدڵی دەجووڵانەوە، وەکو ئەوەی ئەم شەڕە شەڕی ئەوان نەبێ و بە تۆپزی ئەم بێگارەیان پێبکەن، زۆر بەخاوی و سستی، وەکو ئەوەی هیچ ئومێدێکیان بەسەرکەوتنی هەوڵەکەی خۆیان نەبێت، کاریان دەکرد.

من زۆر دڵم خۆش بوو، هەستم دەکرد لە هەموو کاتێ ورەبەرزتر و بەهێزترم. لەو سەری شەقامەکەوە چەند کەسێکی کەم لە دەوڵەمەندانی گوند کە کوێخا وکوزمینشیان لەگەڵدا بوو، وەستابوون و بەشداری ئەم کارە بە کۆمەڵەیان نەدەکرد، زەق زەق تەمەشای خەڵکەکەیان دەکرد، بەدەم قسانەوە دەست ودار عاساکانیان ڕادەوەشاند، کەم وزۆر خۆیان نەدەرەنجاند کە بەشدارییەک لە تەمراندنی ئاگرەکە بکەن. ئیدی جووتیاران، بەسواری ئەسپ، بەچوار ناڵە، لەدەشت و کێڵگەکانەوە، بە هەڵتەک هەڵتەک بۆ گوند دەگەڕانەوەو ژنان بە گریانەوە دەچوونە پێشوازیان و منداڵان بە ڕاکردن و هەرا وزەناوە لەوناوە دەخولانەوە.

ئاگر گەییە ماڵێکی دی. دەبوایە بەپەلە دیواری ئاغەڵەکە، کە لە دار وتەختەی ئەستوور وقەبە دروستکرابوو، بڕوخێنرێت، ئیدی بە تەواوەتی ئاگری گرتبوو. جووتیارەکان بە تەوران بەربوونە کۆڵەکە دارەکانی ئەم دیوارە تا هەڵیان بڕن و دووریان بخەنەوە، بەڵام بڵێسەی ئاگرەکە دەرەتانی نەدەدان و پزیسکی ئاگرەکە بەر کراسەکانیان دەکەوت، ناچار دوور دەکەوتنەوەو کراسەکانی خۆیان دەکوژاندەوە. خوخول، هاواری دەکرد:- مەترسن!

کەس بە هاواریەوە نەدەهات، پڕی دایە کڵاوی یەکێکیان و لە سەری ئەوی ڕا ڕفاند وکردیە سەری من وگوتی: - تۆ لەو سەرەوە بیبڕەوەو منیش لەم سەرەوە دەست پێدەکەم!

من یەک دوو کۆڵەکەم بە تەور بڕییەوەو دیوارەکە لەق بوو. خۆم بەدیوارەکەدا هەڵواسی، خوخول لە خوارەوە لاقی ڕاکێشام، دیوارەکە هەرەسی هێنا و بەسەرما ڕوخا و خەریک بوو لە ژێریدا بخنکێم. ئیدی جووتیارەکان بلەز دیوارە تەختەکەیان بە ڕاکێشان بۆ دەرەوە برد. روماس لێی پرسیم:- هیچ شوێنێکت نەسووتا؟

دڵسۆزی و هاوخەمی ئەم پیاوە بۆمن زۆر دڵخۆشی کردم، ورەی بەرز کردمەوە، حەزم دەکرد، خزمەتێکی شایستەی ئەم پیاوە بکەم کە زۆرم لەلا خۆشەویست بوو.. بۆیە بەوپەڕی تواناوە هەوڵم دەدا، تا شایستەی ستایشی ئەوبم! هێشتا پەڕەی کتێبەکانمان وەکو کۆتری سپی، بەناو دووکەڵەکەدا دەخولانەوە.

هەرچۆنێ بوو، توانیمان ئاگر وشەواتی دەستەڕاست بکوژێنینەوە و نەیەڵین لەوە زیاتر بتەنێتەوە و بۆشوێنی دی سیرایەت بکات. بەڵام شەواتەکەی دەستەچەپ، زیاتر تەشەنەی کرد، گەییە ماڵی دیەم. روماس چەند جووتیارێکی، لەدەستی ڕاستا هێشتەوە تا ئاگادار بن نەبا ئەم ئەژدیها سوورە لە سووچێکەوە سەر هەڵبداتەوە. ئەوانی دیکەی بردن بۆدەستی چەپ. لەکاتێکا بەهەشتاو بەلای گروپە دەوڵەمەندەکەدا تێدەپەڕین، گوێم لەدەنگی شوومی کەسێک بوو کە دەیگوت:- خۆیان ئاگریان تێ بەرداوە!

دووکاندارەکە گوتی:- پێویستە چاوێک بەناو گەرماوەکەیدا بگێڕدرێ!

ئەو قسە ناخۆشانە لە یادگەمدا نەخش بوون.

هەڵبەتە هەموو کەسێک دەزانێ کە هەڵچوون، بەتایبەتی هەڵچوونی شادی، جۆش وخرۆشی زیاتر، گوڕ وتینی پتر بە مرۆڤ دەدات، ئیدی من بەدەم جۆش وخرۆشەوە، بەوپەڕی فیداکارییەوە، هەوڵم دەدا. وام لێهات لە پەلوپۆ کەوتم. زۆرچاک لەبیرمە دانیشتم، لەسەر ئەرزەکە ڕۆنیشتم و پشتم بە شتێکی گەرمەوە دا، روماس بەسەتڵ ئاوی پێدا دەکردم و جووتیارەکانی دەوروبەرمان بە ڕێزەوە لەبن لێوانەوە دەیانگوت:- کە کوڕێکی بەهێزە!

- بە ڕاستی دڵسۆز ومشورخۆرە!

سەرم نا بەلاقی روماسەوە، بەشەرمەوە دەستم بەگریان کرد، ئەویش دەستی بەسەرە تەڕەکەما هێنا وبە نەوازشەوە گوتی: - بەسە مەگری، پشوو بدە، با نەفەسێکت وەبەر بێتەوە!

کوکوشکین وبارینوف، وەکو تونچی، لە دووکەڵ و تەنیدا ڕەش هەڵگەڕابوون و لەوپەڕی بێ حاڵیدا بوون، هەڵیان گرتم و بۆ قەراخ ڕوبارەکەیان بردم، کەوتە دڵدانەوەنم ودەیانگوت:

- تەواو براله، تەواو، هەموو شتێک بڕایەوە، گوێ مەدەیە.

- چییە، ترسایت؟

هێشتا لەوێندەر پاڵکەوتبووم، بەتەواوەتی وەخۆ نەهاتبوومەوە، سەیرم کرد نزیکەی دە کەسێک لە جووتیارە دەوڵەمەندەکان بە شیوەڵەکەدا نشێو دەبنەوەو بەرەو گەرماوەکەی مە دەڕۆن، کوێخا لەپێش هەموویانەوە ڕێی دەکرد. دوو پۆلیس هەر دووباڵی روماسیان گرتبوو، دەیانهێنا. کڵاوەکەی لەسەر نەبوو، قۆڵێکی کراسە تەڕەکەی دڕابوو، سەبیلەکەی بەدەمیەوە بوو، چارەی گرژ ومۆن بوو. کوستینی کۆنە سەرباز، دارێکی بەدەستەوە بوو و شێتانە بایەدا و هاواریدەکرد:

- ئەو کافری بیدعەتچییە بسووتێنن، بیخەنە ئاگرەکەوە!

یەکێک ئەمری پێکرد: - دەرکی گەرماوەکە بکەوە..

روماس، بەدەنگی بەرز گوتی:- کلیلەکەیم ون کردووە، قفڵەکەی بشکێنن.

بەرزەپێ هەستام. دارێکم لە ئەرزەکە هەڵگرت، بە هەشتاو چووم لەلای روماسەوە وەستام. پاسەوانەکان کەمێک سڵەمینەوەو لێی دوورکەوتنەوە. کوێخاکە بەدەنگێکی ترساوەوە هاواریکرد:

- هاودینان! نەکەن قفڵەکە بشکێنن! یاسا ڕێی ئەوەمان نادات.. ئەوە کارێکی نەشیاوە!

کوزمین، ئاماژەی بۆلای من کرد وگوتی:- ئەمە کێیە؟

روماس، ڕوو لەمن گوتی:- ماکسیموفیچ، ئارامت بێ. ئەمانە وا دەزانن من کەلوپەل و کاڵاکانم لە گەرماوەکەدا تاقەت کردووەو بە ئانقەست ئاگرم لە دووکانەکە بەرداوە.

- نەخێر، هەردووکتان بە دوو قۆڵی ئاگرتان تێبەرداوە.

- ئادەی قفڵەکە بشکێنن!

- هاودینان نەکەن..

- خۆمان بەرپرسیارین!

روماس، بە ئەسپایی پێی گوتم:- پشت بنە بەپشتی منەوە، نەبا لە پشتەوە زەفەر بێنن و لێمان بدەن.

قفڵەکەیان شکاند. چەند جووتیارێک بە کەڕەتێ خۆیان بە گەرماوەکەدا کرد، بەڵام زۆر زوو هاتنە دەرەوە. ئەو هەلەم قۆستەوە، دارەکەی خۆم دایە دەست روماس و خۆم دارێکی دیکەم لە سەر ئەرزەکە هەڵگرت.

- هیچی لێ نییە...

- هەر هیچ هیچ؟

- کە زۆڵن!

یەکێک بە تەریقی و شەرمەوە گوتی:- کوڕینە، ئەمە نەهەقیە، ئێمە هەڵەین..

چەند کەسێک، وەکو سەرخۆشان هاڕوژان و بەیەک دەنگ گوتیان:

- مەبەستت لە ڕستەی ئێمە هەڵەین، چییە؟

- بیانخەنە ئاگرەوە! بیان سووتێنن!

- فیتنە و ئاژاوەچین!

- دەزگای هەرەوەزی دادەمەزرێنن!

- دزن، باندی دزییان هەیە!

روماس، بەدەنگی بەرز، هاواری بەسەر حەشاماتەکەدا کرد:

- بێدەنگ! بەچاوی خۆتان بینیتان کە هیچمان لە گەرماوەکەدا نەشاردووەتەوە، ئیدی چیتان لێمان دەوێت، هەموو شتەکان سووتان و تەنیا ئەو تۆزەمان بۆ دەرچووە کەبەچاوی خۆتان دەی بینن، ئاخر من چ سوودێک لەوە دەبینم کەبەدەستی خۆم ئاگر لەماڵی خۆم بەربدەم؟

- ماڵەکەت بیمە کراوە، قەرەبووت دەکەنەوە.

دە دەنگ بە کەڕەتێ، بە ڕاوێژێکی توند کەوتنە هاوار:

- بۆ گوێ لەوانە دەگرن، چاوەڕێی چین؟

- تەواو، سەبرمان سوا!.

لاقم کەوتنە لەرزین، بەرچاوم تاریک بوو، لەنێو تەمێکی سووربـاوەوە چارەی هۆڤیانەی ئەوانم بەدی کرد کە دەمیان داچەقاندبوو. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد بە تێڵاوە تێیان بکەوم وحەسیر مەیدانێکی باشیان بکەم، زۆر بەزەحمەت خۆم زەوت کرد. ئەوان بەدەم هاوارەوە، بەدەورماندا دەهاتن و دەچوون. دەیانگوت: - تۆ تەمەشا تەمەشا، داریان لێهەڵگرتووین..

هەستم کرد خوخول، بزەی هاتێ، گوتی:

- وادیارە ئەمانە ڕدێنی من دەسکەنە دەکەن، تۆش بە سەلامەتی دەرباز نابیت، لێدان دەخۆیت، بەداخەوەم. بەڵام ماکسیموفیچ ئاگاداربە هەڵنەچیت.

- تەمەشای بچکۆل بکەن، خۆ تەوری پێیە!..

دروستە من تەورێکی دارتاشیم بەبەر پشتێنەکەمەوە بوو، بەڵام هەر لەبیریشم نەمابوو.

روماس گوتی:- پێدەچێ بترسن، بەڵام ئەگەر پەلاماریان دایت ئەو تەورە بەکار نەهێنیت..

جووتیارێکی بچووکی لەنگ کەمن نەمدەناسی، بە هەڵقون هەڵقونێکی کۆمیدییەوە، بەهەموو هێزی خۆیەوە دەینەڕاند: - بیاندەنە بەر دوورە بەرد، بۆ حەوت بابیان تەمبێیان بکەن!

پارچە خشتێکی هەڵگرت وبەتووندی خێواندمێ، ڕێک بەر سکم کەوت، زۆری ئێشاندم. بەرلەوەی من وەڵام بدەمەوە، کوکوشکین لە سەرێ ڕا، پەلاماری دا، هەردووکیان بەدەم شەڕەوە، بەرەو قووڵایی شیوەڵەکە تل بوونەوە. ئەوجا پانکوف وبارینوف ودە جووتیاری دی بەغار بەرەولای ئێمە هاتن. کوزمین یەکسەر، ژێوان بووەوەو زیرەکانە گوتی:

- میخائیل ئانتونوفیچ، تۆ پیاوێکی بە ئاوەزی. تۆخۆت دەزانی کە ئاگر جووتیار شێت وهار دەکات، ئەقڵی لەلا ناهێڵێت..

روماس گوتی:- ماکسیموفیچ، با بڕۆین بۆ گوێ ڕووبارەکە لەوێ لە کافەکە چا دەخۆینەوە.

ئەوجا سەبیلەکەی لەدەمی دەرهێنا، تەکاندی و خستیە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە. ئەوسا شەکەت و ماندوو، خۆی بەسەر دارەکەی دەستیا دا وبە لەقەلەق بەقەراخ شیوەڵەکەدا کەوتەڕێ. وەختایەک کوزمین گەییە ئاستی و ویستی هەندێ شتی پێ بڵێت، روماس بێئەوەی سەری هەڵبڕێ و تەمەشای بکات، گوتی: - هەیدێ گومبە لەبەرچاوم، کەر پیاو!

ئیدی خەرمانێک ئاگر وپشکۆ وخۆڵەمێش لە جێی خانووەکەمان بەرز بووەوە، کە بایەکە لێی دەدا، لە دوورەوە زەرد دەچووەوە. دووکەڵکێشی کوورەی مووبەقەکە، لە نێو ئەم پەنگرو ئاگرەوە، بەسەلامەتی دەرچووبوو، هیچی لێنەهاتبوو. تەنکە دووکەڵێکی شینی لێ بەرز دەبووەوەو دەچوو بە ئاسمانا. تەلی قەرەوێڵەکان، سوور بووبوونەوە، کرژ بووبوونەوەو وەکو قاچی جاڵجاڵۆکە هەریەکێکیان ڕووی لە جێیەک کردبوو.. هەر دوو لاشیپانەی دەروازەکە، کە بووبوون بە خەڵووز، لەجێی خۆیان وەکو دوو پاسەوانی ڕەش ڕاوەستابوون، یەکێکیان هێشتا پشکۆی بەسەرەوە بوو کە بایەکە لێی دەدا، دەگەشایەوە و وەکو شەپقەیەکی سوور دەینواند.

روماس ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:- حەیفێ، هەموو کتێبەکانیش سووتان!

منداڵان لەنێو پاشماوەی شەواتەکەدا گەمەیان دەکرد، سەر وداریان بەدەستەوە بوو، پاشماوەی پشکۆکان وشتی دیکەیان، لەناو حەوشەکانەوە بۆسەر جادەکە ڕادەدا، کە ئەو پشکۆ وشتانە دەکەوتنە ئاوی سەرجادەکەوە، چزەیان لێ هەڵدەستا و دووکەڵێکی سپیواژی کەسکونیان لێ بەرز دەبووەوە. منداڵێکی قژزەردی چاوشین، کە تەمەنی هەر پێنج ساڵ دەبوو لە نێو گۆلاوێکی ڕەشدا دانیشتبوو وبەدارێک لەبنی سەتڵێکی شکاوی دەدا و بە وردی گوێی لە ڕیتمی لێدانەکەی خۆی دەگرت و لەزەتی لێدەبینی.

خەڵکانێکی ماڵ سووتاو و، پەست و خەمبار بە نێو دار وپەردووە سووتاوەکاندا دەسووڕانەوە و ئەو کەل وپەلانەیان کۆدەکردەوە کەلە سووتان خەلەسی بوون. ژنان دەگریان ولەسەر پارچەدارێکی نیوە سووتاو بە گژ یەکدا دەچوون وجنێویان بەیەکدی دەدا.

قەدەرێ دوورتر لێرە، لە باخەکاندا، دار ودرەختەکان وەکو خۆیان مابوونەوە.. هەندێک لەم درەختانە، بەهۆی شالاوی ئاگرەکەوە، گەلاکانیان زەرد هەڵگەڕابوون وهەڵکوڕوزابوون، ئیدی سێوە سوورەکان، سوورتر وگەییوتر دەهاتنە بەرچاو.

ئێمە گەیینە کەنار ڕوبارەکە، سەروچاوی خۆمان شۆرد، ئەوجا چووین بۆ کافەکە و بەبێدەنگی دەستمان بە چا خواردنەوە کرد. ئەنجام روماس هاتەقسان وگوتی:- بەهەرحاڵ، ورگ زلەکان هەم سێوەکانیان لە کیس چوو و هەم شەڕەکەشیان دۆڕاند.

پانکوف، هات بۆلای مە، لەهەموو کاتێ مەندتر ونەرمتر بوو. خوخول، لێی پرسی:- برادەر، خەبەر وباست؟

پانکوف، بە خەمساردییەوە، شانی هەڵتەکاند وگوتی: - خانووەکەی من بیمەیە.

هەردووکیان بێدەنگ بوون، وەکو ئەوەی یەکدی نەناسن، مودەتێک بەسەرسامی ڕوانیانە یەکدی. ئەنجام پانکوف پرسی:- میخائیلو ئانتوانوفیچ بەتەمای لەمەودوا چ بکەیت؟

- هێشتا بڕیارم نەداوە چ بکەم، بیری لێدەکەمەوە.

- پێموایە لێرە باربکەی باشترە.

- بابزانم، بیرێکی لێدەکەمەوە.

پانکوف گوتی:- من نەخشەیەکم کێشاوە، با بڕۆینەدەرێ و لەشوێنێکا باسی بکەین.

پانکوف، لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا، ئاوڕی لەمن دایەوە وگوتی:- بچکۆل تۆ کوڕێکی ئازا و بەغیرەتی، دەتوانی لێرە بژیت. خەڵکەکە لێت دەترسن..

منیش، دوای ئەوان لە کافەکە وەدەرکەوتم. لە کەناری ڕوبارەکە و لە سێبەری هەندێک دەوەنا ڕاکشام، تەمەشای ڕوبارەکەم دەکرد. هەرچەندە کات درەنگ بوو، دەمەو خۆرئاوا بوو، بەڵام دنیا هەر گەرم بوو. ئەوەی لەم گوندەدا بەسەر من هاتبوو و بەشێک لە ژیانی پێک دەهێنام، وەکو تۆمارێکی دوورودرێژ لەبەرچاوما کرایەوە. دەتگوت ئەم سەربهورد و ماجەرایە بەزەیت لەسەر ڕووی ڕوبارە پان و بەرینەکە نەخشێنراوە. دڵم زۆر تەنگ و خەمین بوو، شەکەت و ماندوو بووم. زۆری پێنەچوو خەوێکی قووڵ بردمیەوە.

بەدەم خەوەوە گوێم لە دەنگێک بوو کە بێداری دەکردمەوە ودەیگوت: - ڕابە، هولو.. دەڵێی مردووە!

هەستم دەکرد، یەکێک ڕام دەوەشێنێ و دەیەوێ بۆ شوێنێکم ببات.

- ئەوە چییە، مردووی؟ خۆ نەمردووی، ڕابە!

لەوبەری ڕووبارەکەوە، مانگ هەڵاتبوو، تریفە سوورباوەکەی بەسەر دەشت و دەر و کێڵگەکانا پەخش بووبووەوە. گەورە، بەئەندازەی چەرخی عەرەبانەیەک دەبوو. بارینوف بەدیارمەوە هەڵتروشکابوو. پەیتاپەیتا ڕایدەوەشاندم و دەیگوت:

- هەستە، خوخول لەتۆ دەگەڕێ، نیگەرانی تۆیە.

هەستام، کە کەوتینەڕێ، دووم کەوت، لەبن لێوانەوە دەیگوت:

- ئەمە کاری کردەنی نییە، خۆنابێ گەییتە هەرشوێنێ، ڕاست لێی بخەوی! خۆ ئەگەر یەکێک لەسەر کەنارەکەوە تێپەڕێ و پێی لەبەردێ هەڵنووتا ڕێک دەکەوێ بەسەر تۆدا و پان وپلیشت دەکاتەوە. خۆ هیچ دووریش نییە بە ئانقەست بەردێکت بەسەرا خل بکەنەوە! ئەمانە ئامانیان نییە، گاڵتە نازانن.. زۆر کینە لە دڵن.. جگەلە کینە و لە تۆڵە هیچی تریان لە زەینا نییە..

یەکێک لەنێو دەوەنەکانی کەنار ڕووبارەکەوە بە ئەسپایی دەجووڵا. لق وپۆی دار ودەوەنەکان دەجووڵانەوە. دەنگە زوڵاڵەکەی میگوون، لە گوێما زرینگایەوە کە پرسی:- دۆزیتەوە؟

بارینوف وەڵامی دایەوە وگوتی: - هێنام! ساغ وسەلامەتە!

ماوەیەک بەبێدەنگی ڕێمان کرد. بارینوف ئاهێکی هەڵکێشا وگوتی:

- میگوونیش ژیانی ناخۆشە.. بەتەمای ماسی دزینە.

روماس، بە تووڕەیی کەوتە سەرزەنشت کردنم وگوتی:

- ئەوە تۆ لەکوێی؟ نابێ ئاگات لەخۆبێ! دەتەوێ مار ئەنجنت بکەن، بتکوژن؟

پاشان کە بارینوف ڕۆیی وهەر هەردووکمان ماینەوە، بەڕاوێژێکی خەمناک وهێدی گوتی:

- پانکوف حەزدەکات لەگەڵ ئەودا بمێنیتەوە. بەنیازە دووکانێک بکاتەوە. من ئەمە بەباش نازانم.. من هەرچی کەل وپەلێکم بۆ دەرچووبوو، هەموویم بەو فرۆشت. بەتەمام بۆ ڤیاتکا بڕۆم، هەرکە لەوێ گیرسامەوە، جوابت لێدەگێڕمەوە کە بێی بۆلام. دەتوانی بێی بۆلام. ئامادەی؟

- بابزانم، بیرێکی لێدەکەمەوە.

- چاکە، بیری لێبکەوە.

لەسەر ئەرزەکە پاڵکەوت، یەک دوو تلی دا و لە جووڵە کەوت. من لەبەر پەنجەرەکە دانیشتم و تەمەشای ڤولگام دەکرد. ڕەنگدانەوەی تریفەی مانگەکە بەسەر ئاوەکەوە، بڵێسەی شەواتەکەی وەبیر دێنامەوە. لەوبەری ڕوبارەکەوە، لە دووری دوورەوە پاپۆڕێک دەجوولاّ، پەروانەکانی بەتووندی دەیاندا بە ئاوەکەدا. سێ چرای پێشەوەی ئەم پاپۆڕە شەوقیان دەدایەوە، دنیایان دەکرد بە چراخان، هەندێجار ئەوەندە بەرزدەبوونەوە خۆیان لە ئەستێرەکان هەڵدەسوو، بەری پرشنگی ئەستێرەکانیان دەگرت.

روماس، بە ڕاوێژێکی خەواڵووەوە گوتی:

- ڕقت لەو جووتیارانە هەستا؟ ڕقت لێیان نەبێ، پێویست ناکات. ئەمانە کەرن. ڕق وکینە، شێوەیەکە لە شێوەکانی کەرێتی.

ئەو قسانە، هیچ دڵخۆشیەکیان نەدامەوە، دڵیان پاک نەدەکردمەوە، هەستم بە سووکایەتیەکی توند دەکرد. دەم وقەپۆزە تووکنەکانیانم وەبیر دەهاتەوە، کە دڕندەئاسا هاواریان دەکرد:

- دوورکەونەوە، بەردبارانیان بکەن!

ئەوکاتە، هێشتا نەمدەزانی، ئەو شتانە لەزەینی خۆدا بسڕمەوە، کە پێویست نەبوو، لەیادگەمدا هەڵیان بگرم: بەجوانی ئەوەم دەبینی، ئەم خەڵکانە ئەگەر بەتاک تاک وەریان بگری و هەڵسەنگاندنیان بۆبکەیت، زۆر ڕکونی وبوغزن نین، خۆ هەندێکیان بە

هیچ جۆرێ ڕق وکینەیان لەدڵدا نییە. ئەمانە لە ڕاستیا، لە ناخی خۆیاندا، کۆمەڵێک ئاژەڵی بێوەین و دەکرێ هەر یەکێکیان بە ئاسانی وەکو منداڵ بهێنرێتە پێکەنین، یان بە دڵ وبەگیانێکی مندالانە، گوێ لەو حیکایەتانە بگرن کە باسی بەختەوەری وشادمانی وقارەمانیەتی ومروەت وجوامێری دەکەن.. هەرهەموویان لە ناخا بەئاواتی ژیانێکی خۆشتر و ئازادانەترەوە دەژیان..

بەلام ئەمانە کە لە کۆڕ ومەجلیسی گوندەکەیان یان لە کافەیەکی کەنار ڕوبارەکەدا، یەکانگیر دەبوون، ئیدی دەستبەرداری هەموو خەسڵەت و ڕەوشتێکی چاکی خۆیان دەبوون و وەکو قەشان، جبەی درۆ وڕیایان دەپۆشی وخۆیان دەنواند. زۆریان حەزدەکرد مەرایی وڕووپامایی بۆ زۆردارانی گوندەکەیان بکەن، کلکە سووتێیان بۆبکەن و دڵیان ڕابگرن. پیاو کەبەو ڕەوشە سەگ سیفەتیەوە تەمەشای دەکردن قێزی لێنا دەبووەوە، ڕقی لێیان دەبووەوە.. لەپڕێکا گیانی گورگایەتی بەسەریاندا زاڵ دەبوو، ددانیان لێکدی چیر دەکردەوە، بەڕووی یەکدا هەڵدەشاخین و بە سەر یەکدا دەیان لوراند ولەسەر هەرشتێکی سادە و توڕەهات ئامادەبوون بە یەکدا بدەن.. لەو کاتانەدا دڕندایەتیان سەری دەکرد، زۆر ترسناک دەبوون. ئامادەبوون، ئەو کلێسایەی کە دوێنێ وەکو چۆن مەڕ بە ملکەچی وبێدەنگی دەچێتە ئاغەڵی خۆیەوە، بەو ئاوایە بۆی چووبوون و نوێژیان تیا کردبوو، لەبن وبناغەوە وێرانی بکەن. ئەمانە شاعیران وحیکایەتخوانی بەهرەداریشیان هەبوو. کەس خۆشی نەدەویستن. بووبوون بە گەپجاڕی خەڵکی گوندەکە. ئەم بەلەنگاز و داماوانە بێ یار ویاوەر، بە مەلوولی وزەلیلی دەژیان.

من نەمدەتوانی لەنێو ئەم چەشنە خەڵکەدا بژیم. ئەو ڕۆژەی کەلە روماس جیابوومەوە، هەرچی تالاوێکم لەنێو ئەم خەڵکەدا چەشتبوو، هەرهەموویم بە ڕاشکاوی بۆ گێڕایەوە.

روماس، بە گلەییەوە گوتی:- ئەمە بڕیار و ئەنجامگیرییەکی لەز وپێشوەختەیە. پێش داوەرییە.

- ئێ باشە، من چی بکەم، خەتام چییە ئەگەر ئەم قەناعەتەم لەلا دروست بووبێ و لە مێشکمدا چەسپی بێ؟

- ئەمە قەناعەت و ئەنجامگیرییەکی دروست نییە، هەڵەیە، بێ بنج وبناوانە.

ماوەیەکی زۆر بە هێمنی ودۆستانە قسەی بۆکردم. هەوڵی دەدا قەناعەتم پێ بێنێت کەمن هەڵەم و بۆچوون و قەناعەت و بڕیارەکانم هەڵەن. گوتی:

- لەهیچ بڕیارێکدا پەلە مەکە! لە هیچ شتێکا پێشداوەری مەکە.. ڕەخنە و ئیرادگرتن زۆر ئاسانە، هەمووکەس پێی دەوێرێت، هەرگیز مەفتونی تۆمەت و سەرزەنشت وئیرادگرتن مەبە. بەکاوەخۆ، بە خوێنساردی بەرخورد و مامەڵە دەگەڵ هەموو شتێکی دەوروبەری خۆتدا بکە. هەمیشە ئەوەت لەبیربێ کە هیچ شتێک وەکو خۆی نامێنێت، دەگۆڕێ، لەگۆڕانی بەردەوامدایە. بەخاوی دەگۆڕێ؟ ئەمە دروستە، بەڵام کە گۆڕا، باش دەگۆڕێ، بناغەیەکی پتەو پەیدا دەکات.. هەوڵ بدە بەچاوی خۆت شتەکان بدینی، بەخۆت شتەکان بجەڕبێنی. لە بیرکردنەوەدا ئازابە.. لە هیچ بیرو ئەندێشەیەک مەترسە، بەڵام.. لە بڕیاردانا، لە ڕەخنە و ئیرادگرتنا، لەتۆمەت و سەرزەنشتا، پەلە مەکە. دەی سا بەدوعا برادەری ئازیزم، بەهێڤی دیداری دووبارە!

دوای پازدە ساڵ بۆجاری دووەم لە سیدیلیتز، بەدیداری یەکدی شاد بووینەوە. روماس لەم ماوەیەدا دە ساڵی دیکەی لە تاراوگەیەکی دەڤەری یاکوتستان بەسەر بردبوو، تاوانەکەی ئەوەبوو کەلە ڕێکخراوی شۆڕشگێڕانەی " مافی گەل " دا کاری کردبوو.

دوای ئەوەی ئەو لە کراسنوڤیدوڤا ڕۆیی، دڵتەنگی و بێزارییەکی قورس تێم ئاڵا. ئیدی وەکو تووتەڵە سەگێک کە خاوەنەکەی ون کردبێ بەنێو گوندا سەرگەردان دەسووڕامەوە. دەگەڵ بارینوف دا ئەم گوند وئەو گوندمان دەکرد، کرێکاری و وەرزێریمان بۆ دەرەبەگ و جووتیارانی دەوڵەمەند دەکرد. خەرمانمان دەکوتا، پەتاتە و یارئەڵماسیمان کۆدەکردەوە، باخمان پاک دەکردەوە. لەگەرماوەکەی بارینوف دا دەنووستین.

شەوێکی باراناوی بارینوف لێی پرسیم: ئەلکسی ماکسیموفیچ، ئەرێ دەشێت سەردار بەبێ لەشکر بێ؟.. دەڵێی چی سبەینێ سەری خۆ هەڵگرین وبڕۆین بۆسەر دەریا؟ ها؟ چبکەین لێرە، بەدیار چییەوە دانیشین! لێرە کەس خۆشی بە چارەماندا نایەت! خوا دەزانێ چییان لەژێر سەردایە، هەربینا، ڕۆژێک بەسەرخۆشی دایان بەسەرمانا و خەشی خۆیان پێمان ڕشت..

بارینوف، زۆرجاری دیکەش هەمان پێشنیازی بۆ کردبووم. ئەویش دڵتەنگ وبێزار بوو، دەستەکانی، مەیموون ئاسا سست وبێ هێز شۆڕ بووبوونەوە. وەکو کەسێک لە لێرەواردا گوم بووبێت، بە خەمباری دەیڕوانیە هەر چوارنکالی خۆی.

بارانەکە خرمەخرم لە پەنجەرەکەی دەدا. ئاو جۆگەلەی دەبەست و بە شیوەڵەکەدا دادەگەڕا و بە سووچێکی گەرماوەکەدا دەڕژا. بروسکەی ڕەنگ زەردی ئاخر وئۆخری پاییز، بە ئاستەم ئاسمانی ڕوناک دەکردەوە. بارینوف، جارێکی دی بە ئەسپایی پرسییەوە:- چ دەڵێی؟ سبەی بڕۆین؟

ڕۆیشتین.

***

سەفەری شەوی پاییز بە ڤولگادا زۆر خۆشە، لە تاریف نایەت! لەبەشی دواوەی کەشتیە بارییەکە، لەنزیکی کەشتیەوانەکەوە دانیشتم ، کابرایەکی دێوئاسای کەللە زەلامی قژن بوو. بە هەنگاوی قورس و بە تەپە تەپ بەسەر کەشتیەکەدا دەڕۆیی و هەر هانکەهانک و ئاخ وئۆفی بوو.

- ئو، ئو، ئووپ!... ئو، روو، وو!

پیرە کەشتی کەوتەڕێ، ئاوەکە سنووری نەبوو، لینج دەتگوت زفتە، وەکو ئاورێشم دەدرەوشایەوە، بە ئەسپایی وبەنەرمی خۆی بەم لاوبەولای کەشتیەکەدا دەکێشا. پەڵەهەوری ڕەشی پاییزە، بە ئاسمانی ڕوبارەکەوە، بەیەکا دەچوون وبەر ئاسمانیان دەگرت، تاریکی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکا کێشابوو، کەنارواوەکان دیار نەمان، لەتۆوایە توانەوە، تاریکیەکە بە ئاستەم دەجووڵا، وا دەهاتە بەرچاو هەموو گۆی زەوی لەم تاریکیەدا تواوەتەوە و بووە بە مژ و دوومان و هەور... بەردەوام بەرەو شوێنێکی چۆڵ وهۆڵ دەڕوات کە نەمانگ و نە هەتاو و نە ستێرانی تیانییە.

لەناو جەرگەی تاریکیە نمسارەکەی بەردەممانەوە، کەشتیەکی دوور کە نەدەبینرا، بە هانکەهانک ئاوەکەی دەبڕی، دەتگوت بەگژ ئەو هێزەدا دەچێ کە بە تۆپزی بەرەو پێشەوەی ڕادەدا. سێ چرا... دووانیان ڕێک بەسەر ئاوەکەوە بوون و سێیەمیان بە بەرزییەکی بەرزەوە بوو، کە ڕێنوێنیان دەکرد... چوار فانۆسی دیکەی نزیکتر لەوانی دی، وەکو ماسی زێڕینی شەبووت لە ئاوەکەدا و لەژێر تاریکی هەورەکانەوە مەلەیان

دەکرد. یەکێک لەم فانۆسانە، فانۆسی سەر بورجی کەشتیەکەی ئێمەبوو. وام هەست دەکرد، وەکو چۆن مێشێک کەوتبێتە ناو بلْقێکی لینجی ساردەوە و، گیرۆدە بووبێ، بەو ئاوایە گرفتار بووم و بێئەوەی هیچ دەسەلاتێکم هەبێ بلْقەکە بە ئەسپایی، لە هەورازێکەوە بەرەو هەلْدێرێک خل دەبێتەوەو لەگەلْ خۆیدا دەمبات. وام هەستدەکرد، سات بە سات جوولْەی کەشتیەکە نەرمتر وخاوتر دەبێتەوەو خۆی بۆ وەستان ئامادە دەکات و زۆری پێناچێت بە یەکجاری دەوەستێت و لەگرمەگرم و تەپەتەپ دەکەوێت. سوڕانەوەی چەرخەکانی و شلْپ وهۆڕی پەڕەی پانکەکانی بەسەر ئاوەکەوە دەوەستێت.

هەموو دەنگەکان وەکو چۆن گەلای دارێک دەڕژێ بەو ئاوایە کپ دەبن و ئاوا دەبن. هەموو دەنگەکان وەکو خەتێک بە دەباشیر کێشرابێ، دەسڕێنەوەو بێدەنگی و ئارامیەکی بەسام لە هەمێزم دەگرێت.

کابرای زەلام و کەتە کە پۆستینێکی شڕۆلْەی لەبەر و کلاوێکی فەرووی لەسەربوو، و لەبەردەم سووکانەکەدا ڕاوێچکەی دەکرد، لەناکاوا وەک ئەوەی بەنج بێت، دەوەستێ، لە پرتەپرت و هانکەهانک دەوەستێ:- ئوڕڕ، ووپ، ئو، ئوڕڕ!

لێم پرسی:- ناوت چییە؟

بەدەنگێکی گڕ و بە بێزارییەوە گوتی:- ناوی منت بۆچییە؟

کاتی خۆرئاوا، وەختایەک لە قازانەوە بەڕێ کەوتین، من دیقەتی سەروچاوی ئەم پیاوەم دا، سەر وڕوخساری تووکن، هەر لە ورچ دەچوو، چاوەکانی دیار نەبوون. کەلەبەر سووکانەکەدا دانیشت، یەک بوتلْ ڤودکای کردە سوراحیەکی دارینەوەو، وەکو ئاو بخواتەوە، بەو ئاوایە بە دوو بین هەلْیدا و سێوێکی بەسەردا کرد. کە کەشتیەکە کەوتە جوولْە، سووکانەکەی گرت، سەری هەلْبڕی، چاوی بڕییە خۆرە سووربا‌وەکە وبەجدی گوتی:- خودایە بەتەمای تۆ!

کەشتیەکەی ئێمە، چوار بەلەمی گەورەی باری، لە نیژنی نوڤگورودەوە بۆ ئەستراخان ڕادەکێشا. بارەکانیان بریتی بوو، لە پلێتی ئاسن، بەرمیلی پڕ لە قەند و سەندووق وکارتۆنی قورس کەبۆ ولاتی فارس دەنێردران. پارینوف، بەنووکی پێ دەیکێشا بە سەندووقەکاندا وبۆنی دەکرد، کەمێک دەبیرەوە چوو، لەبەر خۆیەوە گوتی:

- تفەنگە، گومانی تیا نییە تفەنگە.. هی کارخانەی ئیژوفسکییە..

بەڵام کابرای زەبەلاحی سووکان بە دەست، سیخورمەیەکی تێوەژەند وگوتی:- تۆ هەقت چییە، چیت داوە لەم کارانە؟

- وابزانم..

- وابزانم، لێدانت دەوێ، ها؟

چونکە پارەمان نەبوو بە کەشتی نەفەران سەفەر بکەین، بە ڕجا وتکا و پاڕانەوە، لەڕای خوا لەسەر ئەم کەشتیە باریەدا جێیان کردبووینەوە. هەرچەندە وەکو هەموو کرێکارانی دیکەی سەر کەشتیەکە کارمان دەکرد و ئێشکمان دەگرت، بەڵام هەموویان وەکو گەدا تەمەشایان دەکردین.

پارینوف، بەتەوسەوە پێی گوتم:- تۆسەری زمان و بنی زمانت گەلە، ئەوە گەلەکەتە! کوڕ ئەو کوڕەیە سواری سەری ئەوی دی بێ! ئەگەر گەییتە لوتکە سواری دەبی، ئەگەر نەگەیشتی ئەو سواری تۆ دەبێت! بە کورتی ئەوە ژیانە!..

دنیا ئەوەندە تاریک بوو چاوچاوی نەدەبینی، تەنانەت کەشتیەکەی خۆشمان نەدەبینرا، تەنیا ترۆپکی بورجەکەی، کە فانۆسێکی پێوە هەڵواسرابوو، لە نێو مژ ودوومانەکەوە دەبینرا، تەم ومژ وهەورەکان بۆنی نەوتیان لێدەهات.

بەڕاستی بێدەنگی وگرژ ومۆنی کابرای کەشتیوان، بێزاری کردبووم. بەرپرسی دەریاوانەکان، منی بۆ یارمەتی کابرای کەشتیوان ڕاسپاردبوو کەلە کاتی پێویستدا یارمەتی ئەو نەفرەجایە بدەم. تەمەشای جووڵەی فانۆسی سەر بورجەکەی دەکرد، هەرکە کەشتیەکە سووکە پێچێکی دەکردەوە، بە ئەسپایی پێی دەگوتم:- هێی، سووکانەکە بگرە!

منیش ڕادەپەڕیم و سووکانەکەم توند دەگرت ولەگەڵ ئەودا بام دەدا. ئەو لەبن لێوانەوە دەیگوت:- باشە، بەسە.

من دووبارە لەجێی خۆ دادەنیشتمەوە. قسەکردن لەگەڵ ئەم کابرایەدا زۆر قورس بوو، هەرچیەکت لێ بپرسایە، بەم پرسیارە وەڵامی دەدایتەوە:- تۆ هەقت چییە؟

ئاخۆ ئەم نەفرەجاتە بیر لەچی بکاتەوە؟ وەختایەک لەخاڵی یەکانگیری ئاوە زەردباوەکەی ڕوباری کاما وئاوە پۆڵا ڕەنگەکەی ڤولگا ڕەت بووین، سەری بە سەمتی چەپدا وەرگێڕاو بڵمەبڵمێکی لێوەهات:- ناڕەسەنی نانەجیب!

گوتم:- کێ نانەجیبە؟

وەڵامی نەدامەوە.

لەدووری دوورەوە، لە ناو جەرگەی تاریکییەکی بێ پایانەوە، دەنگی سەگوەڕ دەهات. ئەمە نیشانەی ژیانێک بوو کە هێشتا تاریکی بە تەواوەتی نەی سڕی بووەوەو ئەوەندە دوور بوو، کەس بە هاسانی پێی نەدەگەیی..

کابرای کەشتیوان، لەناکاوا گوتی:- سەگی ئەم ناوە دڕندەن.

- مەبەستت لەم ناوە کوێیە؟

- مەبەست هەموو جێیەکە. سەگانی لای ئێمە دڕندەیەکن لەو گۆڕە.

- لای ئێوە دەکاتە کوێ؟

- فولوگدا.

ئەوجا وەکو چۆن پەتاتە لە جەوالێکەوە هەڵڕێژن، بەو ئاوایە رستێک، قسەی بێتام و قێزەونی لەزار بەربوونەوە و بەرەو من غل بوونەوە:

- ئەم پیاوە چی تۆیە! مامتە؟ پێدەچێ پیاوێکی بێ ئەقڵ بێت. من مامێکم هەیە، ئاقڵە، بەڵام بوغزنە، دەوڵەمەندە! بەندەری سیمبرسک بەدەست ئەوەوەیە، باڕ و کافەیەکی لە ڕەخی ڕوبارەکەدا هەیە!

کابرا، بە کاوەخۆ وبە دژواری ئەو قسانەی دەکرد، چاوە چکۆلەکانی کە لە تاریکیەکەدا دیار نەبوون، بڕییە بورجەکە. سەیری فانۆسەکەی سەر ترۆپکی بورجەکەی دەکرد، کەبەناو پەردەی تاریکیەکەدا وەکو جاڵجاڵۆکەیەکی زێڕین دەڕۆیی. لەناکاوا گوتی:

- سووکانەکە توند بگرە!... تۆ خوێندەواریت هەیە؟ نازانی کێ یاسا دادەنێت؟

چاوەڕوانی وەڵامی نەکرد، لەسەری ڕۆیی:

- هەرکەسە و قسەیەک دەکات، یەکێک دەڵێت تزار، یەکێکی دی دەڵێت مەتران، یەکێکی دی دەڵێت پەڕلەمان. ئەگەر بمزانیبا کێ یاسا دادەنێت، دەچووم بۆلای پێمدەگوت: تۆ یاسایەک دابنە نەک هەر نەتوانم دەست بوەشێنم، بەڵکو نەتوانم دەستیش لەکەس بەرزبکەمەوە. یاسا دەبێ پۆلایین بێ. وەکو قفڵ وکلیل بێت، دڵم قفڵ بدات، هەنگێ هەموو شتێک دەبڕێتەوە، دەتوانم لەخۆم بەرپرس بم، پابەندی یاسابم. بەڵام بەم شێوەیەی ئێستا.. هیچ مەسئولیەتێک هەڵناگرم! ناتوانم.

هەر لەبەر خۆیەوەو بەدەنگی نزم و نزمتر قسەی هەلەق ومەلەقی دەکرد و بە مست دەیکێشا بە سووکانی کەشتیەکەدا.

یەکێک لەناو کەشتیەکەوە، بە شەیپورێک قسەی دەکرد، ئەو دەنگە بەشەرییە بەو شوێنە نامۆ بوو، زیاتر لەو سەگوەڕانە دەچوو کەلە تاریکی شەوا نقوم دەبن. لەم دیو ولەودیوی کەشتیەکەوە ڕوناکی چراکان، وەکو پەڵەی زەردباوی چەوری، دەکەوتنە سەر ئاوەکە و پێ بە پێی کەشتیەکە دەجووڵان. پەڵە هەورێن چڵکن، وەکو قوڕاوی ناو زەلکاوان بەسەر سەرماندا تێدەپەڕین، سات بەسات پتر، بە قووڵایی تاریکیەکەدا ڕۆدەچووین.

یارۆی کەشتیوان، بە ڕاوێژێکی خەمین وگلەیی ئامێزەوە گوتی:- بە چ ڕۆژ و ڕۆژگارێکیان گەیاندم؟ خەریکە هەناسەم لێدەبڕێ..

جۆرە، خەمساردی و بێ موبالاتیەکی سەیر باڵی بەسەردا کێشابووم. خەمێکی سارد و سامناکم لێ نیشتبوو، حەزم دەکرد بنووم.

سپێدە، بەپارێزەوە، بەدژواری لەبەینی هەورەکانەوە کەوتە سەرەتاتکێ، سپێدەیەکی کز، بێ روناکی دەستی پێکرد و ئاوی دەریاکە، ڕەنگێکی ڕەساسی وەرگرت. کەنارەکان ڕوناک بوونەوە، دار ودەوەنی لق وپۆپ زەرد، دار سنۆبەرانی قەد وەکو ئاسنی ژەنگن و، ڕیزێک ماڵی گوندیانە دەرکەوتن، بەژن وباڵای جووتیارێک کە دەتگوت لەبەرد داتاشراوە، لە مبەر ولەوبەری ڕوبارەکەوە بەدیار کەوتن. شینە شاهۆیەک، باڵە خوار و درێژەکانی کردنەوە، لە شەقەی باڵی دا و بەسەر کەشتیەکەدا هەڵفڕی و تێپەڕی. نۆرەکاری من و کەشتیوانەکە تەواو بووبوو. خۆم کرد بەژێر مشەمایەکدا وخەوم

پێداکەوت. دوای ماوەیەک، کە بەخەیاڵی خۆم زۆر کەم بوو، لە ترپەترپی پێیان و هەراوزەنایەکی تیژ خەبەرم بووەوە. سەرم لەژێر مشەماکەوە دەرهێنا، سەیرم کرد سێ دەریاوان، کەشتیوانەکەیان، بەدیواری کابینەی دیدەوانیەکەوە چەسپاندووەو، هەریەکەیان لەلای خۆیەوە پێی دەڵێن: - پتروخا، نەکەی، ئەم کارە نەکەی!

- خوا کەریمە، ئەم ڕەوشە وانامێنێ، بەری تەنگانە کورتە!

- واز لەو کارە بێنە!

هەردوو دەستی ڕاست وچەپ تێک ئاڵاندبوو وقامکەکانی لە شانە گۆشتنەکەی گیرکردبوون، بەپێوە وەستابوو، پێیەکی توند نابووە سەر پریاسکەیەکی سەر کەشتیەکە. کەوتە چاوگێڕان بەسەر هەموو دەریاوانەکاندا و بە تکا وڕجاوە دەیگوت:

- وازم لێبێنن تا تووشی تاوانێک نەبووم بابڕۆم!

سەری کۆت وپێی پەتی بوو، تەنیا کراس وپانتۆڵێکی لەبەربوو. تۆپەڵێک قژی ڕەش بەسەر سەرییەوە بژ بووبووەوە، هەندێکی بەسەر هەنیە قۆقزەکەیدا کەوتبوو، چاوە چکۆلەکانی کە لەچاوی جرجە کوێرە دەچوون، بووبوون بەکاسەی خوێن، بەدەم تکا وڕجاوە دەیڕوانیە خەڵکەکە. خەڵکەکە پێیان دەگوت: - ئاخر دەخنکێی!

- من؟ نا ناخنکێم، براینۆ لێمگەڕێن با بڕۆم. ئەگەر نەڕۆم هەرکە بگەینە سیمبرسک، دەیکوژم! حەیاتی لەبەر دەبڕم..

- دەبەسە، واز لەو قسانە بێنە!

- ئاخ، براینۆ...

کەوتە سەرچۆکان، باڵەکانی بەڕادەیەک بڵاوکردنەوە کەبەر دیواری کابینەی دیدەوانیەکە کەوتن، دەتگوت کەسێکی لە خاچدراوە. دووبارە کەوتە تکا وڕجا:- وازم لێبێنن تا تووشی قەتڵێک نەبووم با بڕۆم!

تکا وڕجایەکی بەدڵ، بەدەنگە قووڵ و نامۆکەیەوە دیاربوو، باسکە درێژ وسەوڵ ئاساکانی، دەستە لەرزۆکەکانی ڕووە وخەڵکەکە بەرز کردبوونەوە. ڕوخسارە ڕیشنەکەشی دەلەرزی، چاوە چکۆلەکانی بە ئاستەم دەبینران، وەکو دوو تۆپی ڕەش ئەبڵەق بووبوون. لەوە دەچوو دەستێکی نادیار نرابێتە بینی و بیەوێت بیخنکێنێ.

کە خەڵکەکە بەبێدەنگی لێی دوور کەوتنەوە. لەناکاوا هەستایە سەرپێیان ودەستی دایە پریاسکە و بوخچەکەی وگوتی:- سوپاس.

ئەوجا خۆی گەیاندە قەراخ کەشتیەکە، بە گورجیەک کەکەس باوەڕی نەدەکرد، سووکێ خۆی هەڵدایە ڕوبارەکەوە. منیش خێرا خۆم گەیاندە قەراخ کەشتیەکە، سەیرم کرد پتروخا سەرە تەڕەکەی جووڵاند، پریاسکەکەی وەکو کڵاو نایە سەر سەری و بەپێچەوانەی ڕەوتی ڕوبارەکەوە، بەباسکە مەلە بەرەوکەنارە لمەڵانەکە ڕۆیی. دار ودەوەنەکانی کەنارەکە، کە بەدەم بایەکەوە خوار دەبوونەوە و گەڵا زەردەکانیان دەڕژایە ڕوبارەکەوە، پێشوازیان دەکرد.

دەریاوانەکان گوتیان:- خۆی ڕزگار کرد. ئەنجام دەرباز بوو!

پرسیم:- ئەوە شێت بووە؟

گوتیان:- نا، شێتی چی؟ ویستی خۆی ڕزگاربکات.

پتروخا، گەییە تەنکاوەکە، کەمێک لەوێدا وەستا، ئاوەکە تا ناوقەدی هاتبوو، پریاسکەکەی لەسەر سەری داگرت و بەدەم تەمەشاکردنی ئێمەوە تەکانی دا، دەریاوانەکان هاواریان کرد:

- بەخێر.. بچیت.

یەکێکیان پرسی:- باشە بەبێ پەساپۆرت چی دەکات؟

یەکێک لە دەریاوانەکان، کە کابرایەکی قژسووری لاق خواربوو، بە ئاو وتاو بۆی گێڕامەوە وگوتی:

- ئەمە مامێکی لە سیمبرسک هەیە، زۆر ساختەچییە، فێڵی لەم کردووە، هەرچیەکی هەبووە لێی دزیوە. ئیدی ئەمیش بڕیاری دابوو، مامەکەی بکوژێت. ڕاستە پتروخاش زۆر دڕ ودڵڕەقە، حەیوانێکە لەو گۆڕەی، بەڵام دڵی پاکە.. گەنجێکی باشە، ئیدی بۆ ئەوەی خۆی لەو قەتڵ و خەتایە بپارێزێ، بەو جۆرە خۆی دەرباز کرد!..

لەم کاتەدا پتروخا، لە ئاوەکە دەرهاتبوو، بەکەنارە باریکە لمەڵانەکەدا بەپێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکەوە، هەوراز دەبووەوە، زۆری پێنەچوو لە دەوەنە جاڕەکەدا ون بوو.

بۆم دەرکەوت کە دەریاوانەکان هەموویان خەڵکی چاک ومیهرەبانن. هەموویان هاوشاری منن و ئابا و ئەژدادیان لە کەنار و دەوروبەری ڤولگادا ژیاون ودەژین. ئیدی تا ئێوارێ بەجۆرێ ئولفەتم لەگەڵیاندا گرت وامدەزانی لەناو کەس وکاری خۆمدام.

بۆ ڕۆژی دوایی دیقەتم دا بە گومان و دڕ ودۆنگییەوە تەمەشام دەکەن. یەکسەر گومانم بۆ ئەوە چوو کە هەبێ و نەبێ شەیتان چووەتە بن کلێشەی بارینوفی خەیاڵباز ودرۆزنەوەو، شتێکی خەیاڵی بۆ گێڕاونەتەوە. بەگیرم هێنا ولێم پرسی: - هیچت بۆ دەریاوانەکان گێڕاوەتەوە؟

بەچاوە ژنانیەکانی خۆی، تەریق وشەرمەزار تەمەشای کردم، بزەیەکی نەرمی کرد، پەنا گوێی خوراند و بە پەشۆکاویەوە ئیعترافی کرد وگوتی: - ئا... شتێکی کەم!..

- ئەدی من پێم نەگوتیت، تکام لێنەکردیت کە زمانی خۆت بگرە؟

- ئەوەی ڕاستی بێ، من دەمی خۆم گرتبوو، بەڵام بویەرێکی زۆر خۆش و سەیر هاتە پێشەوە وخۆم پێ زەوت نەکرا وتازە لە دەستم دەرچووە و تەواو.. دەمانویست وەرەقبازی بکەین. یارۆی کەشتیوان وەرەقەکانی لێشاردینەوە، ئیدی بێتاقەت بووم و ناچار کەوتمە قسان..

دوای ئەوەی بارینوفم داپشکنی، بۆم دەرکەوت بارینوف لەبێتاقەتیدا حیکایەتێکی سەیر وسەمەرەی دروستکردووە کە گوایە من وئەو وخوخول، وەکو جەنگاوەرە کۆنە ئەسکەندیناڤیەکان، بەتەور و بێڵ بەدەست بەربووینەتە کۆمەڵێک جووتیار.

تووڕەبوون لە پارینوف فایدەی نەبوو. ئەو ڕاستی لە دەرێی واقیعدا دەبینی. ڕۆژێک، کەبە دوو قۆڵی عەودالی کارێک بووین، لەقەراخ هەڵدێرێکدا دانیشتین کە پشوویەک بدەین. بە ڕاوێژێکی دۆستانە وبەوپەڕی دڵنیاییەوە گوتی:

- ئەوەی ڕاستی بێ.. بۆ ئەوەی دڵی خۆت ڕازی بکەیت، بەدڵی خۆت بکەی، پێویستە بەخۆت حەقیقەتی تایبەتی خۆت بدۆزیتەوە! تۆ تەمەشا، بڕوانە ئەو ڕانەی کە لەوبەری ئەم دۆڵەوە دەلەوەڕێ، ئەو سەگەی دەوەڕێ، ئەو شوانەی دەسووڕێتەوە، ئەمانە دەکەنەچی؟ ئەمانە دەتوانن چ خۆشی وئارامیەک بە دڵی مە ببەخشن؟ چ گەشکەیەک بە روحمان بدەن؟ گیانە تۆ هەندێک سادەتر بڕوانە مەسەلەکان! خەڵکی خراپ هەن، ئەمە حەقیقەتێکە ونکۆڵی لێنایەتەکرن. ئەدی خەڵکی باش؟ کوان،

لەکوێن؟ پیاوی باش.. هێشتا نەدۆزراونەوە، چاوەڕوانی ئەوەن ئێمەمانان بیاندۆزینەوە! تێگەیشتی؟!

کە گەیشتینە سیمبرسک، دەریاوانەکان، بە تووڕەیی جوابیان کردین وگوتیان:- بەزووترین کات لە کەشتیەکە دابەزن. نە ئێوە بەکەڵکی ئێمە دێن، نەئێمە پێویستمان بە خەڵکی وەکو ئێوەیە!

بە سواری بەلەمێک خۆمان گەیاندە بەندەری سیمبرسک، بە هەردووکمان تەنیا سی وهەشت کوپیکمان پێبوو. لەکەنارەکەدا جلەکانمان وشک کردەوە، پاشان چووین بۆ کافەکە تا چایەک بخۆینەوە. بەدەم چا خواردنەوە پرسیم:- ئێستا چ بکەین؟

پارینوف، بەبێ دوو دڵی وبەوپەڕی متمانەوە گوتی:

- چۆن چی بکەین؟ درێژە بەڕێگەی خۆ دەدەین.

بە قاچاغ خۆمان بە کەشتیەکی نەفەربەردا کرد، گەیینە سامارا، لەوێ لەسەر کەشتیەکی باربەردا، بەکرێکاری دامەزراین، دوای یەک هەفتە بەساغ وسەلامەتی، بەبێوەی گەیشتینە کەنارەکانی دەریای قەزوێن. لەوی لە کۆمپانیایەکی بچووکی ڕاوە ماسیدا، کەلە ڕاوگەیەکی بچووکی کالمیکی دا، لە حەوزە پیسەکەی کابانکول بای دا، ڕاوەماسییان دەکرد، دامەزراین.

١٩٢٣

تێبینی: ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٢٠/١٢/٨ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ لە پاچڤەی ئەم بەرهەمە بوومەوە کەبەشێوەیەکی بەراوردکاریانە لەم دوو دەقەی خوارەوە وەرمگێڕاوە... جا ئەگەر ئەمە بووبێتە بایسی ئەوەی هەندێک دەستەواژە و ڕستە و پەرەگرافی دەقە کوردییەکە لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو لەگەل سەرچاوەی یەکەمدا تێکنەکاتەوە، ئەوا لەگەڵ سەرچاوەی دووەمدا تێکدەکاتەوەو دیارە پێچەوانەش پێچەوانەیە. هەڵبەتە بە دڵنیاییەوە پاچڤە کوردییەکە ئەگەر لەهەردوو پاچڤە عەرەبی و فارسییەکە باشتر نەبێ، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە وبێ چەند وچوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

سەرچاوەکان:

١ – مكيسم غوركی/ المؤلفات المختارة فی ٦ مجلدات/ المجلد ٢/ بين الناس، جامعياتی/ ترجمه المحامی سهيل ايوب/ دار رادوغا، موسكو، ١٩٨٨ .

٢ – ماكسيم گۆركی/ دانشكده‌های من/ علی اصغر هلاليان / انتشارات نگاه/ تهران. ١٣٨٩.

## خەمی داهێنان شەرتە

ن: حەمە کەریم عارف

نووسەر ناونیشانێکی (وێرانە ماڵ) بۆ دەقەکەی هەڵبژاردووە، کە ڕاستەوخۆ، وەکو چەمک ومانا خۆی بە دەستەوە دەدات. وێرانی ومالّکاولی و کارەسات نیشاندەدات وکونجکاوی خوێنەر تەواو سست دەکات، جگە لەوەی یەکسەر ناونیشانی شیعرەکەی ت. س ئلیوت (وێرانەخاک) وەبیر دێنێتەوە، لە کاتێکا نووسەر دەیتوانی، هەرلە دەقەکەوە جۆرەها ناونیشانی دیکە هەڵبژێرێت، کە کونجکاوی خوێنەر بهاروژێنێ وکەڵکەڵەی پەیگیری زیاتری ڕووداوەکانی لەلا دروست بکردایە، ئەم ناونیشانە زەقانە وەکو دەرگای ژوور وایە، ئەگەر دەرگاکە لە سەر گازی پشت بێ، ناو ژوورەکە بە دەرەوە دەبێ و کونجکاویەکییەکی ئەوتۆ لەلای بینەر ناوروژێنێ تا بزانێ ژوورەکە چی تیایە وچی تیا نییە، بەڵام ئەگەر دەرگای ژوورەکە داخرابێ یان بە ئاستەم کرابێتەوە، هەستی کونجکاوی لە لای بینەر دروست دەکات، هەڵبەتە ناونیشان لێرەداو بۆ ئەم دەقە کە دەکاتە دەرگای دەقەکە، لە سەر گازی پشتە، بۆیە دەتوانرێ بگوترێ کە نووسەر لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکەدا سەرکەوتوو نەبووە.

***

هەر لە یەکەم لاپەڕەوە شوێن، ئاشکرا دەبێت کە دەریای ئیجە و تۆران و تووڕەبوونی دەریای ناڤبرییە.. ئیدی لەوێوە ولە میانی زەین وخەیاڵی گوتیارەوە (نووسەر) شوێنەکانی دی، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، بەدەم ڕەوتی دەقەکەوە، بەرجەستە دەبن، دیارە دابڕانی کات یان شوێن، فرەدەنگی، مەنەلۆگ بەشێکن. لە تەکنیکی ڕۆمانەوانی تازەو، نووسەر، تا ڕادەیەک سوودی لەم تەکنیکە وەرگرتووە.. هەڵبەتە لە ڕۆمانی تازەدا، بە مەبەستی بەلوەرەکردن، بەرجەستەکردنی ڕووداو، پەنا بۆ ئوتموسفیر وهاماجێن پچڕپچڕ دەبرێ نەک بۆ ئوتموسفیر وهاماجی زنجیرەیی، چونکە واقیع، لەشێوە مێژووییەکەیدا نایەتە بەرجەستە کردن، بۆیە دابڕانی کات، یان کاتی پچڕپچڕ و کۆلاج کراو زیاتر دەسەڵاتی بە سەر بەرجەستە کردنی واقیعدا دەشکێت، ڕاناوی یەکەم کەس، کە لە ڕۆمانی تەقلیدیدا زۆر پەسند نییە، زیاتر گوزارشت لە کاراکتەر وگۆشەنیگای کاراکتەر دەکات.

گۆشەنیگا، شێوازێکە کە نووسەر لە ڕێگەیەوە، پرۆسە ڕۆمانەوانیەکە بە هەموو کەرەستە و ڕەگەزەکانیەوە نیشانی خوێنەر و وەرگر دەدات وپەیوەندی نووسەر بە چیرۆکەکەوە نیشان دەدات. گۆشە نیگاش یان دەروونی یان بێرونییە.. لە گۆشەنیکای دەروونی (داخلی)، گوتیاری چیرۆک (گێڕەرەوە) یەکێکە لە کاراکتەرەکانی چیرۆک وچیرۆکەکە، لە ڕێگەی یەکەم کەسەوە دەگێڕدرێتەوە. ئەگەر گوتیار، کاراکتەری سەرەکی چیرۆک بێ، گوتیاری – قارەمانی پێدەگوترێ، ئەگەر کاراکتەر لاوەکی بێ گوتیاری – چاودێری پێدەگوترێ، لە گۆشەنیگای دەروونیدا، سوود لە هەموو شێوەکانی مەنەلۆگ وەردەگیردرێت..

جا لەم دەقەدا، گوتیار، گوتیاری قارەمانە ورووداوەکان لە ڕێگەی کەسی یەکەمەوە دێتە گێڕانەوە، بەلام بە نەفەسی کاراکتەری هەمووشت زان ڕەفتار دەکات، کە سەر بە گۆشە نیگای بێرونییە، لەم حاڵەدا، حاڵی گۆشەنیگای بێروونی، نووسەر یان گوتیار دەچێتە پێستی یەک بەیەکی کاراکتەرانی چیرۆکەکەوەو تایبەتمەندی دەروونی وئەخلاقی و هەست و بیروکار وکاردانەوەکانیان بە وردی شەرح و شرۆڤە دەکات و لە ڕابردوو، ئێستا و ئایندەیان بە ئاگایە، بۆیە بەم گۆشەنیگایە دەوترێ گۆشەنیگای گوتیاری هەمووشت زان.. وادیارە نووسەر لەمە غافڵەو ئەو دوانەی پێ جیا نەکراوەتەوەو تەواو لە شێوازی ڕۆمانی تازە دوور کەوتووەتەوە کە زەمینە بۆ خوێنەر خۆش دەکات، بە خەیاڵی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە نووسەر بەجێی هێشتوون.. ئەمەش بە تەواوەتی بونیادی هونەری دەقەکەی لاواز کردووەو وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری نایەتە بەرچاو..

بۆیە بە مەبەستی پڕکردنەوەو گرتنی ئەم کەلێنە، گوتارە ڕۆمانەوانیەکە، لە سەرەتاوە بە سەر چەند یەکە وناونیشانێکدا دابەشکراوە کە زیاتر دەشوبهێتە سەر دابەشکردنی شیعر بە سەر کۆپلاندا و بۆیە ڕاناوی یەکەم کەس زاڵە و هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی دیکەی خستووەتە ژێرەوە و ئەگەر بە ئاستەمێک بێنەناسین، لە میانی زەینی ئەوەوە دێنە ناسین ولە خزمەتی ئەودان، کە ئەمە زیاتر لە چیرۆکی کورتدا باوە، نەک لە ڕۆماندا، بە تایبەتی ڕۆمانی تازە، چونکە ڕۆمان زادەی سەردەمی سەرهەڵدان وپەیدابوونی دیموکراتیەتە، بۆیە دەبێ مامەڵەیەکی دیموکراتیانەی لەگەڵدا بکرێ..

بە هەرحاڵ لەم دەقەدا جۆرە خۆ کاوێژکردنەوەیەکیش بەدی دەکرێت، بەتایبەتی دەریای ئیجە و، تۆران وتووڕەبوونی دەریاکە وشەپۆلەکان و.. هەمان ئەو دیمەنانەن کە لە دەقێکی دیکەی نووسەردا بە ناوی (گۆڕی غەریب) هاتوون، دیمەنە ترسناکەکان، زیاتر لە دەرێ را وەسف کراون وبە زمانێکی شاشی ئاسۆیی ئینشایی هاتووەتە گێڕانەوە، نەک بە چڕە زمانێکی ئەستوونی خەیاڵئەنگیزی ئەوتۆ کە خوێنەر لە واقیعەوە بۆ دنیای خەون و خەیاڵ بەرێت و ئاسۆی دەقەکە بە سەر دەلالەتانی جۆراوجۆردا بکاتەوەو خوێنەر لە ڕێگای چڕە زمانە ئیحاییەکەوە، پەی بە لایەنە نادیار وپەنهانەکانی دەقەکە بەرێت وخوێندنەوەی تایبەتی خۆی بۆ تێکڕای دەقەکە وەکو یەکەیەکی یەکپارچەی هونەری، لە سەر ڕۆبنێ.. هەر ئەمەش کردوویەتیە کارێک، ببێت بە دەقێکی داخراو.. زمان لە وەسف وئینشائیەت بارکراوە، لە کاتێکا دەبێ لە دەلالەتان باربکرێ.. زمان بۆ خۆی و لە خۆیدا ڕەگەزێکی کەلتووری یەجگار گرینگە، بۆیە ئەگەر بگوترێ ئەدەب چڕە وێنەیەکی زمانە، یان بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمانە، هیچ نابێت بە زێدەڕۆیی، بۆیە زمانی ئەدەب دەبێ فرە ڕەهەند و زندوو ونیگەرانیساز وپرسیار وروژێن و خەیاڵ ئەنگێز بێ و بە شێوەیەکی ئەستوونی بە دەقدا ڕۆبچێت..

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان زمان ونووسینی هونەری ونووسینی خەبەری ڕۆژنامەوانیدا هەیە.. نووسینی خەبەری وڕاپۆرتەوانی کاری ئەدەبی دەخاتە داوی سادەنووسی فێرکارییەوە.. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، بێی وبە ئانقەست وبە ناوی داهێنانەوە پەنا وەبەر گۆنگنووسی وئاڵۆز نووسیی بەرێت، کە ئەم حاڵەتە لە هەندێ هەوڵی ڕۆماننووسی کوردیدا بە زەقی دەبینرێ کە بە بۆچوونی بەندە زیاتر هەوڵدانە بۆ شاردنەوەی بێ بەهرەیی و بێ توانایی نووسەرەکە و نووسەر بە دەم خۆ کاوێژکردنەوەوە دەکەوێتە داوی هەرزەوێژی بۆش وبەتاڵەوەو دیمەن و ڕووداوەکان و تێکڕای پرۆسە بە ناو فیلیڤانیەکە، نەک ژیانی هونەری پەیدا ناکەن، بەڵکو مردار دەبنەوە.. لە کاتێکا هونەر گەڕانە بە دوای ڕەسەنایەتی و دۆزینەوەی ناسنامەی تایبەتیدا. ئەمەش لەڕێگەی خوێندنەوەی قووڵی هونەرییەوە بۆ واقیع، هەڵبەتە بە کۆمەکی خەیاڵی ڕەسەن، خەیاڵێک کە شەقڵ و مۆرکی ئەفسانەیی بە ڕۆمانەکە ببەخشێت وبابەتەکە بگۆڕێ بۆ هەست. لەم دەقەدا، ژنەکە و کچە حەوت ساڵانەکەی، هەوێنی ڕووداوەکەن وئەوان و خنکاندنەکەی ئەوان، لە دەقەکە دەربێنی شتێک نامێنێ بە ناوی دەقەوە، کەچی ئەوەندە بێ نموودن، بێ دەنگ و بێ ڕەنگن لە نرخی

نەبوودان، نووسەر تەنانەت ناوێکی ئاسایی پێ ڕەوا نەدیتوون، لە کاتێکا ئەم دووانە بیانوون بۆ گێڕانەوەی تێکڕای ڕووداوی دەقەکە.. یان بەڕێوەبەری کەمپی پەناهەندەییەکە، ئەویش گومناوە! لە کاتێکا کاراکتەری ئەدەبی، دەبێ نموود وکەسیەتیەکی هونەریی هێندە قووڵی هەبێ کە بوونی خۆی لە زەینی وەرگردا بسەپێنێ.. دیارە ئەمە دەگەڕێتەوە، بۆ لاوازی خوێندنەوەی هونەریی نووسەر.

***

زمان لە دەقی ئەدەبی وڕۆماندا هێندە گرنگە، ئەگەر بڵێین ڕۆمان دەکاتە بەرهەمهێنانێکی هونەریانەی زمان، ڕەنگە نەکاتە زێدەڕۆیی. زمان، گوتار وپەیامی ڕۆمان و ڕەگەزەکانی دیکەی وەک گرێچن و پلۆت و کاراکتەر و گێڕانەوەش بەرجەستە دەکات.. بۆیە زمان تا فرە ڕەنگ و ڕیتم بێ، فانتازیا ئامێز وفرە ئاست بێ، زیاتر خزمەتی نەشونما وگەشەی بونیادی هونەریی دەق دەکات و لە ڕووی فیلیڤانیەوە دەوڵەمەندی دەکات.. ڕۆمانی تازە کەمتر خۆی لە زمانی گوتیاری هەمووشت زان دەدات و بایەخ بە پولیفونی و ڕۆمانی فرە دەنگ دەدات و نووسەر کەمتر خۆی لە ڕووداوەکان هەڵدەقورتێنێ ولە ڕێگای بونیادی کراوەوە خوێنەر دەکات بە شەریک لە کۆی پرۆسە ڕۆمانەوانیەکەدا.. بە هەرحاڵ ئەنجام ئەو توانا فیلیڤانیە شەرتە کە دەتوانێ کارە هونەرییەکە بگەیەنێتە وەرگر.. هەڵبەتە ڕۆمان تەنیا لەزەت نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا مەعریفەشە، ئەوزارێکی باشە بۆ کەشفکردنی واقیع، بۆیە ڕۆمان چەندیش خەیاڵی بێ، ڕەگی هەر دەچێتەوە سەر واقیع وتەنانەت ڕیالیزمی جادوویش بە مانای دابڕان لە واقیع نییە، بەڵکو شێوەیەکی بەرجەستە کردن ونیشاندانی واقیعە بە هەموو هەڤدژییەکانیەوە. کەچی، لەم دەقەی لەمەڕ ئێمەدا، زمان، زۆر سادە وئینشایی و وەسفی یەکهاوی و یەکنەوایە، زیاتر زمانێکی ڕۆژنامەیی نوچەوانی و، تاک ئاست وئاسۆیی ڕەهەندە، لە سەرانسەری دەقەکەدا ئەوەندەی وتن زاڵە، نیشاندان کە مەرجی هونەری باشە، بەتایبەتی لە ڕۆمانی تازەدا، زاڵ نییە و بگرە لە هیچ ڕۆخێکەوە دیار نییە.. نووسەر – گوتیار، بە جۆرێ زمانی دەقەکەی بۆ خۆی قۆرخ کردووە، دەرفەتی بۆ هیچ کاراکتەرێکی دی نەهێشتووەتەوە، بە زمانی خۆی گوزارشت لە خۆی بکات، ئەوەتا گوتیار قسەکانی کچەکەی بیر دەکەوێتەوە کە دەیگوت: - "بابە مەچۆ بۆ شەڕی داعشە سەربڕەکان کە سەدانساڵە چەقۆ وشمشێر بە ملماندا دەسوون، مامۆستا چا و ودڵ و هەڵۆکەشم هەر وا دەڵێ. " هەڵبەتە هەر

خوێنەرێک هەست بەوە دەکات کە ئەم قسە گەورەیە هی منداڵێکی حەوت ساڵان نییە، نووسەر بە خورتی ئەوی کردووە بە بیانوو بۆ ئەو قسەیە و بەم کارە ڕێی لە بەرجەستەبوونی فرەئاستی زمانی دەقەکە گرتووە، کە فرە ئاستی زمان یەکێکە لە سیما وتایبەتمەندییەکانی ڕۆمان.. هەڵبەتە لە کەس شاراوە نییە کە کاراکتەری ئەدەبی دەبێ نموود و شەخسیەتێکی هونەری هێندە قووڵی هەبێت کە بوونی خۆی لە زەین و یادگەی وەرگردا بسەپێنێ، کەچی ئەم کاراکتەرانە ( دایک و کچەکە) وێڕای ئەوەی کە بێ نموودن و تەنانەت ناوێکی ئاساییان پێ ڕەوا نەبینراوە، دەنگ و زمانیشیان نییە، نە بە زندوویەتی ونە بە مردوویەتی دەرفەتیان نەدراوەتێ، زار هەڵێنن و گوزارشت لە خولیا مرۆڤانیەکانی خۆیان بکەن. کە ئەمەش بووەتە مایەی زندەبەچاڵکردنی فرەدەنگی وفرەئاستی زمان.. وا دیارە نووسەر لەوە غافڵە هەرچەندە کاراکتەر ئافەریدەی زەینی نووسەرە، بەڵام لە میانی ڕەفتار وگوفتاری خۆیەوە، دێتە ناسین و لە ناو پرۆسە فیلیڤانیەکەدا و بە دەم نەشونما وگەشەکردنی کارە هونەرییەکەوە خۆیبوونی خۆی وەردەگرێت و ناسنامەی خۆی پەیدا دەکات..

***

.. نووسەر وەکو پێشتر ئاماژەمان کردووەتێ گوتارە ڕۆمانەوانیەکەی لە سەرەتاوە بە سەر چەند یەکە وناونیشانێکدا دابەش کردووە کە زیاتر دەشوبهێتە دابەشکردنی شیعر بە سەر کۆپلاندا.. لە یەکەی: " خۆشەویستی پەیکەرەکان دێنێتە زمان "دا، لە ناکاوا جۆرە گۆڕانێک لە گۆشەنیگادا دێتە ئاراوە. گۆشەنیگای دەروونی دەگۆڕێت بۆ گۆشەنیگای بیرۆنی، گوتیاری – قارەمان دەگۆڕێت بۆ گوتیاری هەموو شت زان. لە گۆشەنیگای بیرۆنی دا نووسەر هەندێجار پەنا وەبەر شێوەیەک دەبات کە پێی دەگوترێ گۆشەنیگای چاودێری ڕاستەوخۆ، لەم شێوازەدا نووسەر وەکو کامێرا کاردەکات یان بە گوتەیەکی دی دەوری کامێرا دەبینێ.. واتە کار وکردەوە و ڕەفتاری کاراکتەرەکان وەکو خۆی و بێ لایانانە نیشاندەدات، گفتوگۆیەکانیان وەکو خۆی تۆمار دەکات وخوێندنەوە وڕاڤە وشرۆڤەی هەست وهزر وتایبەتمەندییە سایکۆلۆژی و ئەخلاقیەکانیان، بۆ خوێنەر بەجێدێڵێت، تا لە پرۆسە ئەفراندنەوانیەکەدا بەشداری بکات وبە خەیاڵی خۆی ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە نووسەر بەجێی هێشتووە.. هەڵبەتە لەم بەشەدا باشترین دەرفەت و دەلیڤەی هونەری هاتووەتە پێشەوە کە دایک و کچەکە بهێنرێنە زمان و بەزمانی خۆیان گوزارشت لە کول وکۆڤانە مرۆڤانیەکانی

خۆیان بکەن ولە لایەن خوێنەرەوە لە هەر دوولایەنی دەروونی و فیزیولوجییەوە بێنە ناسین، کەچی ڕێک بە پێچەوانەی ناونیشانەکەوە: " خۆشەویستی پەیکەرەکان دێنێتە زمان " پەیکەرەکان، دووبارە بە بێ زمانی سەر دەنەنەوەو، ئەم بەشە بۆخۆی و بەتەنیا چیرۆکێکی سەربەخۆیە ولەکۆتاییدا، زەمینە خۆشە بۆ ئەوەی وەرگر یان خوێنەر بە خەیاڵی خۆی وبە خوێندنەوەی خۆی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە نووسەر بەجێی هێشتووە، بەڵام نووسەر ئەمە بە وەرگر ڕەوا نابینێ وبلەز ولە یەکەی دواترا: " جەنگەکان، دڕندەکانیان فێری کوشتار کرد" گوتیاری- قارەمان پەیدا دەبێتەوەو بە خۆی پاشماوەی ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە: " خۆ بینیتان چۆن دەریا جارێکیتر هیواکانی دام بە دەم شەپۆلەکانەوە.. " هەڵبەتە گێڕانەوەیەکی سادە وساکارو ڕۆژنامەوانیانەی سەرڤەسەرڤە، وادیارە گوتیار "نووسەر" غافڵە لەوەی کە کاری هونەری ئەوەندەی نیشاندانە، وتن نییە، کەچی خوێنەر لەم دەقەدا، ڕێک بەپێچەوانەوە ئەوەندەی ڕوو بەڕووی وتنە، ڕوو بە ڕووی نیشاندان نییە.. بۆ نموونە: " لە بەر خۆمەوە دەمگوت: ئەگەر لە سەر زەوی نیشتمان بمان توانیبا ئاسایی بژین، هەرگیز بڕیاری ئەوەمان نەدەدا لە دەریادا بمرین."

بەڵام نە بە وتن و نە بە نیشاندان، هۆی ئەم نەتوانینە بۆ خوێنەر خویا نییە، ئەمە لە زۆر شوێنی تردا دووبارە بووەتەوەو نیشانەی ئەوەیە کە گوتیار (نووسەر) لە گرنگی پلۆت لە کاری چیرۆکڤانیدا غافڵە و بە هەندی وەرنەگرتووە..

گوتمان خوێنەر زیاتر ڕوو بە ڕووی وتنە، وتنەکەش، چڕە وتنێکی بارگاوی بە فرە دەلالەت نییە، بەڵکو زیاتر شەقڵی ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی وەرگرتووە، بۆ نموونە: ".. بیرەوەری ئەو فەرماندانەمان دەکرد کە لە جەنگەکاندا، لە دوای دواوەی ئێمەوە هانیان ئەدایین بمرین و نەگەڕێینەوە وتێکنەشکێین، ئەو چیرۆکانەمان دەخوێندەوە کە هی ئێمە بوون، بۆنی خوێنی ئێمەیان لێدەهات وئەوان لەو کتێبە قەبارە گەورانەدا کردبوویان بە بیرەوەری وچیرۆکی گیان فیدایی خۆیان، وێنەی ئەو کەسانەمان تیا دەبینی، هەڵەوەری ناو ڕادیۆ و سەرشاشەی تیڤیەکان بوون، بەرەکانی جەنگیان بە پاڵەوانبازیی و خۆیان بە قارەمانی ئەو جەنگە لە قەڵەم دەدا. مێژوویان پڕ کردبوو لە درۆی گەورە گەورە، تا نەوەکانی ئایندە ستایشی هەتاهەتاییان بکەن، ئێمە بووین بە غەوارەی نێو نیشتمان و نێچیری ئەو ڕاوچییە نیشتمانپەروەرانەی لە بۆسەدا بوون

بمانکەن بە قوربانیی و چارەنووسمان بدەن بە دەم شەپۆلە تووڕە و هارەکانی دەریای ئیجەوە."

ئەم دیمەنە زۆر ڕاستە، حەقیقەتە، بەموو خیلافی نییە، بەڵام وەکو خۆی، وەکو ڕاپۆرتێکی بێ ڕوتووش، گوێزراوەتەوە، بۆیە ئەوەندەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیە، چیرۆک نییە، چونکە لە چیرۆکدا مالیجەی هونەریی شەرتە، کە لەم دەقەدا لایەنی مالیجە هونەریەکە تەواو فەرامۆش کراوە.. بۆ نموونە دەکرێ مێژووی میللەت، بە شێوەیەکی ئەدەبی خەیاڵی بێتە داڕشتنەوە، بە تایبەتی مێژوویەک بە شیواوی وبە مەبەستێن دیاریکراو هاتبێتە تۆمارکردن، یەکێک لە ئەنگیزەکانی مودێرنە، گەڕانە لە شێوازێکی هونەری کە بتوانێ هەمە جۆری وگونگیەکانی واقیعی سەردەمی خۆی سەرکەوتووانە بهونەرێنێ.. هونەراندن، نەک گێڕانەوەی لامسەرلاییی! ئەدەبی ڕاستەقینە ئەوەیە کە لە هەموو ڕوویەکەوە کار لە مرۆڤ بکات، نەک تەنیا لە ڕووی جڤاکی و سیاسییەوە. مرۆڤ لە مرۆڤ بوونی خۆی ئاگادار بکاتەوە، هانی بدات، لە قاوغی خۆی دەری بێنێ، زیاتر ئاشنای واقیعی بکات وبە هیچ نرخێ دەستبەرداری ئینسانیەتی خۆی نەبێت، چونکە هەرکەسێک دەستبەرداری غروور ومرۆڤانی خۆی ببێت، پێ بحەسێت یان نا کار بۆ کۆیلاندنی خۆی دەکات.. هەڵبەتە مودێرنە بە دوور لە بینای ڕۆحی مرۆڤ نایەتە بیناکردن و ئەدەب یەکێکە لە بوارە زۆر لەبار وگونجاوەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئەرکە، چونکە ئەدەب سەروساختی دەگەڵ ئەو ڕەگەزە ئیستاتیکیانەدایە کە لە هەمان کاتدا ڕوح وفکر دەدوێنێ.. ئەدیب بە حوکمی هەستیاری خۆی، لە نیگەرانیەکی وجودی و فیلیڤانی بارگاوی بە پرسیاران دا، دەژی کە دەبێ گوزارشتی لێبێتەکرن، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، ئەو نیگەرانیانەی لە ناخیا پەنگ دەخواتەوە، لە جوانترین شێوەو ناوەڕۆکدا نیشانبدات ودەرببڕێت.. هەڵبەتە مودێرنە بە مانای دابڕان لە کەلەپوور نییە، بەڵکو زۆرجار تەوزیف کردنی کەلەپوور بە شیوەیەکی تازەی هونەری دەبێت بە سیمایەک لە سیماکانی مۆدێرنە.. ئەدیبی مۆدێرنیست دەبێ هەوڵی ئەوەبدات کە ڕێبازی تایبەت بەخۆی بەرهەم بێنێت، تا دەتوانێ خۆی لە لاسایی کردنەوە دوور بگرێت وئەدەبێ بخوڵقێنێ کە شەقڵێکی تایبەتی ئەوتۆی هەبێ کە پێی بناسرێتەوە.. بەندە پێموایە نووسەر لەم دەقەدا نەیتوانیوە تەجاوزی مەسیرەی هونەریی خۆی بکات ولە زۆر شوێنیشدا خۆی کاوێژ دەکاتەوە. نووسەر کە تەجاوزی خۆی نەکرد، ڕەنگە نەنووسینی باشتر بێ.. بە هەرحاڵ، با بێینەوە سەر زمان وفرەئاستی زمان.. گوتیار (نووسەر) لەم دەقەدا بە قۆناغێن دەروونی جیاوازدا،

تێدەپەڕێ، بە هەڵکشان و داکشانی دەروونی جیاوازدا دەگوزەرێ، دیارە هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە، زمانی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەبێ لەلایەن نووسەرەوە یان گوتیاری دەقەکەوە کەشف بکرێ، کە دەکرا نووسەر ئەم بارە دەروونیە جیاوازانە بکات بە بیانوو بۆ فرەئاستی زمان، چ لە زمانی گێڕانەوەدا وچ لەزمانی دیالوگ ومونولۆگدا، چونکە بە زمان ولە ڕێگەی زمانەوە هەندێ سیمای شاراوەی کاراکتەر دەردەکەوێت، لێ لەم دەقەدا کە دەکرا ئەو بۆشایی یان غەفڵەتە پڕبکرێتەوەو قەرەبوو بکرێتەوە.. زمان بە هەمان ئاراستەی ئاسۆیی و بە هەمان شەقڵی ڕۆژنامەوانی سەرڤەسەرڤە بەردەوامە..

هەر لە بەشی: "خۆشەویستی پەیکەرەکان دێنێتە زمان." کە واقیعی دەقەکە پێمان دەڵێت نەی هێناونەتە زمان، خوێنەر یەکسەر ئەفسانەی پگمالیونی بیردەکەوێتەوە، کە ئەم ئەفسانەیە لە لایەن نووسەری گەورەی عەرەب، توفیق الحکیم- ەوە لە شاکارێکی شانۆییدا بە ناونیشانی بیجمالیون، زۆر بەجوانی تەوزیف کراوە، هەروەها لەلایەن برناردشۆشەوە تەوزیف کراوەو بووە بەهەوێن و ئامیانی شاکارەکانی ئەوان، لە ئەفسانەی ناڤبریدا ئەو پەیکەرە جوانەی، کە پیکمالیونی پەیکەرتاشی یونانی دروستی دەکات، پەیکەری ژنە، ڕوحی وەبەر دەکەوێ و لە بێناوییەوە ناو پەیدا دەکات و دەبێ بە کالاتیاو ودێتەقسان – دیارە گێڕانەوەی ئەفسانەکە بۆ ئێرە و لێرەدا زۆر دەخایەنێ، بۆ کەسێ کە مەبەستی بێ، دەتوانێ لە ئەفسانانی یونانیدا وەیدۆزێ وبیخوێنێتەوە – بەڵام لە دەقەکەی لەمەڕ ئێمەدا دایک وکچەکە، نە ڕوحیان وەبەر دێتەوەو نە دێنە زمان، بۆیە ئەم دایک وکچە لە باری هونەرییەوە، ڕەهەندێکی دەروونی و هێمایی ئەوتۆیان وەرنەگرتووە، کە قەناعەتی ئیستاتیکی لای خوێنەرو وەرگر دروست بکات..

هەڵبەتە کەس ناتوانێ لە کاریگەریی ئەدەبیاتی پێشکەوتووتر لە ئەدەبیاتی خۆماڵی بخەلەسێت، بە تایبەتی لەم سەردەمی گلۆباڵەدا، باندۆر وکاریگەری، دیاردەیەکی ئەرێنییە وئەزموونی خۆماڵی دەوڵەمەند دەکات، بەهرەکان دەتەقێنێتەوە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بەر چاوبێ کە کاریگەری و باندۆر، لاسایی کردنەوەی کوێرانە نییە، شاگردی عەیب نییە، عەیب ئەوەیە هەتا سەر بە شاگردی وەمێنی وهەوڵنەدەی ببیت بە وەستا.. ئەدەب ئەوزارێکی مەعریفی ئیستاتیکیە، ئەرکی هاندانە، پرسیارکردنە کە سەرچاوەی هەموو گۆڕانکارییەکە، ئەدەب پاسەوانی

ڕوحە، نایەڵێ بۆگەن بکات.. ئیستاتیکای هونەری شتێکی تایبەتیە، بە چاولێکەری نایەتەدی، چونکە زادەی هەلومەرجێکی تایبەتیە، کەسێکی تایبەتی دایهێناوە، بۆیە خوێندنەوەی واقیعی خۆماڵی بە پێی پێوەری بێگانە، جگە لەوەی دەکاتە خۆ خاپاندن، هیچ ئاکامێکی ئەرێنی لێناکەوێتەوە.. ئەدەب چەندیش واقیعی بێ، نابێ لە ڕەهەندە مرۆڤانی وئیستاتیکیەکان غافڵ بێ..

هەڵبەتە دەریا وژینگەی دەریایی – پێویستی بە پاشخانێکی گەورەی دەریاناسی هەیە، تا بشێت لە کارێکی هونەریدا، بەرجەستە بکرێت وخوێندنەوەی هونەری بۆ بکرێت، پەی بە نهێنییەکانی کە لە دنیای سیحرو جادوو دەچێت، ببرێت ولە ناوەوە تیشکی بخرێتەسەر.. لەم دەقەی لەمەڕ ئێمەدا، تەنیا وەسفێکی لامسەرلایی، دیوی دیار ودەرەوەی دەریا کراوەو بەو قووڵی و کاریگەرییە نییە کە پێویستین بۆ کاراکتەری ئەدەبی، کە بوونی خۆی لە زەینی خوێنەردا بسەپێنێ، ئەم دەریایەی لەمەڕ دەقەکەی مە، نە دەریاکەی (پیرەمێرد و دەریا)ی هەمنیگوایە و نە دەریاکەی (موبی دیک) ی ملفیلە!..

ئەوجا ئیلیادە و ئۆدیسە، تەنیا ناوە، خوێنەر هەست ناکات زەرورەتێکی هونەری لەوێندەری قوت کردبنەوە، لە جیاتی ئەوەی هونەریانە لە دەقەکەدا تەوزیف بکرێ، ڕانانێکی زۆرکورت و لامسەرلایی بۆکراوە.. تەوزیفی داهێنەرانە ئەوەیە کە جیمس جۆیس لە ڕۆمانی (یولیوسیس)دا کردوویەتی.. بۆیە خوێنەر هەست دەکات، ئەم بەشە، سەربارەو بە خورتی لە دەقەکە بارکراوەو لە ڕووی هونەرییەوە تەواو شپرزەی کردووەو دەقەکە ئەوەندەی سیما ومەرجی چیرۆکێکی شاش وواشی شپرزەی تیایە، ئەوەندە سیما ومەرجی ڕۆمانی تیا نییە.. بەشێوەیەکی گشتی دەقێکی زۆر داخراوە..

هەڵبەتە کورد بەحوکمی ئەوەی هێشتا لە قۆناغی گڕوگاڵی ڕۆمانەوانیدایە، پێویستە لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی خۆیدا پەیگیری بزاڤی ڕۆمانەوانی ڕۆژئاوا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی پاچڤەوە بکات، ئەو پاچڤانەی کە لەلایەن پاچڤەوانی بە توانا و ئەمین وئەدیبەوە ئەنجام دەدرێن.. بەڵام ڕۆماننووسی کورد پێویستە خۆیبوونی خۆی، ناسنامەی تایبەتی خۆی لە بەرچاو بگرێت. دیارە خۆیبوون بەوە نایەتە دی هەرچی دەرگا و پەنجەرە هەیە لە خۆتی دابخەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەوە دێتەدی کە دەرگا و پەنجەرەکان بە سەر تێکڕای کەلتووری ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیدا بکەیتەوە.

به هەرحاڵ حەزدەکەم  لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە ئەم نووسینەی بەندە حوکمی حاکم نییە، بەڵکو تەنیا خوێندنەوەو بۆچوونی خوێنەرێکە، کە ئەویش بە هەردوو باری ڕەفز وقبووڵدا، خوێندنەوە هەڵدەگرێت..

سەرچاوە: وێرانەماڵ/ ڕۆمان/ عەبدولقادر سەعید/ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان/ سلێمانی/ چاپی یەکەم ٢٠١٩

٢٠٢٠/٨/١٠

حەمە کەریم عارف